# کوردەکانی
# پـــارس و کـــرمان

# کوردەکانی
# پــــارس و کــــرمان

## دوکتۆر جەمشیدی سەداقەت کیش

**وەرگێڕانی**

**کامەران حەسەن**

**پێداچوونەوە**

**سەنا حەسەن**



**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **کوردەکانی پارس و کرمان**
- **نووسینی:** دکتۆر جەمشیدی سەداقەت کیش
- **وەرگێڕانی:** کامەران حەسەن
- **پێداچوونەوە:** سەنا حەسەن
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **پیتچنین:** چیمەن حوسێن
- **بەرگ:** موراد بەهرامیان
- **چاپ: یەکەم – بەرگی یەکەم ٢٠١٠**
- **ژمارەی سپاردن:** ٨٠٦
- **نرخ:** ٦٠٠٠ دینار
- **تیراژ:** ٧٥٠ دانە
- **چاپخانە:** چاپخانەی رۆژهەڵات (هەولێر)

**زنجیرەی کتێب (٤٩٠)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com

## ناوەرۆك

**پێشەكی وەرگێڕ** ........ ٧

**بەرایی** ........ ٨

**پێشەكی** ........ ١١

**بەشی یەكەم:** رمومی كوردەكانی پارس ........ ١٥

پاژی یەكەم: كوردەكانی پارسی بەر لە ئیسلام لەسەردەمی ........ ١٧

پاژی دووەم: كوردەكانی پارس لە دوای ئیسلامدا ........ ٣١

پاژی سێیەم: چڕوپڕترین وەسف لە بارەی كوردەكانی پارس ........ ٤٣

پاژی چوارەم: كوردەكانی پارس لە سەدەكانی پێنجەم، شەشەم، هەفتەم ........ ٦٥

پاژی پێنجەم: كوردەكانی پارس لە سەدەكانی هەشتەم و نۆیەمدا ........ ٧٧

پاژی شەشەم: ئەنجامی كوردەكانی پارس ........ ٨٣

پاژی هەفتەم: وشەكانی "كورد"، زُم، زم، جوم و احیاو ........ ٩٣

پاژی هەشتەم: دوو كەسایەتی ناودار لەكوردەكانی پارس ........ ١٠٧

**بەشی دووەم:** كوردەكانی پارس لە دوای رمومی كوردەكانی پارس ........ ١٢٩

پاژی نۆیەم: كوردەكانی پارس لە دوای رمومی كوردەكانی پارس ........ ١٣١

پاژی دەیەم: كوردەكانی غازیوەند لە فارس دا ........ ١٥١

پاژی یازدەیەم: كوردەكانی كرونی فارس ........ ١٧٢

پاژی دوازدەیەم: كوردەكانی كرونی شاری كازرون ........ ١٩٨

پاژی سێزدەیەم: كوردەكانی كرونی شاری سپیدان كوردەكانی ........ ٢١٨

پاژی چواردەیەم: كوردەكانی تری فارس ........ ٢٤٤



**بەشی سێیەم:** پاشماوەی كوردەكانی كوفەج لە فارس ........ ٢٥٩

پاژی پانزەیەم: پاشماوەی كوردەكانی كوفەج لە فارس ........ ٢٦١

پاژی شانزەیەم: تایفەی توتەكی ........ ٢٩٧

پاژی هەڤدەیەم: تایفەی قەلتاشی ........ ٣١١

**بەشی چوارەم:** كوردەكانی كرمان ........ ٣٣٩

پاژی هەژدەیەم: كوردەكانی كرمان ........ ٣٤١

**بەشی پێنجەم:** گوند و شارەكان بەناوی كوردەكانی پارس و كرمان ........ ٣٨٧

پاژی نۆزدەیەم: گوند و شارەكان بە ناوی كوردەكانی پارس ........ ٣٨٩

## پێشەکی وەرگێڕ

مێژووی کورد بابەتێکە کە بەردەوام بووەتە قوربانی سیاسەتی چەواشەکاری داگیرکەران.روون نەبوونی رووداوە مێژووییەکانی گەلی کورد ڕاستییەکە کە لە ئەنجامی ئەم چەواشەکارییە هاتووەتە ئارا و دەستێکی تێکدەر بە مەبەستی لە ناو بردنی هەستی نەتەوایەتی کاری بۆ دەکات. چونکە نەتەوەیەك کە مێژووی نەبێ،واتە هیچ سەروەرییەکی نییە و کە سەروەری نەبوو خۆشەویستی بۆ نیشتمان و خاك و نەتەوەکەی لاواز دەبێ و بەرئەنجامەکەی ئەوە دەبێ کە شتێکی نەبێ تاکو بەرگری لێ بکات و شانازیی پێبکات.

بۆیە سالْیانی سالە کە نیشتیمان داگیر کراوە و نەمانتوانیوە لەم حالەتە ڕزگارمان بێ. هەلْبەت ئەمە زۆلمێکە کە دەرحەقی کورد کراوە و کوردیش لەم زولمەدا بەشدارە! لە درێژەی مێژوودا کەمتر کوردێك هەولی نووسینەوەی ڕاستییەکانی مێژووی کوردی داوە بەلام لە بەرامبەر بێگانەکان بەتەواوی هەولیان بۆ شێواندنی مێژووی گەلەکەمانی داوە.

لە تەواوی بەرهەمە مێژووییەکانداکەمتر بەرهەمێك هەیە کە لایەنی کوردیی نەکردبێتە قوربانی هەمان ئەو ئامانجەنەی کە باسم کرد.

کوردەکانی پارس و کرمان لەو بەرهەمە دەگمەنانەیە کە بە ڕاستی و دروستی باسی کوردی کردووە.بەڕێز دوکتۆر جەمشیدی سداقەت کیش بێ لایەنانە باسی کوردەکانی دوو شاری ئێران دەکات کە تێدا بوونی کورد زۆر هەستی پێ ناکرێ.کوردەکانی پارس و کرمان لێکۆلینەوەیەکی ورد و چڕ و پڕە کە لە رووی مێژوویی و جوگرافیاییەوە وەك بەلگەیەکی حاشا هەلنەگر لە کتێبخانەی کوردی جێی دەبێتەوە و دەشێ سوودی لێ وەربگیرێـت.

سالی ٢٠٠٢ دەستم بە وەرگێڕانی ئەم بەرهەمەم کرد کە بە هۆی چەند گرفتێك نەمتوانی درێژەی پێ بدەم و بەجێم هێشت هەتا هاوینی سالی ٢٠٠٦ کە رۆژانە کارم لە سەر کردووە و لە دوای سالێك تەواوم کرد. هەلبەت زۆر خایاندنی دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی ئەم کتێبە کە نەم ویستووە پەلەی تێدا بکەم و بە ئاسانی لێ تێپەڕم.

هیوا دارم کە لە کارەکەم سەرکەوتنم بە دەست هێنا بێ.سوپاسی تەواوی ئەو کەسانە دەکەم کە لە درێژەی وەڕگێرانی ئەم بەرهەمە دایارمەتیدەرم بوون.

کامەران حەسەن

٢٠٠٦/٨/١٦ هەولێر



## بەرایی

سالی ١٣٦٠ بوو کە بەرێز محەمەد حەسەنی رەجایی زێفرەیی کە دەیزانی لە سەر فارسناسی کار دەکەم نامەیەکی بۆ نووسیم و لە نێو نامەکەی باسی شاعیرێك بە ناوی پورفرەیدونی کرد بوو کە لە دەوروپشتی شاری ئابادە لە پارێزگای شیراز ژیاوە.

ئەمە بووە هۆکارێك کە لە بارەی ئەم شاعیرە کوردەوە لێکۆلینەوە بکەم،بۆم دەرکەوت لە کوردەکانی پارسە و شیعرەکانی لە گەل شیعری بابا تاهیر تێکەل بووە و هیچ کەس ئاگای لەم بابەتە نییە.

لە سەر لێکۆلینەوە لە بارەی ئەم شاعیرە بەر دەوام بووم هەتا سالی ١٣٧٨ کە لە میدیاکانەوە داواکارییەکی زانکۆم لەسەر ناردنی بابەت بۆ کۆنگرەی رێزلێنان لە بابا تاهیر لە هەمەدانم بینی،نووسینەکانم وەك وتارێك بە ناو نیشانی شیعرەکانی پورفرەیدون لە شیعرە لە چاپ دراوەکانی بابا تاهیر رێکخست و بۆ ئەم کۆنگرەیەم نارد.وتارەکەم وەرگیرا و لە رۆژی ١٦ خەرمانانی ١٣٧٩ لە هەمان زانکۆ خوێندمەوە کە پێشوازییەکی زۆری لێ کرا.

لە دوای ئەمە لە پێشانگای نێونەتەوەیی کتێبی تاران لە سالی ١٣٨٠ لە گەل بەڕێز سورخی لە ناوەندی بلاوکراوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی لە ورمێ ئاشنا بووم،باسم لە پورفرەیدون کرد،جەنابی پێشنیاری کرد کە بۆ ئەم وتارە بۆ گۆڤاری سروە نانێرم؟قبوولم کرد کە وتارەکە بنێرم گوتم سەرەتا دەبێ بۆ ئاشنا کردنی خوێنەرانی سروە بابەتێك لە سەر کوردەکانی پارس بنووسم. ناو نیشانی گۆڤارەکەم وەرگرت و گەڕامەوە شیراز و دەستمکرد بە لێکۆلینەوە لە سەر کوردەکانی پارس.

کاتێك کە یەکەمین بەشی بابەتی کوردەکانی پارسم بۆ گۆڤاری سروە نارد،بە نامە و تەلەفۆن سوپاسیان کردم و یەکسەر ئەم بەشەیان وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و لە ژمارەی ١٨٢ گۆڤاری سروە(لاپەرەی ٦٨ — ٥٨) لە چاپ درا و بەرێز حوسێنی گودەرزی،بەڕێوەبەری ناوەندی بلاو کراوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی،نامەیەکی پڕ لە خۆشەویستی بۆ ناردم کە درێژە بە ناردنی بابەتەکانم بدەم.

ئەنجامی ئەمە بوو کە بە رۆژ و بە شەو لە سەر کوردەکانی پارس کار بکەم بە لێکۆڵینەوەی مەیدانی لە خودی فارس،چەند گوندێك بدۆزمەوە کە کورد بوون و هەتا ئێستا لە هیچ بەرهەمێك ئاماژەیان پێ نەکراوە.

درێژەم بە کارەکاندا هەتا سێ تایفەم لە پاشماوەی کوردەکانی فارس کە نموونەیان لە کرمانیش هەیە، دۆزییەوە دۆزیمەوە کە لە کتێبەکاندا لە بارەیانەوە هیچ باسێك نەکراوە.بەم بۆنەیەوە ناچار بووم لەسەر کوردەکانی کرمانیش کار بکەم لەئەنجامدا بە باشم زانی کە ئەم لێکۆڵینەوانە وەك کتێبێك لە سەر کوردەکانی پارس و کرمان ئامادە بکەم.لە دوای کارێکی بەردەوام و سەفەرێکی زۆر کە نزیکەی نۆ مانگی خایاندوای کرد کە پیشنیاری لە چاپدانی بە بەرێز حوسێنی گودەرزی،بەڕێوەبەری ناوەندی بڵاوکراوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی (لە ورمێ) بدەم کە بەڕێزیانیش ئەم پیشنیارەی پەسەند کرد.

ئێستا ئەم کتێبە لە بەردەستانە لە گەڵ کۆمەڵێك شتی تازە لە بارەی کوردەکانی پارس و کرمانەوەیە،لە ڕابردووەوە هەتا ئێستا.ئەگەر وەڵامی ئەو نامانەبەرابانەوە کە بۆ رێکخراوە حکوومییەکانی وەك رێکخراوی بەرنامە و بودجەی کرمان،ناوەندی کرمان ناسی و فەرمانگەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی جیرۆفت لە ڕێکەوتی ١٨ فەرمانانی ١٣٨٠ بۆ وەرگرتنی دوایین ئاماری ساڵی ١٣٨٠ ی تایفەی مێهنی کرمان نووسیبووم،ئەوا ئێستا ئەم کتێبە لەم لایەنەوە کەم وکورتی نەبوو،ڕەنگە رەنگە ئامارێکی وەها ئیشیان هەرنەبووبێ.

بە هەر حاڵ ئەم کتێبە لە سەر شێوازی لێکۆڵینەوەی پەرتوکخانە و مەیدانییە کە بە هۆی شارەزایم لە درێژەی ٣٣ ساڵ لە فارسناسی،بە باشترین شێوە ئامادە کراوە کە جگە لە باسکردنی مێژووی کوردەکانی پارس و کرمان،لایەنە شاراوەکانی مێژووی کۆمەڵایەتی فارس و کرمانیش ئاشکرا دەکات و بە دڵنیاییەوە تیشکی خستۆتەسەر مێژووی کوردەکانی ئێران لەم ناچەیەیەی ئێراندا کردووە.

تەواوی سەفەرە یەك لە دوای یەکەکانم بۆ گوندە کوردییەکان و شارەکانی سپیدان،کازرون،شیراز،بەڤانات لە پارێزگای فارس و شاری خاتەمی لە پارێزگای یەزد،واتە ١٩٦٩ کیلومەتر بە ئۆتۆمبیلی خۆم بووە و تەواوی خەرجییەکان لە بانزین و فیلم و وێنە و...هتد، بە بێ یارمەتی وەرگرتن لە لایەن کەسێك یان رێکخراوێك لە ئەستۆی خۆم بووە.

بێ شك کوردەکانی پارس و ئەو تایفانەی کە لەم کتێبە لێکۆڵینەوەیان لە سەر کراوە بە پێشوازی گەرم و داوەت بۆ نانی نیوەڕۆ و نانی شەو و چای و میوە بە تایبەتی بۆ وێنە گرتن



لە خانەوادەکانیان زۆر یارمەتیان دام هەرگیز کە ئەم خۆشەویستییە لە بیر ناکەم.ئیستاش بووینەتە برادەر و هاتۆچوومان هەیە و بە بینینیان دڵم گەش دەبێتەوە.

تەواوی نەخشەکانی ئەم کتێبە (جگە لە دوو نەخشە کە لە کتێبەکان وەرم گرتووە) خۆم ئامادەم کردووە و هەموو وێنەکانی (جگە لە چوار وێنە) بە کامێرای خۆم گیراوە.

هیوادارم کە بەم کارە توانیبێتم خزمەتێك بچووکم بۆ ناساندنی گۆشەیەك لە مێژووی کۆمەڵایەتی نەتەوەکانی ئێران کرد بێ.

جەمشیدی ساقەت کیش

شیراز ١٣٨١

## پێشەکی

لە پانتایی دەشتی پارێزگای فارس، کۆمەڵێك گوند و ناوچە هەیە کە ناوی ئەم ناوچانە وشەی "کوردی" تێدایە، کە بریتین لە :

| | | سەرخێزان | کەس |
|---|---|---|---|
| ١. | گوندی کورد شول، لە ناحیەی مەشهدی مەرغابی مەرڤدەشت | ١٨١ | ٩٨٦ |
| ٢. | گوندی کورد شول، لە شاری ڤیروکارزین | ٣٠ | ١٥٣ |
| ٣. | گوندی کورد شێخ، لە شاری ڤیروکارزین | ١٦ | ٩٢ |
| ٤. | گوندی کورد شێخ، لە ناحیەی ناوەندی شاری لار | ٢٥ | ١٣٢ |
| ٥. | کێلگەی کوردی، لە ناحیەی ناوەندی شاری مەرڤدەشت | ١ | ٢ |
| ٦. | گوندی کوردیل، لە شاری ڤیروکارزین | ٥٩ | ٣٤٢ |
| ٧. | گوندی مورکورد، لە ناحیەی ماهوری میلاتی شاری مەمسەنی | ١٦ | ٩٦ |
| ٨. | ناحیەی کوردیان، لە شاری جەهرۆم | ؟[١] | ؟ |
| ٩. | شاری دۆز کورد[٢] (Doz Kord) ناوەندی دێهستانی دۆز کورد | ؟ | ؟ |
| ١٠. | گوندی دۆز کوردەك، لە ناحیەی کامفیروزی شاری مەرڤدەشت [٣] | ١٧ | ١١٢(٤) |

جگە لەمانە، شەبانکارەکانی فارس کە لە ساڵی ٤٢١ (هـ. ق) هەتا ٧٥٦ (هـ. ق) لە سەر بەشێك لە فارس و هەروەها ماوەیەکیش لە سەرانسەری فارس حکوومەتیان کردووە و کورد بوونە و ناوی خۆیان لە سەر بەشێکی لاوەکی، بەناوی شەبانکارە لە دێهستانی پڕ لە زەیتونی مەیمەند لە ناحیەی ناوەندی شاری فیروزئاباد، داناوە، هەروەها شاری شەبانکارە لە پارێزگای بوشێهر کە پێشتر بەشێك لە پارێزگای فارس بووە، پێشاندەری کاریگەری کورد لە فارس بووە.



بەم شێوەیە، لە نێو عەشیرەت و هۆزەکانی فارس، ناوی کۆمەڵە هۆزێك دەبینین کە بە پێی سەرژمێری هۆزەکان لە ساڵی ١٣٧٧، ژمارەی نیشتەجێیەکانی دەست نیشان دەکەین:

| | | سەرخێزان | کەس |
|---|---|---|---|
| ١. | کورد شولی عەشیرەتێکی سەربەخۆ لە هۆزی خەمسە | ٦٦٩ | ٣٨٩٩[٦] [٧] |
| ٢. | دۆز کوردی لە عەشیرەتی رۆستەم لە هۆزی مەمسەنی | ٢ | ١٧[٨] |
| ٣. | کورد گاڤ لە عەشیرەتی سەربەخۆی کوهمەرەی سۆرخی | ٢٦ | ٢٠٨[٩] |
| ٤. | شەبانکارە لە عەشیرەتی عەمەلە لە هۆزی قەشقایی | ٢٠٠ | ١٠٠٣[١٠] |
| ٥. | شەبانکارە لە عەشیرەتی فارسیمەدان لە هۆزی قەشقایی | ٦١ | ٣٠٨[١١] |

هەرچەندە ئەم هۆزانە بەزمانی لوڕی (فارسی)، تورکی قەشقایی قسە دەکەن بەڵام گواستنەوەی بەزۆرەملی هۆزەکان لە لایەن دەسەڵاتداران شتێکی ئاساییە.

بەهەر شێوەیەك ئەمە کاریگەری قوولی کوردەکانی فارسە. ناوی هەندێك گوند و ناوچە لە فارس هەبووە کە وشەی کوردی تێدا بووە کە ئەمڕۆ نەماون، هەندێك لەم ناوانە لە چەندین کتێب هاتووە، کە لەم کتێبەدا باسکردووە.

جگە لە ناوی گوندەکان و عەشیرەتەکان، دەتوانین لە لایەن زمانەوانییەوە دەستنیشانی کۆمەڵە وشەیەك بکەین کە کوردین، وەك وشەی کۆتەك (Kotak) کە لە ناوچەی ئابادە بەواتەی پارچە دارێك کە بۆ شۆردنی شت و مەك بەکاردێت، یان وشەی زۆر باوی "چۆغۆ" یان "چۆغا" کە ناوی شاری سەغاد لە ئابادەیە و بەواتای تەپۆڵکەی بەردی دێت،[١٢]، هەر چەندە لە بارەی وشەگەلی فارس هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ورد و زانستی نەکراوە بەڵام دەتوانین تێدا شوێن پێی وشەی کوردی بدۆزینەوە.

لە گۆرانییەك کە نزیکەی ٤٥ ساڵ لەمەوبەر لە گوندی خانسار لە ناحیەی سەرچەهان لە شاری بەڤاناتی پارێزگای فارس کە توانیومە تەنیا یەك دێڕی تۆمار بکەم بەم جۆرە هاتووە:

سر دکون قیصری کردین دام چن ﴿چند﴾ می خری؟[١٣]

وشەی "کُردین" (کوردین) لە فەرهەنگدا بەواتەی جلێك کە قوماشەکەی ئەستوورە و لە خورییەوە هاتووە، بەڵام لە گوندە دوورەکانی فارس بەواتەی چاکێتی ژنانەیە، لە لایەنی زمانەوایش بێگومان ئەم وشەیە لە کوردی وەرگیراوە، گومان لە وەدا نییە کە

لە لایەنی فەرهەنگییەوە کوردەکانی فارس لە سەر نیشتەجێیەکانی فارس کاریگەرییان هەبووە.

کەواتە ئەگەر کوردەکانی فارس لە هەزار ساڵ بەر لە ئێستا ٥٠٠ هەزار کەس بوونە- کەواش بووە- کاریگەری هەموو لایەنەیان لە سەر فارسدا هەبووە.

ئێستا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئەم گوند و ناوچانە لە چ زەمەنێکدا هاتوونەتە دی؟ مێژووی جوگرافیایان کەی دەست پێ دەکات؟ ئەم کوردانە کە ناوی خۆیان لە سەر ئەم ناوچە و هۆزانە داناوە لەکوێ و لە چ زەمەنێك هاتوونەتە فارس؟

لەم کتێبەدا هەوڵدراوە کە وەڵامی هەمووی ئەم پرسیارانە سەرەڕای کەمی سەرچاوەی نووسراو بدرێتەوە. بەگشتی لە بارەی کوردەکانی فارس، جار بە جار بابەتێك هەر چەندە کەمیش بێ لە لایەن لێکۆڵەرانی ئێرانی و ئێرانناس و ڕۆژهەڵاتناسان نووسراوە. لەم کتێبەدا هەوڵدراوە هەمووی ئەم نووسروانە، لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکرێت و گوتارگەلێکی چڕوپڕ بخاتە بەردەست، هەروەها نەخشەیەك لە جوگرافیاناسێکی سەدەی چواری (ه. ق) کەپێشتریش لە چاپ دراوە لەم کتێبە هاتووە کە بۆ یەکەم جار شوێنی کوردەکان لە فارس، بە پێی ئەم نەخشەیە بەشێوەیەکی ورد دەستنیشان دەکەین کە لە چ ناوچەگەلێك ژیاون.

بەڵام بەرلەوەی کە بچینە ناو ئەم باسە، دەبێ بڵێم کە یەکەم من باس لە بارەی ڕەگەزناسی کورد و بابەتی مێژوویی و فەرهەنگی لە ئێران ناکەم و تەنیا باس لە کوردەکانی فارس دەکەم دووەم ئێمە بەگشتی لە بارەی هۆزەکان و عەشیرەتەکانی ئێران بەر لە هاتنی ئیسلام هیچ زانیارەییەکمان نییە و پێوەری خەڵکناسی مرۆڤناسی، کۆمەڵناسی، و هۆزناسی بە نەبوونی بەڵگە و زانیاری، بێ کەڵکە و تەنانەت نازانین ناویان چی بووە.

بەڵام بە باشی دەزانین کە تایبەتمەندی هۆز و عەشیرەتەکان بریتین لە :

١. بەستراون بەئاژەڵداری.

٢. کۆچڕەوی و هاوینە و کوێستانە کردن بۆ کەڵك وەرگرتن لە لە وەرگەی سروشتی(١٤).



## پەڕاوێزەکان

١. لە سەرچاوەکە ژمارەکان نەنووسراوە.

٢. وا دەڵێن کە لە بنەڕەتدا دژ کورد (Dez Kord) بووە.

٣. هەر چەند گوندێك دێهستانی پێ دەگوترێت کە لە ناحیە بچوکترە.

٤. سەرچاوەی ئەم ناوانە و ژمارانە: "فهرست الفبایی نقاط جغرافیایی استان فارس (در چارچوب تقسیمات کشوری سال ١٣٦٩)، شیراز، معاونت آمار و اطلاعات سازمان برنامە و بودجە، ١٣٧٠، صص ٥ و ٢٢٠

٥. ژمارەی خانەوادە و ژمارەی کەسەکان وەرگیراوە لە : همان، همان صص و گروە بازبینی واستخراج اطلاعات. آمار نامە استان فارس، ١٣٧٨، شیراز، معاونت آمار و اطلاعات زمان مدیریت و برنامە ریزی استان فارس، ١٣٧٩، صص ٦٨- ٦٧.

٦. سازمان برنامە و بودجە فارس، ویژەنامە سرشماری عشایر ١٣٧٧، شیراز، سازمان برنامە و بودجە فارس، ١٣٧٨، ص ١.

٧. لە فارس زۆربەی عەشیرەتەکان وهۆزەکان لە هەر شوێنێك نیشتەجێ بوونە ناوی خۆیان لە و ناوچەیە داناوە، ناوی گوندی کورد شولی لە ناوی ئەم عەشیرەتە گیراوە.

٨. هەمان سەرچاوە، ل ١٥.

٩. هەمان سەرچاوە، ل ١٨.

١٠. هەمان سەرچاوە، ل ١٨.

١١. هەمان سەرچاوە، ل ١١ و ١٨.

١٢. لە لێکۆلینەوەکانی فارس، لێکۆڵینەوەی سی و سێ سالە ی جەمشیدی سەداقەت کیشە.

١٣. صداقت کیش، جمشید، فرهنگ مردم ابادە، ١٣٦٠، ص ٣٦٤.

١٤. لەم پێناسەیە ئاژەڵداری زۆر گرنگە چونکە کۆچڕەوەکانی تر وەك قەرەجەکان کە لە ئێران دەیانبینین، لە بەر ئەوەی کە ئاژەڵیان نییە هیچ کاتێك وەك عەشیرەت ناویان لێ نابەن.

# بەشی یەکەم

# رمومی کوردەکانی پارس

# پاژی یەکەم

## کوردەکانی پارسی بەر لە ئیسلام

## لە سەردەمی هەخامەنییەکان تا کۆتایی سەردەمی ساسانییەکان

### ئەلف– سەردەمی هەخامەنییەکان:

ئێمە زانیارییەکی وردمان لە بارەی کوردەکانی پارس لە سەردەمی هەخامەنییەکان نییە، سەعیدی نەفیسی دەڵێ:

"لە سەردەمی هەخامەنییەکان لە نێوان ئەو هۆزانە کە لە ژێر چادر و ڕەشماڵ دەژیان چاومان بەناوی کورد دەکەوێ"[١]

گومانمان لە وەدا نییە کە کورد بە گشتی ئارییە، چ کوردی پارس بێ،چ کوردی خۆراسان یان خودی کوردستان. ئەمانە لە گەڵ هەمووی ئارییەکان جاری یەکەم لە چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر و جارێکی تر لە ٣٤٠٠ هەتا ٣٧٠٠ ساڵ لەمەوبەر هاتوونەتە فارس و بێگومان لە سەرەتاوە لە باکووری فارس واتە دەشتەکانی مەرڤدەشت و دەشتی مەرغاب کە ناوچەگەلێك پڕ لە ئاو و ڕووبار بوونە، نیشتەجێ دەبن و شوێنەوارێك وەك پاسارگاد و تەختی جەمشید و شاری ئەستەخر و.. هتد بەدەستی ئارییەکان لەم دەشتانە دروستدەکرێت[٢].

هەڵبەت هێرۆدۆتیش ناوی یەکێك لە هۆزەکانی پارس، بەناوی "مروفی"[٣] دەهێنی و نووسەرێکی هاوچەرخ دەنووسێ چونکە ئەم وشەیە لە زمانی کوردیدا بەواتەی مرۆڤە، دەتوانین وا مەزەندە بکەین کە ئەم هۆزە کوردبوونە[٤]. خوالێخۆشبوو ڕەشید یاسەمی دەنووسێ:

"چونکە بەڕای سترایۆن کورتییەکان لە مادەکانن، کەواتە هەر چی لە بارەی مادەکانی وتووە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاڕاستەی کوردەکان دەبێ[٥].

هەندێك لەو بڕوایەدان کە مادەکان باو باپیری کوردەکانی ئێستان[٦]. ئەم بیردۆزە لە لایەن کوردناسەکان بە تەواوی پەسەند کراوە و دەڵێن کە: مادەکان و پارسواشەکان (پارسەکان) لە هەزارەی یەکەمی بەر لە زایین لە بانی ئێران نیشتەجێ بوونە و نزیکەی نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەم پێش زایین حکوومەتەکانی خۆیان دامەزراندووە و برایانە پێکەوە ژیاون[٧].



بابەتێکی تر کە بیردۆزەکان ئاماژەی پێدەکەن، مێرد کردنی ماندانا کچی ئاستیاگ پاشای مادە (٥٨٤- ٥٤٩ پێش زایین) لە گەڵ کەمبوجیە شازادەی پارسە پارسە کە نزیکەی ساڵی ٥٨٤ (پ.ز) بووە کە بە پێی دابونەریتی کوردەکان، کۆمەڵێك لە خزمەتکارەکان و هاورێیەکانی لە گەڵ کچی پاشای ماد، هاتوو بن و کوردەکانی پارس لەمانە بن[٨].

ئەم بیردۆزە دوورە لە ڕاستی،چونکە ناکرێ هەزار یان دوو هەزار کەس لە گەڵ ئەم کچە پاشایە بەرەو پارس هاتووبن. لە حاڵێکدا کە ژمارەی کوردەکانی پارس ٥٠٠ هەزار کەس بووە.

بە پێی ئەم ژمارە زۆرە، بە هەزار یان دوو هەزار پێك نایێ، تەنانەت ئەگەر ڕێژەی زۆربوونی ئەم کوردانە لە هەزار ساڵدا (لە هاتنی ئەم کچە پاشایە تا سەرەتای ساسانییەکان) ٣٪ مەزەندە بکەین (بەبێ مردن و بەبێ نەخۆشی کوشندە)، لە کاتێکدا دەزانین ڕێژەی زۆربوونی ژمارەی نفوسی هەندێك لە کۆمەڵگاکان دەگاتە هەتا ٧٪ هەتا ٨٪، بەڵام بەرامبەر بەوە ڕێژەی مردن، نەخۆشی کوشندە، شەڕیش زۆر بووە.

ئەم بیردۆزانە وا دەڵێن کە کورۆش لە لای مادەکان واتە کوردەکان پەروەردە بووە و لە نیگارەکانی تەختی جەمشیدیش لە سەردەمی داریوش سەرکەردەیەکی زۆری مادی دەبینین، کەواتە هاتنی کوردەکانیان بۆ فارس دوای ڕووداوی گێئۆماتا لە ساڵی ٥٢٢ (پ.ز) زانیوە[٩].

لە لایەکی ترەوە دەزانین کە کورۆش، ئاستیاکس (ئاستیاك= ئاستیاژ) شکست دەدات و ئیمپراتۆری ماد لە ساڵی ٥٥٠ (پ.ز) دەروخێنی[١٠].

بەم هۆیە کورۆش بۆ خۆی و پایتەختی خۆی شوێنێك هەڵدەبژێرێ کە لە وێ لە سەر مادەکان سەرکەوتنی بەدەستهێناوە[١١]، کە دەشتی مەرغابە. خاڵێکی تر ئەمەیە کە ڕووباری ئەمرۆی پۆلڤار کە لە دەشتی مەرغاب تێدەپەڕێ، لە ئێرانی کۆندا مێدوس (Medus)یان پێ وتووە کە لە وشەیەکی مادی وەرگیراوە[١٢].

### ب– سەردەمی سلوکییەکان

#### مەردەکان و کوردەکان:

نئارك (Nearque)، سەرداری ئەسکەندەری مەقدۆنی باس لە سەفەرەکەی خۆی دەکات و دەڵێ کە چوار عەشیرە لە فارسدا هەن کە ڕێگرن و بەم شێوەیە بژێویی خۆیان بەدەستدێنن کە بریتین لە :

١.  مەردەکان کە لە سنووری پارسن.
٢.  ئۆکسییەکان (Uxiens).
٣.  ئۆلۆمیان کە لە نێوان فارس و خوزستانن.
٤.  کاسییەکان کە لە گەڵ مەدیەکان هاوسنورن.

لە بارەی مەردەکان (یان مادەکان) دەبێ بڵێین کە بۆ یەکەم جار لە ڕەوایەتەکانی گەزنەفون دەبینین کە باس لەمەردەکان لە تەنیشتی ئەرەمەنییەکان لە سوپای ئێران دەکات.بەتەلمیوسیش مەردەکان بەدراوسێی کورتییەکان (کوردەکان) لە قەلەم دەدات. نزیکی مەردەکان و کورتییەکان بووە هۆکارێك کە مێژوونووسان، کوردیان بەکوڕی مەرد لە قەلەم بدەن، لە لایەکی ترەوە مارکوات، ڕۆژهەلاتناسی ئالمانی وشەی "مەرد"ی بەواتەی بوونەوەری بەد دڵ هێناوە و ئاماژەش بەمە دەکات کە ئەمە نازناوێك بوو دوژمنانی هۆزی کورتی داویانەتە پاڵ کورتییەکان ، کەواتە کورد و مەرد یەکێکن[١٥]. هەروەها لە هەندێك لەکتێبە مێژووییەکان هاتووە کە هۆزی "مەرد" لە یاوەرانی کورۆشی مەزن بوونە[١٦]. جگە لەمەش، لەم سەرچاوانە ئاماژە بەوە کراوە کە "مەردەکان"باپیرە گەورەی کورد و لوڕەکانن کەهەندێکیان لە فارس بوونە و ئێستاش ماون[١٧].

ئێراتوسێن[١٨] (Eratoshene) کە لە نزیکەی سالانی ١٩٥ و ٢٧٥ (پ.ز)[١٩] ژیاوە لە بارەی هۆزەکانی فارس لە سەردەمی خۆی یاد دەکات و سترابۆن نووسینەکانی ئەوی لە ساڵی ٢٠ز لە بەشی سێیەم کتێبی (١٥)ی خۆی کەهەمووی ئەم بەشە لە بارەی پارس و ئێرانە، بەم شێوەیە هێناوە:

"ئەو هۆزانەی کە لە پارس نیشتەجێن بریتین لە : پاتیشخوارەکان، هەخامەنییەکان و مەجوسەکان (کەهۆزێکی زۆر دەمارگیر و بەئیمان و پابەند بە ئەخلاق بوونە) و کورتییەکان و مەردەکان، کە هەندێکیان ژیانیان بەدزی و ڕێگری بەسەر دەبرد و ئەوانی تریش خەریکی کشتوکاڵ بوونە"[٢٠].

### پ– سەردەمی ساسانییەکان

زانیاری ئێمە لە بارەی ئەم سەردەمە لە سەردەمانی پێشتر زۆرترە، چونکە سەرچاوەیەکی زۆرترمان بەدەستەوەیە، بەم شێوەیە:



### هۆزی کوردی بازرنگی لە فارس

دوایترین والی لە سەردەمی ئەشکانییەکان گوزهەر[٢١] لە هۆزی بازرنگی فارس بووە و ئەم هۆزە کورد بوونە، هۆزی بازرنگی لە دوای ئیسلام بەناوی (ڕەم ئەلبازنجان)[٢٢] [٢٣] ناسراو بووە و هۆزی بازرنجی کوردی ئێستا کە لە دەرەوەی فارس دەژین، پاشماوەی ئەوانن.

**شوێنی نیشتەجێ بوونی هۆزی بازرنگی لە فارس:**

بۆڵد – بەتەواویی ناتوانین شوێنی نیشتەجێ بوونی هۆزی بازرنگی لە فارس دەستنیشان بکەین. لە هەندێك لەسەرچاوەکان ئاماژە بەوە کراوە کە شوێنی گوزهەر، لە قەلای سپی بووە، بەلام هیچ باسێك لە بارەی هۆزی بازرنگی لە قەلای سپی ناکات. قەلای سپی بەپێچەوانەی بۆچوونی خوالێخۆشبوو ڕەشیدی یاسەمی کە بە "بەیزای فارسی" یادی لێ دەکات[٢٤]، لە نزیکەی شارۆچکەی نورئاباد، لە شاری مەمسەنیە و خەڵك هەر قەلای سپی پێ دەڵێن.

**گوپانان**

ڕەشیدی یاسەمی گوپانان کە ئەردەشێری بابەکان داگیری دەکات، بە بەشێك لە دارابگرد لە قەلەمی دەدات و دەنووسێ کە لە شیراز (١٤٤ کم) دوورە و لە بەر ئەوەی کە دارابگرد بەشێك لە دەسەلاتی شەبانکارە بووە، کەواتە گوپانییەکان کورد بوونە.

ئەگەر شاری "گوپانان" یان "چوپانان" بە بەشێك لە دارابگرد لە قەلەم بدەین، مەودای شاری دارابگرد (داربی ئێستا) تا شاری شیراز (٢٤٥ کم)ە کەواتە ناتوانین گوپانان بە بەشێك لە دارابگرد لە قەلەمی بدەین.

بەلام بە پێی کتێبەکانی (مسالك و ممالك) سەدەی سێیەم و چوارەمی (ه.ق) شوێنی گوپانان لە قەراخی باکووری دەریاچەی "تەشەك" لە باکووری دەریاچەی بەختگانە کە (١٤٤ کم) لە شیراز دوورە و تەنانەت ماوەیەك دەریاچەی "تەشەك" و بەختگان بەناوی گوپانان ناسراو بووە[٢٥].

خاڵی دووەم ئەوە کە کورد بوونی خەڵکی ئەم شارە، لە هیچ سەرچاوەیەکی نووسراوی فارسی یان غەیری فارس نەهاتووە، کەواتە ناتوانین باسی لێ بکەین.

**بازرنگ، ناوچەی بازرنگ و شاری بازرنگ**

لە سەردەمی ساسانییەکان تا سەدەی هەشتەمی (ه.ق)، گوند و شارێك ، هەروەها ناوچەیەك بەناوی بازرنگ (بەعەرەبی پێی دەگوترێت بازرنج) لە باکووری فارس و ناوچەی کوێستانەی فارس هەبووە کە ئێستا هیچ شوێنەوارێکی لێ نەماوە. ڕەنگە هۆزی بازرنگی لەم ناوچانە ژیابن و ناوی خۆیان لە سەر گوند و شار و ناوچەکە دانابێ. بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر گوند و ناوچەی بازرنگ، چەند سەرچاوەیەك دەخەینە ڕوو:

دەقێك لە سەردەمی ساسانییەکان لە ژێر ناونیشانی "خەسرەوی قوبادیان" و "ریدەکی" بەدەست گەیشتووە کە گفتوگۆی خەسرەو پاشای ساسانی لە گەڵ "ریدەك"ە.

لە بەندی ٥٥، ٥٦، ٥٧، ٥٨ بەم جۆرە هاتووە:

٥٥- (هەشتەم دەفەرەموێ:) پرسیاریان کرد کە کام مەی باشترە و خۆشترە.

٥٦- ریدەك دەڵێ کە ، ئەم مەیانە هەموویان باش و خۆشن.

٥٧- مەی کونی کە باش دیرازێنن و مەی هەراتی و مەی مەرڤ رودی و مەی بۆستی و مەی حەلوانی[٢٦].

٥٨- بەڵام مەی ئاسوری و مەی بازرنگی لە گەڵ هیچ مەیەك بەراورد ناکرێ.

٥٩- شا بەدڵی بوو و ﴿ئەم قسەیەی﴾ بە ڕاست زانی [٢٧].

لەم دەقە سنوری جوگرافیایی بازرنگ دیاری ناکات.

لە سەرچاوەکانی دوای ئیسلام، یەکەمین بەرهەم کە ناوی بازرنگ دەهێنێت "مسالك و ممالك"ی ئەستەخرییە کە لە ساڵەکانی ٣١٨ تا ٣٢١ (ه.ق) نووسراوە ئێستەخری دەنووسێ:

"بەڵام ڕووباری شیرین کە لە ناوچەی بازرنگە سەرچاوەکەی لە (شاخی دینار)...." [٢٨]

"بەڵام ڕووباری شادگان لە بازرنج و شاخەکانی دێتە دەرەوە ولە تەنبوك و مورستان و خان حەماد و گوندی زیزانزەد و مائین و کەهرکان تێدەپەرێ، لە وێش دەڕواتە دەشتی دەستقان تا دەگاتە دەریا.."[٢٩]

لە شوێنێکی تر شارە کوێستانییەکانی فارس دا ناودێن:

"... سەرام و بازەرەنج و سەردەن...."[٣٠]

ئێستەخری لە شوێنێکی تر ناوی شاری "ئەرجان"[٣١] دەهێنێ و دەنووسێ کە پێی دەڵێن بازرنج.[٣٢]



ئەم بابەتە (جگە لە شاری ئەرجان) لەکتێبەکانی سەدەی چوارەمی (ه.ق) واتە: (صورة الارض، اشکال العالم، حدود العالم واحسن التقاسیم في معرفة الاقالیم)، بەبێ هیچ کەم زید کردنی هاتووە، بەڵام ئیبنی بەلخی لە ساڵەکانی ٥٠٠ تا ٥١٠ (ه.ق) ئەم بابەتە زۆرتر شیدەکاتەوە:

"سەرام و بازرنگ دوو ناوچەنە لە نێوان زیر و سەمیرۆم کە کوێستانەیە،هەوایەکی زۆر سارد و ئاوێکی زۆری هەیە. ساڵ هەتا ساڵ بەفرەکانی ناتوێتەوە و نێچیرێکی زۆری هەیە و سەرچاوەی ئاوی شیرینی بازرنگ و دەوروپشت و ناوچەی سەرامە و بەزۆری خەڵکی مکاری. سی سەخت ناوچەیەکی کوێستانەیە و ئاوێکی زۆری هەیە و نزیکەی سەرام و بازرنگە."[٣٣] [٣٤]

ئیبنی بەلخی لە شوێنێکی تر دەنووسێ:

"سەرچاوەی ئاوی شیرین لە نزیکەی بازرنگە و لە نزیکەی گونبەدی مەلغات تێپەر دەبێ و دەگاتە دەریا.." [٣٤] [٣٥]

بەم شێوەیە، سنووری تەقریبی جوگرافیای ناوچەی بازرنگ دیارە کە لە سنووری نێوانی شاری سەمیرۆم لە پارێزگای ئەسفەهان و مائین (لە شاری مەرڤدەشتی فارسە و لە ١٠٠ کیلۆمەتری باکووری شیراز) و لە باکووری ڕۆژئاواوە و ڕۆژئاوادا، گوندی سی سەخت (لە پارێزگای کۆهگیلویە) و شاری بێهبەهان بووە.

لە لایەکی ترەوە چونکە گوندی بازرنگ و هەروەها گوندی زیر نەماوە، زۆرتر لەمە ناتوانین بە تەواویی سنوریان دەستنیشان بکەین.

هەروەها لێکوڵەرێکی یاسوجی مەودای نزیکەی یەك کیلۆمەتری باکووری شاری یاسوج لە پارێزگای کۆهگیلویە و بویەر ئەحمەد، لێکولەرێکی یاسوجی، بەناوچەی بازرنگی دەزانێ، کە لە گەڵ بەڵگەکانی سەرەوە جیاوازە، هەروەها لە شاری کازرون، گوندێك بەناوی (بازرنگان) هەیە لە ٣٠- ٥١ درێژی و ٤٥- ٢٩ پانی جوگرافیایی لە دێهستانی شاپور لە ناحیەی ناوەندی شاری کازرون کە بریتییە لە ٥٨ سەرخێزان و ٣١٢ کەس کە دەتوانێ پەیوەندی بەبازرنگییەکانەوە هەبێ و دەبێ لێکۆڵینەوەی لە سەر بکرێت.[٣٦]

بەپێی ئەم باسانە، دەبێ شوێنی سەرهەڵدانی هۆزی بازرنگی لە گوندی بازرنگی لە ناوچەی بازرنگ واتە سەرحەدی چوار بەشە و سەرحەدی شەش بەشە لە پارێزگای فارس گوندی بازرنگان لە شاری کازرون لە پارێزگای فارس هەروەها شاری بێهبەهان بوو بێ.

**کوردی شەپانان:**

لەکارنامەی ئەردەشێری پاپەکان کە دەقێکە بەر لە سەردەمی نەوشیروان و لە ساڵی (١٥٠٤ یەزدگردی) نووسراوە بەم شێوەیە هاتووە:

"وە ساسان شوانی پاپەك بوو، بە بەردەوامی لە گەڵ مەڕەکانی بوو. لە نەوەکانی دارای دارایان بووە[٣٧]، و بەشێوەیەکی نهێنییەوە پەیوەندی لە گەڵ کوردە پسەپانەکان هەبوو..."[٣٨]

لە بابەتێکی تر باس لەوە دەکەم کە وشەی "کورد" واتە شوان، بەڵام لە تەواوی سەرچاوە نووسراوەکان تەنیا لێرە ئەم زاراوەی "کوردە شەپانەکان" دەبینین و بێگومان لەبەر ئەوەی کە لەم دەقەدا وشەی "شەپان" بەکارهێناوە، مەبەست لە "کوردە شەپانەکان" ئەو شوانانەیە کە کورد بوونە.

**پەیوەندی ساسان لە گەڵ بازرنگییەکان**

ساسان،لە خێزانێکی ناسراو و موبەدی پەرستگەی ئاناهیتا لە شاری ئەستەخر[٣٩]، هاوسەری خۆی لە خێزانێکی بازرنگی کە لە پێشەواکانی ئەو هۆزە بوونە بەناوی (رام بەهەشت)[٤٠] هەڵدەبژێرێ، کە دەڵێن خەڵکی نەیریز بووە.

**ئەردەشێری پاپەکانی کورد نەژاد**

ساسان و رام بەهەشت کوڕێکیان دەبێ کەناوی پاپەکی لێ دەنێن کە دەبێتە باوکی ئەردەشێری پاپەکان یان بابەکان. بۆ پەروەردەکردنی، ئەردەشێر دەسپێرنە (ئەرکبۆدی دارابگرد)، لە دوای چەند ساڵێك خۆی دەبێتە (ئەرکبۆدی دارابگرد) لە دوای ئەویش دەبێتە حاکمی شاری خیر (کە ئەمڕۆ بەشێکە لە شاری ئەسفەهان وشارێك بەناوی خیر نەماوە) هەر لێرەوە ئاڵای سەربەخۆیی هەڵدەدات و لە دژی گوزهەر، والی فارس و ئەردەوانی پێنجەم پاشای ئەشکانی رادەوستێت و لە پشتیوانی خەڵکی خیر و دایکی کە خەڵکی نەیریز بووە- ڕەنگە خزمەکانی دایکی لە نەیریز بوونە- بێ بەش نەبووە و شاری گوپانان لە باکووری نەیریز داگیر دەکات و گوزهەر دەکوژێت و فارسیش داگیر دەکات و بزوتنەوەی خۆی لە دژی ئەردەوانی پێنجەم دەست پێ دەکات. ئەردەوانی پێنجەم لەم کردەیەی ئەردەشێری پاپەکان توڕە دەبێت و نامەیەك بۆ ئەردەشێر دەنووسێ، خوێنی کوردی و کورد بوون و پەروەردەی کوردەواری دەداتە ڕووی ئەردەشێر و دەنووسێ:



"ئەی ئەو کوردەی کە لە ژێر ڕەشماڵ پەروەردەکراوی، لە سنووری خۆت دەرچوویی، مەرگی خۆتت نزیك کردووە، کێ دەرفەتی بە تۆ داوە کە تاج لە سەر دانێی و شارەکان داگیر بکەی و پاشا و کەسایەتییەکان بخەیتە ژێر ئەمری خۆت؟..."[٤٢] [٤٣]

**شەڕی ئەردەشێری پاپەکان لە گەڵ کوردەکان**

لەکارنامەی ئەردەشێری پاپەکان، بابەتی شەشەم لە ژێر ناونیشانی. "لە شەڕی ئەردەشێر لە گەڵ کوردەکان وتوڕەبوونی" دەنووسێ کە ئەردەشێر دەرواتە شەڕ دژ بە کوردەن شاهی ماسی (کە هەمان مادییە) و لە شەڕێکی سەختدا ئەردەشێر ئاوارە دەبێت و دواتر ئەردەشێر:

بەسوپایەکی چوار هەزاری هێرش دەکاتە سەر کوردەکان و هەزار کورد دەکوژێ و بریندارەکانیش بەدیلی دەگرێ، لەکوردانشاە و کوڕ و براکانی تەنیا هێروی بۆ ناردنی بۆ پارس هەڵبژارد.[٤٤]

کە واتە، دیلەکان و دەستکەوتەکان بۆ پارس دەنێرێ.[٤٥] [٤٦]

هەروەها فەردەوسی ئەم بابەتەی بەم شێوەیە باسی کردووە:

سپاهی زاستخر بی مر ببرد بشد
ساخته تا کند جنگ کرد

دواتر:

چون شاه اردشیر اندر آمد به تنگ پذیره
شدش کُرد بی مر بجنگ

یکی کار بد خوار و دشوار گشت ابا کُرد
کشور همه یار گشت

یکی لشکری کرده بد پارسی فزونتر
ز کردان یکی دو بسی

یکی روز تا شب بر آویختند سپاه
جهاندار بگریختند

زبس کشته وخسته برداشت جنگ شد آوردگه
راهمه جای تنگ

جز ازشاه باخوار مایه سپاه
نبد نامداری بدان رزمگاه
زخورشید تابان وزگرد و خاك زبانها
شد از تشنگی چاك چاك
هم آنگه درفشی بر آورد شب که
بنشاند آن جنگ وجودش و جلب[٤٧]

له دوای ڕاکردنی ئەردەشێر و سوپاکەی و هاتنی شەو، ئەردەشێر ئاگرێك دەبینێ و دەچێتە لای شوانەکان و مەڕومالاتیان و شەو لە گەڵیان دەباتە سەر و نان و ماستێکیان لەگەڵ دەخوات و پرسیاریان لێ دەکات و دواتر ئەردەشێر کەسێك بەرەو شاری ئەردەشێر خۆرە (گور و فیروز ئاباد) دەنێرێ و داوای یارمەتی دەکات[٤٨] و لە ئەنجامدا هێرش دەباتە سەر کوردەکان:

چون شب نیم بگژشت و تاریك شد    جهاندار با کرد نزدیك شد
همه دشت از ایشان پراز خفتە شد    یگ یگ دل لشکر آشفته دید
چو آمد سپهبد به بالین کرد    عنان بارۂ تیزیك را سپرد
بر آهخت شمشیر واندر نهاد    گیار از خون برسر افسر نهاد
همه دشت زایشان سرودست شد    زانبوه کشته زمین گشت شد
بی اندازه زیشان گرفتار شد    سترگی ونابخردی خوار شد
همه بومها شان بەتاراج شداد    سپهرا همه بدره و تاج داد[٤٩]

فردەوسی،دواتر لە هەفت بەیتدا بارودۆخی دوای ئەم شەڕەی شیدەکاتەوە[٥٠] [٥١] [٥٢]

وا دیارە کە هێزی کوردەکان زۆر بووە کە ئەردەشێر لە سەرەتای شەڕ لە دژی کوردەکان سوپایەکی زۆر دەبات و دیسان داوای هێزی یارمەتیدەر دەکات.[٥٣]

**یەزدان کوردی شارەزوری**

با لە باسی ڕووداوەکانی سەردەمی ساسانییەکان، باس لە روداوێکی تر بکەین، کاتێك کە ئەردەشێری پاپەکان خەریکی شەڕکردن لە گەڵ هەپتانبادە (هفتواد= هفتان بخت)، یەزدانی کوردی شارەزووری بە سوپایەکی زۆر بۆ یارمەتیدانی ئەردەشێری پاپەکان دەڕوات[٥٤].

**بەهرامی چوبین، کوردی خەفەری**



بەهرامی چوبین خەڵکی شاری خەفەر (خفر) لە پارێزگای فارس، کورد بووە[٥٥]، خوشکی بەهرامی چوبین بەناوی کوردیە هاوسەری ئەردەشێری پاپەکان بووە و برایەکی هەبووە بەناوی کوردی[٥٦].

**کەتیبەکانی حاجی ئاباد**

لە شاپوری یەکەمی ساسانی، کەتیبەیەك لە حاجی ئاباد بەجێ ماوە کە لە بارەی جەژنی تول دانە، جەژنێك کە ئێرانییە کۆنەکان بەبۆنەی رزگاربوونیان لە ستەمەکانی زوحاك دەیانگێڕا، سەرەڕای ئەمەش باسی لەکوردەکان بەناوی هۆزی کرمانج کراوە. دەقی ئەم کەتیبەیە بەم جۆرەیە:

"منم مەزدایەرستی بەغی هۆرەمۆزدی شاپوری یەزدانی نەژاد پاشای ئێران و ئەنیران لەم جەژنەی تول دان هۆزی کورەمانج سوودێکی زۆرتر وەر دەگرن."

**پەنابەرێتی خەسرەو پەروێز**

کاتێك کە خەسرەو پەروێز لە دەستی باوکی هەلات و بە پێی نووسینەکانی رەشیدی یاسەمی چووە لای کوردەکانی پاشا پەرەستی ئازەربایجان[٥٨] لە دوای کۆکردنەوەی سوپایەك لە نێو خەڵکی ئەرەمەنی و ئازەربایجانی چوو لە سەر تەختی پاشایەتی دانیشت. چونکە بەهرامی چوبین کە دژ بە خەسرەو پەروێز بووە، چووە لای خەسرەو پەروێز و زۆر هەوڵی دا بۆ ئاشت بوونەوە، بەلاّم بەهرامی چوبین گوێگری قسەکانی نەبوو، لەکۆتاییدا خەسرەو پەروێز وتی:

"ئەی هەتیوی کە لە نێو خیوەتی کوردەکان گەورە ببووی!"

و قسەگەلێکی وای کرد[٥٩].

بەم شێوەیە بەدیار دەکەوێ کە شازادەکانیان لە نێو خیوەتی کوردەکان پەروەردە دەکران.

**کورتەی ئەم باسە:**

بە پێی ئەو باسانەی کە لە سەر ساسانییەکان کراوە وا مەزەندە دەکرێ:

١. ئەگەریەکی زۆر هەیە کە ساسانییەکان کورد بوونە.
٢. کوردەکانی پارس لە سەردەمی ساسانییەکان لەم ناوچانە دەژیان:

ئەلف. لە ناوچەی نێوان ئابادە و ئەسفەهان[٦٠].
ب. لە کەنارەکانی دەریاچەی نەیریز تا ناوەڕاستی پارێزگای کرمان[٦١].
پ. تا قەراخی بوشێهر.

٣. هۆزەکانی مەمەسەنی، کۆهکیلویە و بویەرئەحمەد و شەبانکارە لە پاشماوەکانی ئەوان بوونە[٦٢]. شەبانکارەکان لە سەردەمی حکوومەتی خۆیان شانازییان بەوە دەکرد کە لە نەوەکانی ساسانی بوونە.



## پەراوێزەکان

١. نفیسی، سعید، تاریخ اجتماعی و سیاسی ایران در دوره معاصر، تهران، مۆسسه مگبوعاتی شرق، ١٣٣٥، ج١،ص١٠.

٢. دواتر باسی ئەوە دەکەین کە کوردەکانی پارس هەر لە سەرەتاوە لە باکوری فارس نیشتەجێ بوونە.

٣. من لەکتێبی "مێژووەکان و مێژووی هێرۆدۆتس" بەدوای ئەم وشەیە گەڕام بەلاّم نەمدۆزییەوە.

٤. نوری، احسان، تاریخ ریشه نژادی کورد، بی جا، سعیدیان، چ٢، ١٣٦١، ص١٠٢.

٥. یاسمی، ص١٦٥.

6. Tarixa Kurdistan, 1 Cigerwin, Stockholm, 1985. P.117

بەڕەوایەتی: شریفی، احمد، عشایر کرد فارس، فارس شناخت، سال سوم، شماره ٥، بهار ١٣٨٠، ص١٥١.

٧. هەمان سەرچاوە.

٨. هەمان سەرچاوە، ل١٥٢.

٩. هەمان سەرچاوە.

١٠. صداقت کیش، جمشید، آرامگاه کوروش و یاورهای مردم فارس، تهران، خجسته، ١٣٨٠، ص١٢.

١١. هەمان سەرچاوە.

١٢.هەمان سەرچاوە،لل ٧٢ و ١٠٩.

١٣. ئێستا ئەم پرسیارە دێتە ئارا کە کوردەکانی پارس، بەتایبەت رەمی جیلویە و زەمی شەهریار کە لە باکوری رووباری مێدوس واتە لە شاری ئەمرۆی ئابادە، ئەقلید و باشوری ئەسفەهان بوونە و کوردەکانی تری پارس لە شەڕەدا چ رۆڵێکیان هەبووە؟ وەلاّمی ئەم پرسیارە لە سەرچاوە نووسراوەکان نەهاتووە.

١٤. یاسمی، رشید، کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او، تهران، امیرکبیر، ١٣٦٣، چ٣، ص١٦٣.

١٥. من لە گەشتنامەی نثارك، زۆر گەڕام، بەلاّم ئەم بابەتەم نەدۆزییەوە.

١٦. یاسمی، رشید، صص، ١٦٧- ١٦٦.

١٧. هەمان سەرچاوە، ل١١٧.

١٨. هەمان سەرچاوە.

١٩. ناوی تری ئەراتوس تونسە.

٢٠. معین، محمد (دکتر)، فرهنگ فارسی، ج٥، زیرواژه "ارتوسطنس"

٢١. وشە لاتینیەکان بریتین لە: Patischores Achemenides Mages Cyrti marcdes

(وەرگیراو لە :یاسەمی،ل ١٦٦)

٢٢. له چەند شوێنێکی تری دەقەکان ناوی ئەم والیە گوچێهر، جوزهەر و جۆز هەر هاتووە.وا هاتووە کە لە نەوەکانی هەمان گوچیهەرە کە لە سەدەکانی یەکەمی زایینی برای خۆی ئەرتەخشتەری کوشت.

٢٣. شریفی، احمد، ص١٥٣.

٢٤. وا دەڵێن کە وشەی "وازرنگ" ناوی پاشاکانی پارس بووە.

٢٥یاسمی، ص١٧٠.

٢٦. (راهھای فارس)، کتێبێکی بلاو نەکراوەی لێکۆڵەری ئەم کتێبەیە.

٢٧. مەی کونی، مەی شاری کون واتا سوغە - مەرڤرود، روبارێکە لەمەرغاب لە شاری مەرڤ، بۆست، شارێکە لە سستان. حەلوان شارێکە لە عێراق.

٢٨. خسروقبادان و ریدکی، مجله چیستا، شماره ٩، سال ١٣١٦، صص ١٠٩٥- ١٠٩٤.

٢٩. اصطخری، ابو اسحق ابراهیم، ممالك و مسالك، ترجمه محمد بن اسعد بن عبدالله تستری. بەکوشش ایراج افشار، تهران: انتشارات موقوفات دکتر محمد افشار یزدی، ١٣٧٣، ص١٠٦.

٣٠.هەمان سەرچاوە.

٣١. هەمان سەرچاوە، ل٢٢٢.

٣٢. شارێك کە لە شەش کیلۆمەتری بێهبەهان (بهبهان) بووە.

٣٣. هەمان سەرچاوە، ل١٠٦.

٣٤. ابن بلخی، فارسنامه، بەاهتمام گای لیسترنج و رینولد آلن نیکلسون، تهران، دنیای کتاب، چ٢، ١٣٦٣، ص١٤.

٣٥. هەمان سەرچاوە، ل١٥٥.

٣٦. حمدالله مستوفی (نزهةالقلوب تصحیح گای لیسترنج، تهران، دنیای کتاب، ١٣٦٢، صص ١٢٨ و ٢٢٥) بابەتەی ئیبنی بەلخی لە ساڵی ٧٤٠ (ه.ق) دووبارەنووسی کردووە.

٣٧. فهرست الفبایی نقاط جغرافیایی استان فارس (درچارچوب تقسیمات کشوری سال ١٣٦٩) صص١١- ١٠.

٣٨. دارا کوڕی دارا و مەبەست داریوشی سێیەمە.(سەداقەت کیش)

٣٩. هدایت،صادق (ویراستار)، کارنامه اردشیر پاپکان، تهران، امیرکبیر ١٣٣٢، ص١٧٠.

٤٠. شوێنەواری ئەم شارە لە ٧١٥ کیلۆمەتری باکوری تەختی جەمشیدە.

٤١. ناوی ئەم ئافرەتە بەناوی رامۆنا واتە بەهەشتیش هاتووە (ئەستەخر، کتێبی بلاونەکراوی جەمشیدی سەداقەت کیش.



٤٢. صداقت کیش، جمشید، "جغرافیایی تاریخی نی ریز" دەقی وتاری پێشکەش کراو لە یادی فەزلی ئیبنی حاتەمی نەی ریزی،شەریوەری ١٣٧٧.

٤٣. طبری، محمد جریر، تاریخ طبری ، ترجمه ابوالقاسم پاینده، تهران " اساطیر، چ٢، ١٣٦٢، ج٢، ص٥٨٣.

٤٤. یاسمی (ل١٧١) دەنووسێ کە ئەم نامەیە بۆ جەماوەر خوێندراوەتەوە، طبری دەنووسێ: "ئەردەشیری کەسایەتیەکانی کۆ کردەوە هەتا نامە بخوێنێ".

٤٥. هدایت، صص١٨٥- ١٨٤.

٤٦. خواڵێخۆشبوو یاسەمی (ل١٦٧) دەنووسێ کە: "ئەردەشیری بابەکان لە سەرەتادا لە گەڵ خزمەکانی خۆی لە هۆزیبازرنگی و کەسانی تر بەشەڕ دێت".

٤٧. مامۆستا پور داوود لەکتێبی (پشت ها) (به کوشش دکتر بهرام فرەوشی، تهران، دانشگاه، تهران چ٣، ١٣٥٦، ج٢، ص٢١٦) لە شیکردنەوەی وشەی "ماد" و "مادیك" دەنووسێ لەکتێبی (پەهلە وی کارنامەی ئەردەشێری پاپەکان) ئەم وشەیە بە هەمان شێوەی کۆنەکەی خۆی مادیك= ماد هاتووە.... لەم کتێبەدا، چەندین جار ناوی پاشایەکی کوردی مادیك هاتووە کە رکابەریی ئەردەشێری پاپەکانی کردووە، کە سەرەتا ئەردەشێر شکست دێنێ و ڕادەکات و لە دوای ماوەیەك سوپایەکی چوار هەزار کەسی پێکدێنێ و هێرش دەکاتە سەری و هەزار کەس لە کوردەکان دەکوژن و هەندێکیشیان بریندار دەکات و بەدیلی دەگرێت و پاشای کورد و کوڕ و برا و خزمەکانی لە گەڵ دەستکەوتێکی زۆر ڕەوانەی پارس دەکات.).

بەم شێوەیە کە لە سەرەوە هاتووە، تەنیا یەك جار ناوی ئەم پاشا کوردە هاتووە.

٤٨. شاهنامەی فردوسی، تصحیح م. ن عثمانوف، مسکو شعبه ادبیات خاور ١٩٦٨م، ص٢٣٦.

٤٩. هەمان سەرچاوە، لل ١٣٨- ١٣٧.

٥٠. هەمان سەرچاوە، لل ١٣٩- ١٣٨.

٥١. هەمان سەرچاوە.

٥٢. ڕەشیدی یاسەمی ئەم بابەتە واتا شەڕی ئەردەشێری پاپەکان لە گەڵ کوردەکانی، بەکورتی و عومەری فاروقیش (نگاهی به تاریخ کردستان، تهران: شرق، ١٣٦٢، ص١٨) زۆر بە کورتی باسیان لێ کردووە.

٥٣. سید محەمەدی باقری نەجەفی لە وتارەکەی لە ئەنیستیتوی ئێران و عەرەب لە لە ندەن لە ڕۆژی (٢٠)ی سێپتەمبەری ١٩٩٣ دەڵێ:

"شەڕی بابەك و ئەردەشێر لە گەڵ کوردەکانی پارس، بەشێك لە و شەڕانەیە کە لە گەڵ میرەکانی پارس، ئەسپەهان، خۆزستان، کرمان و سیستان کردوویەتی، کە پێشاندەری ئەمەیە کە کوردەکان لە ناوەندی پارس لە ژێر دەسەڵاتی میرەکانی پارس، خۆیان بە جێنشینی ئەخمینیەکان، پارێزەری دابونەریتی پارس

و بەشێك لە  پێكهاتەی نەتەوەیی پارسیان لە  قەلەم داوە.لە  لێكۆڵینەوەكانی جەمشیدی سەداقەت كیش(وەرگیراو لە :اكوپوف،گ،ب.(هاكوپيان)حصارُف،م.ا.،كردان گوران و مساله  كرد در تركيه،ترجمه سیروس ایزدی،تهران:هیرمند،١٣٧٦،ص ١٨.

٥٤. بۆ سەلماندنی كوردبوونی ئەردەشێری پاپەكان، رەشید یاسەمی لە  (ل١٧٢) بەم جۆرە باسی لێ دەكات و فاروقی لە  (ل١٩) سودی لێ وەرگرتووە:

"پاشاكانی ئەم دەورەیە بە یادی هۆزەكەیان ناوی یەكێك لە شارەكانی مەدائنیان (كوردئاوا) داناوە. یاقوت لە سەر زاری هەمزە) دەنووسێ كە لە  (سير الفرس) هاتووە كاتێك كە ئەردەشێر گەیشتە مەدائن،مەدائنی بە دڵ بوو و هەوڵی ئاوەدان كردنەوەی دا و دواتر باسی هەفت شوێنی مەدائن دەكات كە دوایترینی كورد ئافاز(كورد ئاباد)ە.

٥٥. هدايت، صادق، كارنامه اردشير بابكان، تهران: اميركبير چ٢،١٣٣٢، ص١٨٦.

٥٦. صداقت كيش، جمشيد، پيشينه تاريخی خفر، عصر، سال چهارم، شماره ٩٦٢، سەشنبه ١٢ مرداد ١٣٧٨، ص ٨.

٥٧.  جلدی هەمان سەرچاوە، لل ٧٣١. ٧٣٤.

٥٨. نوری احسان، تاريخ ريشه نژادی كرد، بی جا، سعيديان،چ٢، ١٣٦١،ص ٥٠.

٥٩. لە  مێژووی تەبەری باس لە  چوونەوەی خەسرەو پەرویز بۆ لای كوردەكان نەكراوە.

٦٠. جلدی هەمان سەرچاوە، بەرگی دووەم، ل٧٣١.

٦١. نفيسی، سعيد، تاريخ اجتماعی و سياسی ايران در دوره معاصر، تهران: مؤسسه مگبوعاتی شرق، ١٣٣٥، ج. ص١٠.

٦٢. هەمان سەرچاوە.

٦٣. هەمان سەرچاوە.

# پاژی دووەم

## کوردەکانی پارس لە دوای ئیسلامدا
## لە سەدەی یەکەم تا کۆتایی سەدەی سێهەم

### سەدەی یەکەمی (هـ. ق):

هەروەك دەزانین ، ڕووداوەکانی مێژوویی دوو سەدەی یەکەمی سەرەتای ئیسلام، لە سەرچاوەکانی ئێرانی بەهیچ شێوەیەك ئاماژەی پێ نەکراوە، بەڵام لە سەرچاوە عەرەبییەکان بەکورتی تۆمار کراوە.

### پشتگیری لە یەزگرد:

لە سەرچاوەکانی مێژوو باس لەوە کراوە کە کوردەکانی شەبانکارە پشتگیری لە یەزگرد،دوایین پاشای ساسانی دەکەن، بەڵام لە بەر ئەوەی کە بابەتی کوردەکانی شەبانکارە لە بەشێکی تایبەتی باسی لێ دەکرێ بۆیە لێرە باسی لەلێ ناکندین.[١]

**بەرگری کردنی کوردەکانی پارس لە بەرامبەر عەرەبەکان**

لە ساڵەکانی ١٨، ٢٣ (هـ.ق) کوردەکانی پارس بەرگریان لە شارەکانی ئەهواز، فەساو دارابگرد کردووە و بە هانای خەڵکی ئەم شارانە چوونە و توانیویانە زیانێکی زۆر بگەیننە سوپای عەرەب.[٢]

تەبەری ﴿طبری﴾ لە بارەی،داگیرکردنی شارەکانی فەسا و دارابگرد دەنووسێ:

"ساریە بن زەنیم (فەرماندەی هێزی عەرەب و لەشکری ئیسلام) دەیانەوێ فەسا و دارابگرد داگیر بکا، کاتێك گەیش دوژمن، هێرشی کرد بەویستی خوا گەمارۆیان دا، لە و کاتە دوژمنان ئامادەبوون و کوردەکانی پارسیش لە گەڵیان کەوتن، کاری موسڵمانەکان ئەستەم بوو کە سوپایەکی گەورە لە دژیان ئامادە بوو.[٣] [٤]



هەر چەندە لە سەرەتا ئێرانییەکان سەرکەوت، بەڵام لە ئەنجامدا بەهاتنی هێزی تازە بۆ عەرەبەکان، شکستیان هێنا.

بەم هۆیە شەڕی نێوان کوردەکانی پارس و عەرەبەکان، عومەر (مەبەست خەلیفەی دووەمی ئیسلام) ناچار دەکات کەچەندین جار لە دژی کوردەکانی ئەهواز لەشکر کێشی بکا سەریان[٥]

ڕەشیدی یاسەمی لەم بارەیە دەنووسێ:

"کاتێك عەرەبەکان چوونە ناو فارس کە لە ناوەندەکانی گەورەی کورد و تەنانەت بێشکەی شارستانیەتی ئەو هۆزانەیە، هۆزەکانی کورد لەم شارانە لە گەڵ برا ئێرانییەکانی تر زۆر هەوڵیان بۆ پاراستنی فەسا و دارابگرد و ناوچەکانی تری فارسیان دا و زۆریش قوربانیان بەخشی، سوپای عەرەب لە دوای کوشتن و تالان کردنی سامانی کوردەکان وازیان لێ نەهێنا و خەڵکی ئەم هۆزانەی سزا دا". [٦]

تەبەری (طبری) لە بارەی داگیرکردنی ئەهواز لە شوێنێکی تر دەڵێ:

"کاتێك کە سوپا بەرەو ویلایەتەکان بەرێ، کۆمەڵە کوردێکی زۆر و کەسانی تر لە (بیروذ) (ئەهواز) ئامادە بوون... (ئەبو موسا فەرماندەی سوپای عەرەب) لەمانگی رەمەزان بەرێ کەوت تا لە گەڵ ئەم کەسانە کە لێرە کۆببوون، شەڕ بکات لە نێوان ڕووباری (تیری، مناذر) شەڕ داگیرسا، خەڵکی دلێری فارس و کوردەکان لەوێ ئامادەبووتا لە گەڵ موسوڵمانەکان شەڕ بکەن یان دەرفەتێکیان دەستکەوێ و شکیان لە وەدا نەبوو کە شەڕ دەکەن[٨].

لەم شەڕەشدا ئێرانییەکان شکستیان هێنا.

(تەبەری (طبری) لە شوێنێکی تر باس لە (کرداری سەلمە بن قەیس ئەشجەعی و کوردەکان) دەکات بەڵام نەك بەشێوەی ڕاستەوخۆ[٩].

(بلاذری) دەنووسێ:

محەمەد کوڕی موسەنا ﴿محمد بن مثنی﴾ و کەسانی تر دەڵێن: لە ساڵی بیست و دووی کۆچی (عۆمەری کوڕی خەتاب) فەرمانی دا کە (جارودی عەبدی) بۆ داگیرکردنی فارس بەرێ بکەوێ. لە نێوان ڕێگای جەرە[١٠] و شیراز بەیانی (جارود) مەسینەیەکی ئاو هەڵدەگرێ و بۆ سەرئاو دەچێ و لە سوپا جودا دەبێ و دەڕواتە پشت تەپۆلکەیەك. لە وێ کۆمەڵێك لەکوردەکان چواردەوری دەدەن و دەیکوژن. لە دوای ئەم ڕووداوە ئەم تەپۆلکەیە بەناوی (عقبە جارود) بەناوبانگ دەبێ[١١] [١٢].

مێژوو نووسان دەڵێن کە لە ساڵی ٢٥ی (ه.ق) دا لەکاتی حکوومەتی (ئەبو موسائەشعەری) کوردەکان لە بەسرە، ئەهواز و فارس ڕاپەرین دەکەن[١٣].

هەروەها مێژوو نووسەکان ئاماژە بەمە دەکەن کە لەکاتی خەلافەتی ئیمامی عەلیدا، کەسێك بەناوی ئەلخەریت لە نزیکەی ئەهواز و فارس ڕاپەرین دەکات و باجدان بە خەلیفەی ئیسلام قەدەغە دەکات، لەم ڕاپەرینەدا کوردەکان و ئێرانییەکانی تر و مەسیحییەکان یارمەتی (ئەلغەریت) دەدەن، بەڵام سەر ناکەوێ و لە نزیکەی شاری رامهۆرمۆز شکست دێنێ[١٤].

**ئیمتیاز بەخشین بەکوردەکانی پارس:**

بەسەرکەوتنی سوپای عەرەب و ئیسلام لەئێرانداو دژایەتی کوردەکانی پارس دژی عەرەبەکان، خولەفا چەند ئیمتیازێك دەبەخشنە کوردەکانی پارس. لە وانە،عومەری کوڕی خەتاب و عەلی کوڕی تالب باجدانی کوردەکانی بە پێی پشك کردن دەستنیشان دەکەن کە لە بابەتی سەدەی چوارەم و شەشەم باسی لێ دەکەم.

**زاڵ بوونی کوردەکانی پارس لە سەر پارسدا:**

زانیارییەکی ترمان کە لە سەر کوردەکانی پارس لە سەدەی یەکەم هەیە، ئەمەیە کە لە ساڵی ٨٣ (ه.ق)ن کوردەکانی پارس کە چاوەڕێی تۆلە سەندن بوون، لە شاری شاپور (بیشاپور) لە گەڵ عەبدولرەحمان کوڕی محمد ئەشعەس ك دەکرن و سوپای حەجاج دەسکێکن دا[١٥]. کوفە داگیر دەکەن و دەست بە لە سەر پارس دەکرن[١٦]. حەجاج، عومەری کوڕی هانی ئەلعەبەسی لە گەڵ کۆمەڵێك لە سوپاکە خەڵکی دیمەشق بوون بۆ شەڕ کردن لەدژیان دەنێرێ[١٧] [١٨].

**سەرکوت کردنی کوردەکانی پارس و لە ناوچوونیان:**

عەرەبەکان بۆ داگیرکردنی هەر شارێکی ئێرانی، فەتح نامەیەکیان بۆ ئەو شارە دەنووسی و چۆنیەتی داگیرکردن و ڕادەی دەستکەوتەکان و خەراج و جەزییە و دیل و کۆیلەیان دەستنیشان دەکرد . لە کتێبەکان ئاماژە بە نزیکەی ٨٠ فەتح نامە کراوە، بەڵام هیچ کام لەم فەتح نامانە نەماوە[١٩] ئەگەر وانەبوایە ڕادەی بەرگریکردن و شەڕەکانی ئێرانییەکان ، بەتایبەت کوردەکانی فارس کە بابەتی ئێمەیە بەدەردەکەوێ، چونکە کوردەکانی پارس لە هەر شوێنێك، لە ئەهواز، فەسا و دارابگرد، لە نێوان جەرە و شیراز و... هەر خەریکی شەڕکردن لە گەڵ عەرەبەکان بوونە.



"ئیبنی بەلخی" لە ساڵی ٥٠٠ هەتا ٥١٠ (ه.ق) لە بارەی ئیسماعیلییەکان کە هۆزێك بوونە لەکوردەکانی شەبانکارەی فارس، دەنووسێ:

"لە سەردەمی ئیسلامدا سوپای عەرەب، پارسی داگیرکرد و ئەم قەومە وەك پارسییەکانی تر لەم ناوچە دوور خرانەوە و ئاوارە بوون و ڕوی یان کردە بەشوانی کردن و بەخێو کردنی مەڕو ماڵات[٢٠] [٢١]

هەرئەو لە شوێنێکی تر لە بارەی کوردەکانی پارس دەنووسێ:

تەواوی شکۆی سوپای پارس لە بەر بوونی ئەم کوردانە بوو کە زۆربوون و خاوەن ئەسپ و شمشێر و لە و سەردەمە کەسیان نەما جگە پیاوێك کە ناوی عەلیك بوو و ئیسلامی هێنا و نەوەکانی هێشتا ماون[٢٢] [٢٣].

**سەدەی دووەم:**

زانیاری ئێمە لە بارەی ئەم سەدەیە زۆر کەمە و تەنها هەواڵی ڕوداوێك لە دەست نووسەکان بەجێ ماوە:

**دەرکردنی کوردەکان لە شاری بیشابور:**

ڕەشیدی یاسەمی دەنووسێ: لە ساڵی ١٢٩ هەق "کوردەکانی شاپوری فارس لە گەڵ خەواریج کە گەمارۆیان دابوو، شەڕێکی سەختیان کرد[٢٤].

بە پێی نووسراوەکانی ئیبنی ئەسیر ئەم ڕووداوە لە ساڵی ١٢٩ (ه.ق) بەم شێوەیە رووی داوە:

"عەبدوڵلا کوڕی معاویە" لە ئەسفەهان بوو. کوڕی هوبەیرە کە بوو بە والی ئێراق (نەباتە کوڕی حەنزەلە ی کەلابی) نارده لای (عەبدوڵلا کوڕی معاویە). کاتێك کە (سولەیمان کوڕی جەبیب) گوێی لەوە بوو کە (کوڕی هوبەیرە)، (نەباتە)ی بەحاکمی ئەهواز داناوە. (سولە یمان) (داود کوڕی حاتەم)ی لە گەڵ چەند کەسێکی تری ڕەوانە کرد تا ڕێگە لە هاتنی نەباتە (حاکمی ئەهواز) بگرن. ئەوان لە (کەرخ دینار) ڕووبەڕووی یەکتر بوون. داود کوژراو سولەیمانیش (دوای کوژرانی ئەو) لە ئەهواز هەڵات و پەنای بردە شاری شاپور کەلەدەست کوردەکان دوو زاڵببوون،سولەیمان پاش شەڕ کوردەکانی دەرکرد و بۆ عەبدوڵلای کوڕی معاویە نامەی نووسی کە پەیمانت دەدەمێ و ملکەچی تۆ دەبم[٢٥] [٢٦].

**سەدەی سێهەم:**

لەم سەدەیە بەدواوە زانیاری ئێمە لە بارەی کوردەکانی پارس بەرە بەرە زۆرتر دەبێ.

**سەرکوت کردنی کوردەکانی پارس:**

لە ساڵی ٢٣١(ھ.ق) کوردەکانی فارس و ئەسفەهان و جەبال[٢٧] شۆڕش دەکەن و ئەرکی سەرکوت کردنی کوردەکا (وەسیفی تورك) ئەرکی سەرکوتکردنی پێ دەسپێرن[٢٨] وئەویش کوردەکان سەرکوت دەکات و ٥٠٠ کەسیش بەدیل دەگرێ و بۆ ئەم کارەش (وەسیف) خەڵات دەکرێت کە بریتییە لە (٧٥) هەزار دیناری زێڕ و شمشێرێك[٢٩] [٣٠].

بۆڵد یەکەمین باسکردنی کوردەکانی پارس.

ئیبنی خوردادبە لە ساڵی ٢٣٢(ھ.ق) وابای کوردەکان پارس دەمکات:

" ﴿زموم﴾ی کوردەکانی فارس: لە چوار (زەمی) پێکهاتووە و "زموم" بەواتەی ناوچەی کوردەکانە، کە بریتییە لە : "زەمی"ی (حەسەن کوڕی جیلویە)، کە بازنجانی پێ دەڵێن و لە ١٤ فەرسەنگی شیرازە، (زەمی)ی (ئارادم کوڕی جواناە) کە لە ٢٦ فەرسەنگی شیرازە" (زەمی)ی (قاسم کوڕی شەهر براز) کە کوریانی پێ دەڵێن و لە ٥٠ فەرسەنگی شیرازە: (زەمی)ی (حەسەن کوڕی صالح) کە سورانی پێ دەڵێن و لە ٧ فەرسەنگی شیرازە[٣١].

لەم دەقە، چەند خاڵێك شایانی باسە:

١. "ئیبنی خوردادبە" کوردەکانی پارسی بە پێی ناوچەکانیان بەچوار هۆز داناوە.
٢. لە دەستەواژەی "زم حەسەن کوڕی جیلویە" وشەی "جیلویە" کە وشەیەکی عەرەبییە و فارسییەکەی دەبێتە "گیلویە" (Gilooye). کەئەمڕۆ وشەی گیلویە وەك هۆزی کۆگیلویە و پارێزگای کۆهگیلویە و بویەر ئەحمەد دەبینینەوە. هەروەها ناوی تری ئەم هۆزە، بازنجان بووە کە بە پێی نووسینی لێکۆلەرەکانی سەدەی هاوچەرخ هەمان هۆزی (بازرنگی)یە کە والی فارس لە سەردەمی ئەشکانییەکان و دایکی ئەردەشێری پاپەکان لەم هۆزە بوونە.
٣. "ئیبنی خوردادبە" شوێنی نیشتەجێ بوونی کوردەکانی پارسی لە ١٤ فەرسەنگی شیراز و ٢٦ فەرسەنگی ٥٠ فەرسەنگی و ٧ فەرسەنگی شیراز دەست نیشان دەکات، بەڵام ئاماژە بە ئاراستەی رۆژئاوا یان رۆژهەڵات بوونیان ناکات. کەواتە بە پێی ئەم دەقە ناتوانین بە وردی شوێنی کوردەکان لە پارس دەستنیشان بکەین.



٤. لە بارەی وشەی زەم وا دەڵێن کە دەبێ "رەم" بەواتەی "رەوە" بێ کە باسکردن لە سەر ئەم بابەتە لەکۆتایی رووداوەکانی مێژووی کوردەکانی پارس، ئاماژەی پێ دەکەین.

**یەك گرتنەوەی کوردەکانی پارس لە گەڵ عەرەبەکانی پارس**

یەعقوبی لەیسی سەفاری، لە ساڵی ٢٥٥ (ھ.ق)، فارس داگیر دەکات. دواتر لە ساڵی ٢٥٧ (ھ.ق) "محەمەد کوڕی واسلی تەمیمی" کە لە عەرەبە نیشتەجێیەکانی فارس بوو[٣٢]، لە گەڵ کوردێکی پارس بەناوی "ئەحمەد کوڕی لەیس" یەك دەکرن و هێرش دەکەنە سەر "حارس کوڕی سیمای شەرابی" نێردراوی خەلیفە لە فارسدا. لەم شەڕەدا حارس دەکوژرێت و محەمەد کوڕی واسل لە فارسدا دەسەڵات بەدەست دەگرێت[٣٣] [٣٤].

گومان لەوەدا نییە کە یەکگرتنی کوردەکانی پارس لە گەڵ عەرەبەکانی پارسدا، لە ڕاستیدا بەمەبەستی دژایەتی کردنی بێگانەکان بووە. گومانمان لەوەدا نییە کە لە دوای ئەم سەرکەوتنە دا، (ئەحمەد کوڕی لەیس) بێ بەش نەبووە، بەڵام لە بەرهەمە نووسراوەکان هیچ ئاماژەیەك بەم بابەتە نەکراوە کە تا بزانین کە چ پۆست و پلە یەکیان بە ئەحمەد کوڕی لەیس بەخشیوە.

**شەڕەکانی یەعقوبی لەیس لە گەڵ کوردەکانی پارس و عەرەبەکانی پارسدا**

یەعقوبی لەیس لە (شوال) ساڵی ٢٦١ (ھ.ق). بۆ شەڕکردن لە گەڵ محەمەد کوڕی واسل والی فارس دێتە فارس و لە دەشتی بەیزا (لە شاری ئەمڕۆی سپێدان) جێگیر دەبێ. کۆمەڵێك نوێنەر لە نێوان هەر دوو لادا هاتوچۆ دەکەن و یەعقوب فێڵێك بەکاردێنێ و وا دەکات کە کاتێك نوێنەری (محەمەد کوڕی واسل) دێتە لای هیچ کام لە سەربازەکانی لە دەوروپشتی نەبن و نوێنەری محەمەد کوڕی واسل وا بیر بکات کە یەعقوب لە شکری نییە[٣٥].

یەعقوب فەرمانی هێرش کردن دەردەکات کاتێك لە شکری سی هەزاری محەمەد کوڕی واسل لە شکری ١٥ هەزاری یەعقوب دەبینن ئاسوودە دەبن. بەنزیك بوونی هەر دوو سوپا بەمەوادی هاوێشتنی تیرێك، لە ناکاو ١٠ دە هەزار سواری لە شکری یەعقوب دەچنە پشتی لە شکری محەمەد کوڕی واسل. سوپای محەمەد کوڕی واسل دەرفەتیان نابێ کە خۆیان رێك بخەن و ١٠ دە هەزاریان لێ دەکوژرێ. کەواتە بەبێ ئەوەی کەشەڕ بکەن گۆڕەپانیان بەجێ هێشت و هەڵاتن. لە شکری یەعقوب بەدوایان کەوتن و زۆر کەسیان لێ بەدیل گرت[٣٦].

کۆمەڵێك لە سوپای محەمەد کوڕی واسل لە هۆزەکانی کوردی پارسن لە وانە رەمی بیرەنجان و کوردەکانی بازرنگی بوون و بەم شێوەیە کە باسمان لێکرد و فەرەماندەیان کەسێك بەناوی (موسا کوڕی مەهرانی کوردی) بوو کە هەڵات. یەعقوب دیسان بەدوای کەوت و لە نێو شاخەکان ١٠ دە هەزار کەسیان لێ بەدیل گرت و ئەوانی تر هەڵاتنە نێو شاخەکان[٣٧]. کەواتە بە بەدیل گرتنی ١٠ دە هەزار کەس لەکوردەکانی پارس بەدەردەکەوێ کەژمارەی ئەوان دەبێ چەند زۆر بێ.

لە دوای ئەو شکستە، هەڵاتووەکان و هۆزەکانی کوردی پارس پەیوەندیان کردبە محەمەد کوڕی واسل و ئەویش شاری فەسای کرد بەمەڵبەندی خۆی و دواتر بەرەو سیراف چوو[٣٨].

لە سیراف، محەمەد کوڕی واسل خەریکی کۆکردنەوەی سوپا دەبێ. یەعقوب لە ساڵی ٢٦٢ (ه.ق) فەرەماندەیەك لە گەڵ ١٠ دە هەزار سوارچاك بە مەبەستی بەدووراونانیان ڕەوانە دەکات. محەمەد کوڕی واسل، کەلوپەل و شتەکانی خۆی بەجێ دەهێڵێ و سواری بەلەمێکی ڕاوەماسی دەبێ تا هەڵبەت. هەتا بەیانی هەر سەوڵی لێدەدا و بەرەپێش دەڕۆن. بەیانی ئاگادار دەبن کە لە هەمان دەوروپشتی سیرافن[٣٩].

یەکێ لە سەرکردەکانی کوردی پارس بەناوی راشدی کە لە سیراف بوو و شارەزای دەریاوانی بوو بە بەلەم بەدوای کەوت و گرتی و یەعقوب دەیباتە لای یەعقوب[٤٠].

## ئازاد مەردی کورد حاکمی ئەهواز

لە دوای ئەم ڕووداوە، لە پێناو یەعقوبی لەیس گەڵێك فیداکاریان کرد و بەم بۆنەیەش یەعقوب یەکێك لە گەورە پیاوان و سەرۆکی کوردەکانی بەناوی محەمەد کوڕی عوبەیدوڵڵای ئازاد مەردی[٤١] حاکمی ئەهواز، بەڵام لە ساڵی ٢٦٨ (ه.ق) عومەر لەیس سوپایەك بەفەرەمانی ئەبو ئەحمەد (موەفەق برای خەلیفە) بۆ لە ناوبردنی محەمەد کوڕی عوبەیدوڵڵای ئازاد مەردی نارد کە گومانیان لێ دەکرد هاوکاری شۆڕشگێڕانی زەرەنگ دەکات کە ٣٠ ساڵ بوو تاکە هێزی شۆڕش و ڕاپەرینەکان بوو[٤٢].

ئەم هێزە لە گەڵ سوپای محەمەد کوڕی عوبەیدوڵڵا بەشەڕ دێت و محەمەد شکست دێنێ و دێتە گرتن و دەیبەنە لای عومەر لەیس[٤٣].

هەندێك نووسیویانە کە ئازاد مەرد لە گەڵ ساحب ئەلزەنج (کە هەمان زەرەنگە) بەنهێنییەوە نامەیان بۆ یەکتر ناردووە. ساحب ئەلزەنج هێزی بۆی دەنێرێ و بەم یارەمەتییە ئازاد مەرد هێرش دەکاتە سەر (شۆش) بەڵام (ئەحمەد کوڕی لەیسویە) شکستیان دەدات، جارێکی تر ئازاد مەرد



بەیارەمەتی هێزی ساحب ئەلزەنج کە زۆرتریان کورد بوونە شاری (شوشتەر) داگیر دەکات و بەپێی ئەو دیمانەی کە بر ساحب ئەلزەنج داوە، لە شوشتەر گوتار بەناوی ساحب ئەلزەنج دەخوێنێ[٤٤][٤٥].

## خۆرەم دینەکان و کوردەکان

ئەحمەد کوڕی یەعقوب (ساڵی ٢٩٠ (ه.ق) کۆچی دوایی کردووە) لە بارەی ئەسفەهان دەنووسێ: "و گوندەکان بریتین لە : گوندی جی... و گوندی بەران و گوندی میرین و گوندی قامدان کە کوردەکان و خەڵکێکی عەجەم کە لە ناموس پارێزی نەدەگەشتنە خەڵکانی تر لە وێ بوون و خۆرەم دینەکان هەر لە وێ سەریان هەڵدا و ئەم گوندە دەبێتە سنووری نێوان ئەسفەهان و ئەهوازدا" گوندی فەهمان کە کوردەکان و خۆرەم دینەکان تێدا نیشتەجێن...."[٤٦].

## وەسفێکی تری کوردەکانی پارس

ئیبنی فەقیە، نزیکەی ساڵی ٢٩٠ (ه.ق) وتەی "کوڕی خوردادیە"ی بێ کەم و کورتی دوبارە دەکات و دەنووسێ: "شوێنی کوردەکان لە پارس: عەبدوڵڵا کوڕی محەمەد کوڕی خوردادیە، نووسەری کتێبی ﴿المسالك و الممالك﴾ دەڵێ: بەگشتی کوردەکان لە پارسدا لە چوار شوێنن:

١. زومەی ئەرجان کوڕی خانجا کە لە بیست و چوار فەرسەنگی شیرازە.

٢. زومەی قاسم کوڕی شەهریار کەناوی (کوریان)ە، لە پەنجا فەرسەنگی شیرازە.

٣. حوسێن کوڕی ساڵح کەناوی (سۆران)ە، لە حەفت فەرسەنگی شیرازە.[٤٧].

## پەراوێزەکان

١. ئەو کتێبانەی کە لە بارەی کوردەکانی شەبانکارە بابەتیان هەیە بریتین لە :
ئەلف. شبانکارهای، محمد بن علی بن محمد، مجتمع الانساب، تصحیح میر هاشم محدث، تهران، امیرکبیر، ١٣٦٣.
شەبانکارەیی کە کتێبەکەی خۆی لە ساڵی ٧٣٣ (ه.ق) نووسیوە باس لە شەبانکارەکان و میرەکانیان لە فارس و کرمان دەکات.
ب. العمری، شهاب الدین، مسالك البصار، لە ٢٠ بەرگ (العمری) لە ساڵی ٧٤٩ (ه.ق) کۆچی دوایی کردووە و کتێبەکەی بەفارسی تەرجەمە نەکراوە.
پ. نطنزی، معین الدین، تاریخ ملوك شبانکاره، تصحیح ژان اوبن، تهران: ١٣٣٦.
نەتەنزی(نگنزی) کتێبەکەی لە ساڵی ٨١٧- ٨١٦ (ه.ق) لە بارەی شەبانکارەکان نووسیوە و باس لە میرەکانی کوردی شەبانکارەی کرمان و فارس دەکات.
ت. فارسنامه ابن بلخی.
پ. نزهه القلوب مستوفی.
ح. شرفنامه بدلیسی.
چ. فارسنامه ناصری (تصحیح دکتر منصور دستگار فسایی ) جلد ١ و ٢ صفحات: ٥١، ٣٢٣، ٢٤١، ٢٣٢،٢٧٤، ٢٨١، ٣٧٣، ٣٧٦، ٨٩٩، ١٣٧٤، ١٤٦٦،١٤٦٦،١٤٦٦، ١٥٦٥.
ج. تاریخ مغول، عباس اقبال آشتیانی، صص ٤٠٠- ٣٧٩.
خ. شبانکاره (ده کهنه) عبدالکریم مصاحبی ، کار عملی درس روش تحقیق در تاریخ در رشته تاریخ دانشگاه، زیر نظر جمشید صداقت کیش، ١٣٧٦.
٢. زنگنە، نطفر (سرلشکر)، دودمان آریایی کرد و کردستان، تهران، بی نا، ١٣٤٧، ص ٩٧.
٣. طبری، محمد جریر، تاریخ طبری، ترجمه ابوالقاسم پاینده، تهران: اساطیر، چ٢، ١٣٦٣، ج٥، ص٢٠١١.
٤. ابن اثیر، کامل، ج٣، ص٣٢٠ (وەرگیراوە لە : کرد در دایره المعارف اسلام، ص ٤٨).
٥.بلاذری، فتوح البلدان، صص٢٨٢، ٣٨٩، کامل،ج٣، ص٣٧ (وەرگیراوە لە : کرد در دایره المعارف اسلام، ترجمه اسماعیل فتاح قاضی، ارومیه: انتشارات صلاح الدین ایوبی، ١٣٦٧، ص٤٨).
٦. یاسمی، رشید، کرد وپیوستگی نژادی و تاریخی، چ٢، ١٣٦٣، صص١٧٧- ١٧٦.
٧. لە سییەکاندا (١٩٣٠ز)، پارچە پێستێك لە سلێمانیە دۆزراوە کە لە سەری چەند دێرە شیعرێك بەزمانی پەهلەوی نووسرابوو، پێ دەچێ کە ئەم نووسراوە پەیوەندی بە ساڵەکانی سەرەتای هێرشی ئیسلام بۆ سەر ئێران هەیە:

| | |
|---|---|
| هورمزگان رمان، آتزان کژان | ویشان شاردەوه گورەی گورەکان |
| زورکار ارب کردنه خابور | گنای پاله ی حتا شاره زور |
| شنو و کنیکان دیل بشینا | میرد آزا ملی و روی هوینا |



| | |
|---|---|
| روشت ستره مانه وربیکس | بزیکا نیکا هورمز و هیوچکس |

واتاکەی:

| | |
|---|---|
| پەرستگاکان وێران بوو و ئاگرەکان خامۆش | گەورەی گەورەکان خۆی شاردوتەوە |
| عەربی ستەمکار خاپوری کرد | گوندەکان هەتا شارەزور |
| ژن و کچەکانیان بە دیل گرتووە | پیاوانی ئازا غەڵتانی خوێن بوونە |
| ئایینی زەردەشت بێ کەس ماوە | ئەهورا مزدا بەزەیی بە کەس نایێ |

(وەرگیراوە لە : کنیان، درك، کردها و کردستان، ترجمه ابراهیم یونسی، تهران نگاه، ١٣٧٢، هامش صص ٣٦-٣٥).
٨. جلدی، هەمان سەرچاوە. ل٢٠١٧.
٩. هەمان سەرچاوە. ل٢٠٢١.
١٠. جێرێ(Jerre یان گێرێ) ئێستا ناوی گوندێکە لە باکوری شاری کازرون.
١١. بلاذری، احمد بن یحیی، فتوح البلدان، ترجمه دکتر آذرتاش آذرنوش، تهران. بنیاد فرهنگ، ایران. ١٣٤٦، ص٢٦١.
١٢. ئێستا لە فارس دا هیچ تەپۆڵکەیەك بەم ناوە نییە.
١٣. زنگنە ٧ ص ٩٧.
١٤. ابن اثیر، کامل چاپ اروپا، ج٣. ص٣٠٩ (وەرگیراوە لە : یاسمی، ص١٧٧).
١٥. ابن اثیر، کامل، ترجمه عباس خلیلی، بەاهتمام دکتر سید حسین سادات ناصری، تصحیح دکتر مهیار خلیلی، تهران: کتب ایران، بی تا، ج٧، ص ٨٨.
١٦. هەمان سەرچاوە، ل ١٤٩ .
١٧. بلاذری (هەمان سەرچاوە، ل ١٥٨) بۆ ئەم ڕووداوە وشەی (کوردان)ی بەکارهێناوە، بەڵام (ئیبن ئەسیر) (هەمان سەرچاوە، لل ٨٨و ١٤٩) کوردانی پارسی بەکارهێناوە و ڕەشیدی یاسەمی دەڵێ کوردانی شاپوری فارس کە نازانم لە چ سەرچاوەیەك وەریگرتووە.
١٨. یاسمی، ل ١٧٨.
١٩. صداقت کیش، جمشید، شناخت و نقد منابع وماخذ تاریخ ایران در بعد از اسلام، جزوه و درس شناخت و نقد منابع ومآخذ و تاریخ ایران در بعد از اسلام در بخش تاریخ دانشقاه شیراز، سالهای ١٣٦٧- ١٣٦٣. ص ١٥.
٢٠. ابن بلخی، ص١٦٤.
٢١. دەشتی ئورد، یان (ئۆرد)، لە سەر سنوری چوار دانکە لە شاری ئەقلی.
٢٢. هەمان سەرچاوە. ل ١٦٨.
٢٣. لە کتێبی (کرد در دایره المعارف اسلام) ل٤٦ ئەم بابەتە بەم شێوەیە هاتووە:

فارسنامە دەڵێ کە کوردەکانی رامەکانی گەورە وەك جیلویا، ذی وان، کاویان و بازنجان،کە چالاکترین کەسانی لە شکری کۆنی فارسیان پێکدەهێنا و هەموویان لە و شەڕانە کە لە سەرهەڵدانی ئیسلام ڕووی داوە گیانیان لە دەست داوە جگە لە "عەلیك کە ئیسلامی هێنا و مندالەکانی خۆی بەجێ هێشت". لەم دەقەدا وشەکانی "رەمەکان" جیلویە، دیوان، لوالجان، و کاویان ڕاستە و وەرگێری بەرێزی ئەم دەقە لە ڕێنووسی ئەم وشانە هەڵەی کردووە.

٢٤. یاسمی، ص ١٧.

٢٥. ابن اثیر، کامل، ج ٧. ص ٢٩٢.

٢٦. احمد شریفی (عشایر کرد فارس، فارس شناخت، سال سوم، شمارە ٥، بهار ١٣٨٠. ص ١٥٤). لەسەر زاری (کوڕی خەلکان) دەڵێ کە کوردەکانی پارس یارمەتی ئەبو موسلمیان لە شۆرشەکەی داوە و بۆ سەرچاوەی ئەم زانیاریەش ئاماژە بە کتێبەکەی رەشیدی یاسەمی (ل١٧٨) کردووە. ئەم زانیارییە هەڵەیە و رەشیدی یاسەمی، شیعرەکانی (کوڕی خەلکان)ی بۆ ئەم زانیارییە هێناوە و وشەی گشتی "کورد"ی بە کارهێناوە و نەك کوردەکانی پارس.

٢٧. بەر لە ئیسلام ناوچەی ناوەندی ئێران سوڵتانیە، هەمەدان، قەزوین، تاران و ئەسفەهانین بە پەهلەویان و دوای ئیسلامیش بە کوهستان، جەبال و ئێراقی عەجەم ناودەبرد.

٢٨. "زنگنە" (هەمان ل٩٩) ناوی ئەم کەسەی واسف نووسیوە.

٢٩. ابن اثیر: کامل. ترجمه عباس خلیلی. تصحیح دکتر مهیار خلیلی. تهران. علمی، بی تا.ج١١. ص ١٩١.

٣٠. رشید یاسمی (هەمان سەرچاوە. ل١٨٠) باس لەم ڕووداوە دەکات و دەنووسێ: "شۆرشی کوردەکانی ناوچەی ئەسفەهان و جیبالی فارسیان سەرکوت کرد". کە واتا کوردەکانی جیبال و کوردەکانی جیبالی فارس (شاخەکانی فارس) لە گەڵ یەك جیاوازیان هەیە.

٣١. ابن خردادبه، السمالك و الممالك، ترجمه دکتر حسین قره چانلو، تهران، مترجم، ١٣٧٠. ص ٣٧.

٣٢.هۆزی عەرەبی فارس،بە هاتنی سوپای ئیسلام بەرەو فارس دێن و ئێستاش هەر لە فارس نێشیەجێنە.هەندێکیان بە شێوەیەکی ئاسایی نێشتەجێ بوونە و هەندێکیش ئێستاش لە نێوان گەرمیانی فارس(داراب) و کوێستانەی فارس (باکوری فارس:شاری بوانات و خۆرەم بید) خەریکی کۆچن.

٣٣. صداقت کیش، جمشید، "صفاریان در فارس"، وتارێك کە لە سیمیناری سەفاریان لە زانکۆی سیستان و بەلوچستان پێشکەش کرا، ئیسفەندی ١٣٧٩،لل ١٣-١٢.

٣٤. میرزا حسن فسایی (فارسنامه ناصری، تصحیح دکتر منصور، رستکار فسایی، تهران، امیرکبیر ١٣٦٧،ج ١، ص٢١٠. مێژووی ئەم روداوەی ساڵی ٢٥٦(ه.ق) دەزانێ و دەنووسێ:محەمەد کوڕی واسل کوڕی ئیبراهیمی تەمیمی فارسی و ئەحمەدی کوڕی لەیسی کوردی فارسی لە گەڵ حەرەسی کوڕی سیما(والی فارس) شەڕ دەکات،حەرس دەکوژۆێت و محەمەدی کوڕی واسل ئالاّی سەرکوتن لە فارس هەڵدەکات.

٣٥. صداقت کیش. جمشید. "صفاریان" در فارس، صص١٥- ١٤.



٣٦. لە دەقی تاریخ سیستان، "رم سرجان" (بەبێ نوقتە) هاتووە کە ناخوێندرێت. خوالێخۆشبوو (مەلیك و شوعەرای بەهار) هەڵە چنی ئەم بەرهەمە دەنووسێ کە رێنووسی راستی ئەم وشەیە "زم بیزجان"ە. بەهار دەنووسێ لە دەقی عەرەبی (مێژووی تەبەری) هاتووە: "وفیما اوقع اصحاب یعقوب اللیث باهل زم موسی بن مهران الکردی لماکان من محالاتهم محمد بن واصل فقتلوهم وانهزم موسی بن مهران" کە لە پەراوێزی ئەم دەقە وا هاتووە کە (زم موسی بن مهران) بە (زم البازنجان) نووسراوە. ئیبنی خوردادبە دەڵێ ((زم الحسن بن جیلویه نسیمی البازنجان من شیراز علی اربعه عشر فرسخاً ......)).

٣٧. صداقت کیش، ص ١٧.

٣٨. تەبەری دەنووسێ: کە یەعقوب لە گەڵ (خەڵکی زەم موسا کوڕی مەهرانی کورد) شەڕی کرد و ئیبنی ئەسیر دەنووسێ: کە "خەڵکی (زم)یلە ناو برد".

٣٩. صداقت کیش. صص ١٨- ١٧.

٤٠. هەمان سەرچاوە. ل ١٨.

٤١. هەندێك عەبدوڵلا یان نووسیوە.

٤٢. زنگنە، ص ٩٩.

٤٣. صداقت کیش، صص ٢٤. ٢٣.

٤٤. ابن اثیر: کامل، چاپ مصر،ج٧، ص٢٦٤. (بەنقل از: یاسمی، ص١٨٠).

٤٥. لە کتێبی (کرد در دایره المعارف اسلام) (ص ٥٠) بەم جۆرە هاتووە:

"بەم جۆرە کوردەکان لە ڕاپەرینی (یەعقوبی سەفاری) دامەزرێنەری سیلسیلە ی سەفاری رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە و لە هەر جۆرە فیداکاریکەوە درێغیان نەکردووە. لە ئەهواز یەعقوب یەکێك لە سەرکردە کوردەکانی، بەناوی محەمەد عەبدوڵلا کوڕی هەزار مەردی کردە فەرمانەدەی سوپا، بەلاّم محەمەد بەمەبەستی زێدەویستی لە گەڵ ئەلحەبیس بەرەو شوش بەرێ کەوت، و ئەحمەد کوڕی لە یەسویە کە ئەویش کورد بوو و فەرماندەی هێزی وەرگرتنی باج و خەراج، لە بەرامبەری ڕاوەستا و شکستی پێ هێنا. خەلیفە، ئەرکی شکست دانی شۆڕشی یەعقوبی بە ئەحمەد کوڕی لە یەسویە بەخشی. (ابن خلکان، وفیات ج ٤. صص ٣٠٨- ٣٠٤). کاتێك کە ئەحمەد بۆ جێ بە جێکردنی ئەرکی بە رێ کەوت و محەمەد لە پشتیوانی ئەلحەبیس دڵنیا بوو،سوپایەکەی کە بەشێکی کورد بوون، بەهێزتر کردوو شوشتەری داگیر کرد و بە پێی ئەو بەڵێنەی کە بە ئەلحەبیسی دا بوو دەبوایا وتاری بەناوی ئەلحەبیس بخوێنێ، بەلاّم ئەحمەد بە پێچەوانەوە وتاری بە ناوی خەلیفە ئەلموعتەسێد، دوژمنی یەعقوبی لەیسی خوێندەوە. زەنجیەکان کە هاوپەیمانی محەمەد بوون، محەمەدیان بەجێ هێشت و شوشتەریش دیسان کەوتە دەستی ئەحمەد کوڕی لە یەسویە.

٤٦. احمد بن ابی یعقوب، البلدان، ترجمه دکتر محمد ابراهیم ایتی، تهران، بنگاه ترجمه و نشر کتاب، چ٣. ١٣٥٦، ص ٥٠.

٤٧. ابن فقیه، ترجمه مختصر البلدان، ترجمه ح. مسعود، تهران، بنیاد فرهنگ ایران، ١٣٤٩، صص ١٧- ١٦.

# پاژی سێیەم

## چڕوپڕترین وەسف لە بارەی کوردەکانی پارس

### سەدەی چوارەم:

زۆرترین زانیاری ئێمە لە بارەی ئەم سەدەیەیە چونکە لەم سەدەیە، مێژوونوسێك و پێنج جوگرافیاناس هەڵکەوتووە کەچەند کەسێکیان باسی کوردەکانی پارسیان کردووە. جوگرافیاناسەکانی سەدەی چوارەم لەکتێبەکانی خۆیان، کوردەکانی پارسیان بە خودانی شارەکان و گوندەکان زانیوە. لەوانە ئێستەخری چوارچێوەی سنووری کوردەکانی پارسی بەوڵاتێك دەی شوپهێنێ[١].

ئێستەخری لەم بارەی بەم شێوەیە نووسیویەتی:

### وەسفی تەواوی ئێستەخری:

یەکەمین وەسفی تەواوی ئەم سەدەیە لە بارەی کوردەکانی پارس لەلایەن ئەستەخرییە وەنوسراوە. کە لەکتێبەکەی کە لە نێوان ساڵەکانی ٣١٨- ٣٢١ (ه.ق) نووسیویەتی: لە نووسینە بەڵگەییەکەی ئێستەخری ئەوەمان بۆ دەردەخات کە:

### ژمارەی پێنج سەد هەزار سەر خێزانی کوردەکانی پارس

ئێستەخری ئاماژە بەم بابەتە دەکات کەژمارەی کوردەکانی پارس لەلایەن ئەوەندە زۆرە کە ناتوانین تۆماری بکەین، بەڵام "گوێمان لێ بووە کە لە پارسدا ماڵەکانی کوردەکانی دەشتێ، لە پێنج سەد هەزار کەس زۆرترە."[٢] و دەڵێ دەکرێ زانیاری وردی ئاماری لە دیوانی سەدەقات بەدەستبێنین.

ئێستەخری دەڵێ: لە هەر ماڵێك ژمارەی ژن و پیاو و منداڵ و خزمەتکار لە؟ کەس زۆرترە. ئەمانە وەك هۆزە عەرەبەکان[٣] لە زستان و هاوین، گەرمیان و کوێستانیان کردووە. تەنها هەندێکیان لە چوارچێوەی گەرەمیان و کوێستانەکان جێنشین بوونە و گەرەمیان و کوێستانیان نەکردووە[٤].



لە دواتر ئێستەخری دەڵێ: دوو گرووپی کوردەکان جگە لە بازنجانییەکان کەشوێنی خۆیان دەگوازنەوە، کەسی تر بەدوای ئاو و لەوەڕگە ناروا و ئەمانە تەنیا تا سنووری ئەسفەهان بەدوای لەوەڕگە دەچن[٥].

مەبەستی ئێستەخری ئەمەیە کە رەمی بازنجان[٦] کە لە ویلایەتی ئەسفەهان جێگر بوونە. ئەوانی تر (لەکوردەکانی پارس) تا سنووری ئەسفەهان بەدوای لەوەڕگە چونە.

هەروەها دەنووسێ کە مەڕو ماڵاتیان زۆرە و حوشتریان کەمە و ئەسپی تورکیشان زۆرە[٧].ئێستەخری دەنووسێ کە کوردەکان هێندە کەرەستە و ئاژەڵ و شتومەك و قوماش و کەرەستەی شەڕ کردنیان پێ بووە کە دەبووە ماوەیەك هێز و شکۆ یان و سوڵتان نەیتوانیوە هیچ کاتێك زوڵمیان لێ بکات[٨].

ئێستەخری دەنووسێ کە خەراجی هەر رەمێك، لەلایەن سەرۆك و حاکمی ئەو رەمە وەردەکیرا و دەدرایە حکوومەت. جگە لەمەش هەندێك لەکوردەکان ئەرکی پاڕاستنی کاروان و ڕێگاکانیان پێ سپێردرابوو و ئەگەر کاتێك سوڵتان پێویستی بە هێز هەبووە بۆ بەرگریکردن لەکاتی هێرشی دوژمنان، ئەوان هەتا بیانتوانیبا یارەمەتی پاشایان دەدا[٩].

ئێستەخری دەڵێ کە رەمومی کوردەکانی پارس "وەك حکوومەتێکە"[١٠].

ئەو دەڵێ کە لە هەر عەشیرەتێك لەکوردەکانی پارس بەزۆری لە دوو تا سەد سوارچاکیان هەبووە[١١].

ئێستەخری لە بابەتێك لە ژێر ناونیشانی:باسێك لە سەر کوردەکانی نێشتەجێی پارس و دەوروپشتی،ناوی ٣٤ گرووپ دێنێ هەر چەندە ئاماژە دەکات کە ئەم کوردانە زۆرتر لە سەد گروپن کە بریتین لە:

کرمانییە
رامانییە
حەی محەمەد بن بەشەر
بەقیلیە
بەنداد مێهرییە
حەی محەمەد بن ئیسحاب
سەباحییە
ئەسحاقییە

ئازەركانییە
شەهرەكییە
تەهمادەهەنیە
زۆبادییە
شەهرویە
بەنداءقییە
خەسرەویە
زەنجییە
سفرییە
شەهیاریە
مێهرەكیە
مۆبارەكیە
ئێشتامێهرییە
شاهونیە
فۆراتیە
سەلمونیە
سیرییە؟
ئازاد دۆختیە؟
بەراز دۆختیە
موتەلبییە
مەمالێییە
شاهكانییە
كەجیتە
جەلیلییە
مێهرەكیە[١٢][١٣].

لەكۆتاییدا ئێستەخری لە بارەی سیمایان دەنووسێ كە: وەك هۆزەكانی عەرەب و بەربەرەكانن[١٤].



ئێستەخری هۆزەكانی كوردی پارس دابەش دەكاتە سەر پێنج گرووپ:

**١. رەمی جیلوییە**

لە نووسینەكانی ئێستەخری وا تێدەگەین كە:

گەورەترین رەمی كوردەكانی پارس رەمی (جیلوییە)یە كە (رەم ئەلرەمیجان)یشی پێ دەڵێن. ئێستەخری لە شوێنێكی تر بە رەم رەمیجان [١٥] ناوی لێ دەبات و لە بابەتێكی تر بە (رەم رەمیجان و رەم جیلوییەی ئەلمهرەجان)ناوی لێ دەبات و دەڵێ بە (رەم جیلوییەی ئەلمهرەجان) بەناوبانگە[١٦].

سنووری جوگرافیای ئەم رەمە لە باكووردا ئەسفەهان و كورە ئەستەخر و شاری ئەستەخر و بەیزا (لە قەزای سپیدانی ئەمرۆكە) و شاری شاپور (بیشاپور) و ئەرجان لە سەر سنووری خوزستان دەستنیشان دەكات[١٧]. هەروەها ئێستەخری دەڵێ: لە چوارچێوەی جوگرافیایی ئەم رەمە، شار و گوندی تریش هەیە[١٨].

ئێستەخری دەنووسێ كە ئەم رەمە، كۆنترین رەمە و زۆرترین رێژەی دانیشتوانی هەیە و لە دەروازەی هەر شارێك نزیكەی هەزار كەس لە وان نیشتەجێنە[١٩].

لە بارەی سەرۆك و حوكمرانی رەمی جیلویە دەنووسێ كە رێبەرە كەیان (سەلەمە كوڕی روزبە) بووە و لەو كاتەدا (هاوچەرخی ئێستەخری) لەژێردەستی خۆمایجان (كە ئەمڕۆ گوندێكە بەناوی هۆمایجان، لە ١٠ كیلۆمەتری رۆژهەڵاتی شاری سپیدان و ٦٠ كیلۆمەتری رۆژئاوای شاری شیراز) بووە و كاتێك كە سەلەمە مرد، جیلویە بوو بە ڕابەری گەورەی ئەوان و ئەوەندە هێز و دەسەڵات دەگرێ كە دەتوانێ لە گەڵ كوڕەكانی "ئەبی دۆلەف" شەڕ بكات و (مەعقەل كوڕی عیسای)، برای بكوژێ[٢٠] [٢١].

لە دوای ئەم ڕووداوەدا (ئەبی دولەف) هێرش دەكات سەر جیلویە و دەیكوژن و كەلەی سەری لە زیو دەگرن و لە سەر تیر دایدەیتت و بۆ هەموو شوێنێك دەیبەن و باس لە چۆنیەتی ڕووداو شەڕەكە دەكەن تا كاتێك كە (عومەری لەیسی سەفاری) لە نزیكەی زەرەقان (ئەمڕۆ شارێكە لە ٢٥ كیلۆمەتری باكووری شیراز) شكست بە ئەحمەد كوڕی عەبدولعەزیز دەهێنێ و ئەم كەلەسەرەی دەكەوێتە دەست و وردی دەكات و هیچی لێ نامێنێت[٢٢].

ئێستەخری دەنووسێ لەكاتی كوژرانی جیلویە تا ئێستا واتە كاتی نووسینی ئەم كتێبە لە ساڵەكانی ٣١٨- ٣٢١ (ه.ق). سەرۆكایەتی ئەم رەمە دەست كوڕەكانی جیلویەیە[٢٣].

**٢. رەمی لوالجان**

ئێستەخری ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەم ڕەمە لە لایەن ژمارەی دانیشتوانی دووەمین ڕەمە لە دوای ڕەمی جیلویە و لە نزیکەی ئەم ڕەمەیە و دواتر دەڵێ کە: نزیکەی ﴿ڕەمی لوالجان﴾ سنووری ناوچەکەیە[٢٤].

ئێستەخری دەنووسێ کە ئەم ڕەمە، هی (ئەحمەد کوڕی لەیسە) و لە کورە ئەردەشێری خورە[٢٥]. (یان ناوەندی شاری کۆر وریان فیروزئابادی دوایی) جێگیر بوونە، لەلایەکدا دەگاتە کەنداوی فارسی ، هەروەها هەروەها شار و گوند و زەوی کشتوکاڵییەکانی ئەم ناوچەیە باج و خەراجیان لەم ڕەمە وەردەگیرا[٢٦].

بەپێی ئەم نووسینە، ئەم ڕەمە لە ژێر دەستی ئالی سەفار بووە. بەڵام (محەمەد کوڕی ئیبراهیمی ئەلتاهری) ناسراو بە (ئازاد مەرد) لە ناوچە شاخاوییەکان لە گەڵیان بەشەڕ دێت و شکستیان دەدات و دەبێتە حاکمی فارس. لە دوای ئەم ڕووداوە دەسەڵاتی ئەوان دەکەوێتە دەست کوردێك کە بە (ئەحمەد کوڕی لەیس) ناسراوەو تا سەردەمی ئێستەخری لە ژێر دەسەڵاتی کوڕەکانی بووە[٢٧].

**٣. ڕەمی دیوان:**

ئێستەخری دەڵێ ژمارەی دانیشتوانی ئەم ڕەمە نزیکە بەژمارەی ڕەمی لوالجان و دەنووسێ کەسەرۆکی ئەم ڕەمە حوسێن کوڕی ساڵح [٢٨] بووە و شوێنی جێگیربوونیان لە کورەی شاپور بووە کە ناوەندی شاری بیشاپورەو لە ٢٠ کیلۆمەتری باکووری شاری کازرونە و لەلایەك نزیك کورەی ئەردەشێرە [٢٩].

ئێستا، بەرێگای قیرتاولە کازرون دەگەیتە فەراشبەند و فیروزئاباد نێوان کازرون و فیرفە ئاباد نزیکەی ١٥٠ کیلۆمەترە کەواتە ئەم دوو ڕەمە، سنووری هاوبەشیان هەبووە. ئێستەخری دەڵێ: "سنووری( ـطنفـ) نزیکەی ڕەمی دیوانە[٣٠]. هەڵبەت ئەم وشەیە لە بەر ئەوەی بێ نوقتە نووسراوە،خوێندنی دژوارە و ئێستاش ناوچە یان شار یان گوندێك لە فارس نییە کە ناوەکەی لەم ناوە نزیك بێ.

بە پێی نووسینەکانی ئێستەخری، سەرۆکی ڕەمی دیوان، ئازاد مەردی کوڕی کوشهاد) یەکێك لەکوردەکانی پارس بووە. بەڵام بە هۆی زوڵم کردنی پاشای ئەو سەردەمە هێرش دەکاتە سەری و لە (عەممان) شکستی پێ دەهێنێ و لە هەمان شوێندا دەکوژرێت و دەینێژرێت. پاش ئەو سەرۆکایەتی ئەم ڕەمە دەکەوێتە دەست (حوسێن کوڕی ساڵح) کە ئەویش لەکوردەکانی پارس بووە. لە سەردەمی (عومەر لەیسی سەفاری) سەرۆکایەتی ئەم ڕەمە



دەدرێتە دەست (ساسانی کوڕی غەزوان) کەئەویش هەر لەکوردەکانی پارس بووە وتا سەردەمی ئێستەخری سەرۆکایەتی ئەم ڕەمە هەر لە دەستی کوڕەکانی ئەو بووە[٣١] [٣٢].

**٤. ڕەمی شەهریار**

بە پێی نووسینەکانی ئێستەخری وا تێدەگەین کە بە پێی ژمارەی دانیشتوانی ئەم ڕەمانە، ڕەمی شەمریان چوارەمین ڕەم و ناسراو بە (ڕەمی ئەلبازنجان) بووە[٣٣].

ئێستەخری لە بارەی ناوچەی جێگیربوونی ڕەمی بازنجان دەنووسێ: "لە دەورووپشتی ئەسفەهانە" و خاوەن موڵك و زەوی و زار و گوندێکی زۆرن. دواتر دەڵێ کە لەم ڕەمە هیچ کەس لە فارس دانانیشێ. هەروەها دەڵێ: " ئەمانە کۆمەڵێکن لە هۆزی بازنجان کە لە گرووپی شەهریارەکانن[٣٤].

ئێستەخری لە شوێنێکی تر دەڵێ: کە ڕەمی بازنجان گەرەمیان و کوێستانە دەکەن.

لە بارەی سەرۆکایەتی و حوکمرانی ڕەمی بازنجان، ئێستەخری دەنووسێ کەسەرۆك و حاکمی ئەم ڕەمە شەهریاری پێ دەڵێن و لەکوردەکانە و لە نێوان شەهریاری ئەم ڕەمە و ڕەمی جیلویە ژن خوازی هەبووە. لە دوای ئەوەی کە سەرۆکایەتی دەکەوێتە دەستی (قاسمی کوڕی شەهریار) و پاشان دراوەتە(موسا کوڕی قاسم). هەر چەندە لە فارس خاوەن موڵك و زەوی و زارێکی زۆر بوونە بەڵام ڕوو لە ئەسفەهان دەکەن و لە وێ جێگر دەبن، لەم کاتەدا سەرۆکایەتی بەدەستی (موسا کوڕی عەبدولرەحمان) بووە و دواتر دەکەوێتە دەستی (موسا کوڕی مەهراب) پاشان دەکەوێتە دەستی کوڕەکەی (کوڕی موسلم محەمەد کوڕی موسا) و لە دوای نەمانی کوڕی موسلم، براکەی بەناوی (فارس کوڕی موسا) دەسەڵات بەدەست دەگرێت و دوواتریش کوڕەکەی (ئەحمەدی کوڕی فارس) دەبێتە سەرۆك و تا سەردەمی ئێستەخری سەرۆکایەتی لە بنەماڵە ی (ئەحمەدی کوڕی فارس) لە باوك بۆ کوڕ بووە[٣٥].

**٥. ڕەمی کاریان**

ئێستەخری دەنووسێ کە ئەم ڕەمومانە لە سنووری ئەسفەهانە (ڕەمی حەسەن کوڕی زەید) یان ڕەمی کاریان کە بە ڕەمی ئەردەشێر بەناوبانگە[٣٦].

ئێستەخری سنووری جوگرافیای ئەم ڕەمە دەستنیشان دەکات کە لایەك لە گەڵ ڕەمی بازنجان هاوسنوورە و پێشتر نووسیمان کەئێستەخری شوێنی جێگیربوونی ڕەمی بازنجان لە ویلایەتی ئەسفەهان دیاریدەکات، کەواتە سنووری باکووری ڕەمی کاریان، ئەسفەهانە، سنووری

رۆژهەڵاتی کرمانە و لایەکی تریشی ئەردەشێر خورەیە (کە فیروزئاباد ناوەندیەتی) ولایەکی تریش (سەیف کوڕی سەفار) دیاریدەکات[٣٧].

ئێستا ئەم پرسیارە دێتە ئارا کە (سەیف کوڕی سەفار) لەکوێ بووە.

لە دوای ئیسلامدا، کەنارەکانی کەنداو، واتە پارێزگای ئێستای بوشێهر و پارێزگای هۆرمۆزگان کەبەشێك بوونە لە ویلایەتی فارسدا بریتی بووە لە سێ (سەیف) [٣٨] کە (سەیف کوڕی سەفار) لە باشووری لارستان واتە هۆرەمۆزگانی ئێستاکە بووە[٣٩].

هەر چەندە ئێستەخری لە بارەی ئاتەشکەدەی کاریان وپەیوەندی لە گەڵ ئەم رەمە شتێکی نەنووسیوە بەڵام لە بەر ئەوەی کە ئاتەشکەدەی کاریان (لە باشووری شاری لاری ئێستا و لە گوندی کاریانی ئێستا دایە) و خەڵکی فارس رێزێکی زۆرتر لەم ئاتەشکەدەیە دەگرن بەنیسبەتو ئاتەشکەدەکانی تر، بێ هیچ شکێك دەبێ بڵێین کەناوی ئەم رەمە لەم ئاتەشکەدە و ئەم ناوچەیە وەرگیراوە.

ئێستەخری باسی سەرۆکایەتی ئەم رەمە لە سەردەمی کۆن تا سەردەمی خۆی دەکات کە لە دەستی کوڕەکانی سەفار بووە و لە رۆژگاری خۆی سەرۆکی ئەم رەمە (حەجەر کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەسەن) بووە[٤٠].

ئێستەخری لە شوێنێکی تر دەنووسێ:

"(ئەحمەدی کوڕی حەسەن) کەخاوەن رەمی کاریانە، لەکوڕەکانی جەلەندی بووە. وکوڕەکانی (حەجەر کوڕی ئەحمەد) ئەمڕۆ خاوەن هێز و گەورەیی و سەروەریەکی زۆرترن[٤١] [٤٢].

ئێستەخری لەو نەخشەیە کەدواتر ئاماژەی پێ دەکەین،بەربڵاوی کوردەکانی پارس دەستنیشان ناکات[٤٣]، بەڵام بە پێی نووسینەکانی، شوێنی ئەوانمان دیاریکردووە.

**باجی کوردەکانی پارس**

ئێستەخری لە بارەی باج و دەرامەتی فارس بەم شێوەیە دەدوێ:

بەڵام باجی زەوی بە سێ شێوەیە: لە سەر رووبەر و پشك و ئەو کۆمەڵە یاسایانە کە لەوێ کە هەر لەکۆنەوە، زەوییەکان پارچە پارچە کراون، بێ کەم و زیادکردن، بەو مەرجەی لە سەر زەوییەکە کشتوکاڵ بکرێت. ئەگەر وا نەبوایە ئەو برە دیارکراوەیان دەنارد...... زەوییەکانی پارس زۆر بە پێی رووبەرە و بەشێکی کەمیش بەپێی پشك دیار پێکراوی[٤٤].

ئێستەخری دەڵێ:



"بەڵام پشك دوو شێوەی هەیە! یەکێك دار و زەوی و شتەکانی تر کە لە ژێر دەسەڵاتی هۆزێك لە رەمومە، کە بەڵێننامەیان لە ئەمیری موسلمین عومەر کوڕی خەتاب (خوا لێی ڕازی بێ) و ئەمیری موسلمین عەلی کوڕی ئەبی تالب (خوا لێی ڕازی بێ) و خەلیفەکان وەرگرتووە، کە خولەفا لە ژێر چاودێریان پشکیان بە دە بە یەك و یەك لە سەر چوار و یەك لە سەر سێیان دەکرد.

شێوەی دووەمی پشکەکان لە سەر گوندەکان دانراوە هی (بەیت و لماڵ)ە و خەڵك لە سەریا کشتوکاڵ دەکەن[٤٥] [٤٦].

بەم شێوەیە بەدەردەکەوێ کوردەکانی پارس بەر لە ئیسلام خەریکی کشتوکاڵیش بوونە.

**زمانی کوردەکانی پارس**

ئێستەخری دەڵێ: لە سەردەمی ئەو سێ جۆرە زمان لە فارسدا باوە بووە:

١. زمانی پارس کەزۆرتر لە مامەڵەکردن بەکار دەهات و لە هەمووی فارس لێ تێدەگەیشتن.
٢. زمانی پەهلەوی کە گەورە پیاوان و سەرۆك فارسەکان لە نووسینی نامەکان و نووسراوە حکوومییەکان بەکاریان دەهێنا.
٣. زمانی عەرەبی کە لە دام و دەزگای حکوومی بەکار دەهات[٤٧].

بە پێی شیعرە بەجێماوەکانی شاعیرێکی کوردی پارس کە لە لاپەڕەکانی دوایی دەیناسێنم، وا دیارە کە کوردەکانی پارس لە گفتوگۆدا زمانی پارس و لە نووسیندا زمانی پەهلەوییان بەکارهێناوە.

**ئایینی کوردەکانی پارس**

ئێستەخری لە بارەی ئایینی خەڵکی فارس، جگە لەمەسیحییەکان، یەهودییەکان و زەرتوشتییەکان، دەڵێ:


"خەڵکی جەهرۆم لە سەر مۆعتەزەن و خەڵکی خرێ بەگشتی شیعەن، بەڵام شارەکانی کوێستانی لە شیراز و ئەستەخر و فەسا، بەگشتی سونەن وەك خەڵکی بەغدا و زۆربەی خەڵکی پارس پەیرەویی فەتوا و حەدیس دەکەن.[٤٨]


بەم شێوەیە دیار نییە کە کوردەکانی پارس لە کام گرووپ دان و لە سەر چ ئایینێکن.

**وەسفی مەسعودی لە بارەی کوردەکانی پارس**

مەسعودی، مێژوونووسی گەورە و بەناوبانگ (٣٤٥ (ه.ق) کۆچی کردووە) لە بارەی کوردەکانی پارس وای نووسیوە:

"و لە لای رۆژهەڵاتی خوزستان، شاخی کوردەکانە کە دەگاتە ناوچەکانی ئەسفەهان و جێنشین بوونیان لەم شاخانەیە و خیوەتەکانیان لە پشتی ئەم ناوچەیە، لە فارسە کە پێی دەڵێن زموم"[٤٩] [٥٠]




نەخشەی فارس

وێنەکێش:ئێستەخری






رەمومی کوردەکانی پارس بە پێی وەسفی ئێستەخری

لە گەڵ شارەکانی ئەمرۆی فارس

ئەندازە: ۱:۱۰۰۰/۰۰

وێنەکێش:جەمشیدی سەداقەت کیش

مەسعودی لەکتێبێکی تری خۆی، لە بارەی ڕەچەڵەکی کوردەکان لە ژێر ناونیشانی: "ذكر طبقة دوم از ملوك قديم ايران كه بلان يعنى والايان بودند". دەنووسێ:

"یەکەم مەنوشەهر بوو کە سەدوبیست ساڵ پاشایەتی کرد کە ئێرانییەکان زۆر ڕێزی لێ دەگرن و زۆر باسی دەکەن و خاوەن موعجزەی دەزانن و لە نێوان ئەو و فەرەیدون سێزدە نەوەیە. ئەو لە کوڕەکانی ئێرەج کوڕی فەرەیدون بووە و حەفت کوڕی هەبووە کە زۆربەی ئێرانییەکان و بنەماڵەی پاشاکان نەوەکانی ئەون و وەك دارێکە کەزۆربەی ئێرانییەکان بە ڕەچەڵەك دەگەنە ئەو. بەبیروڕای ئێرانییەکان، هۆزە کوردەکان لە نەوەی کورد کوڕی ئەسفەندیار کوڕی مەنوشەهرن. لە وانە کوردەکانی: بازنجان و شوهجان و شادنجان و نشاوەرە و بوزیکان لوریە و جورقان و جاوانییە و پارسیان و جەلالییە و مستکان و جابارقێ و جروغان و کیکان و ماجردان و هەزبانییە و هۆزەکانی تر کە لە سنووری فارس و کرمان و سیستان و خۆراسان و ئەسفەهان و ناوچەی جەبال و ماهات، ماهێ کوفە و ماهێ بەسرە [٥١] و ماهی سەبزان و ئیغارین کە بورج و کرجی ئەبی دولفە و هەمەدان و شەهرەزور و دراباد و سامغان و ئازەربایجان و ئەرەمەنییە و ئەران و بیلقان و باب و ئەبواب و جەزیرەی بەین و ئەلنەهرەین و شام و دەربەندەکانن.

هەندێك لەو شارەزا کوردانە کە چەند کەسێکیانم لەم ناوچانە بینیوە دەڵێن کە لە نەوەکانی کوردی کوڕی مەردی کوڕی سەعسەعی کوڕی حەربی کوڕی هەوازانن،هەندێکیش لەوان دەڵێن نەوەی سەبیعی کوڕی هەوازانن بەڵام نەسەب ناسان دەڵێن کە مۆزر،حەرب و سەبیع منداڵیان نەبووە ئەمانە نەوەی هەوازن لە نەوەکانی بەکری کوڕی هەوازانن.

هەندێك لەکوردەکان لە سەر ئەم باوەڕەن کە لە هۆزی (ڕەبیعە) و لە بەکر کوڕی وائلن و لە ڕۆژگارێکی کۆندا بەهۆی شەڕ لە نێو خۆیاندا هاتوونەتە ناوچەی عەجەمەکان و لەم ناوچانە بڵاوبوونەتەوە و زمانیان گۆڕاوە و چەندین هۆز و عەشیرەتیان لێ دروست بووە.

مەسعودی دەڵێ: من لەکتێبەکانی پێشوی خۆم لە دەشت نشینەکان و شاخ نشینەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، باکوور و باشوور لە عەرەب و کورد و جەت و بەلوچ و کوچ واتە خەڵکی قۆفس کە لە ویلایەتی کرمانن و بەربەرە ئەفریقییەکان کە لە هۆزی کەتامە، زەویلە ی ڕەمزاتە و لە واتە و هەوار و سەنهاجە و ئەورابە و لە تمە و عەشیرەتەکانی تری بەربر و هۆزەکانی (خیرە) و (بەج) و هۆزەکانی تر دەشت نشین باسی هەمووی ئەمانەم کردووە[٥٢] [٥٣].



لەم دەقەدا مەسعودی بەشێوەیەکی گشتی باسی کوردەکان دەکات، بەڵام خۆی ئاماژە بەوە دەکاتکە "ئەوانی تر لە سنووری فارس و کرمان و .... هەن" لە ڕوویەکی ترەوە لە نێوان ئەو شتانەی کە باسی لێ دەکات "کوردەکانی بازنجان" لەکوردەکانی پارسن و هەروەها ئاماژە بە "لۆرییە" دەکات. کە لە دەقی نووسەرێکی تر لە گەڵ ناوی یەکێك لە هۆزەکانی کوردەکانی پارس "لاریە" لە یەك نزیکە و دەگونجێ. هەروەها مەسعودی ئاماژە بە "جەلالییە" دەکات کە بە پێی نووسینەکانی ئێستەخری هۆزی کوردی "جەلیلییە" مان هەیە کە ڕەنگە ناوی دووەم هەڵەی کۆپی کردنی کتێبەکان لەکاتی نووسین بووە.

**کوردەکانی پارس لە ڕوانگەی جیهانی**

هەر چەندە لە بارەی ژیانی جیهانی زانیارییەکی ئەوتۆمان نییە، بەڵام دەزانین کە لە ساڵی ٣٦٥ (ه.ق) لە تەمەنی پیریدا پۆستی وەزارەتی پێی دراوە. لە بارەی کوردەکانی پارس بەشێوەیەکی کورت و هاوچەشنی نووسینەکانی ئێستەخری دەنووسێ:

"هەندێك شوێن هەیە پێی دەڵێن زەم. گەورەترین زەم جیلویەیە و ناسراوە بە زەمی ڕەمیجان . زەمی شەهریرا ناسراوە بە زەمی "باسنجان." زەمی (ئەحمەدی کوڕی حەسەن) ناسراوە بە زەمی کاریان و زەمی ئەردەشێر.

بەڵام ژمارەی دانیشتوانی لە ڕادەبەدەرە و وا دەڵێن کەتەنیا لە فارس پێنچ سەد هەزار ڕەشماڵیان هەیە و لە سارا و دەشتدا نیشتەجێن. زستان و هاوینان وەك عەرەبەکان لە دوای لەوەڕگە دەگەڕێن. لە هەر ماڵێکدا لە خاوەنی ماڵ و کەسوکاری و شوانەکان و خزمەتکارەکان دەکس"[٥٤]

ئەم جوگرافیاناسانە هیچ زانیارییەکی تازەمان بەدەستەوە نادەن جگە لەکۆمەڵە وشەیەك کە چەواشەکراوی نووسینەکانی ئەستەخرین وەك "شەهریرا" و "باسنجان" کە "شەهریار" و "بازنجان"ن هەروەها زەمی کاریان و زەمی ئەردەشێر بە دوو زەمی داناوە لە حاڵێکدا ئێستەخری هەردووکیان بەیەکێك دەزانێ.

**ئیبنی حوقەل و کوردەکانی پارس**

ئیبنی حوقەل لە ساڵی ٣٦٧ (ه.ق) هەر وەك ئێستەخری باسی کوردەکانی پارسی کردووە:

"باسی زەومەکانی فارس ،بەڵام زەومی فارس ﴿ناوچە کوردییەکان﴾"[55]. هەر ناوچەیەك بریتییە لە  چەندین گوندوشار، باجی هەر ناوچەیەك دەدرێتە یەکێك لە گەورە پیاوانی کوردی ناوچەکە و کاری چاکسازی و ناردنی کاروان و پاراستنی رێگاکان و جێبەجێ کردنی کاروباری پاشا- هەر کاتێك کەسەردانی ئەو ناوچەیە بکات- و جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی پاشا لە سەر ئەستۆی ئەوە و ئەم ناوچانە وەك هەرێمێکن.

بەڵام زەمی جیلویە ﴿کێوی گیلویە﴾ ناسراو بە رەمیجان کە لە پشتی ئەسفەهانە و بەشێك لە  ویلایەتەکانی ئەستەخر و شاپور لە خۆ دەگرێتەوە و لە یەك لا دەگاتە "بەیزا" و لە یەك لاش دەگاتە سەر سنووری ئەسفەهان و هەروەها لە لایەکی تر دەگاتە سنووری خوزستان و لە لایەکی تریشەوە دەگاتە ناوچەی شاپور و شارە و گوندەکانی بەشێوەیەکن کە وەك بەشێك لە ئەسفەهان دەژمێردرێ. خەڵکی مازنجانیش لەم بەشانەی ئەسفەهانن لە تەنیشتی زەمی جیلویەن و سەر بە زەمی شەهریار ن (زم شهریار) و لەمانە هەر کەسێك نیشتەجێی فارسە خاوەن مولك و سامانێکی زۆرە.

زەمێکی تر، زەمی دیوان ناسراو بە زەمی حوسێنی کوڕی ساڵحە. ئەم ناوچەیە سەر بەویلایەتی شاپورە و لە یەك لا دەگاتە ئەردەشێری خرێ (اردشیر خره) و لە  سێ لایەکی ترەوە دەگاتە ویلایەتی شاپور وئەم شارە و گوندانە کە سەر بەم ویلایەتەن.

هەروەها زەمی کاریان کە لە لایەك دەگاتە کەنارەکانی بەنی سەفار و لە دەگاتە ناوچەی مازنجان و لە  لایەکی ترەوە دەگاتە کرمان و لە لایەکی تریشەوە دەگاتە ئەردەشێری خرێ و تەواوی ئەمانە لە ئەردەشێری خرەنە.

کوردەکانی فارس - هۆزەکانی کورد لە فارسدا بریتین لە :

کرمانییە، رامانییە، مەدین[56]. هۆزی محەمەدی کوڕی بەشیر، بەقیلە، بەنزاد میهرییە، هۆزی محەمەدی کوڕی ئیسحاق، سەباحییە، ئیسحاقییەی ئەزکانییە، سەهرەکییە[57]، تەمادەهەنییە[58]، زیادییە، شەهرەڤییە، بەندادەقییە، خەسرەوییە، زەنجییە، سەفەرییە، شەهارییە، مەهرەکییە، موبارەکییە، ئۆستا مەهرییە[59]، شاهوییە، موزاتییە، سەلموتییە، سەیەرییە، ئازاد زەختییە، موتەلبیە، مەعالییە[60]، لارییە[61] [62]، بەرازدۆختییە، شاهکانییە و جەلیلییە.

ئەمانە هۆزە ناسراوەکانی کوردن وزانینی ناوی تەواوی هۆزەکان تەنیا لە رێگای دیوانی سەدەقات دەبێت. کوردەکانی فارس زۆرتر لە پێنج سەد هەزار خانەوادەن و هەر هۆزێکیش



نزیکەی هەزار سوارچاکی هەیە. ئەم هۆزانە (جگە لە چەند گرووپێکی بچووك) لە ناوچە کوێستانییەکان دەژین و لە زستان و هاویندا بەرەو لە وەرگە دەرۆن و کوێستانە و هاوینە دەکەن. بەڵام خەڵکی ناوچە گەرمەکان هەر لە  جێی خۆیان دەمێننەوە و تەنیا لە سوزی خۆیان هاتوچۆ دەکەن. هۆزەکانی کورد خاوەن چەك و ئەسپێکی زۆرن، تا ئەو رادەیە ئەگەر پاشا بیەوێ هێرش بکاتە سەر ئەم ناوچانە بەمەبەستی داگیرکردن و ستەم کردن، ئەم هۆزانە بەتوندی بەرەنگاری دەبنەوە.

"کوڕی دورەید" لە حیماسەکەی خۆی باس لە وە دەکات کە ئەوانە لە نەژادی عەرەبن و زۆربەیان لە نەوەکانی "کوردی کوڕی سەردی ئیبن عومەری کوڕی عەمارن" و ئەم ئەبو بەکر محەمەدی کوڕی حەسەنی کوڕی دۆرەیە" بەوردییەوە ئاشنای زانست و هەواڵی عەرەبەکانە، کە هەر قسەیەك بکات لێی قبوولدەکەن و بەڵگەیە.[63]

کوردەکان خاوەن مەڕوماڵات بەڵام ئەسپن و حوشتریان کەمە وئەپسی جوان تەنیا لە لای خەڵکی مازنجانی سەربە ئەسفەهان دەست دەکەوێ کەلە بەژداری ئەسپی تاتارن. کوردەکان خوێن گەرمەو بە توانان و شێوازیان بۆ کەسابەت و بەدەستهێنانی لە وەرگە وەك هۆزەکانی عەرەبە و دەڵێن کە کوردەکان زۆرتر لە  سەد هۆزن کە من ناوی سی و چەند هۆزم هێناوە[64].

## نەخشەی بلاو بوونەوەی کوردەکانی پارس

"ئیبنی حوقەل" لە ساڵی ٣٦٧٠ (هـ.ق) نەخشەی فارسی کێشاوە و دەستنیشانی ناوچە کوردییەکانی کردووە.

"ئیبنی حوقەل" بەپێچەوانەی ئێستەخری و وەك جیهانی چوار زەمی بۆ فارس دیاریکردووە و لە نەخشەکەی جێیان دەست نیشان کردووە و بەم شێوەیە باسی دەکات:

"لە دوای ئەو ﴿کازرون﴾ شاپورەو ناوی زومۆلدیوانی ئەم ناوچەیە دەکاتە دوو بەش و لە سەرەوە و بەرەو چەپ ناوچەی "لە وەلجان"ە. کەروبارەکە دەکاتە دوو لەت و لە ژێر دەریاچەی "سکان" لە سەر رێگای شیراز بەرەو "ئەلرەجان"، ﴿ئەرجان﴾ شارەکانی نۆبەندجان و جویەمە.

لە شیراز رێگایەك بەئاراستەی چەپەوە  دەستپێدەکات و تێدا شارەکانی خوزستان، فەسا تەمستان ... دارابجرد، ئەلزۆم (زۆم)، رەستاق ئەلرەستاق ...

ڕێگایەکیش لە شیراز بەرەو خوارەوە و بەرەو ئەستەخر دواتر بەرەو "کەسە" دەستپێدەکات و لە خوارەوەی نەخشەکە هاتووە. هەروەها ڕێگایەکی تر لە شیراز بەرەو ئەسفەهان لە لای ڕاستەوە هەیە کە گۆڕەپانی نێوان ئەم ڕێگایە و لای ڕاستی نەخشەی ناوچەی زۆمی جیلویە بەشێوەی خاچێك دەردەکەوێ و ئەمە ڕوباری "کور" دەکاتە دوو لەت کە سەرەتای نزیکەی شاری "ئەبرەج"ە و لە سەرەوەی ئەم ڕوبارە لە لای ڕاستەوەی شیراز، شارەکانی بەیزا و هەزار و لە خوارەی ڕوبارەکە، شاری "مائین"ە.

لە ئەستەخرەوە لە لای چەپەوە ریگایەکی تر بەرەو سیرجان دەڕوات و لە سەر ڕێگای شارەکانی ئابادە، بودنجان، ساهەك، هەریە ﴿هەرات﴾یە،هاو تەریب لە گەڵ ئەم ڕێگایە لە لای سەرەوە، ڕوباری بەختگانە کە دەگاتە دەریاچەی "بەختگان" و لە لای چەپی ئەم دەریاچەیە، نێوان دەریاچە و تا سنوور مشکاناتە و لەم بەشە لە نەخشەدا زەمی ئەلکاریان بەشێوەی خاچ کە ڕێگای شیراز بەرەو "تارۆم" دەگاتە دوو بەش،هاتووە[٦٥]


لە لاپەڕەی دوایی سەرەتا نەخشەی "ئیبنی حوقەلمان هێناوە و شایانی ئاماژەیە کە لە و کاتە لە سەر نەخشە ڕۆژهەلات لە لای چەپەوە (بەپێچەوانەی ئەمڕۆ) دەکێشرا، دواتر بە پێی نەخشە و گوتەکانی "ئیبنی حوقەل" نەخشەیەکی تازەمان لە گەڵ شارەکانی ئەمڕۆژی کێشاوە.

**باجی کوردەکانی پارس**


ئیبنی حوقەل هەر وەك ئێستەخری باسی باج و خەراجی کوردەکانی پارس دەکات و دەنووسێ:

"ئەو باجەی کە خەڵك دەبێ لە زۆمەکان بیدەنە بەیت ۆلماڵ (زۆمی کاریان، زۆمی دیوان و بەشەکانی) و ئەو ناوچانەی کەخاوەن دیوانن و... دابیندەکرێت... تەواوی ناوچەکانی فارس بە پێی ڕوبەر دیاریکراوە و بێجگە لە زەمەکان کە بە پێی پارچە زەوی دەستنیشانکراوە و بەشێکی کەمی لە پشکە. [٦٦].





نەخشەی فارس لە گەڵ بڵاوبوونی کوردەکانی پارس
نەخشەکێش: ئیبنی حوقەل لە ساڵی ٣٦٧ (ه.ق).
وەرگیراو لەکتێبی: (صوره الارض) لە نێوان لاپەڕەکانی ٣٣- ٣٢




زمومی کوردەکانی پارس

بەپێی نەخشە و وەسفی ئیبنی حوقەل لەگەڵ شارەکانی ئەمڕۆی فارس

(ئەندازە: ۰۰۰ر۰۰۰ر۱:۱)

وێنەکێش: جەمشید سەداقەت کیش



ئیبنی حوقەل دواتر دەڵێ:

"گرووپێك لە خەڵکی زۆمەکان و هەندێکیی تر کە لە لایەن ئەمیری موسلمین عەلی کوڕی ئەبی تالب و عومەری کوڕی خەتاب و ئەوکەسانەی کە لە لایەن خەلیفە هەڵبژاردرابن،بەپێی وە ڕێژەی یەك لە سەر دە تا یەك لە سەر سێ باج دەدەن [٦٧] [٦٨].

**حدود العالم و کوردەکانی پارس**

کتێبی (حدود العالم من المشرق الی المغرب) کە لە لایەن جوگرافیناسێکی نەناسراو لە ساڵی ٣٧٢ (ه.ق) نووسراوە بەپێچەوانەی کتێبەکەی ئێستەخری، جیهانی، ئیبنی حوقەل و موقەددەسی کە بەعەرەبی نووسیانە، بەزمانی فارسییە. لەم کتێبەدا باسێك لە ویلایەت و کوردەکانی پارس نەکراوە کە هۆکارەکەی نازانین، هەڵبەت لەم کتێبەدا، ناوی گوندێکی لە دارابگرد بەناوی رەم هێناوە کە لە شوێنێکی تر باسیدەکەین.

**موقەددەسی و کوردەکانی پارس**

موقەددەسی لە ساڵی ٣٥٧ (ه.ق) لە بارەی کوردەکانی پارس دەنووسێ:

"کوردەکان، سی و سێ هۆزی کوردی[٦٩] ئەم ناوچەیە بریتین لە :

کرمانییە، رامانییە، مەدسەر، حەی کوڕی بەشەر، سەعلەبییە[٧٠]، بەندامێهرییە[٧١]، حەی کوڕی حەمەد ئیسحاق، ئەرکانییە[٧٢]، سەهرەکییە[٧٣]، تەهادەهەنییە، زیادییە، شەهرویە، مێهرەکییە، بەنداقییە، خەسرەوییە، زەنجەبییە، سەفەرییە، موبارەکییە، ئەستامێهرییە[٧٤]، شاهونییە، موراتییە، سەلمونییە، سەیەرییە، ئازاد دڤختییەە، موتەلبییە، عالییە[٧٥]، شاکانییە[٧٦]، جەلیلییە کەپێنچ سەد سەر خێزانن[٧٧] [٧٨][٧٩].

لە شوێنێکی تر دەنووسێ:

"زۆمەکان: پێنج زۆمی هەیە کە گەورەترینی زۆمی ئەحمەدی کوڕی سالحە کە ناسراوە بە دیوان، دواتر زۆمی شەهریارە کە بەزۆمی بازنجان ناوی دەبەن کە هەندێك لەم زۆمە لە رۆخی ئەسفەهانن، دواتر زۆمی ئەحمەدی کوڕی حەسەنە کەناسراوە بە زۆمی کاریان و هەمان زۆمی ئەردەشێری خرەیە[٨٠]".

موقەددەسی سنووری جوگرافیایی و بەربڵاوی کوردەکانی پارسی لە فارسدا دەستنیشان نەکردووە و هەروەها هیچ ئاماژە یەك بە پێنج هۆزی سەباجییە، ئیسحاقییە، شەهیارییە، بەرازدختییە، کە جتییە کەئێستەخری ناویان هێناوە، ناکات [٨١].

## پەراوێزەکان

١. اصگخری، ابو اسحق ابراهیم، ممالك و مسالك، ترجمه محمد بن اسد بن عبدالله تستری. بەکوشش ایرج افشار، تهران: بنیاد موقوفات دکتر محمود افشار یزدی، ١٣٧٣. ص ٩٩.

٢. هەمان سەرچاوە.

٣. لە دەقی ئەستەخری "اهل عرب" هاتووە کە دەشێ مەبەستی هۆزی عەرەبی فارس بێ.

٤. هەمان سەرچاوە. ل ١٠٢.

٥. هەمان سەرچاوە. ل ١٠٢.

٦. ئەستەخری لە جیاتی وشەی (زُم) کە ئیبنی خوردادبە بەکاری هێناوە رەم کە کۆی دەبێتە:رموم ی بەکارهێناوە.

٧. هەمان سەرچاوە. ل ١٠٢.

٨. هەمان سەرچاوە.

٩. هەمان سەرچاوە. ل ٩٩.

١٠. هەمان سەرچاوە.

١١. هەمان سەرچاوە.

١٢. هەمان سەرچاوە. لل.١٠١- ١٠٠.

١٣. "مهرکیه" لە سەرەوە هاتووە کەئەستەخری دووجار نووسیویەتی.

١٤. هەمان سەرچاوە. ل ١٠٢.

١٥. هەمان سەرچاوە. ل ٩٩.

١٦.هەمان سەرچاوە.

١٧. هەمان سەرچاوە. ل١٣٤.

١٨. هەمان سەرچاوە. ل٩٩.

١٩. هەمان سەرچاوە.هەمان.

٢٠. هەمان سەرچاوە. ل١٣٤ .

٢١. لە سەرچاوەکان باس لە ژیانی ئەم دوو کەسە نەکراوە.

٢٢. هەمان سەرچاوە. ل١٣٤.

٢٣. هەمان سەرچاوە. ل ٨٩ .

٢٤. هەمان سەرچاوە. ل ٨٩ .

٢٥. لە دوای ساسانیەکان فارس دابەش کرا بەپێنج خورە یان خورە: ئەستەخر، دارابگرد، ئەردەشێر خرێ، شاپور و ئەرگان.

٢٦. هەمان سەرچاوە. ل ١٠٠ .



٢٧. هەمان سەرچاوە. ل ١٣٥.

٢٨. هەمان سەرچاوە. ل ٨٩.

٢٩. هەمان سەرچاوە. ل ١٠٢-١٠١.

٣٠. هەمان سەرچاوە. ل ١٠٠.

٣١.هەمان سەرچاوە.ل ١٣٥

٣٢. لە ناکاو ئەستەخری لە شوێنێك دەنووسێ ئەم رەمە بەدەستی فلان کورد بووە، دیارە لە کاتی سەرکوت کردنیان، سەرۆکایەتیان دەدایە دەستی غەیری کوردەکان.

٣٣. هەمان سەرچاوە. ل ٨٩.

٣٤. هەمان سەرچاوە. ل ٩٩ .

٣٥. هەمان سەرچاوە. لل ١٣٦- ١٣٥.

٣٦. هەمان سەرچاوە. ل ٨٩.

٣٧. هەمان سەرچاوە. ل١٠٠.

٣٨. (سەیف) واتا کەنارەی دەریا.

٣٩. هەمان سەرچاوە. ل ١٣٥.

٤٠. هەمان سەرچاوە. ل.

٤١. هەمان سەرچاوە. ل ١٣٠.

٤٢. ئەستەخری (لە لل ١٣٠- ١٢٩) لە ژێر ناونیشانی (**یاد کردن طبقات و منصب مردم فارس**) سەفار و سەیفی کوڕی سەفاری لە جەلە ندیەکان دەزانێ و بەم شێوەیە روونی دەکاتەوە:

"وە هەندێك لەمانە لە ئالی عەمارن و ئەمانە بە کوڕەکانی جەلە ندی ناسراون. خاوەن موڵك و زەوی و زارێکی زۆرن و چەندین قەڵایان لە کەنارەی دەریا لە تەنیشت یەك لە پارس تا کرمانیان هەیە.

وە دەڵێن کە بەر لە موسای کوڕی عەمران (د.خ) ئەم موڵکانەیان هەبووە کە خواوەند لەم بارەیە دەفەرمووێ "وکان وراوهم ملك یاخذ کل سفینه غصبا" جەلە ندی بووە، ئەمانە کۆمەڵێکن لە ئەزدیەن و ئەمانە تا ئەمڕۆ خاوەن هێز و گەورەیی و ژمارەیەکی زۆرن کەسوڵتان ناتوانی شکستیان بدات. و ئەزد ناوی باوکی ئەم هۆزەیە....

عەمرۆ لە پیس بۆ ماوەی دوو ساڵ (حەمدانی کوڕی عەبدوڵڵای حارس)ی بەمەبەستی دژایەتی کردن و کوشتنیان هەڵبژارد تا شکستیان بدات. حەمدان تەواوی هەوڵی خۆی دا، بەڵام نەیتوانی شکستیان بدات و لە بەر ئەوەی کە لە توانای دا نەبوو لە (عەباس کوڕی ئەحمەدی کوڕی حەسەن) کە کوڕە مامی بوو داوای یارمەتی کرد و تا سەرباز و هێزی بۆ ڕەوانە بکات ئەم بابەتە لەلایەن کەسانی تر وەك جیهانی (اشکال العالم، ل. ل١٢٢- ١٢١) و ئیبنی حوقەل (صوره الارچ، ص٤١) باسی لێ کراوە.

٤٣. شایانی ئاماژە کردنە کە لە نەخشەکانی کۆندا، بەپێچەوانەی ئەمڕۆ، رۆژهەڵات لە جیاتی رۆژئاوا، لە لای چەپەوە دیاری دەکرا.

٤٤. هەمان سەرچاوە. ل١٤٩.

٤٥. هەمان سەرچاوە. ل١٥٠.

٤٦. لەکتێبی (کرد در دایره المعارف اسلام) ل٤٦ هاتووە کە"هەر یەك لە رامەکان (رەمەکان) خاوەن شارێك بووە و سەرۆکێکی کورد بەرپرسی باج و ئاسایشی گشتی بووە".

٤٧. اصگخری. صص ١٢٦- ١٢٥.

٤٨. هەمان سەرچاوە. ل ١٢٧.

٤٩. ابن خلدون، مقدمه ابن خلدون، ترجمه محمد پروین گنابادی، تهران، بنگاه ترجمه و نشر کتاب، ج ١٣٥٩،٤،ج ١ ص ١١٦.

٥٠.لە چاپەکانی میسر و بەیروت رسوم و لە چاپی پاریس زموم نووسراوە.

٥١. ئەو سوپایانە کە لە بەسرەوە بەرەو ئێران دەهاتن (ماهی بەسرە) و ئەوانەی کە لە کوفەوە دەهاتن پێیان دەگوترا (ماهی کوفە) ئەو ناوچانەش کە داگیریان دەکرد بەم ناوانە ناسراو بوون.

٥٢. مسعودی، ابوالحسن علی بن حسین، التبیه و الاشراف، ترجمه ابوالقاسم پاینده، تهران، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، چ ٢، ١٣٦٥. صص ٨٥- ٨٤.

٥٣. سەرچاوە عەرەبییەکان لە دوای ئیسلام هەوڵیان داوە کە ئێرانیەکان و عەرەبەکان لە یەك نەژاد لە قەلەم بدەن، ڕەنگە هۆکاری ئەم کارەش ئەوەبێ عەرەبەکان لە لایەن کۆمەڵگای ئێرانی قبول نەدەکران.

٥٤. جیهانی، ابوالقاسم بن احمد، اشکال العالم، ترجمه علی بن عبدالسلام کاتب، با مقدمه و تعلیقات فیروز منصوری،مشهد، به نشر، ١٣٦٨. ص ١١٠.

٥٥. رستەی ناو کەوانە لە لایەن نوسەری ئەم کتێبە زیادە کراوە.

٥٦. ئەستەخری: مەدسەر.

٥٧. ئەستەخری: شەهرەکییە.

٥٨. ئەستەخری: تە هما دەهینە

٥٩. ئەستەخری: اشتا مهریەئشتا مێهریە

٦٠. ئەستەخری: مالیە هەمالییە

٦١. لە کتێبی ئەستەخری لارییە و کەجتیە نووسراوە بەڵام ئیبنی حوقەل باسی نەکردووە.

٦٢. مەسعودی (لریە)ی نووسیوە.

٦٣.لەم بەرهەمەش دا نەژادی ئێرانیەکان و عەرەبەکان وەك کتێبەکەی مەسعودی لە یەك نەژاد لە قەلەم دراوە.

٦٤. ابن حوقل، صوره الارچ، ترجمه دکتر جعفر شعار، تهران: بنیاد فرهنگ ایران، ١٣٤٥، صص ٤٠. ٣٩.

٦٥. هەمان سەرچاوە. ل ٣٣.

٦٦. ابن حوقل، ص ٦٨.

٦٧. ابن حوقل، ص ٦٩.



٦٨. ئیبنی حوقەل لە بارەی ئایین و مەزهەبی کوردەکانی پارس هیچ باسێکی نەکردووە و وەك ئەستەخری بە گشتی باسی لە ئایین و مەزهەبی خەڵکی فارسی کردووە.

٦٩. لە دەقە عەرەبییەکەی کتێبەکەی موقەدەسی هاتووە کە: "احیاو اکراد، استخری و اما رمومها.. قد ضمن خراج کل ناحیه رئیس من الاکراد (استخری،ع ١١٣، پ١٠٢)" تێبینی لە لایەن وەرگێری کتێبی موقدەسی، بەرگی٢، س ٦٦٥- ٦٦.

٧٠. ئەستەخری: بەقیلییە.

٧١. ئەستەخری: بۆنداد مێهرییە

٧٢. ئەستەخری: ئازەرکانییە

٧٣. ئەستەخری: شەهرەکییە

٧٤. ئەستەخری: ئەشتامێهرییە

٧٥. ئەستەخری: مەمالییە

٧٦. ئەستەخری: شاهکانییە

٧٧. مقدسی، ج ٢، صص ٦٦٥- ٦٦٤.

٧٨. موقەدەسی هەندێك جار ناوی شارەکان و گوندەکانی وەك زمانی خەڵك نووسیویانە وەك "شاباك" و "زیازواز" کە تەواوکەی "شهربابك" و "زیاد ئاباد"ە. لە ناوەکانی سەرەوە دیارە کە وشەی سەلمونیە بەشێوەی کورت کراوەکەیەتی. بێ شك لەکتێبەکەی ئیبنی خوردادبە، ئەستەخری و کەسانی تر بەم شێوەیە هاتووە.

٧٩. ئەو پێنچ سەد سەر خێزانەی کەموقەدەسی ئاماژەی پێ دەکات نادیارە،ڕەنگە ژمارەکە "هەزار" بوو بێ کە لە وەرگێران یان لە چاپدا نەنووسرا بێت.

٨٠. مقدسی، ج ٢، صص ٦٦٦- ٦٦٥.

٨١. برتۆلد ئەشیولە ر (تاریخ ایران در قرون نخستین اسلام، ترجمه دکتر جواد **فلاطوری** تهران: بنگاه ترجمه و نشر کتاب، ١٣٤٩، صص ٤٣٨- ٤٣٧) دەنووسێ:

... پڕ ژمارەترن ناوەندی کۆبوونەوەیان تەنانەت لە سەردەمی بەر لە ئیسلام دا، واتا لە ناوچەکانی جیاجیای فارس دا (وا گوتراوە کە پەنجا هەزار ڕەشماڵە و هەر مەشخەڵێکیش بۆ یەك یان دە کەسە)* بەتایبەت لە ناوچە پێنجیەکان ناسراو بە زمومی الاکراد** نزیکەی شاپور و لەو ناوچانە کە بە ناوی شەبانکارەیە (هۆزەکانی ئیسماعیلی، رامانی، کرزویی، مەسعودی و شکانی) یە *** زێدە دەکرێ و کۆچ کردنیان (وەك کۆچی هۆزی ئیسماعیلی) بەرەو دارابگرد لە سەرەتای سەردەمی ئیسلام دا بووە".

* ئەستەخری، لل ٩٩ و ١٤٤ بەدواوە.

** موقەدەسی، ل ٤٣٥.

*** ئیبنی بەلخی، ل ١٦٥ بەدواوە- هۆزی ئیسماعیلی دەبوایا نزیکەی ساڵی ١٠٤٠ (بەرامبەر بە ٤٣ ه.ق) بەرەو ئەم ناوچەیە کۆچیان کردوو بێ. رەزکوب، ل ٣٦ بەدواوە و (پەراوێزە لە لایەن وەرگێرەوە).

## پاژی چوارەم

### کوردەکانی پارس لە سەدەکانی پێنجەم، شەشەم، هەفتەم

**سەدەی پێنچەم**

لە سەدەی پێنچ  هیچ جۆرە کتێبێکی جوگرافیایی و کتێبێك وەك مسالك و ممالك بەر دەست نییە.

ئەو دەقە مێژووییانەی کە لەم سەردەمە باسی کوردەکانی فارسی کردوو بێ، تەنیا دوو سەرچاوەیە.

**دە هەزار شەڕکەری کورد:**

لە شەڕ و پێکدادانەکەی ئاباکالیجار و مامی ئەبولفەوارس لە پاشاوەکانی دەیلەمی پاشایەتی لە ساڵی ٤١٥ (هـ.ق) و داگیرکردنی فارس بەدەستی ئەبولفەوارس و لە دەستدانی، لە دوایین شەڕ، لەم ساڵەدا ئەبولفەوارس دەگەڕێتەوە بۆ شیراز و نزیکەی دە هەزار شەڕشکەر لەکوردەکانی پارس کۆدەکاتەوە و لە نێوان بەیزا (لە شارۆچکەکانی سپیدانی ئەمرۆ) و شاری ئەستەخر (٥ر٧ کیلۆمەتری باکووری تەختی جەمشید) شەڕێکی بەهێز لە نێوان ئەم مام و برازایە ڕوو دەدات، ئەبولفەوارس دەشکێت و بەرەو کرمان دەڕهەڵدێتات و ئاباکالیجاریش پاشایەتی بۆ خۆی مسۆگەر دەکات[1] [2].

**کوردەکان لە سوپای مەلیك ڕەحیمدا**

ئیبنی ئەسیر دەڵێ لە ساڵی ٤٤٣ (هـ.ق)، ئەبو نەسری کوڕی خەسرەو کە لە قەڵای ئەستەخر[3] جێگیر بووە، دوو برای هەبووە کە بەدەستی هەزار ئەسپی کوڕی بەنکیر و بەفەرمانی ئەمیر ئەبی مەنسور دەستگیر کرا بوون ئەبو نەسری کوڕی خەسرەو نامەیەك بۆ مەلیك ڕەحیم کە لە خوزستان بوو دەنێرێ و داوای لێدەکات یارمەتی بدات و براکەی بۆ داگیرکردنی فارس ڕەوانە بکات.



مەلیك ڕەحیم قبوولدەکات و براکەی کەناوی ئەمیر ئەبا سەعد بوو لە گەڵ سوپایەك ڕەوانەی فارس دەکرێ.

سوپای مەلیك ڕەحیم کە دەگاتە گوندی دەولەت ئاباد [4] ژمارەیەکی زۆر لە سوپای فارس کە لە دەیلەمی و تورك و عەرەبك و کوردەکان بووئە بەپەیوەندی بەسوپای مەلیك ڕەحیم دەکەن و بەرەو قەڵای ئەستەخر بە ڕێ دەکەون. کاتێك کە دەگەنە قەڵای ئەستەخرە خاوەنی ئەم قەڵایە، واتە ئەبو نەسر کوڕی خەسرەو لە قەڵای ئەستەخر کە لە سەر کێو بووە، دێتە خوارەوە و، پێشوازیان لێدەکات و بۆ سوپای ئەمیر ئەبا سەعد، خێمەیان دەداتێ و خەڵاتیان دەکات.

دواتر بەرەو قەڵای بەهەندەر (کە ئەمرۆ پێی دەڵێن قەڵای بەندەر و چیایەکە لە ٣٠٠ مەتری باشووری مەزارگای سەعدی لە شیرازە) دەڕۆن و گەمارۆی دەدەن[5].

لە دوای ئەمە لە ئەرگۆیدۆی دارابگرد و ناوچە جیاجیاکانی فارس بەڵێن نامە بۆ ئەمیر ئەبا سەعد دەنێرن، دواتر لە قەڵای بەهەندەر بەرەو شیراز بەرێ دەکەون و لەمانگی ڕەمەزانی هەمان ساڵ دا ٤٤٣ (هـ.ق) شیراز داگیر دەکەن.

لە لایەکی ترەوە ئەمیر ئەبا مەنسور، هەزار ئەسپ و مەنسور کوڕی حوسێن ئەسەدی کاتێك ئاگادار دەبن شیراز داگیرا کراوە، بەسوپاوە بۆ شەڕ لەگەڵ مەلیك ڕەحیم بەرەو خوزستان دەڕۆن و هەتا شەڕی لە گەڵدا بکەن. چەند شەڕێك لە نێوانیان ڕوو دەدات لە ئەنجامدا مەلیك ڕەحیم سەردەکەوێ.

بەپێی نووسراوی ئیبنی ئەسیر، عەرەبەکان و کوردەکان و بەساسیری [6] و... بەشێك لە سوپای مەلیك ڕەحیم بوونە کە پاشان لێی جودا دەبنەوە.[7]

**سەدەی شەشەم**

لە سەدەی شەشدا چەندین کتێبی جوگرافیایی بەدەستەوەیە کە بریتییە لە :

**کوردەکانی پارس و بیروڕای ئیبنی بەلخی**

ئیبنی بەلخی لە ٥٠٠ هەتا ٥١٠ (هـ.ق) بەم شێوەیە باس لەکوردەکانی پارس دەکات:

"کوردەکانی پارس: رۆژگارێك، کوردەکانی پارس، پێنج رەم بوونە. هەر یەك رەمیش سەد هەزار جومە بووە، بەم شێوەیە: رەمی جیلویە، رەمی ئەلزیوان، رەمی ئەلولجان، رەمی ئەلکاریان، رەمی ئەلبازنجان".

شکۆمەندی سوپای فارس دەگەڕێتەوە بۆ کوردەکان کە زۆربوون و چەك و ئەسپیان هەبووە. لە سەردەمی ئیسلامدا هەموویان لە شەڕدا کوژران و ئاوارە بوون و لەکوردەکان کەس نەما جگە لە پیاوێك بەناوی عەلك بوو یان(بوود)، کە بووە موسلمان و ئەوەکانی هێشتا هەرەماوە، کوردەکانی تر کەئێستا لە فارسدا دەژین، لە سەردەمی عەزدەلدەولە لە نزیکەی ئەسفەهان هێنراونەتە ئەم ناوچەیە و نەوەکانیان هەر ماون. ئەمەیە رەوایەتی پارس و پارسەکان[٨].

بەم شێوەیە کە دەبینین،ئیبنی بەلخیش دابەش بوون و بەربلاوی کوردەکانی پارسی لە رووی جوگرافییەوە دەستنیشان نەکردووە و تەنها ئاماژە بەمە دەکات کە ئەم کوردانەی کەئێستا لە فارسدا دەژین، ئەوانەن کە لە لایەن عەزدەلدەولە لە نزیکەی ئەسفەهان بۆ پارس هێنراون[٩]. بەپێی ئەوەی کە حکومەتی پاشایەتی عەزدەلدەولە لە ساڵی ٣٣٨ تا ٣٧٢ (ه.ق) بووە، دەزانین کەڕووداوی ساڵی ٢٣١ (ه.ق) واتە شۆڕشی کوردەکانی پارس و ئەسفەهان و جیبال، باسکردنەوەی ئیبنی خوردادبە لە ساڵی ٢٣٢ (ه.ق) لەکوردەکانی پارس، کوردەکانی پارس لە دژی یەعقوبی لەیس لە ٢٥٧ (ه.ق) و شەڕی ئەوان لە گەڵ یەعقوب لە ساڵی ٢٦١ (ه.ق). و باسی کوردەکان لە ٢٩٠ (ه.ق) لە لایەن کوڕی فەقیە و باسی تەواوی ئێستەخری لە ساڵی ٣٢١- ٣٦٨ (ه.ق) پێچەوانەی قسەکانی ئیبنی بەلخی دەسەلمێنێ. رەنگە عەزدەلدەولە گرووپێك یان چەند هۆزێکی بەهۆی شۆڕشیان لە ئەسفەهانەو بە زۆرە ملێ بەرەو فارس هێنا بێ.

خالێکی تر ژمارەی پێنج سەد هەزار کەسی کوردەکانی پارس کە ئیبنی بەلخی بەخۆی ئاماژەی پێ کردووە ناتوانێ لە درێژەی نزیکەی ٤٠٠ و چەند ساڵی، لە یەك کەس بەناو عەلك سەری هەڵدا بێ. بێ شك لەکوردەکانی پارس و ئێرانییەکانی تر لە شەڕ لە گەڵ سوپای ئیسلام و عەرەبەکان زۆر کەس کوژرا ون بەڵام نە ئەوەندە کە تەنها یەك کەس مابێ.

هەروەها ئیبنی بەلخی باسێکی لە ژێر ناونیشانی، "احوال شبانکارة و کرد پارس"ی هەیە لەم ناونیشانە بەدەردەکەوێ کە شەبانکارەکان کوردن، بەڵام جیاواز لە رەمومی کوردەکانی پارسن[١٠].



دوایین خاڵ ئەمەیە کە ئیبنی بەلخی وشەی "رەمی" بۆ کوردەکانی پارس بەکارهێناوە کە لەکۆتایی ڕووداوە مێژووییەکان باسی لێ دەکەین.

**بیروڕای ئیدریسی**

ئیدریسی لە ساڵی ٥٤٨ (ه.ق) شیکردنەوەیەکی هاوشێوە بەڵام کورتر، بەنیسبەت جوگرافی ناسەکانی سەدەی چوارەم لە بارەی کوردەکانی پارسی، نووسیوە:

ئەو باسی چوار رەم دەکات و رەمی کاریانی لە بیرچووە.

ئیدریسی باس لە هۆزی کورد خورە[١١] و یەزیدرای کردووە کە لەم ناوچەیە هاتوچۆیان دەکرد و ژماریان بە ٥٠٠ سەر خێزان نووسیوە.

ئەو دەڵێ کە هەر هۆزێك توانیویەتی هەزار سوار بۆ گۆڕەپانی شەڕ ئامادە بکات[١٢].

**فارس، نیشتیمانی سەرەکی کوردەکان:**

مێژووی بەیهەق لە ساڵی ٥٦٣ (ه.ق) نووسراوە. لەم کتێبە باسێك لە ژێر ناونیشانی در ذکرمضان و مسنوب بة هرشهموي هەندێك بابەتی هێناوە کە وای لە خوالێخۆشبوو رەشیدی یاسەمی کردووە کە فارس بە نیشتیمانی سەرەکی کوردەکان، دابنێ.

لەم کتێبە بەم شێوەیە هاتووە:

" هەر ناوچە و ولایەتێك هەندێك شتی تایبەت بەخۆی هەبووە و دەڵێن: حەکیمەکانی یۆنان و زێرینگرەکانی شاری حەڕان و جولاکانی یەمەن و مێژوونووسانی بەغداد و نووسەرانی سەمەرقەند و بۆیاغچیانی سیستان و جوامێرانی توس و کورێیزانی مەرۋ و شۆخەکانی بۆخارا و زیرك و شێوەکارانی چین کەواندارەکانی تورك و ناموس پارێزانی غەزنەین و فاڵچییەکانی هیند و فەقیرەکانی کرەماك و بولد شود و تورکمانەکانی سنووری قونیە و ئەنگورییە و لای رۆم و دەروێشەکان دینوەر و ئەدیبەکانی بەیهەق[١٣].

**سەدەی حەفتەم**

لە سەرچاوەکانی جوگرافی و مێژوویی سەدەی هەفتەم تەنهما لە چەند سەرچاوەیەك باسی کوردەکانی پارس کراوە.

**یاقوتی حەمەوی و کوردەکانی پارس**

یاقوتی حەمەوی لە ساڵی ٦٢٣ (ھ.ق) بەم جۆرە دەڵێ:

"رەم ناوی پێنچ شوێنە":

١. رەمی حەسەن کوڕی جیلویە و ناسراوە بە رەمی بادنجان. لە وێ تا شیراز ١٤ فەرسەنگ رێگایە.

٢. رەمی ئەردام کوڕی جەڤانابە لە ٢٦ فەرسەنگی شیراز.

٣. رەمی قاسم کوڕی شەھریار کە کوریانی پێ دەڵێن کە لە وێ تا شیراز ٥٠ فەرسەنگە.

٤. رەمی حەسەن کوڕی ساڵح کە رەمی سوارانی پێ دەڵێن، مەودای لە گەڵ شیراز ٧ فەرسەنگە.

٥. رەمی ئەحمەد کوڕی ساڵح کە رەمی ریزانی[١٤] پێ دەڵێن کە رەم لە نێو کوردەکان بە واتەی ھۆزە و بەعەرەبی (حی)ی پێ دەڵێن.[١٥]

چەند خاڵێك لەکتێبی یاقوت شاراوەیە.

١. دەقی یاقوت بەتەواوەتی لە ئیبنی خوردادبە وەرگیراوە.

٢. یاقوتیش وشەی (رەمی) لە جیاتی (زۆم) لە دەقی نووسراوی خۆی بەزمانی عەرەبی بەکارھێناوە.

٣. ناوی "جیلویە" لە دەقی ئێستەخری کۆراوە بە "حیلوییە" لە دەقی یاقوت کە بەبێ شك ئەمە ھەڵەی ئەو کەسانەی کە کتێبەکەیان دووبارە نووسیوە.

یاقوت دەڵێ کە ئەم رەمی جیلویە بە رەمی بادنجان ناسراوە. وشەی "بادنجان" ھەمان وشەی "بازنجان" ی ئیبنی خوردادبە و ئەستەخرییە کە ناوی تری "رەمی شەھریار" و لەکاتی ئێستەخری لە ناوچەی ئەسفەھان جێگیر بوونە.

بەپێی نووسراوی ئیبنی بەلخی کە دەنووسێ: عزدولەی دەیلەمی گرووپێك لەکوردەکانی لە ناوچەی ئەسفەھانی بۆ فارس ھێناوە- ڕەنگە لە رەمی شەھریار یان رەمی بازنجان بوو بێ و لە دوای ھاتنیان لە گەڵ رەمی جیلویە تێکەڵ بوو بن. ھەروەھا لە لایەن زمان ناسییەوە گۆڕانی بازنجان بۆ بادنجان ئاساییە.

٤. ناوی رەمی ئەردام کوڕی جەڤانابە ھەر ئەوەیە کە ئینجی حوزدادبە زۆمی ئەرادەم کۆڕی جۆڤە ئەناھی نووسیوە بەھەر دوو شێوە، شێوەی وشەی "ئەردام یسەر" شێوەی "ئەردەشێر" کەڕەنگە ئەو کەسانەی نوسخەی کتێبەکەیان نووسیوە. بەھەڵە چووبن، بەلاّم



دوو گرفتمان ھەیە: یەکێك وشەی جوڤە ئەناھ و جۆە ئەبابە کە نازانین واتەکەی چییە و دووەم مەودای ٢٦ فەرسەنگی شیراز لە گەڵ رەمی ئەردەشێریا کاریان یەك ناگرێتەوە بەلاّم بەدڵنیاییەوە مەودای رەمی دیوان لە گەڵ شیراز لە گەڵ پێشنیاری یاقوت یەك دەکرن. ئەمەش جیاواوە لەگەڵ شیکردنەوەی خاڵی چوارەمی یاقوت.

٥. رەمی قاسم کوڕی شەھریار کە یاقوتیش وەك ئیبنی خوردادبە بە "کوریان" ناوی دەبات و مەودای لە گەڵ شیراز، ٥٠ فەرسەنگ مەزەندە دەکات. لە گەڵ رەمی کاریان یەك دەگرێتەوە، چونکە وشەی کاریان شێوەی نووسسینەکەیتی و کوریان شێوازی وتی. وا پێدەچێ کە قاسم کوڕی شەھریار یەکێك لە سەرۆك و رێبەرانی ئەم رەمە بوو بێ کە بەم ناوە بانگیان کردووە.

٦. رەمی حەسەن کوڕی ساڵح، لە نووسراوی یاقوت ھەمان رەمی سوان و رەمی حەسەن کوڕی ساڵحە، کە ئیبنی خوردادبە تۆماری کردووە. ئێستەخری بە "حوسێن" تۆماری کردووە کەڕەنگە نووسەرەکان و ئەو کەسانەی نوسخەیان لێ نووسیوە بەھەڵە "حوسێن" یان بە "حەسەن" نووسی بێ. بەلاّم لە بارەی ناوی تازەی ئەم رەمە کە یاقوت "سوران" نووسیویەتی ھیچ جۆرە زانیارییەکمان نییە. بەلاّم دوور نییە کە نووسەرەکان بە "دیوان" یان بە "سوران" تۆماریان کرد بێ.

ھەروەھا مەودای حەفت فەرسەنگی ئەم رەمە لەگەڵ شیرزادا بابەتێکی ئاساییە بۆ ھۆزەکان چونکە ئەم ھۆزانە لە بیشابور ھەتا "چھێل چەشمە" لە حەفت فەرسەنگی رۆژئاوای شیراز بۆ بەدەستھێنانی ئاو و ئاولیك ھاتوونە تەو.

٧.لە پۆلین کردنەکەی یاقوت، ناوی "رەم لوالجان" نەھاتووە و لە جیاتی "رەمی ئەحمەد کوڕی ساڵح" ھاتووە.

٨. مەودای ئاماژە پێکراو لە شیراز لە لایەن یاقوت نزیکە لە مەودای ئاماژە پێکراوی ئیبنی خوردادبە و ئێستەخری و ئیبنی حوقەل. بەلاّم بۆ نموونە ١٤ فەرسەنگ لە رۆژھەلاّت یان باکوری شیراز دیاری نەکراوە.

لە بەرھەمێکی تازەی یاقوتی حەمەوی وای ھێناوە کە:

"یاقوت حەمەوی تەنھا یاد لە یەك شارۆچکە بە ناوی کورد دەکات کە ناوی ھۆزێکە و ئەمیش گوندێکە لە ناوچەی بەیزای فارس".

چونکە دەقی سەرەکیمان بەدەستەوە نییە. ناتوانین حوکمی لە سەر بدەین[١٦].

## کوردەکانی پارس لە داگیرکردنی دوورەگەی کیش

مەلیك سولتان ئەمیری کیش، لە دژی ئەتابەك ئەبو بەکر کوڕی سەعد (٦٥٨- ٦٢٣ ه.ق) شۆرش دەکا. بەڵام چونکە ئەتابەك، پاپۆر و هێزی دەریایی نەبوو وازی لێ هێنا بەڵام سەیفەددین ئەبا نەسر، ئەمیری هۆرەمۆز کە پێی خۆش بوو باری ئابووری کیش لە ناو ببات رەزامەندی ئەتابەکی وەرگرت کە هێرش بکاتە سەر کیش بەمەرجێك لە دوای داگیرکردنی،چوار بەشی کیش هی ئەتابەك بێت و دوو بەشیشی هی ئەمیری هۆرەمۆز بێ.

ئەمیری هۆرەمۆز، کیش داگیر دەکات و مەلیك سولتانی لە رۆژی سێ شەممە ١٢ جەمادی ئەلئاخری ساڵی ٦٢٦ (ه.ق) دەکوژێ. بەڵام چوار بەشی ئەتابەکش ناداتەوە. ئەتابەکیش، تەواوی کەناری دەریا داگیر دەکات و بەیارمەتی دەریاوانەکانی کیش و سوپایەك لەکوردەکانی پارس، ئەلوار و شولەکان[١٧] بەفەرماندەی سەلاحەددین مەحمودی لور هێرش دەکاتە سەر کیش و لە رۆژی سێ شەممە چوارەمی موحەرەمی ساڵی ٦٢٨ (ه.ق) ئەم دوورەگەیە داگیردەکات و ئەمیری هۆرەمۆزیش دەکوژێ[١٨] [١٩] [٢٠].

هەر چەندە کوردەکانی پارسیش وەك هۆزەکانی تر، لە ڕابردوودا بەشێك بوون لە هێزی پاشا، بەڵام وا دیارە لە دوای ئەمە،هەر کاتێك ناوی سوپاکانی پارس دێنن مەبەستیان ئەو سوپایەیە کە لەکوردەکان و لورەکان، شولەکان، شەبانکارەکان، تورکەکان، تورکمانەکان و خزمەتکارەکان پێکهاتووە.

## شەڕی کوردەکانی پارس لە گەڵ سوپای مەغول

نزیکەی ساڵی ٦٧٥ (ه.ق) سوپای مەغول لە دوورەگەی ئیبنی عومەر هێرش دەکەنە سەر موسڵ بەڵام لایەنی بەرگریکریش کە بریتی بوونە لە کورد، تورکو شول بەفەرماندەی علمەددین سەنجەر، شەڕێکی قورس لە گەڵ مەغولەکان دەکەن[٢١].

گومانمان نییە کە لە دەقی ئەم هەواڵە وشەی "شول" هاتووە کە شول خەڵکی فارس بوونە، وشەی "کورد"یش وێنای کوردەکانی پارس دەکات.

## شەڕی کوردەکانی پارس لە گەڵ سوپای نکودار

لە ناوەراستی زستانی ساڵی ٦٧٧ (ه.ق) هەواڵنێرێك لەکرمان نەوەدێت کە سوپای نکودار، واتە بەشێك لە سوپای مەغول لە سیستان بەرەو کرمان هاتوون و تەواوی خەڵك پەنا



بۆ قەڵاکان بردووە. لە دوای ئەمە هەواڵی مەترسەیدار لەم سوپایە بە بەردەوامی دەگەیشتە شیراز.

لە ئەنجامدا لە شیراز خەریکی کۆکردنی سوپا و چەك دەبن و خەڵکی شاریش بورجی دەروازەکانی شار و دەروازەکانی گەڕەکەکان نۆژەن دەکەنەوە.

لە پاش ئەمە، سوپایەك لە مەغول[٢٢]، شول، تورکمان، کورد و خەڵکی تری فارس بەرەو کۆربال (ناوچەیەك لە نزیکەی روباری کور لە شاری مەرڤ دەشتی ئەمرۆ) دەڕۆن و بڕیاری سوپا وا بوو ئەگەر هاتوو هەوالەکان ناڕاست بوون هەتا سنووری ویلایەتی کرمان بڕۆن.

کاتێك ئەم سوپایە دەگاتە کۆربال، شەوانە ئاگادار دەبن کە سوپای نکودار گەیشتۆتە مەودای یەك رۆژەی کۆربال و کاتێك بەیانی دەبێ، هەواڵ دێت کە نکودار نزیك بۆتەوە.

سەرکردەکانی فارس لە سەر ئەم باوەڕەدا بوون کە دەبێ لە روبارەکە تێپەڕن و شەڕ بکەن. هەندێك دەیانگوت کە لێرە ڕادەوستین هەتا سوپای نکودار بگات و هەتا تەدبیرێك بکەین، بەڵام گرووپێك لە سەرکردەکانی سوپاکە سەرخۆش بوون، ئەمریان کردبووکە سوپادەبێ لە پرد تێپەڕن- سوپا ئەم کارەی کرد و پردەکەشیان شکاند.

لە هەمان شوێندا کە بە تەنکێ شکەم ناسراو بوو، سەرەتا ٥٠٠ کەس لە سوپای نکودار هاتە پێشەوە و فێڵیان لە سوپای فارس کرد و سوپای فارسی بەتەواوی هێزی خۆی، شەڕی دەستپێکرد، بەڵام لە دوای چەند چرکەیەك، سوپای نکودار کە لە پشتی کێوێك خۆیان شاردبۆوە هاتنە دەرەوە و سوپای فارسیان گەمارۆدا و ژمارەیەکی زۆریان بەتیر و شمشێر کوشت. هەر کەسێکیش کەدەیویست لە رێگای ئاوی روبارەکە خۆی دەرباز بکات دەیان کوشتن، دوو کەس لە پاسەوانانی- فارس بەناوی محەمەد بەیك و توقیان لە روبارەکە کوژران (بولوغان)یش بە ٣٠٠ رسواو توانی لە لای ڕاستی سوپای نکودار رێگایەك بەرەو روبارەکە پەیدا بکات و پاشان بەرەو ئەسفەهان هەڵبێن.

لەم شەڕە دەستکەوتێکی ئێجگار زۆر کەوتە دەستی سوپای نکودار کەهەژمار ناکرێت. سوپای نکودار بەرەو شیراز دێت و سێ هەزار کەسی خەسێنراوی لەمەغول و لە حکوومەت و ویلایەتەکانی تر لە پێشەوەی خۆی دانا بوو، بەڵام لە داگیرکردنی شیراز سەرکەوتوو نەبوو، بۆیە بەرەو وڵاتی خۆیان دەگەڕێنەوە.

وا نووسراوە کە لە گۆڕەپانی شەڕدا، تەنها لە دەستپێکی شەڕدا ٧٠٠ گەنج لە سوپای فارس دەکوژرێن[٢٣].

بەپێی ئەم هەواڵە ی سەرەوە، بەدەردەکەوێ کە یەکێك لە پاسەوانەکان و هەروەها فەرەماندەی ئەو گرووپەی کە بەرەو ئەسفەهان هەڵاتن دەبێ لە سوپای مەغولەکانی فارس بن.

### ئامادەباشی سوپای فارس

فەزلولڵا کوڕی شیرازی لە ژێر ناونیشانی "در ذکر ملوك شبانکاره" کە محمود شا (برای سولتان محەمەد شا، کوڕی سەبوك شا) کە لە ساڵی **٦٩٩** (ه.ق) لە کرمان شۆڕشی کرد بوو، کرمان تالان دەکات و بەرەو شیراز دێت. لە شیرازیش سوپای فارس کە لەمەغول، تورکمان و کوردەکان و شولەکان پێکهاتبوو، ئامادەی بەرەنگار بوونەوە دەبن[٢٤] [٢٥].

جگە لەمە، نووسراوە کە بۆ ئەم ڕووداوە سوپایەك لە فارس بەرەو کرمان دەڕوات و **٣٥**جار شەڕ دەکەن، بەڵام دیار نییە کە کوردەکانی پارسیش تێدا بەشدار بوونە یان نا؟

### تووش بوونی کوردەکانی پارس لە گەڵ ویلایەتەکانی تری فارس:

ئەم مێژوونووسە دەڵێ: کە سوپای قەتلغ خاجە کوڕی داو، بەسوپایەکی دەهەزار کەسی لە غەرنەین بەرەو کرمان دەڕۆن. وپاشا تالان و کوشتنی بەرەو فارس دەڕۆن و لە ڕۆژی سێ شەممە جەمادی ئەلئاخری **٦٩٩** (ه.ق) دەگەنە پردی پەسا (کەئەمڕۆ پێی دەڵێن فەسا کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری شیراز و فرۆکەخانەی ئەم شارە) مەبەستی ئەم سوپایە داگیرکردنی شاری شیراز بووە کەتێیدا سەرکەوتوو نابن، بۆیە بەرەو کازرون دەڕۆن، لە وێش ناتوانن شاری کازرون داگیر بکەن.

لە سەرەتای هێرشی ئەم سوپایە بۆ فارس، لە درێژەی یەك مانگدا، شیرازییەکان، تورکمانەکان[٢٦]، کوردەکان، شولەکان، شەبانکارەکانی بۆشتقولە (پۆشتکوە) و کوهمەرە، مەڕومالاتی خۆیان بەرەو کێو و ئەشکەوتەکان دەبەن و پارێزگاری لێ دەکەن،بەڵام چونکە دوژمن دیار ناکەوێ و هەروەها ناچار دەبن بۆ ئاو و ئالیك، مەڕومالاتی خۆیان بێنە دەرەوە لە ئەنجامی ئەم کارە هەندێك لەم هۆزانە، تووشی ئەم سوپایە بوون و تالان کران[٢٧] [٢٨].



## پەراوێزەکان

١. ابن اثیر، کامل، ترجمه علی هاشمی، تهران: علمی،چ ٢، ١٣٦٨، ج ١٦. ص ٥٦.

٢. ڕەشیدی یاسەمی (ل ١٨٨) ئەم ڕووداوەی بو ساڵی ٤١٧ (ه.ق) دەکەرێنێت و دەڵێ: ڕێژەی کوردە بەشدارەکان لەم شەڕە هەزار کەس بووە و ئەحمەدی شەریفی (**عشایر کرد فارس**، فارس شناخت، سالی سوم، شماره ٥. بهار ١٣٨٠، ص ١٥٤) ئەم نووسینەی ڕەشیدی یاسەمی دووبارە دەکاتەوە کە هەردووکیان بە هەڵە چوونە. لە کتێبی کورد لە ئیسنکۆلۆپیدیای ئیسلام (ل ٥٧) ئەم ڕووداوەی لە نێوان ساڵەکانی ٤١٥- ٤٢٠ (ه.ق) ئاماژەی پێ کراوە کە بەم شێوەیە لە سەرەوە ئاماژەم پێ کردووە مێژووی ڕاستەکەی ساڵی (٤١٥ ه.ق)ە.

٣. کێوی دژ ئەستەخر یان قەڵای ئەستەخر دەکەوێتە ١٢ کیلۆمەتری ڕۆژئاوای تەختی جەمشید (ئەستەخر، بەرهەمی بلاونەکراوەی جەمشیدی سدقەت کیش).

٤.بە وردی شوێنی ئەم گوندە دیار نییە.سەرە ڕای ئەمە کە ئەستەخر دەولە ت ئابادی هەبووە،لە سەردەمی سەفەویەش،گوندێك لە باکوری شاری ئابادە بەم ناوە هەبووە کە ئێستا زەویەکانی ناوی دەولە ت ئابادی لە سەرە.

٥. لە سەر ئەم چیابە تا ساڵی ٣٧٥ (ه.ق) ئاتەشکەدەی ساسانی، پەرەستکەی ئاناهیتا و پەرەستگەی میهری بووە، کەوێرانی دەکەن و قەڵایەك لە وێ دروست دەکەن و لە ئەنجام دا لە نێوان ساڵەکانی ١٠٢٢ تا ١٠٤١ (ه.ق) بەفەرمانی ئیمام قۆلی خان، حاکمی فارس، بەتەواوی وێران دەکرێت. لێکۆڵینەوەیەك لە ٢٠٠ لاپەڕە لە بارەی ئەم کێوە و شوێنەوارەکانی ئامادەی چاپم هەیە. (نووسەر).

٦.بەساسیری (Basasiri) خەڵکی فەسا.

٧. ابن اثیر، عزالدین، کامل، ترجمه علی هاشمی حائزی، تهران، مؤسسه مطبوعاتی علمی، چ ٢، ١٣٦٨، ج ١٦، ص ٣٧٧.

٨. هەمان سەرچاوە. ل ٣٧٨ .

٩. ابن بلخی، فارسنامه، تصحیح گای لیسترنج و رینولد الن نیکلسون، تهران، دنیای کتاب، چ٢. ١٣٦٣، صص ١٦٨- ١٦٧.

١٠. لە (تاریخ امم اسلامی) هاتووە کە:

لە سالّی ٥٤٣ (ه.ق) یەکێك لە فەرماندەکانی ئەتابەکانی فارس بەناوی ئەبو تاهری کوردە کە ئەتابەکانی لورستانی دامەزراند و تا سالّی ٨٢٧ (ه.ق) بەردەوام بووە و لە ئەنجام دا بەدەستی تەیموری لەنك لە ناو دەچێ. (وەرگێراو لە : زەنگەنە، ل ١٠٧). دلّنیاین کە ئەبو تاهری کورد لە کوردانی پارس نەبووە.

١١. دیار نییە کە ئەم وشەیە چییە.

١٢. ادریسی (بەنقل:لمبتوله،ان، تاریخ ایلات ایران، ترجمه علی تبریزی،مجموعه ایلات و عشایر، تهران، اگاه، ١٣٦٢. ص ١٩٩).

١٣. تاریخ بیهق، تصحیح بهمینار. ص ٧٨ (به نقل از یاسمی، صص ١٧٨- ١٧٧).

١٤. لە نوسخەیەك "زیران" هاتووە (لە لایەن وەرگێری کتێب).

١٥. حموی، یاقوت، **برگزیده مشترك یاقوت حموی**، ترجمه، محمد پروین گنابادی. تهران، امیرکبیر. ١٣٦٢، صص ٩٩- ٩٨.

١٦. دەقی وتاری سەید محەمەد باقری نەجەفی لە ئەنیستیوتی ئێران و عەرەب لە لە ندەن لە ڕۆژی ٢٠ ی سێپتەمبەری ١٩٩٣ (وەرگیراو لە اکوپوف،ص ٢٥).

١٧. شولەکان خەلّکانێك بوونە لە شولستان (بەشێك لە فارس هەتا شارۆچکەی ممسەنی ئێستا) کە بە هاتنی خێلی لوری مەسەنی لە شولستان، بەربلاوبوونەتەوە، هەروەها لە باسی بابەتەکانی فارس مەبەست لە لور و ئەلوار، لورەکانی مەسەنی و کۆهکیلویە و بویەرئەحمەدە. جگە لەمە شولەکانیش لورن.

١٨. ستوده، حسینقلی،تاریخ ال مظفر ، تهران، دانشگاه تهران. ١٣٤٧، ج ٢. ص١٠٢.

١٩. فەسائیش (بەرگی یەکەم- ل ٢٦١) ئاماژەی بەم بابەتەی کردووە، بەلاّم زۆر سەیرە کە هیچ کام لەکتێبەکانی جوگرافیایی فارس و مێژووی فارس، وەك (فارسنامە)بەرهەمی (ابن بلنی)، شیرازنامە بەرهەمی(زرکوب شیرازی) شیرازی بەرهەمەکانی (جعفری) (**محمد جعفر جوز سوبی**) و (اتارعجم)بەرعەی (فرهتاشیرازی) لە بارەی بەسەر هاتی کوردەکانی فارسی هیچ بابەتێکیان نەنووسیوە تەنانەت لە (فارسناسە نامری) نەبێ کە تەنها باس لە دوو ڕووداو دەکات کە بەشێوەیەکی زۆر کورت لە دوو یان سێ دێردا باسی لێ کردووە.

٢٠. لە (تحریر تاریخ وصاف)ی (عبدالمحمد ایتی، تهران، بنیاد فرهنگ ایران، ١٣٤٦. ص ١٠٥) هاتووە کە لە دوای داگیرکردنی کیش، گروپێك لە گەورەپیاوانی لە گەلّ سوپایەك لە پیاو ماقولانی تورکمان و لور و کوردەکان و خەلّکی کەنارەی دەریایی بە مەبەستی سەقامگیربوونی ئاسایشی ناوچەکە ڕەوانەی ئەو شوێنە کرد.

٢١. زنگنه. ص ١١٣.



٢٢. لە دوای سالّی ٦٣٠ (ه.ق) کە مەغولەکان بەتەوای دەسولاّتی ئێران بە دەستەوە دەکرن بەرە بەرە بەمەبەستی دەست تێوەردانی حوکمرانی ناو چەپەکانی تر وەك فارس، هێزیان ڕەوانە دەکرد کە تەنانەت کلاوی تایبەتیان هەبوو کە قەدەغە بوو جگە لە مەغولیەکان بۆ کەس نەبووە ئەم کلاّ وە لەسەر بکات.

٢٣. آیتی. صص ١١٨- ١١٦.

٢٤. سوپای نکودار جارێکی تر لە سالّی ٦٨٠ (ه.ق) بەرەو فارس دێت و تا نزیکەی دەشتستان و کەناری کەنداوی فارس (لە پارێزگای بوشەهری ئەمرۆ) دەست بە تالاّن دەکەن و دەگرێنەوە.

٢٥. شیرازی، فضل الله، وصاف الحضره، بەکوشش اقا مهمدی اصفهانی، تهران، ابن سینا و جعفری تبریزی، ١٣٣٨، ص ٤٤٨.

٢٦. لە سەردەمی سلجوقی و مەغولەکان، تورکێکی زۆر ڕوویان لە فارس کردوە بۆیە لە هەندێك دەق بەتورکمان و تورکەکان ناویان هاتووە.

٢٧. هەمان سەرچاوە، لل ٣٧١- ٣٧٠ و ئایەتی (ایتی)، لل ٢٢٢- ٢٢٠.

٢٨. هەندێك لەم ڕووداوانە لە سەدەی هەفتەم لە کتێبەکانی تر وەك هێرشی سوپای نکودار لەکتێبی( تاریخ شاهی - قراختائیان، تصحیح دکتر محمد ابراهیم باستانی پاریزی، تهرانی، بنیاد فرهنگ ایران ١٣٥٥، صص ٢٠٩- ٢٠٥) هاتووە. بەلاّم هیچ ئاماژە یەکی بە کوردەکانی پارسی نەکردووە.

# پاژی پێنجەم

## کوردەکانی پارس لە سەدەکانی هەشتەم و نۆیەمدا

### سەدەی هەشتەم

لە سەدەی هەشتەمیش هەر چەندە سەرچاوەی جوگرافیامان بەدەستەوەیە، بەڵام بەو شێوەیە کە باسمانکرد، لە سەرچاوە مێژووییەکان، شەڕکەرە کوردەکانی پارسیان بە بەشێك لە سوپای فارسیان لە قەڵەم داوە.

### کوردەکانی پارس بۆ داگیرکردنی گەیلان

لە دوای شکستی ئێرانییەکان لە سوپای مەغول لە ساڵی ٦٨٠ (هـ.ق) تورك و کوردەکان لە رۆژئاوایی ئێران ئاشتی دەکەنەوە. ئەنجامی ئەم ئاشت بوونەوەش دەبێتە هۆی رێککەگوتنێك لە ساڵی ٧٠٦ (هـ.ق) لە نێوانیان بۆ داگیرکردنی گەیلان لە سەردەمی ئەلجایتو[١] [٢].

بەلام هیچ جۆرە دەقێکی نووسراو لە ئەنجامی ئەم رێککەوتنە بەردەست نییە.

### هاندانی کوردەکانی پارس و ویلایەتەکانی فارسیش بۆ کشتوکاڵ

فەزلوڵڵا کوڕی شیرازی لە بارەی ڕووداوەکانی ٧١٧ (هـ.ق) دەڵێ: بەهۆی گرفتە ئاسمانییەکان واتە باران نەبارین داهاتی دیوانی فارس کەم بووەوە هەروەها بەهۆی کوشتن و تاڵانی چەتەکان کەبەڕای ئەم مێژوونووسە، وەك ئاژەڵن. هەروەها بەو شێوەیە، شول و کورد و خراپکارەکانی تر، کە شەو و رۆژ دەست درێژیان دەکرد، رێگە چارەیەکیان دۆزییەوە کە لە دیوانی سەرەوە دانەوێڵە بەسەریان دابەش بکرێت هەتا کشتوکاڵی پێ بکەن[٣].

### کوردەکانی چوار مەحالی بەختیاری

لە ساڵی ٧٢٧ (هـ.ق) ئەنساری دیمەشقی لە بارەی خوزستان وا دەنووسێ: "ئەوی تر نیشتیمانی لوز[٤]ە کەخەڵکی لەچیایەك کەدەگاتە چیاکانی ئەسفەهان نیشتەجێنە. درێژی ئەم



شاخە هەفت رۆژ رێگایە و چەندین هۆزی کوردی تێدا دەژین. لەم هەرێمە چوار روبار هەیە کە باسمانکرد و خەڵکی ئەم ناوچەیە زمانێکیان هەیە کە بەعەجەمەکان[٥] دەچێت و زۆرتر زمانی فارسی لە نێوانیاندا باوە[٦] [٧].

### سەرکوت کردن و لە ناوبردنی کوردەکانی پارس:

ئەنساری دیمەشقی لەم ساڵە دا (٧٢٧ هـ.ق) بێجگە باسکردنی ناوچە کوردییەکان کە لە زمانی مەسعودی دەیگێڕێتەوە. ئاماژە بەڕاستییەك دەکات کە لە هیچ دەقێکی نووسراوی نەهاتووە. ئەویش سەرکوت کردن و لە ناوبردنی کوردەکانی پارس لە لایەن مەغولەکانی حاکمی فارسە،ئەو دەنووسێ:

"کوردەکان لە چەند هۆزێکی زۆرن و مەسعودی ناوی سێ سەد هۆزی هێناوە کە هەموویان لە ناوچە شاخاوییەکان نیشتەجێن، شوێنی نیشتەجێ بوونیان لە فارس و شارە شاخاوییەکانە وەك عێراقی عەجەم و ئازەربایجان و موسڵ و ئەربلە [٨]".

...و فارسیش، چوار ناوچەی کوردنشینە، هەر ناوچەیەکیش لە چەند شار و گوندێك پێکهاتووە. کوردەکان سەرکردەیەکیان هەیە کە وەك پاشا فەرمان دەدات و لە سەر فەرمانەکانی سوورە. لەم وڵاتە زۆرتر لە سەد هەزار سەر خێزان هەیە کە لە سی و دوو هۆز پێکدێن و لە هەر هۆزێکیش هەزار یان سەد سوارچاك یان کەمتریان هەبووە کە هەموویان بەپێی فەرمانی خواوەند کە شەو دەکاتە رۆژ وبەشمشێری تەتارەکان لە ناویان بران[٩] [١٠]".

### کوردەکانی مازنجان:

شەهابەدین ئەل عومەری (کۆچ کردووی ساڵی ٧٤٩ هـ.ق) ناوی بیست هۆزی کوردیی لە سەردەمی سوڵتانەکانی مەملوك هێناوە، لە وانەش "مازنجان" کە وا لەبارەیان دەنووسێ:

"مازنجان ٥٠٠ سەر خێزان بوونە لە نزیکەی ئەربیل، مازنجانی نەروا و نەجمە ژیانیان دەبردەسەر[١١]".

بەو شێوەیە کە باسمانکرد، وشەی "مازنجان" شێوازی ئاخفتنی وشەی "بازنجان"ە. ڕەنگە گرووپێك لە رەمی بازنجان لە سەدەی هەشتەم یان بەر لەمە، بەرەو ئەربیل و مازنجانی نەرواو و نجمەی ئێراق گوازرابنەوە".

بەپێی (جامع التواريخ حسنی)، کورد ئەمیر، هاوڕێی بڕوا پێ کراو و زر باوکی منداڵەکانی پاڵەوان ئەسەد بوونە. بەپێی ئەو فەرمان بردنەی کە کورد ئەمیر لە شا شوجاعی [۱۲]، وا دیارە لەکوردەکانی پارس بوو بێ. ئەم چیرۆکە بەم شێوەیەیە:

پاڵەوان ئەسەد لە شیراز بەرەو کرمان دەڕوات و شۆڕش دەکات، کورد ئەمیر لە گەڵ ۲۰ کەس لە هاوڕێکانی، بەرپرسی پاراستنی ڕێگایەك بوونە کە لەکۆندا لە قەڵای شار بەرەو کۆشك چووە و لە پشتی حەمامی کۆشکدا ڕێگای هەبووە، پالە وان عەلی شا، نامەیەك لە لایەن شا شوجاع بۆ کورد ئەمیر دەنووسێ و فێڵی لێ دەکات و "لە ڕەمەزانی (۷۷٦ هـ.ق) چەند کەسێك لەم ڕێگایە دەچنە ناو کۆشك و پاڵەوان ئەسەد و هاوڕێکانی کە لە وێ بوونە دەکوژن[۱۳] [۱٤]".

**باسکردنی ئیبن خەلدون لە بارەی کوردەکانی پارس**

ئیبن خەلدون (۸۰۸- ۷۳۲ هـ.ق) لە سەدەی هەشتەم دەنووسێ:

"لە لای ڕۆژهەڵاتی وڵاتی خوزستان شاخەکانی کوردەکانە کە پەیوەستە بەناوچەی ئەسفەهان و شوێنی نیشتەجێ بوونی کوردەکان لەم شاخانەیە و خیوەتەکانیان لە پشتی ئەم ناوچەیە، لە وڵاتی فارسە کە زمومی پێدەڵێن [۱٥]".

**ئەمیر تەیموری گورکانی و کوردەکانی پارس**

ئەمیر تەیمور دووجار هێرش دەکاتە سەر فارس، یەکەم لە ساڵی ۷۸۹ هـ.ق[۱٦]. و دووەم لە ساڵی ۷۹٥ هـ.ق[۱۷].

وا دیارە کە ئەم گەڕیدەیە لە جاری یەکەم، لە گەڵ هۆزەکانی فارس ، بەتایبەت کوردەکانی پارس گرفتێکی نەبووبێ، چونکە هیچ جۆرە باسێك لە دوو کتێبی (ظفر نامە) کەباس لە داگیرکارییەکانی کراوە، نەهاتووە[۱۸].

بەڵام لە جاری دووەم واتە ساڵی ۷۹٥ هـ.ق. مەحمودی دەنووسێ کە: ئەمیر تەیمور لە ڕێگای سەیمەرە بەرەو شوشتەر دەڕوات و "لەڕێگادا لە هەر شوێنێکدا کە لورە و کوردەکانی سەرپێچیان بکردایە فەرمانی هێرش کردن و تاڵان کردنیان دەدا[۱۹] [۲۰]".

ئەم دژایەتییە، لە بەر ئەوەیە کە بەپێی گومانێك کە لە ڕاستی نزیکە، هۆزەکانی فارس واتە لور، شول و کوردەکان بەشێك بوونە لە سوپای شا مەنسور واتە دوایین پاشای ئالی



موزەفەر و لە لایەنگیرانی ئەو بوونە و لە بەر ئەمەش لە و ناوچانە لە گەڵ سوپای ئەمیر بەشەڕ دێن تەیمور ، چونکە ئەم پاشا بەغیرەتە، شا مەنسور، لە گەڵ ئەمیر تەیمور لە گوندی گویۆم (Gooyom) لە ۲۰ کیلۆمەتری ڕۆژئاوایی شیرازی ئەمڕۆ) شەڕ دەکات و بەخۆی دڵی لایەنگیرانی ئەمیر تەیمور دوو لە ت دەکات و دوو شمشێریش لە ئەمیر تەیمور دەوەشێنێ و ڕا دەکات و دواتریش دەکوژرێت. ئەمیر تەیمور دیسان فەرمانی سەرکوت کردنی هۆزەکانی ناوبراو دەدات و تەنانەت تەیمور عومەر شێخ، کوڕی ئەمیر تەیمور کەهەندێك دڕەنگتر لە باوکی ڕێگای شیراز دەگرێتەبەر، بەپێی نووسینی شەرەفەدین عەلی یەزدی، لە دوای کوژرانی شا مەنسور:

"و کوڕی ئەمیر، عومەر شێخ کە لە دواوە مابوو، فەرەماندەیی ڕەوتی ئەغرەقی دەکرد و [۲۱] لە هەر شوێنێك کە یاخی بووانی لور و شول و کوردی دەبینی، تاڵانیان دەکردو کاتی لە نۆبەنجان[۲۲] تێپەڕی و گەیشتە کازرون، لە حەزرەتی ساحێبقەران فەرمان هات کەلەوێ بوەستێ و ئەو ناوچەیە کۆنترۆڵ بکا[۲۳]".

**سەدەی نۆیەم:**

زانیاری ئێمە هەتا ئەم سەدەیە تاڕادەیەك باش بووە، بەڵام لەم سەدەیە تەنها هەواڵێکمان لە بارەی کوردەکانی پارس هەیە و ئیتر لە هیچ بەرهەمێکی نووسراوی، باسی نەکراوە.

**کوردەکان لە سوپای ئەمیرزادەی ئەسکەندەر**

پاش سەرکەوتنی ئەمیر تەیمور لە فارسدا، هێز و سوپای شول و کوردی فارس، دەبنە بەشێك لە سوپای ئەمیر تەیمور، چونکە لە نێوان ئەمیرزادە خەلیل سوڵتان، ئەمیرزادە ڕۆستەم و ئەمیرزادە ئەسکەندەر ناکۆکی و شەڕ دەقەومێ و خەلیل سوڵتان لە ساڵی ۸۱۳ هـ.ق ئەسفەهان داگیر دەکات و ئەمیزادە ئەسکەندەر، ئەسفەهان گەمارۆ دەدات، بەپێی نووسینی حافز ئەبرو، لەکاتی دوژمنی و شەڕ "هەندێك لە سوپای شول و کورد دژایەتی ئەمیرزادە ئەسکەندەر دەکەن و دەگەڕێنەوە[۲٤]". لە ئەنجامدا ئەمیرزادە ئەسکەندەر، واز لە گەمارۆدانی ئەسفەهان دەهێنێ و بەرەو شیراز دەگەڕێتەوە.

## پەراوێزەکان

١. زنگنە، ص ١١٤.

٢. میرزاحسنفسیایی (ج ٢. صص ١٥٩٠- ١٥٨٩) دەنووسێ: شا مەسعود لە دورگەی هۆرمۆز دەردەکرێت و تا ساڵی ٧١٥ (ه.ق) حکومەتی ئەیاز لەم دورگەیە دەمێنێتەوە "لە دوای مردنی، دورگەی هۆرمۆز و ناوچەکانی کەوتە ژێر دەستی مەلەك کوردانشا کە خۆی لە نەوەکانی هودی پێغەمبەر (د.خ) دەزانی و کوردەکانی مەلەك کوردانشا هەر کامیان یەك لە دوای یەکدا هۆرمۆزیان بەرێوە بردووە" (هەتا ساڵی ٩١٣ ه.ق).

لە بنچینەی کوردانشا هیچ جۆرە زانیارییەکمان نییە کە ئایا لە کوردانی پارس بوونە یان نا؟

٣. شیرازی. ص٦٣٣.

٤. وشەی "لوز" هەڵەی نووسینەو ڕاستەکەی "لور"ە. لە دەقەکانی سەدەی چوارەم دا باس لە شارێك بەم ناوەش لەخوزستان کراوە، ئەم شارە بەشێك بووە لە کورەی جۆندیشاپور. شارێکی تر بە ناوی لوردەکان لە هەمان سەردەم دا لە ئەسفەهان هەبووە: (مقدسی صص ٦١١،٦٠٦، ٦٢٥، ٧٤) لە فارسیش لە هەمان سەردەم دا شارێك بەناوی لورجان هەبووە. (جیهانی. ص ١١٠) ئەمرۆ لە نزیکی شاری لار، گوندێك بەناوی حەشەم لور هەیە. (فهرست الفبایی، ص ١٦٠) هەروەها هەندێك لە نووسەرانی سەدەکانی ڕابردوو (لە وانە: حمدالله مستوفی و معین الدین نطنزی) بنچینەی هۆزەکانی لوری فارسیان

( جەخت لە سەر هۆزی مەمسەنی دەکرێ ) لەکوردەکانی سوریا زانیوە کە بەرەو فارس هاتوونە.

٥. بەپێی زمانی کوردەکانی پارس دەبێ یەکێك بێ لە زمانەکانی پەهلەوی و پارسی.

٦. انصاری دمشقی. نخبەالدهر فی عجایب البر و البحر، ترجه سید حمید طبیبیان، تهران، فرهنگستان ادب و هنر ایران. ١٣٥٧، ص ٣٠٥.

٧. پەیوەندی نێوان کوردانی پارسی نیشتەجێی ئەسفەهان (ڕەمی شەهریار) و کوردەکانی بەختیاری کە باسیان دەکەین، نا دیارە.

٨. هەمان سەرچاوە. ل ٤٣٤.

٩. هەمان سەرچاوە. ل ٣٠٤ .

١٠. نووسەرە عەرەبەکانی سەدەی سێیەم و چوارەم، ئێرانی و عەرەبەکانیان لە یەك نەژاد دادەنا ئەمەش بەمەبەستی ئاشتەوایی لە نێوانیان بوو. ڕەنگە، سەرزەنشتی ئێرانیەکان هۆکاری ئەمە بێت. ئەنساری دیمەشقی لەکتێبەکەی خۆی (لە لاپەرە ٤٣٢) بەم جۆرە باسی لەم بابەتە کردووە: "لەو نەوانەی کە



دەگەرێنەوە سەر عەرەبەکان و بەوان پەیوەستن، دەیلەم و کوردەکانن کە بە پێی بیر و بۆچوونی زۆربەی نەوەناسەکان دەبێ ئاماژەیان پێ بکەین".

١١. وەرگیراو لە : کرد در دایره المعارف اسلام. ص ٧١.

١٢. وەرگیراو لە : کتبی،محمود. تاریخ آل مظفر به اهتمام دکتر عبدالحسین نوایی، تهران" امیرکبیر، چ ٢. ١٣٦٤، ص ١٦٢.

١٣. کتبی، ص ١٠٢.

١٤. ئەم بابەتە لە (جامع التواریخ حسنی)، هاتووە (هەمان سەرچاوە. ل ١٦٢).

١٥. عبدالرحمن بن خلدون، مقدمه ابن خلدون، ترجمه محمد پروین گنابادی، تهران. بنگاه ترجمه و نشر کتاب. چ ٤. ١٣٥٩. ج ١. ص ١١٦.

١٦. شرف الدین علی یزدی. ظفر نامه. به تصحیح محمد عباسی، تهران. امیرکبیر. ١٣٣٦، ج ١، ص ٣١١.

١٧. هەمان سەرچاوە. ل ٤٢٨.

١٨. لەکتێبی (کرد در دایره المعارف اسلام) (ل ٧٣) هاتووە کە:

"تەیمور لەکاتی شەڕەکانی لە ساڵەکانی ٧٩٦/ ١٣٩٦ و ٨٠٣/ ١٤٠٠ ناچار بوو لە گەڵ کوردەکان رێك بکەوێ".

ڕەنگە ئەم بابەتە لە گەڵ کوردەکانی کوردستان کرا بێ بەلاّم بەپێی ڕووداوەکانی دواتر، لە فارس دا، دوورە کە وا بێت.

١٩. کتبی، ص ١٣٣.

٢٠. لەم دەقەدا باسێك لە تورکەکان نەکراوە و وا دیارە کە لە بەر هاونەژاد و هاوزمان بوونیان لە گەڵ تەیمور یارمەتیان دابێ.

٢١. (قچا جریان اغرق). واتای ئەم وشەیە لە فەرهەنگەکان نەهاتووە.

٢٢. نۆبەندگان (نوبدجان) ئێستا گوندێکە لە شاری مەمسەنی،پێش لەم سەردەمە و لەم سەردەمە دا لە شارە گرنگەکانی فارس بووە.

٢٣. یزدی، ج ١- ص ٤٣٩.

٢٤. ابرو، حافق، زیده التواریخ. تصحیح سید کمال حاج سید جوادی، تهران، نشر نو، ١٣٧٢، ج ١، ص ٣٩٨.

# پاژی شەشەم

## ئەنجامی کوردەکانی پارس

بەم شێوەیە کەبینیمان،دوایین هەواڵ لە بارەی کوردەکانی پارس لە دەقە نووسراوەکانی ساڵی (٨١٣هـ.ق)،بووە ئیتر هیچ هەواڵێکمان لەم بارەیە نییە.

هەروەك دیارە کوردەکانی پارس بەدەگمەن کە ژێر دەسەڵاتی ئیلخان و تەیمورییەکان بوونە. ئەمەش دەزانین کە بنەمای کۆمەڵگای کوردەکان لە خاك (هۆز و گوند) و خوێن دامەزراوە پێکهاتووە[١] "بەم هۆیەش بە بەردەوامی دژی مەغول و ئیلخان و تەیمورییەکان شەڕیان کردووە و ڕێزیان نیشتیمانی خۆیان لە بەرامبەر بێگانەکان گرتووە. ئەمەش ڕاستییەکە لە تەواوی ڕووداوەکان کە باسمان لێکرد کوردەکانی پارس، و بۆ پارستنی نیشتیمانی خۆیان واتە فارس و ئێران دژی بێگانە بوونە، کەواتە:

١. لە سەدەی هەشتەمی (هـ.ق) بەدواوە، کۆمەڵێك لە تورکا، مەغولل و تەیمورییەکان دێنە فارس و بەشێوەیەك کە شاڵاوی تورکەکان لە ڕۆژئاوای فارس بەشێوەیەك بووە کە لە شیرازدا، کۆدەتا دەکەن و تەواوی پاشاکانی زنجیرەی سەلخوریەکان لە فارسدا، لەم تورکە تازە هاتووانە و ئەم کۆدەتاچیانە بوونە. ئێمە ئامار و زانیاری یەمکن لە بارەی ژمارەی مەغولەکان لە فارسدا بەدەستەوە نییە. بەڵام دەزانین کە سوپای تایبەتی مەغول لە فارس بووە و یەکجاریش لە ساڵی ٦٦٢ (هـ.ق) سوپای مەغول بەفەرەماندەیی ئەلتاجو و تەمو بەفەرەمانی هۆلاکۆ دێنە فارس و کلاوێکی تایبەتیان هەبووە کەپێشتر باسمانکردووە.

لە تەیمورییەکان و پاشماوەکانیان زانیارییەکمان نییە، بەڵام شاڵاوی توندی تورکەکان بۆ فارس وکرمان درێژەی هەیە بەشێوەیەك کە لە ساڵی ٩٠٧ (هـ.ق) بەهاتنەوە سەرکاری شا ئیسماعیلی سەفەوی، ٧٥ هەزار تورك لە هۆزی زولقەدر، ١٠٠ هەزار تورك لە هۆزی ئەفشار لە عوسمانی بۆ فارس دەگوازنەوە و جگە لەمەش، ٥٠ هەزار تورك لە هۆزی ئەفشار بۆ یەزد و ٥٠ هەزار کەس لەم هۆزەش لە گەڵیان بەرەو کرمان دەڕۆن. سەیر لەمەدایە لە ساڵی ٩٠٧ (هـ.ق) هەتا ١٠٠٤ (هـ.ق) پاشایەتی وحکوومەتی تەواوی شارەکانی فارس بەدەستی هۆزی زولقەدر بووە[٢].



٢. مێژوو هەموو جارێ ئەم ڕاستییەی دووپات کردووە کە کوردەکان هەموو جارێ دوژمنی تورکەکای بوونە و لە گەڵ هاونەژادەکانی خۆیان واتە ئارییەکان، پەیوەندییەکی دۆستانەیان هەبووە وگوێرایەڵی گەورەکانی خۆیان بوونە[٣].

لە ئەنجامی دژایەتی کردنی حکوومەت بەتایبەتی مەغولەکان لە گەڵ کوردەکانی فارس سەرکوت کردن و بەزۆر دەرکردن و هتد دەست پێ دەکات. لە لاپەڕەکانی پێشتریش باسمانکرد کە ئەنساری دیمەشقی نووسیویەتی کە:

"تەواوی ئەوانی ﴿کوردەکانی پارس﴾ بە پێی فەرمانی خواوەند کە شەو دەکاتە ڕۆژو، بەشمشێری هۆزی تاتار لە ناو برد[٤]".

هەر چەندە ئەم بابەتە تەنها لەم بەرهەمە هاتووە و هیچ ڕوونکردنەوەشی نییە، بەڵام دیارە کە ئەم سەرکوت کردنە بەشمشێری تیژی مەغولەکان کراوە و تەیمورییەکانیش هەر وەك مەغولەکان بوونە و سەفەوییەکان بەحکوومەتی تورکی و شیعییەکەی خۆیان دژ بە سونەکان (بەتایبەت کوردەکانی پارس)، بەگوشارەکانیان کوردەکان دەخەنە تەنگەژەوە[٥].

٣. بەدووری دەزانم کە ٥٠٠ هەزار کوردی پارس لە ناکاودا لە سەدەی نۆیەم بەکۆمەڵە وە لە ناوچوو بن[٦].

ئەلف: ئەگەری ئەمە هەیە کەکوردەکانی پارس چووبنە شوێنی ئێستای لورەکان[٧] گای لەسترنج لە سەر ئەم باوەڕەیە کەتەواوی کوردەکانی پارس چوونەتەوە بۆ کۆهگیلویە. ئەو دەنووسێ:

"لە ناوچە شاخاوییەکانی فارس کەدواتر بە کۆهگیلویە ناسراوە ، پێنج هۆزی کوردی تیا نیشتەجێ بوون کەپێیان دەوترا زەمی کوردەکان و ئەم ناوچەیە لەوەڕگە و شوێنی نێشتەجێبوونیان بووە لە سەدەی چوارەمدا. موقەدەسی باس لە قەڵایەکی کوردەکان لە نزیکەی شاخێکی نزیك بە خانووەکانیان دەکات و دەڵێ: گوندێ و ڕوبارێکیان هەبووە و لە نێوان دۆڵی شاخەکان باخستان و داری خورما و میوەیەکی زۆریان هەبووە[٨]".

بەڵام ئەم بیروبۆچوونە چەند خاڵێکی لاوازی هەیە:

ئەلف: چوونەوەی ٥٠٠ هەزار کورد بۆ کۆهگیلویە و لە نێوان لورەکان بەبێ هیچ ڕێککەوتن و کۆندفدراسیۆنێکی هۆزی ناکرێ. ئەگەر عەشیرەت یان بنەماڵەیەك بان رەنگە. هەروەها ئەم ڕووداوە دەبوایا لەلایەن جوگرافی ناس مێژوونووسەکان باسی لێکرابا

ب. هۆزەکانی ئێستای فارس بەشێوەیەکی ئاسایی کوێستانە و گەرەمیانە دەکەن و بەهۆی لەوەڕگەکان ئەم هۆزانە، رێگە کۆچێکی تایبەتیان هەیە و هیچ کاتێك گرفت دروستناکەن.

بەم شێوەیە، دابەشکردنی فارس بەپێی رەمە جیاجیاکان واتە کە لە شاری ئێستای ئابادە، ئەقلید، کازرون، فیروزئاباد داراب و ئەسفەهان بەم هۆیە بووە.ئێستا ئەگەر هۆزەکانی کورد کە ٥٠٠ هەزار کەس بوونە و چەند ملیۆن مەڕومالاَت لە پارێزگایەك کە بریتییە لە پارێزگاکانی فارس، کوهگلیویە و بویەر ئەحمەد، بوشێهر، هۆرەمۆزەکان، لە گەلّ بەشێك لە پارێزگای ئەسفەهان کە بریتییە لە شاری سەمیرۆم و بەشێك لە پارێزگای خوزستان کە بریتییە لە شارەکانی بهبەهان و ... بووە، بەرووبەرێت نزیکەی ٢٥٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە، دابەشکردن و بەربلاَوبوونی گونجاو لە لایەن ئالیکی زۆر بووە و لەوەڕگەیان هەیە، لە ناکاودا برۆنە ناوچەیەك لە هەمان پارێزگادا کەئەمڕۆ پێی دەلّێن پارێزگای کۆهگیلویە و بویەر ئەحمەد کە ١٤٢٦١ کیلۆمەتری چوارگۆشە پانتایەتیەتی و بەگشتی شاخاوییە.

٤. ئێستا وا بیر دەکەین (کە ناکرێت) ئەم بیروبۆچوونە ڕاست بێ کەکوردەکانی پارس بەرەو کۆهگیلویە چووبن، ئەویش ٥٠٠ هەزار کەس کەواتە دەبێ ئاسەواریان لەکۆهگیلویە و بویەر ئەحمەد زۆرتر بێ، بەتایبەت لەرووی ناوی جوگرافییی، لەکاتێکدا لە لێکۆلّینەوە لە ئاسەواری ئێستای ئەم پارێزگایە دەبینین کە کەمترین ناوی جوگرافیاییان هەیە.

لە ئەنجامدا بیرۆکەی لەسترنج ڕەت دەبێتەوە. بەلاَم وا مەزەندە دەکرێ کە تەنها رەمی جیلویە بەرەو ناوچەی کۆهگیلویە بویەر ئەحمەد چوو بن.

کۆنترین سەرچاوەیەك کە ناوی وشەی "جیلویە" کەتەعریب کراوی "گیلویە"یە هێناوە، کتێبی (حدود العالم من المشرق الی المغرب)ە کەلە سالّی ٣٧٢ (هـ.ق) بەزمانی فارس نووسراوە. لەم کتێبە هاتووە کە:

"و ئەوی تر رووباری (طاب)ە کە لە شاخی جیلو تێپەڕ دەبێ کە لە ناوچەی سپاهانە و لە ناوچەی خوزستان و پارس تێپەڕ دەبێت[9].

ئەم نووسەرە لە شوێنێکی تر دەنووسێ:

ئەوی تر رووباری سەردەنە لە شاخی جیلو تێپەر دەبێ....[10] [11]".

دوو بابەت لەم دەقەدا هەیە:

ئەلف: وشەی "جیلو" لەم بەرهەمە فارسییە تەعریب کراوە، بەدلّنیاییەوە لە دوای ئیسلامدا تەعریب کراوە و لەفارسیدا "گیلو"ە.



ب. ئاماژە بە شاخی جیلو دەکات کە لە سنووری ئەسفەهانە.

ڕەنگە نووسەری ئەم بەرهەمە، لە سنوورەکەی هەلّەی کردبێ، کە پێ دەچێ وا بێ. ڕەنگە زنجیرەی شاخەکانی "کوهگیلویە" واتە لە پارێزگای کۆهگیلویە و بەیەر ئەحمەدی ئێستا تا شاری ئەقلید و شاری سەمیرۆمی بەرچاو بێ و ئەگەر لەو کاتەدا شاری سەمیرۆم بەشێك بووەلە پارێزگای ئەسفەهان ئەمە تارادەیەك لە ڕاستیدا نزیکە. هەروەها ڕەنگە شاخێکی تر لە سنووری ئەسفەهان بەناوی "کوە جیلو" هەبووە و رەمی جیلویە ناوی خۆی لە ئەم رەمە کە لەو نزیکیە بووبێ وەرگیرابێت. ئەم ئەگەرەش هەیە کە ئەم رەمە لە سەرەتادا لە ناوچەی کۆهگیلویە بووبێ و کۆچی بەزۆری ئەوانی بەرەو باکووری فارس برد بێت.

لە لایەکی ترەوە، ئیبنی بەلخی لە سالّەکانی ٥٠٠ تا ٥١٠ (هـ.ق) ناوچەی کۆهگیلویە لە ژێر ناونیشانی "کوە جیلویە" هێنا بێ[12] [13]. سەیر لەمەدایە کەهیچ لەم دوو بەرهەمەدا، باسی لورەکانیان لەم ناوچەیە نەکردووە.

کەواتە بوونی وشەی "جیلو" یان "جیلویە" لەسەر ئەم شاخە پێشاندەری شوێن پێی "رەم جیلویە" یە کە بەر لە سەدەی شەشەم بەرە بەرە رەمی جیلویە کۆچی ئاران و زۆر خاوی خۆیان بەرەو کۆهگیلویە دەست پێکردووبێ، هەر چەندەش دیکۆمێنتەکانی مێژوویی و گومانەکانی ئێمە وا دەلّێت کە لە نیوەی سەدەی هەشتەمدا زۆربەی کوردەکانی "رەم جیلویە" هێشتا لە ناوچەکانی خۆیان لە باکووری فارس ماون.

پورفەرەیدون، شاعیری کوردەکانی باکووری پارس کە وا مەزەندە دەکەین لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەشتەم لە فارسدا ژیابێ، دەهۆنێتەوە.

صفا هونم، صفا هونم چه جای     که هر یاری گرفتم بی وفا بی
شوم یك سر بروم تا به شیراز     که در هر منزلم صد آشنا بی[14]

بەم پێشیعرە ئاشکرا دەبێت کە هێشتا کوردەکانی "رەم جیلویە" لە باکووری فارسدا جێگر بوونە.

٥. لە لایەکی ترەوە دیار نییە کە لورەکان لە چ زەمەنێك لە رۆژئاوای فارس جێگیر بوونە. ئێستەخری لە سالّەکانی ٣٢١- ٣١٨ (هـ.ق) باس لە هۆزێك بەناوی ئال لوری لە نێوان

کوردەکانی پارس دەکات، کەواتە ئەم پەیوەندییە دەتوانێ هۆکارێك بێ لە سەر کۆچی ئاسایی کوردەکانی پارسدا.

٦. ئەگەریەکی زۆر هەیە کەکوردەکانی پارس لە هۆزەکانی لوری فارس واتە شولان و دواتر مەمسەنی و دواتریش لورەکانی کۆهگیلیویە و لورەکانی بویەر ئەحمەد تواینەوە. نموونەی ئەم دابەش بوونە، هۆزی لوری شول لە ناوچەی شولستانی فارسە (شاری مەمسەنی ئێستا) کە نازانین ئەنجامیان بەچی گەیشتووە.

٧. ئان لمبتۆن (Ann K.S. Lambton) دەنووسێ:

"ئەگەری ئەمە هەیە کە شەبانکارە، رەمومی بەر لە خۆی (واتە رەمومی کوردەکانی پارس) لە ناو خۆیان تواندوویێتەوە[١٥]".

ئەم بیردۆزەش رەت دەکرێتەوە چونکە شەبانکارەکان لە سەدەی هەشتەم لە فارس سەرکوت دەکرێن و لە سەدەی نۆیەم بەدواوە هاوکات لە گەڵ رەمومی کوردەکانی پارس، ئیتر ناوێك لە شەبانکارەکان نییە لە فارسنامەی ئیبنی بەلخی، هەر چەندە بۆ شەبانکارەکانی "وشەی کوردەکان" بەکار دێنێ بەڵام ئەوانی لە رەمومی کوردەکانی پارس جیا دەکاتەوە. ئەلعومەریش شەبانکارەکانی بەهۆزێکی سەربەخۆی کورد لە قەلەم داوە[١٦].

جگە لەمە، بەپێی نووسینی ئێستەخری لە نێوان رەمومی کوردەکانی پارس هۆزێك بەناوی رامانی هەیە کە ئەم ناوە لە نێو کوردەکانی شەبانکارەش هەیە[١٧].

٨. قات و قڕی و وشکە ساڵی دەتوانێ هۆکاری نەمان یان کەمی ئالیك بۆ مەڕو ماڵاتی هۆزەکانی کوردەکانی پارس بووبێ  چونکە لە  (تاریخ وصاف) کە لە ساڵەکانی ٦٩٩ هەتا ٧٠٢ (ه.ق) نووسراوە چەند جار باسی قات و قڕی و وشکە ساڵی فارس کراوە. کەواتە بۆ ئەو کە مەڕوماڵاتیان هەبووە دەتوانێ هۆکاری کۆچکردن  بووبێ.

بەڵام ڕەنگە ئەم کۆچە لە چوارچێوەی فارسی گەورەی ئەو سەردەمە (واتە پارێزگای ئێستای فارس، کۆهگیلویە و بویەر ئەحمەد، بوشەهەر، هۆرەمۆزەکان لە گەڵ بەشێك لە ئەسفەهان و بەشێکیش لەکرمان) بووبێ، یان بەرەو ناوچەکانی تری ئێران.

بوونی هۆزێك بەناوی مازنجان لە ئیراق کە لە گەڵ بازنجان یەکێکە، ڕەنگە ئەم هۆرە لاوازە بەهێز بکات.



٩. هۆزی کەڵهور کە لە باشووری رۆژئاوای پارێزگای کرمانشاهان و لە شوێنێك بەناوی گەیلان لە باشووری قەسری شیرین نیشتەجێنە، شوێنی سەرهەڵدان و شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیان شیراز دەزانن و "ئەوان خەڵکی پارسن لە پارێزگاکانی باشورەوە[١٨] [١٩]".


ئەگەری ئەمە هەیە کە هۆزی کەڵهور لە پاشماوەکانی کوردەکانی پارس بن.

١٠. لەم سەردەمە باسری بە ١٦٠٣ سەرخێزان و ٩٤٢٣ کەس لە نێوان هۆزە کۆچبەرەکانی فارس بەزمانی فارسی قسە دەکەن[٢٠]. ژمارەیان لە ساڵی ١٣٣١ (ه.ق) (١٩١٣م) سێ هەزار سەرخێزان بووە[٢١]. ئەمانە لە لورەکانی فار دەڵێن واتە هۆزی مەمەسەنی (٢٣٠٩ سەرخێزان و ١٣٩١٨ کەس) نین.[٢٢]

هەر چەندە لە بارەی باسرییەکان هەندێك کەس بەهەڵە چوونە و کە تورکن و هەندێکیش دەڵێن عەرەبن. هۆکارەکەشی دراوسێ بوونیان لە گەڵ سێ هۆزی تورك زمان و هۆزێکی عەرەب زمانە کە لە گەڵ هۆزی فارسی زمانی باسری لە نزیکەی ساڵی ١٢٧٥ (ه.ق) کۆنفدراسیۆنی هۆزی خەمسەیان پێکهێناوە. بەڵام من بۆ یەکەمین جار ئەگەریەکی تازە دێنمە ئاراوە کەڕەنگە باسرییەکان گرووپێك لە پاشماوەی رەمومی کوردەکانی پارس بن.


ئەم بابەتەش پەیوەستە بەلێکۆڵینەوەی مرۆڤناسی جەستەیی و نەژاد ناسی و هتد.

١١. هۆزی فارسی زمانی کورد شولی، هۆزێکی سەربەخۆیە و لە سەرژمێری هۆزەکان لە ساڵی ١٣٧٧ (١٩٩٨) ژمارەیان ٦٦٩ سەرخێزان (٣٨٩٩کەس) بە ٦ تیرە (بریتییە لە : ئەرباب دار، بابا مەلیکی، خەلەجی، گوش پا، لوری و موراد شەفیع) و ١٥ بۆنکوش دەتوانێ لە پاشماوەکانی کوردەکانی پارس بێ[٢٣] و ناوەکەشی بەڵگەیە[٢٤] [٢٥].




وێنەی: رەشماڵی عەشایری باسری
مێژووی وێنە گرتن:۷ ئابانی ۱۳۸۰





وێنەی: ژن و مێرمنداڵێکی عەشایری باسری لەگەڵ ژنێکی گەنجی شاریی باسری
مێژووی وێنە گرتن:۷ ئابانی ۱۳۸۰



رەشماڵێکی عەشایری باسری لە گەڵ گەنجێکی باسری
لە بەرامبەر کێوی نەخشی رۆستەم لە سەر رێگای کۆچی پاییزە
مێژووی وێنە گرتن:۷ ئابانی ۱۳۸۰

ناوچەی گەرەمیانی هۆزی کورد شولی لە سەر سنووری چوار دانگە لە نزیکەی دەریاچەی کافتر و گوندی خۆنگێشت لە شاری ئەقلید و ناوچەی کوێستانی ئەوان لە نزیکەی موبارەك ئاباد لە باشووری شاری جەهرۆمە، ئایینی هۆزی کرد شولی شیعەی دوازدە ئیمامیە و زمانیان فارسی وەك گوندەکانی فارسە.

یەکێك لە گەورەکانی ئەم هۆزە دەڵێ:

"بۆ لێکۆڵینەوەی ئاسایی لە سەر کورد شولی لە ناوچە کوردییەکان (ناوچەکانی باکووری رۆژئاوای ئێران و باکووری بەینولنەهرەین) و لە سەردەمی ساسانییەکان بەفەرەمانی ئەردەشێری بابکان بۆ فارس کۆچ دراون وا باس دەکرێ کە خەڵکی ئەم هۆزە زۆر شەڕانگێز بوونە و دەکەونە بەر تورەیی پاشای ساسانی، گرنگی و هێزی ئەم هۆزە زۆر بووە و بۆ ئەوی نەتوانن هێزی خۆیان دژ بە شا بە کار بێنن، بەشێکیان بەرەو ناوچەی کرمان کۆچ دراون[٢٦] [٢٧].

ئێمە بەتەواوی قبوولمان کردووە کە کورد شولییەکان بەشێکی بچووك لەکوردەکانی پارس و پاشماوەکانیانن بەڵام:

ئەلف: بابەتی سەرەوە بەپێی مەزندەکانی نووسەرە. نووسەر هیچ جۆرە زانیارییەکی لە بارەی کوردەکانی پارس و کوردەکانی کرمانی نەبووە.

ب. لە هیچ جۆرە سەرچاوەیەکی نووسراوی بەر لە ئیسلام و لە دوای ئیسلامدا باس لەم بابەتە نەکراوە.

پ. لە بارەی کۆچی کوردەکان لە رۆژئاوای ئێران و بەینولنەهرەینیش بۆ یەکەمین جارە کەلە دوای ٢٥٠٠ ساڵ بوونی کوردەکانی پارس دەبینین کە ڕاست نییە.

ت. هەروەها کۆچکردنی کوردەکانی بەرەو کرمان بە بەڵگە نییە تەنها بۆچوونێکی نووسەرە وتینائەوەندە و پەسەندە ە کە دەڵێ کوردن.

١٢. دوو هۆز لە فارس هەن کە یەکێك (چهاراهی) یەکانن کە لە شوێنێکی تر باسی لێکراوە کە کوردی لەکن و ئەویتریش لەشەنییەکانن. ئێستا لەشنییەکان لە شاری کورەیی (Korey) ناوەندی بەشی سەرچەهان لە شاری بەڤانات و بەشی ئابادە تەشك لە شاری نەیریز نیشتەجێ بوونە و کۆچەری ناکەن و ئامارێك لە ڕێژەیان بەدەستەوە نییە. ئەمانەش بەزمانی کوردی قسە دەکەن. ڕەنگە لەنییەکان لە پاشماوەی کوردەکانی پارس بووبن.

١٣. ڕەنگە لە سەدەکانی ڕابردوو واتە سەدەی نۆیەم هەتا دەستپێکی زەندییە، هۆزی فارسی زمانەکانی تر لە فارس بووبن و لە گەڵ ئەوان یەکیان گرتووە.



## پەراوێزەکان

١. کرد در دایره المعارف اسلام، ص ١٥٠.

٢. صداقت کیش. جمشید "ذولقدران و ژولقدرهای فارس" مقالەمنتشر نشده،ص ١٠ به بعد.

٣. دائره المعارف اسلام (به نقل از: زنگنه، ص ١٠٩).

٤. انصاری، ص ٣٠٤.

٥. لۆدڤیکۆ دووارتما، گەشتیارێکی ئیتالیە کە لە ساڵی ٩٠٧ (هـ.ق) دێتە ئێران، لە شیراز لە گەڵ کەسێك بە ناوی خواجە دەیەوێ بەرەو سەمەرقەند بڕوات بەرێ دەکەون و لە دوای سێ مانگ دەگەڕێنەوە بۆ شیراز ئەو بەم جۆرە باس لە هۆکاری گەڕانەوەی دەکات:

"ئەم سۆفییە ﴿واتا شا ئیسماعیل﴾ ئەوەندە لە سونەکان دەکوژێت کە لە ڕادەبەدەرە" . (گەشتنامەی ئەم گەشتیارە وەرنەگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی و هیچ نوسخەیەکی لە ئێران دا نییە، فۆتۆکۆپی سێ لاپەڕە لەم کتێبەم کە لە بارەی فارسە، لە ئیتالیا لە گەڵ خۆم هێناوە...).

٦. کرد در دائره المعارف اسلام. ص ٤٦.

٧. هەمان سەرچاوە.

٨. لسترنج، گای، جغرافیای تاریخی سرزمینهای خلافت شرقی. ترجمه محمود عرفان، تهران" بنگاه ترجمه و نشر کتاب. ١٣٣٧. ص ٢٧٨.

٩. حدود العالم. ص ٤٥.

١٠. هەمان سەرچاوە. ل١٣٠.

١١. ئیمام شوشتەری دەنووسێ:

"لە رۆژگاری ساسانیەکان بوو کە قوباد شاری ئەرگانی لە بەشی دەشتایەکەی دروست کرد و ئەو بەشە ناوی لێنرا "قباد خره"، ناوچەی کوێستانیەکەی لەو سەردەمەدا پێیان دەگوت ڕەمی زەمیگان.... و زەمیگان بە ناوی کۆهگیلویە ناسراو بوو".

(امام شوشتری، محمد علی (سید)، تاریخ جغرافیایی خوزستان، تهران" امیرکبیر، ١٣٣١، ص ١٨٣ (به نقل از: غفاری، یعقوب، تاریخ اجتماعی کوهگیلویه وبویر احمد، اصفهان، گلها، ١٣٧٨، ص ٢٨).

بابەتی ناوی پێشوی کۆهگیلوییەو بویەر ئەحمەد واتا ڕەمی زەمیگان لە هیچ بەرهەمێکی جوگرافیایی و مێژووییدا ئاماژەی پێ نەکراوە، هەندێك لە جوگرافی ناسەکان ئاماژەیان بە شارێك لە ناوچەی شاپور بە شێوازەکانی: رامیجان (ئیبن خوردادبه، ل ٣٦)، رامبجان (ئیبنی فەقیە، ل١٥ ) وزامجان (ئیبنی حوقەل، ل ٣٨) کردوون کە لە تەنیشتی گونبەدی مولغان بووە، ڕەنگە ئیمام شوشتەری بە بینینی وشەی "زەم جیلویە ناسراو بە رەمیجان" لەکتێبەکانی سەدەی سێیەم دا هەستی پێ کردوو بێت.

١٢. ابن بلخی، ص ١٤٨.

١٣. لە (نزهە القلوب) ل ١٢٧ لە ساڵی ٧٤٠ (هـ.ق) نووسراوە: "جیل جیلویە..... بە لورستان لکاوە، واتا دراوسێن".

١٤.دەقی وتاری جەمشیدی سەداقەت کیش لەکۆنگرەی ڕێزلێنانی بابا تاهیر لە هەمەدان لە شەهریوەری ١٣٧٩ لە ژێر ناونیشانی:شیعرەکانی پورفرەیدون لە شیعرە چاپ کراوەکانی بابا تاهیر.

١٥. لمبتون. ان. تاريخ ايلات ايران، ص ١٩٩.

١٦. كرد در دايره المعارف اسلام. ص ٤٧.

١٧. بابەتی شەبانکارە و کوردەکانی پارس بووتە هۆی ئەوەی کە لە (دايره المعارف اسلام) ل ٤٧ بنووسێ: کوردەکانی نیشتەجێی فارس بە شێوەیەکی بەرچاو لە گەڵ هۆزەکانی کوردستان جیاوازیان هەیە. دیارە کە بۆچوونی نووسەری ئەم بابەتە لە بارەی هۆزە کوردەکانی پارس و هۆزەکانی کوردستان بێت ئەگینا جیاوازیەکی تریان نییە.

١٨. اکوپوف، ص ٦٢.

١٩. زانیاریەکی زۆرتر لە بارەی بەزۆرەملی کۆچ دانی کەلهورەکان لە فارس لەو سەردەمەدا بەدەستەوە نییە.

٢٠. سازمان برنامه و بودجه، تازەهای ئ‌مار (ويژه سرشماری عشاير ١٣٧٧)، سال ١٠، شماره ١٨، ١٣٧٨. ص ١.

٢١. دمورنی، ژ. عشاير فارس، ترجمه دكتر جلال رفيع فر، تهران، دانشگاه تهران، ١٣٧٧، ص ٣٧.

٢٢. سازمان برنامه و بودجه، تازەهای امار (ويژه سرشماری ١٣٧٧)،ص ١.

٢٣. هەمان سەرچاوە،.

٢٤. یەکێك لە گەورەکانی ئەم هۆزە ئەوانی بە پێنچ تیرە و ٦٠٠ خێزان زانیوە کە ژمارە یان دەگاتە سێ هەزار کە نیوەیان بە شێوەیەکی ئاسایی نیشتەجێ بوونە. (وەرگیراو لە : "كرد شول" امير حسين ستوده در مقالات پژوهشهای ايرانشناسی - ناموراه دكتر محمود افشار، بەکوشش ايرج افشار و كريم اصفهانيان، تهران، بنياد موقوفات دكتر محمود افشار يزدی ١٣٧٩، ج ١٢. ص ٥٠٠).

٢٥. لە (تازەهای امار ويژه نامه سر شمارەی عشاير ١٣٧٧، ص ١) ئەم هۆزەی لە ژێر ناونیشانی خێل و بەشێك لە خێلی خەمسەی زانیوە کە بە هیچ شێوەیەك بەشێك لە خێلی خەمسە نییە.

٢٦. پژوهشهای ايرانشناسی، ج ١٢. ص ٤٩٩.

٢٧. هۆزەکانی عەرەب و باسری و قەشقایی هەموو جارێ ویستویانە کە هۆزی کرد شولی بکەنە بەشێك لە خۆیان و تا رادەیەکیشی سەرکەوتوو بونە، بەلاّم بە هۆی ملّملانەیەکی توند کە لە نێوان ئەم هۆزە و خێلی باسری هەیە، کورد شولیەکان بەمەبەستی هەڕەشە کردن لە باسرییەکان خۆیان لە قشقاییەکان نزیك کردووە، بەلاّم توانیویانە سەربەخۆی خۆیان بپارێزن و نەچوونەتە ناو هیچ گروپێك و لە هیچ یەك لە ڕووداوەکانی فارس بەشدارییان نەکردووە و هەموو جارێ لە گەڵ ژیانێکی ئاسوودەیان بەسەر بردووە (هەمان ل. ٥٠٠).



# پاژی هەفتەم

## وشەکانی "کورد"، زم، رم، جوم و احیاء

### ١. وشەی کورد لە دەستەواژەی ڕەمومی کوردەکانی پارس

سەعیدی نەفیسی لەکتێبی "خاندان طاهری"، وشەی کوردی بەم جۆرە شیکردۆتەوە: "لە بەر ئەوەی کە گرنگترین کاری ئەم خەڵکە بیابان گەردی و ڕەشماڵ و بەخێوکردنی مەڕو ماڵاّتە و بەزۆری لە ڕێگەی شوانی ڕۆژگاریان دەبردە سەر، لە زمانی فارسی. کوردیان بەواتەی شوان هێناوە[١]".

لە شوێنێکی تر دەنووسێ:

"دیسان چەند بەڵگەیەکی تر بەدەستەوەیە کە کورد لە بنەڕەتدا لە زمانە ئێرانییەکان بەواتەی بیابان گەرد و هاو واتەی وشەی فەرەنسی (Nomade)ەکە لە چاوگی (Nomas)ی یۆنانی بەواتەی لەوڕێنەرە و سەیر لەمەدایە کە لە زمانی فارسیش دا کورد بەواتەی شوان بەکارهاتووە کە ئاساییە چونکە ئەوانەی ڕەشماڵ هەڵدەدەن و لە ژێر ڕەشماڵدا دەژین هەمیشە کاریان بەخێوکردنی مەڕوماڵاّت بووە. واتای کورد لە گەڵ شوانی کردن ئەوەنە نزیکە کە لە سەردەمی ساسانییەکان و تا ماوەیەك لە سەردەمی ئیسلامیش بەهۆزە جیاجیاکانی کوردیان دەگوت "ڕەم" ئەمەش هەمان وشەیە کە لە زمانی ئەمڕۆی ئێمە بۆتە "ڕەمە" ئەم وشەیە چووتە ناو زمانی عەرەبی و بەهەڵە نووسیویانە "زُم" و کۆکراوەکەش لە جیاتی "ڕەموم" بووتە "زموم"[٢]".

"لە زۆربەی دەقە فارسییەکان کاتێك کە ویستوویانە ئەم هۆزانەی کە لە ژێر ڕەشماڵ دەژین ناوببەن، وشەی کوردیان بۆ بەکارهێناوە و لەم دواییەش کورد بووە زاراوەیەکی تایبەتی بۆ ئەوانەی کە لە ژێر ڕەشماڵدا دەژین و ئێرانی نەژادن و زمانیشیان جگە لە زمانی تورکی و عەرەبی بێ" بەم هۆیەش هەر هۆزێکی ئێرانی کە بە تورکی یان عەرەبی قسەیان نەدەکرد و

له نەژادی عەرەب و تورك نەبوونە و له ژێر ڕەشماڵدا بەکوردیان ناودەبرد، وەك بەختیارییەکان و لورەکان و تەواوی ئەوانەی له فارس و کرمان و خۆراسان ناوچەکانی ناوەند و ڕۆژئاوا و باکووری ئێران، تەنانەت ئەو کەسانەی که ئێرانی نەژادن و بەزمانەکانی ئێرانییەکان (شێوە زارە جیاجیاکانی کوردی) قسەدەکرد، له هەر وڵاتێك بن بەکورد دەناسرێ و ئەم بابەتەش زۆر پتەوە و زاناییانەیە و بەڵگەیەکی زۆری هەیە و گومان لەوەدا ناکەم کەزاناکانی هیچ ناوچەیەك بەخۆیان زەحمەتی لێپێچینەوە و ڕەتکردنی بدەن[٣]".

بەم شێوەیە کەبینیمان، له بەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا، لەکارنامەی ئەردەشێری بابەکان کەدەقێکی سەردەمی بەر له ئەنوشێروانە و نووسینی هی ساڵی ١٠٥٤ یزدگردییە هاتووەکە:

"وە ساسان شوانی پاپەك بوو و هەمیشە له گەڵ مەڕەکان دابوو و له نەوەی دارای دارایان بوو؟- و له گەڵ کوردە شوانەکان بە سەری دەبرد...))

ئەگەر "کورد" بەواتەی شوان بزانین، بۆچی لەم دەقە دەستەواژەی "کوردە شوانەکان" بەکار هاتووە؟ کەواتە مەبەست لەم دەستەواژەی "کوردە شوانەکان"واتەی شوان گەلێك له نەژادی کوردی بوونە و مسۆگەرە کە وشەی "کورد" له دەقەکانی سەدەی سێیەمی کۆچی بەدواوە، شتێك جگە له مەبەستی نەژادی کورد نەبووە.

هۆکارێکی تر هۆزی عەرەب له سەرەتای ئیسلامە و له سەدەی سێیەمی (ه.ق) له نێوان دەقە مێژوویی و جوگرافیاییەکان،هەندێ هۆزی تر وەك شولەکان، لورەکان، تورکمانەکان و تورکەکان له فارس دەبینین کە لەگەڵ کوردەکان هاتوون. بەڵام لەم دەقە بۆ نەنووسراوە: کوردەکانی عەرەب، کوردەکانی شول، کوردەکانی تورکمان و کوردەکانی تورك؟ له ئەنجامدا ئاشکرایە کە وشەی "کورد" له دەستەواژەی "زموم" "الاکراد پارس" یان "رەموم الاکراد پارس" جگە له باسی نەژادی کورد شتێکی تر نییە[٤].



**٢. وشەکانی زُم، رەم، زموم و رەموم:**

**جۆراوجۆری نووسین**

هەر وەك بینیمان، له و کتێبانەی کە باسی کوردەکانی پارسیان کردووە وا هاتووە:

| | | |
|---|---|---|
| ئیبنی خوردادبە | زُم | زموم |
| ئیبنی فەقیە | رەم | رەموم |
| ئیبنی فەقیە | زُم = زومە | زموم |
| ئێستەخری | رەم | رەموم |
| مەسعودی | – | زموم |
| جیهانی | زُم | زموم |
| ئیبنی حوقەل | زُم | زموم |
| نووسەری حدودالعالم | رەم[٥] | – |
| موقەدەسی | زُم | زموم |
| ئیبنی بەلخی | رەم | رەموم[٦] |
| ئیدریسی | رەم | رەموم[٧] |
| یاقوتی حەمەوی | رەم | رەموم[٨] |

هەر وەك له سەرەوە هاتووە له کتێبی وێنەداری ئیبنی فەقیە (**ترجمه مختصر البلدان**) هەر دوو شێوازی "زموم" و "رەموم" نووسراوە، ئیبنی فەقیەدەڵێ:

"زموم الاکراد بفارس و تفسیر الرموم محال الاکراد و منازلهم" وەرگێڕی کتێبی ئیبنی فەقیەدەنووسێ:

"ئاشکرایە کە لەم دەقەدا شێوەی نووسینی (ب و ر) هەڵەی ئەو کەسەیە کە نوسخەی له سەر کتێبە نووسیوە[٩]".

### واتای وشەکانی "زُم" و "رەم" له ڕوانگەی ئەوانەوە

بینیمان کە یەکەمین کەسێك کە ئەم وشەیەی بەکارهێناوە ئیبن خرردادبەیە. بەڵام چوار دەسوڵاتی عەشیرەیی و ڕەشماڵ نشینەکانی فارس دێنێتە ئاراوە و ئەم دەسەڵات و خێوەتانە بەزموم ناو دەبات[١٠]. بەم شێوەیە:

"و زُم بەشوێنی کوردەکان دەڵێن[١١]".

ئەستەخریش ئەو جێگایەی کەکوردەکانی پارس تێدا نیشتەجێن (رەموم)ی پێ دەڵێ و دەنووسێ:

"چەند شوێنێکە کە رەمی پێ دەڵێن و مەبەست هۆزە".

لێرە دیار نییە مەبەستی ئێستەخری چییە؟ ئایا رەم ناوی شوێنێکە یان ناوی هۆزێکە؟ لەکاتێکدا کەجیهانی دەنووسێ:

"شوێن گەلێکە بە ناوی زوم...".

خارەزمی لە نێوان ساڵەکانی ٣٧٢- ٣٦٧ (هـ.ق) دەنووسێ:

"زموم الاکراد: ولاتی کوردەکان، تاکەکەی «زم»ە[١٢]".

یاقوت حەمەوی دەنووسێ:

رەم لە لای کوردەکان بەواتەی تیرەیە[١٣] ...[١٤]".

لە فەرهەنگی وشەکانی فارسی لە زمانی عەرەبیدا هاتووە:

زۆم، کۆکراوی زموم، کە گوندەی کوردەکانە بەتایبەت شوێنی کۆبوونەوەیان لەکوێستانە[١٥]. بەحتەری لە شیعری خۆی کۆکراوی «زموم»ی بەکارهێناوە.

فسفت حاضر الزموم فماقا

م بتلك الخيام بعد عمود

واتا: «زم»ەکانی لە ناوبرد و وێرانی کرد، ئیتر خیوەتەکان ستونیان نییە[١٦]". بەهەر حاڵ هەریەك لە جوگرافی ناس و مێژووناسەکان، بۆچونێکیان لە بارەی ئەم وشەیە هەیە بەڵام ئەوەی کە گرنگە یەك دەست نەبوونی ئەم دوو گرووپە وشەیە "زوم" یان "رەم"ە کەبیروبۆچونێك لە نێوان ئەدیبەکان و هەڵە چنەکان بەشێوەی خوارەوە بەدی هێناوە:

**لایەنگرانی وشەکانی "زوم" و زموم**

لەمێژوویی تەبەری لە بارەی رووداویی ساڵی ٢٦١ (هـ.ق) واتە شکستی محەمەد کوری واسل لە یەعتوبی لەیس دەنووسێ:

"وفيما اوقم اصحاب يعقوب بن الليث بأهل زم موسى بن مهران الكردى لما كان من مالاتهم محمد بن واصل فقتلوهم وانهزم موسى بن مهران[١٧]".

لە پەراوێزی هەمان لاپەڕەدا "زم موسى بن مهران" یبە "زم البازنجان" نووسیوە[١٨].

فەیروز مەنسوری لە شەرح و ڕاستکردنەوەی کتێبی جیهانیدا دەنووسێ:



"لە هاوینی ساڵی ١٩٤٠م لێکۆڵەری ئینگلیزی ڤیلیام ئاینەس وۆرس ( William Ainis Worth) لە گەڵ شوێنەوارناسی ئاشووری بەرەچەڵەك ئێرانی، هورموز رەسام (دۆزینەری کتێبخانەی ئاشوور بانی پاڵ) لە لایەن؟ جوگرافیایی لەندەن، ئەرکی لێکۆڵینەوەی جوگرافیایی و مرۆڤناسیی لە ناوچەی کوردی و ئاشووریەکانی سنووری ئێران و تورکیایان پێ دەسپێردرێ

ئەوان لە ڕێگای موسل و عەمادییە و باش وقەڵای وان، چوونە سەلمان و ئورومیە و لە ڕێگای شنۆ و کێلەشین و رواندز گەڕانەوە و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەیان لە ساڵی ١٩٤١م لە ژێر ناونیشانی:

An Account Of A visit To The Chaldeanis, Inhabiting Centeral Kurdistan .

لە ژمارەی ١١ی گۆڤاری J. R. G. S بڵاو کردەوە:

ئاینەس وۆرس لە لاپەڕەی ٣٣ بابەتەکەی، باس لە لەوەڕگەی هاوینەی کوردەکان لە باکووری عەمادیە "ناودشت" دەکات و دەڵێ: "ئەم شوێنە هاوینە لەم ناوچەیە، تورکەکان بایلا، ئاشووری و کوردەکان (زومای Zuma) پێ دەڵێن و لە زاراوەی کرمانجی زۆزان دەگوترێ.

لە لاپەڕەکانی ٤٣ و ٤٤ لەوەڕگەکانی هاوینەی سواری (Zoma Suwarri) کە ٧١٦٩ پێ بەرزترە لە ئاستی دەریا و دەوروپشتی پڕە لە بەفر،بە خوێنەران دەناسێنێ و لە لاپەڕەی ٤٦ باس لە خیوەتەکانی خاوەندارەکان لە زومای ڤار ئەندەرون دەکات.

ف. ئار. مانسێل (F. R. Maunsell) کە یەکێکە لە باشترین لێکۆڵەرەکانی ئینگلیزی لە ساڵی ١٨٨٨م بەگەڕان لە ناوچە جیاجیاکانی کوردنشینەکان، خەریکی لێکۆڵینەوە لەسەر کوردناسی بووە. لە ژمارە ٢ی بەرگی ١٨ی گۆڤاری The Geographical Journal،ئابی ١٩٠١م بابەتێکی بەناوی Central Kurdistan نووسیوە کەزانیارییەکی زۆر بەنرخی تێدایە. لە لاپەڕەی ١٣٨ ئەم گۆڤارە باس لە شاخی کارابازین لە ناوچەی سلابکانی حەکاری دەکات و ئەم شوێنەی بە Zomaواتە لەوەڕگەی هاوینەی ئەم ناوچەیە ناو دەبات.

لە ژمارەی ٤ی بەرگی ٣٥ی گۆڤاری ناوبراو (نیسانی ١٩١٠م). راوێژکاری سەربازی ئەنجامی (Bertram Dikson)کۆنسولگەری بەریتانیا لە وان، کاپیتان برترام دیکسۆن لێکۆڵینەوە و گەشتەکانی خۆی لە ناوچە کوردییەکانی (سەر سنووری ئێران و تورکیا)

بڵاودەکاتەوە و زانیارییەکی بەنرخی داوەتە خوێنەران. ئەو بەتەواوی باس لە شاخ و دۆڵەکانی ناوچەی حەکاری و ژیانی خێڵەکی هۆزی هەرکی لەم ناوچەیە دەکات و لە لاپەڕەی **٣٦٥** دەنووسێ:

".... لە شەوانی هاویندا هەوای ناو دۆڵەکان زۆر گەرمە، گوندنشینەکان بەگشتی دەڕۆنە "زوما" واتە شوێنی هاوینە لە بڵندایییەکان بە ناوچە کوردنشسنەکان "سومای" لە ڕۆژئاوای سەلماس و ورمێ لە باشترین کوێستانەی ئەم ناوچەییە کەهۆزی شکاك لە وێدا دەژین، لەوەڕگەیەکی فراوان و خۆشی هەیە، ناوی "سومای" لە "زوما" وەرگیراوە.

لە بەر ئەوەی کەکوردەکان لە تیرە و هۆزێکی زۆر پێکهاتوون و لە لایەن هێزی ئینسانیییەوە زۆرن و خاوەن مەڕوماڵاتێکی زۆرن لەم ڕووەوە، بۆ نیشتەجێ کردنیان و دابینکردنی ئالیك بۆ ئاژەڵەکانیان، شوێن گەلێکی تایبەت و جێگایەکی تایەن کراو بۆ هەر یەك لە هۆزە ناودارەکان دەستنیشانکراوە و تایبەتە بەوانە تا لەکاتی کۆچکردندا بڕۆنە ئەو شوێنە و خەریکی مەڕوماڵاتیان بن. ئەم جێگایە تایبەتیانە کە: "لەوەڕگەی سنوورداری هاوینە و شوێنی تایبەتی کوێستانەی هۆزەکان بوو "زُم" یان پێ دەگوت.

"زُم"ەکان لە رووی خاوەنداریەتی و کارکردنەوە، سنوور و چوارچێوەیەکی دیارکراوی هەبوو کەهیچ هۆز و خێلێك لە دەرەوەی زُم نەیدەتوانی تێدا کار بکات.

﴿زُم﴾ەکان بەناوی سەرۆك هۆزەوە دە ناسران وەك: "زُم جیلویە، زُم اردشیر، زُم شهریار، زُم احمد بن حسن و... هتد[١٩]".

بەپێی پێناسەیەك کەبەڕێز فیروزی مەنسوری لە بارەی زوم دەکات: "لەوەڕگەرای سنوورداری هاوینە و شوێنی تایبەتی کوێستانەیە". بەم شێوەیە کەدیارە لە فارسدا رەم جیلویە لە اصفهان و رەم شهریار لە ناوچەی کوێستانە بوونە و رەمەکانی تر لەگەرەمیاندا بوونە. لە ڕێگای هاتوو چۆیان زانیاریمان نییە. کەواتە دەبێ لەم بیرۆکەیەش گومانمان هەبێ.

لە لایەکی تر، لە نێوان رۆژهەڵاتناسەکان،دخویە، هەڵە چنی ﴿الممالك و المسالك﴾ی ئیبن خردادبە دەڵێ: نووسینی ئەم وشەیە زۆم ﴿Zom﴾ یان زومە ﴿Zoma) [٢٠]. دخویە و لەسترنج لە سەر ئەم باوەڕەن کە "زۆم" لە زمانی کوردیدا بەواتەی هۆزە و نووسینی دروستەکەی "زومە"یە.[٢١]

دج(ۆ یا ە )سلان، وەرگێری کتێبی (مقدمە ابن خلدون) لە بارەی کوردەکانی پارسدا لە پەراوێزی کتێبەکە دەنووسێ:



"وشەی زموم کۆکراوی روم بەواتای سەربازخانە و بینای کاتی و وەرزییە کە هۆزە ژێر خێوەتەکان یان سوپاکان دروستی دەکەن و کوردەکان زوم یان بەم واتایە بە کار هێناوە و لەهەر زومێکی، کوردەکان چەندین گوند و شار هەبووە. چاو لە جوگرافیای ادریس ﴿بەزمانی فەرەنسی، بەرگی ١، ل٤٠٦﴾ بکرێت. لە(مراصد الاطلاع) بەرهەمی (بغدادی) ئەم وشەیە بە ﴿رەم﴾ نووسراوە و سەرەوەی پیتی "ر" هاتووە و لەم کتێبە ﴿مقدمە ابن خلدون﴾ گوندێك بەناوی "زوم"یش هاتووە کە لە نێوان جەیحون وترمزە." ﴿ترجمە دسلان، ج١، ص١٣٤﴾[٢٢] [٢٣].

مەلیك و شوعەرای بەهار، لە پەرازێزی کتێبی تاریخ سیستان (پەراوێز ص٢٧٢) لە گەڵ هێنانی بابەتی عەرەبی تەبری کە لە لاپەڕەکانی پێشوو هاتوو بوو "زوم" پەسەند دەکات و دەنووسێ:

"... و زومیش یان رەم... لەکتێبی مسالك و ممالك باسی لێکراوە و ئێستەخری و یاقوت بە رەم نووسیویانە و ئیبنی خوردادبە (ر) بە زوهە هێناوە و دەڵێ: "زم الحسن بن جیلویە یسمی البازنجان من شیراز علی اربعە عشر فرسخا... ﴿لیدن، ص٤٧﴾ کذا ئیبنی فەقیە (صص٣٢٢- ٣٢) و بەبۆچوونی من نووسراوی ئیبنی خوردادبە دروستە".

جگە لەمە، وەرگێڕی کتێبی (احسن التقاسیم) بەرهەمی موقەدەسی لە پەراوێزی لل ٤٤٣- ٤٤٢ و ٤٤٧ بۆ جەخت کردن لە سەر وشەکانی "زم" و "زموم" دەنووسێ:

"ئێستاش "زوم" ناوی گوندێکە لە هەورامانی کوردستان. (فرهنگ جغرافیایی ایران، ج ٥، ص ٢١٥)".

دکتور جەواد نژاد لە بارەی زمومی کوردەکانی پارس دەنووسێ:

"وشەی "زموم" کۆکراوی ﴿زومە﴾یە کە جوگرافیناسەکان بەشێوەی "زوم" نووسیویانە.

لە سیستەمی عەشایری کۆچەری ئێران بۆ باشتر سوود وەرگرتن لە لەوەڕگەکانی کوێستان وگەرەمیان، دوو تا دە ڕەشماڵ لە شوێنێکی بەرچاو لە ناوەندی لەوەڕگە لە تەنیشتی یەك هەڵدەدەن و هەرکام هی یەك سەرخێزانی کۆچەرە کە لەکوردستان و ناوچە کوردییەکان بەکۆکراوی ئەم ڕەشماڵانە کە یەکەیەکی سەر بەخۆ پێکدێنن "زومە" دەڵێن و ئێستاش هۆزە کۆچەرەکانی کورد ئەم وشەیە بەکاردێنن...[٢٤]".

هەر ئەو دەڵێ:

"لە بەر ئەوەی کەعەرەبەکان بەهاتنیان بۆ ناو ئێران بۆ یەکەمین جار لە گەڵ وشەی "زومە" لە ناو کوردەکان ئاشنا بوون و لە هەر شوێنێك چەند ڕەشماڵێکیان لە تەنیشت یەکتریان بدیتبایە "زومە"یان پێ دەگوت[٢٥]".

دواتر دەڵێ کە هەر "زومە" لە ١٠ خێزانی خزم پێکهاتووە و هەر زومەیەکیش سەرۆك زومەیەکی هەکەزومە بەهەڵبژاردن دەست نیشان دەکرێ[٢٦].

دوکتۆر سەفی نەژاد بەسوود وەرگرتن لەکتێبی(ساختار سازمان ایلات و شیوه معیشت عشایر اذربایجان غرب) بەرهەمی (ئیبراهیم اسکندری نیا، ١٣٦٦) ژمارەی زومەکانی هۆزی کوردی جەلالی بە ٢٤٧ زومە دەنووسێ و دەڵێت کە تێکرای خێزانی هەر زومەیەك ٩ خێزان ﴿٩ ڕەشماڵ﴾ بووە.

ئەو ئامارێك لە تێکرای مەڕوماڵاتی هەر زومەیەك دەخاتە بەردەست ، کەزیاتر لە ١٢٠٠ سەرەمەڕ بووە[٢٧].

دواتریش زومەکانی هۆزی شکاکیشی وەك نمونە هێناوە[٢٨] [٢٩].

**لایەنگیرانی وشەکانی "رەم" و "رەموم"**

لە فەرهەنگەکان، وشەی "رەم" بەرامبەر بەوشەی "رەمە" هاتوە و بەم شێوەیە:

١. "رەم:(فارسییەکان) رەوە و رەوەی مەڕ و ئەسپ ." (برهان قانع)[٣٠]

٢. "رەم:( فارسییەکان) رەوە و رەوەی هێستر." (فرهنگ ناظم الاطباء)[٣١]

٣. "رەم:( فارسییەکان) رەوە،کۆمەڵە،هۆز ." (فرهنگ نفیسی)[٣٢]

٤. "رەم:( فارسییەکان) رەوەی چوار پێ،رەوە،گرووپ،." (فرهنگ فارسی)[٣٣] [٣٤]

هەڵبەت دیارە لە ئەدەبیاتی فارسیدا ئەم وشانە بەکارهاتوونە، چونکە ناسر خەسرەو و خاقانی لە شیعرەکانی خۆیان ئەم وشانە بەشێوەی خوارەوە بەکارهێناون:

کمند کیانی همی داد خم
که آن کره را باز گیرد زرم

(ناصر خسرو)

نداد داد مرا چون نداد گربه مرا
ترا از اسب و خر و گاوو گوسفند رم است

(ناصر خسرو)



کان راز کند رمیده آخر
گرگان رمیده را از اینرم

(ناصر خسرو)

گرخر رو ترك و روم رام حسام تواند
نیست عجب، کز نهاد رام محول است رم

(ناصر خسرو)

سینه به غوغای حرص بیش میالا از آنکه نیست
بدتر به فتوای عقل گرگ برم داشتن[٣٥]

(خاقانی)

بینیمان کە، ئێستەخری یەکەمین کەس بوو وشەی "روم" و "رموم"ی بۆ کوردەکانی پارس بەکارهێناوە.

حدود العالم، کتێبی جوگرافیایی کەبەزمانی فارسی نووسراوە ناوی گوندێك کەرێك دەکەوێتە رۆژهەڵاتی دارابگرد، بەناوی زوم محمدیکە لەکتێبی کەسانی تر تۆمار کراوە و شوێنی حەوانەوەی زومی کاریان بووەبە ﴿رەم﴾ی هێناوە. ئیبنی بەلخی، ئیدریسی و یاقوت حەمەوی "رەم" و "رەموم"یان بەکارهێناوە. باسمانکرد کە لەکتێبی ئێستەخری "رەم" هاتووە و لە پێرێستی وشە و وشەلێکدراوەکانی بەم شێوەیە هاتووە:

"رەم کە کۆکراوەی دەبێتە رەموم، بەو شوێنانە دەگوترێت کەشوێنی نیشتەجێ بوونی هۆزەکانی کوردە کە لەفارسدا لە ژێر خیوەت دەژین و ئاژەئاژەل بەخێودەکەنو وا بەرچاو دێت کەپەیوەندی لە گەڵ وشەی فارسی "رەمە"ی هەیە".

یاقوت حەمەوی پێنج رەمی فارسی هێناوە و "رەم" و "احیا"ی کوردەکانی فارسی تیکەڵ کردووە و هەموویان بەکورد هەژمار کردووە[٣٦] [٣٧].

یاقوت دەنووسێ: "وشەی رەم لە وشەکانی خەڵکی فارسە[٣٨]".

عەلامە قەزوینی دەنووسێ:

"زموم الاکراد گۆڕینی رەموم الاکرداە وەك گۆڕینی ئەردەشێر بۆ ئەزدشێر. رەموم کۆکراوی رەم (رەم= رەمە) واتە خێل وتایفە، کەواتە رەموم بەواتەی هۆزەکانە. (دخویە، معجم جغرافیایی، ج٤. ذیل "رەم") سەیری پەراوێزی فارسنامەی ئیبنی بەلخی بکەن، ل ١٦٨ [٣٩] [٤٠].

**شار و گوندی رەم، قەڵای رەم و ئاوی رەم**

بەو شێوەیە کەباسمان لێ کرد، جوگرافیناسەکان ئاماژەیان بەشوێنێکی سەکەنی بەناوەندی زوم کاریان یان رەم کاریان لە پێنج فەرسەنگی (٣٠ کیلۆمەتری) شاری دارابگرد کردووە. کتێبە عەرەبییەکان، ئەم شوێنە یان بە "شاری زوم مەهدی"[٤١] (ئێستەخری) زوم مەهدی (جیهانی و ئیبنی حوقەل) نووسیویانە:

هەر چەندە ئیبنی خوردادبە و ئیبنی بەلخی بەهیچ شێوەیەك باسیان لێ نەکردووە و موقەدسی ئاماژەی بەناوچەیەکی سەکەنی لەو نزیکانەی بەناوی جەرم وا[٤٢] کردووە، بەلاّم نووسەری نەناسراوی حدود العالم من المشرق الی المغرب لە ساڵی ٣٧٢ (هـ.ق) وشەی "رەم"ی بەم شێوەیەی بۆ بەکاری دێنێت:

"رەم" روستا، روستام، فەرەج، تارۆم- چەند شارۆچکەیەکن لە نێوان دارابکرد و سنووری کرمان، شوێن گەلێکی کشتوکالین و دانەوێڵە زۆر و نعمەتێکی زۆری هەیە[٤٣]".

لەم سەردەمەشدا زەوییەکانی گوند و شار لە نێوان خەڵکی جەنەت شەهر و داراب بەرەم بەناوبانگە و لە ١٥ کیلۆمەتری رۆژهەڵاتی خیری خواروو واتە رێك لە ٣٠ کیلۆمەتری شاری دارابگردە و بەشێکە لە جەنەت شەهر. چونکە لە دوای شۆڕشی ئیسلامی لە گوندەکانی خیر بالاّ و خیر خواروو جەنەت شەهر پێکهاتووە. هەر چەندە کەسێك زانیارییەکی لە بارەی قەلاّ کۆنەکانی نییە، بەلاّم هەر تا ئەم دواییەش قەلاّی بووە. کەهێشتاش خەڵکی جەنەت شەهر ناوی دوایین کەسێك کە دروستی کردووە (کەیەکێکە لە ئاغاکانی ئەم ناوچەیە و لە بنەماڵەی بەهارلو بووە)،دەزانن هەر چەندە وێران هەبووە و لە ناو چووە بەلاّم لە نێوان خەڵکدا بەقەلاّی "رەم" ناسراوە. خەڵکی ناوچەی "ئاب قەنات" و "ئاب رەم"ی پێ دەڵێن کەتائێستاش کشتوکاڵی تێدا دەکەن.

لە شوێنێك باسمان لێ کرد لە سەرەتای ئیسلامدا تا ئێستا گەرمیانی هۆزی عەرەبی فارس شاری دارابگرد و دارابی ئێستا بووە. کەئێستاش هەرماوە و ئەگەر "زوم" بوایا، عەرەبەکانی هۆزی عەرەب، دەبوایا ئەم گوندەیان بە "زَم" ناو ببردبایە. لەکاتێکدا کەیاقوت حەمەوی ئاماژە بەوە دەکات کە وشەی "رەم" لە وشەکانی خەڵکی فارسە.

لە ئەنجامدا ناوی ئەم گوندە، "قەلاّی رەم و ئاب رەمی دۆم خروسی"یە کە سوێندی حەزرەتی عەباس خواردنی هەنێ کەس بەدرۆ دەردەخات.

بەم تەفسیرانە، وشەکانی "رەم" و "رەموم" فارسین و فارسی زمانەکان بەکاریان هێناوە. لە لایەکی ترەوە، نووسینی بەڕێز فیروزی مەنسوری پێشان دەدات کەوشەی "زومە" شی لە



لابەن عەرەبەکان بەکارهاتووەو بەکار دێت. کەواتە نووسەرەکانی دەقە فارسییەکان "رەم" و "رەموم"یان بەکارهێناوە و نووسەرە عەرەبەکان "زوم" و "زموم". وەرگێڕی کتێبە جوگرافیایی و مێژووییەکان وشە فارسییەکانی "رەم" و "رەموم" بەکاربێنن[٤٤].

### ٣. وشەکانی "جوم" و "احیاو":

ئێستەخری دەنووسێ:

"وە جومەمی کوردەکان زۆرترە لەوە کەبیانژمێری".

بەڕێز ئێوەجی ئەفشار لە پەراوێزیی ئەوە زیاد دەکات کە:

"جوم لە زمانی عەرەبیدا بەواتەی شوان دێت و لە نوسخەی تورکیەش ﴿کتێبی ئێستەخری﴾ "حوم" هاتووە کەبەواتەی رەوەی گەورەی حوشترە[٤٥]".

بەهەر حاڵ، ئێستەخری وشەی "احیاو" و "جوم ها" بۆ هۆزەکانی کوردی فارس بەکارهێناوە.

﴿مقدسی﴾یش بەنووسینی سی و سێ "احیاو الاکراد"ی فارس کە بریتین لە ....[٤٦]مەبەستی لە سی و سێ هۆزی کوردی فارسە.

یاقوت حەمەوی دەنووسێ:

"رەم لە نێو کوردەکان بەواتای تیرەیە کە بەعەرەبی حەیی پێ دەڵێن[٤٧]".

بەم جۆرە "حی" بەواتەی هۆز و تایفە، "احیاء" وشەکەیە کە دەبێتە هۆزەکان و تایفەکان و "جومها"ش هاوواتای "احیاء"ە.

# پەراوێزەکان

١. وەرگیراو: شریفی، ص ١٥٣.

٢. نفیسی، سعید. ج ١. ص ١٠.

٣. هەمان سەرچاوە، لل. ١١- ١٠.

٤.لەکتێبی (کرد در دایره المعارف اسلام ،صص ٤٣- ٤٢) بەم شێوەیە هاتووە: "لێکۆڵینەوەیەکی تازە کە دراێڤەر لە ساڵی ١٩٢٣ دا لە گۆڤاری جۆرنال رۆیال ئاسیاتیکی سوسایتی ژمارە ٤٠١ بلاویکردۆتەوە ناوی کوردی لە گەڵ وشەی فارسی کورد بەواتای پالەوان لێکیداوەتەوە، دەبێ بزانین کە ئەم وشەیە لە زمانی پەهلەوی "گ"ی هەبووە و لە چاوگی "ور" ﴿وەر﴾ بەواتای پارێزراوە".

لە فارس، لە هەندێك شوێندا، ئەویش بەشێوەیەکی کەم، وشەی "کُرد" ﴿کورد﴾ بەواتای پالەوان بەکاردێت بۆ نموونە دەڵێن: "بۆ خۆی کوردێکە".

٥. ئەم نووسەرە گوندێك بەناوی رم ﴿رەم﴾ لە جیاتی "زوم مەهدی" کە جوگرافی ناسەکان تر نووسیویانە، هێناوە. لە نێوان کتێبەکانی سەرەوە تەنها بەرهەمی ئەم نووسەرە و فارسنامەی ئیبنی بەلخی بەفارسی نووسراوە.

٦. رەنگە وەرگێرەکانی ئەم بەرهەمانە بەمەیلی خۆیان وشەکانی "رم" و "رموم" لە جیاتی "وم" و "زموم" یان نووسی بێ.

٧. هەر هەمان.

٨.هەر هەمان.

٩.ابن فقیه، صص ١٩٧- ١٩٦.

١٠. لە جغرافیای تاریخ فارس- لەنی پاول شواتس وەرگێرانی( کیکاووس جهانداری، تهران، انجمن اکمار و مفاخر فرهنگ. ١٣٧٢، هامش ص ١٧٦) لە بارەی وشەی "زموم" هاتووە کە:

"ئەم ناوە لە باشوری فارس بەشێوەی "اشوم" ماوەتەوە" شێوەی دڕکاندنی ئەم وشەیە "ایشوم و "احشوم" کە هەر دووکیان گۆڕدراوەی وشەی "احشام"ە و بەواتای بۆنکو (Bonkoo) بچووکترین یەکەی هۆزیی قەشقاییە کەواتا وشەی "ایشوم" هیچ پەیوەندیەکی بەزمومی نییە و ئەم واتایە ناگەینە.

١١.ابن خردادبە، ص ٣٧.

١٢. خوارزمی، ابو عبداللە، مفاتیح العلوم، ترجمە حسین خدیوجم، تهران: مرکز انتشارات علمی و فرهنگی، چ ٢، ١٣٦٢، ص ١٢٣.

١٣. وشەی تیرە "لە فارس و هۆزی قەشقایی لە دابەشکردنی هۆزیی، لە دوای فێل و تایفە دێت. وەرگێر دەبوایا وشەی تایفە یان خێڵی بەکاری بهێنابایە.

١٤. یاقوت. ص ٩٩.

١٥. ئەم جارە ئەم واتایە لە گەڵ ئەو رەمانەکە لە گەرمیانەکانی دارابگرد، فەیروز ئاباد، کازرون کە هەمان بووە یەك ناگرێتەوە.

١٦.وەرگیراو لە : جیهانی، تعلیقات و توضیحات فیروز منصوری، ص ٢١٥.



١٧.گبری، محمد جریر، تاریخ صلبر (بە نقل از: بهار، ملك الشعراء، تاریخ سیستان: تهران، خاور، ١٣١٤، هامش ص ٢٢٧).

١٨.فەیروزی مەنسوری لە (در تعلیقات و توضیحات حات اشکال العالم، اثر جیهانی، ص ٢١٥) دەنووسێ:

" نووسەری مێژووی سیستان(تاریخ سیستان) کاتێك باسی شەڕی نێوان یعقوب لەیس محەمەد واسل و شەڕی نەسری کوڕی ئەحمەد نێردراوی عەمروڵەیس لە گەڵ ئەحمەدی کوڕی لەیسی کوردی لە فارس دەکات، شوێنی شەڕکردنیان بە زوم یان زوم ناو دەبات".

ئەم بابەتە هەڵەیە و ڕاست نییە چونکە نووسەری مێژوویی سیستان (ل ٢٢٧) دەنووسێ:

" محەمەدی کوڕی واسل هەلاّت و زم بیزنجانی لە گەڵ خۆی برد". واتا لە گەڵ خۆی برد و چ لەم لاپەڕەیە و چ لە لاپەڕەی ٢٤٠ لەباسی شەڕی نەسری کوڕی ئەحمەد و ئەحمەدی کوڕی لەیسی کوردی هیچ ناوێك لە زم وەك شوێنی شەڕکردنیان نەهاتووە.

١٩. جیهانی، تعلیقات و توچیحات فیروز منصوری، صص ٢١٧- ٢١٥.

٢٠. لسترنج، گای، جغرافیای تاریخی سرزمینهای خلافت شرقی، ترجمە محمود عرفان، تهران، بنگاه ترجمە و نشر کتاب ١٣٣٧، هامش ص ٢٨٧.

٢١. وەرگێری کتێبی ئیبنی حوقەل ﴿ل٢٦٤ ﴾ دەنووسێ: "من وشەی زم یان زومە بەواتای هۆزم لە فەرهەنگی کوردی مەردۆخ نەبینیوە، و زماناسەکانیش زانیاریان لەم بارەیە نەبووە".

٢٢. عبدالرحمن بن خلدون، مقدمە ابن خلدون. ترجمە محمد پروین گنابادی، تهران، بنگاه ترجمە و نشر کتاب، چ٤ . ١٣٥٩. ج ١. ص ١١٦.

٢٣. دوو کەوانە لەم دەقەدا، لە لایەن لێکۆڵەری ئەم کتێبە دانراوە.

٢٤. دمورنی، ژ، عشایر فارس، ترجمە دکتر جلال الدین رفیع فر، تهران، دانشگاه، تهران، ١٣٧٥، ص ٢.

٢٥. هەمان سەرچاوە، ه

٢٦. هەمان سەرچاوە، ل ٣.

٢٧. هەمان سەرچاوە .

٢٨. هەمان سەرچاوە. ل ٤ .

٢٩. ئیبنی خورداذبە (ل ٣٤) لە ساڵی ٢٣٢ (ه.ق) لە بارەی رێگای ئەهواز بۆ فارس دەنووسێ:

"لە (سوق الاهواز) تا فارس لە فارس تا ئەزەم ٦ فەرسەنگ، لە ئەزەم تا عەبدین ٥ فەرسەنگە،...".

قەدامەتەرئیبنی جەعفەر (ل٢٦ ) لە دوای ساڵی ٣١٦ (ه.ق) لە بارەی ئەم رێگایە دەنووسێ:

" لە (سوق الاهواز) تا حوبرول دوو فەرسەنگ، لە حوبرول تا ئەزەم چوار فەرسەنگ، لە ئەزەم تا سمایل چوار فەرسەنگە....".

ئێستەخری (بەنقل از: جیهانی، تعلیقات و توفیحات، ص ٢١٨) لە ساڵەکانی ٣٢١- ٣١٨ (ه.ق) لە بارەی رووباری تاب دەنووسێ:

"... نێوان پارس و خوزستان و گوندی زەم و لەوێ دەڕواتە نزیکەی شوشتەر و دەگاتە ناو دەریا و...".

نووسەری نەناسراوی حدود العالم (ل ١٣٨) لە ساڵی ٣٧٢ (ه.ق) دەنووسێ:

"ازُم- شارۆچكەیەكی بچووكە و نیعمەتێكی زۆری هەیە".

تەواوی وشەكانی ازوم، ازم، زم، و ازم ناوی گوندێكە لە نزیكەی ئەهواز لە خوزستان دا. دیارە كە دەبێ كاریگەری زُم و زمومی كوردەكان بوو بن.

٣٠.بەنقل از: دهخدا، علی اکبر، لغتنامە، زیرواژە "رم".

٣١.هەمان سەرچاوە، هەمان وشە.

٣٢.فرهنگ نفیسی (بەنقل از: جیهانی، تعلیقات و توفیمات حات فیروز منصوری، ص ٢١٥).

٣٣.معین، محمد (دکتر)، زیرواژە "رم".

٣٤.لە ( منتهی الارب )(بەنقل از: دهخدا، علی اکبر، لغتنامە)، لە بەرامبەر ئەم وشەیە هاتووە كە "رم" ناوی پێنچ گوندن لە شیراز. "ئەم بابەتە هەڵەیە چونكە لە هیچ یەك لە سەرچاوەی مێژوویی و جوگرافیایی فارس جگە لە گوندێك لە دارابگرد نەهاتووە. ڕەنگە بۆچوونی نووسەر لە رمومی كوردەكانی پارس بووبێ.

٣٥. دهخدا، زیر واژە "رم".

٣٦. مقدسی، صص ٤٤٣- ٤٤٢.

٣٧. وەرگێری كتێبی موقەدەسی (هەمان سەرچاوە، هەمان لل) دەنووسێ: (یاقوت) لە حریت (ز) تەنها ﴿زم جیحون﴾ی هێناوە.

٣٨. وەرگێراو لە : ابن فقیە، توچیحات و تعلیقات مترجم کتاب، ص ١٩٦.

٣٩. یاداشتهای قزوینی. ج ٥. ص ٥٣ (بەنقل از: ابن حوقل، توچیحات و تعلیقات مترجم کتاب، ص ٢٦٤).

٤٠.هەنێك وا تێگەیشتوون كە لەم بابەتەی قەزوینی هی دخویەیە. بەلاّم هەڵەیە و بۆ نمونە لەكتێبی موقەدەسی (هامش صص ٤٤٣- ٤٤٢) هاتووە كە:

"دخویە ("زمم" فارس و "زم" ماوراد النهری) لە چ ع ٤٢٢- ٤٢٣ و ٤٤٧ هەر هەموویان بە نوقتەیە ، بەلاّم لە پێرێستەكانی "زو" فارسی بەبێ نوقتەیە. ئەمەس هەڵەی نووسینە وەك ئەزدەشێر و ئەردەشێر و تەنها زم ماورالنهری بە نوقتە هێناوە".

٤١. دخویە بە رم نووسیویەتی.

٤٢. شێوەی بەشی یەكەمی ئەم وشەیە لە گەڵ "رم" نزیكە و چونكە تەنها لە كتێبی مقدسی هاتووە ڕەنگە لە هەڵەی نووسین بێ.

٤٣. حدود العالم، ص ١٣٠.

٤٤. لەكتێبی (کرد در دایره المعارف اسلام، صص ٤٦- ٤٥) نووسراوە:

"ئێستەخری بە مەبەست ناوی پێنچ رمومی ﴿رم﴾ لە فارس هێناوە. ئەم وشەیە بۆ ناوچە كوردییەكان بەكاردێت. (سەرەڕای بیرۆكەی De Goeje ﴿دخویە﴾) واباشترە كە رام ﴿رەم﴾ و رموم بەكاربێنین (ئەم وشەیە لە وشەی فارس رەم بەواتای رەوە وەرگێراوە). ئەم ئەگەرییە كەمە كە زموم كۆكراوی زوما بێ".

٤٥. وەرگێراو لە : جیهانی، تعلیقات و توفحات فیروز منصوری، ص ٢١٧.

٤٦. مقدسی. ج ٢. ص ٦٦٤.

٤٧. یاقوت، ص ٩٩.



# پاژی هەشتەم

## دوو كەسایەتی ناودار لەكوردەكانی پارس

لە بارەی گەورە ئەدیبان و هونەرمەندانی كوردیی پارس، زانیارییەكی ئەوتۆمان بەردەست نییە. تەنها دوو كەسایەتی نەبێ كە ئەویش لە نێو كتێبەكان باسیان لێ كراوە باسیان دەكەین:

### ئەلف: شێخ ئەبولحەسەن عەلی ئیبن عبداللە كوردویە:

**ژیان نامە**

شێخ ئەبو لحەسەن عەلی ئیبن عبداللە ناسراو بە كوردویە، یەكێكە لە عارفەكانی سەدەی شەشەمی كۆچی كە لە شیراز ژیاوە.

هەر چەندە بەكورتی باس لە ژیانی لەكتێبەكانی شدا لازار، تذكره هزار هزار، نفخات و هفت (اقلیم) ی ئەمینی ئەحمەدی رازی هاتووە بەلاّم وای بۆ دەنێن كە لەكوردەكانی پارس بووبێ. قورئان و حەدیسی دەخوێندەوە و شێخ عەبدولقادر گەیلانی[1] و قورئانی نووسیوە و بەدرێژەی ژیانی تواینویەتی١٠٠ بەرگ قورئانی سنووسێ.

هەروەها لە تەفسیری فقە و ئەدەبیات شارەزایی تەواوی هەبووە.

چەندنی جا بۆ حیجاز و خوراسان و عێراق سەفەر كردووە. جگە لەمە لە بارەی ژیانی دەنووسن كەخواوەندی زانست و تەقەوا و ئیمان بووە و بۆ ماوەی ٦٠ساڵیش گۆشەگیر دەبێ. هۆكاری گۆشەگیریەكەش بەم جۆرە نووسراوە كەرۆژێك بەمەبەستی شەفاعەتی كەسێك دەڕواتە بەردەم دەرگای حاكمێك. لەگەرانەوە دەڕواتە ماڵی یەكێك لە خزمەكانی بەناوی شێخ زین ودین باغ نۆیی ﴿باغنوی﴾[2] و شێخ زین الدین شك دەبات كە دەبێ بۆ كوێ چووبێ. لەكوردویە پرسیار دەكات:

- یا ئەبولحەسەن بۆنی خەڵكی دونیات لێ دێت!

كوردویەش لە وەلاّمدا دەڵێ، بەڵێ چووبوومە بەر دەرگای فیلان حاكم و گوتم كە فیلان كار بۆ فیلانی جێ بەجێ بكە و لە گوناە و تاوانی خۆش بە.

شێخ زین الدین دەڵێ: مەرۆ بەردەم حاکمەکان و داوایان لێ مەکە "ڕوو لە ئەوان مەکە تووشی بەڵایان دەبی".

دواتر لێی دەپرسێ کە "دەتەوێ ئەو بۆنەت لێ دوورکەمەوە؟"

کوردویە وەڵامی بەڵێ دەداتەوە. شێخ زین الدین دەڵێ: وەرە ماڵ و سێ ڕۆژ لێرە- لەماڵی من دانیشە و بەخۆتدا بچۆەوە تا بۆنی دونیات لێ دوور بێتەوە". کوردویەش جێ بەجێ دەکات و لە دوای سێ ڕۆژ ماڵی بەجێ دەیلێ و دەڕواتە گۆشەکەی خۆی و بۆماوەی ٦٠ساڵ لە خەڵك دووری دەکات و گۆشەگیر دەبێ.

لە بارەی هۆکاری مردنی کوردویە نووسیویانە کە ڕۆژێك کەسێك دێتە لای و دەڵێ کەسێك لێرەیە کە دەڵێ من هەناسەم وەك هەناسەی عیسی (خوای لێ ڕازی بێ) مردوو زیندوو دەکەمەوە. کوردویە توڕە دەبێت و لە گەڵ خوا بەم جۆرە دەدوێت:

"یارب ژیانت پێ بەخشیم تا قسەی وا ببیستم، خوداوەندا ئیتر ژیانم ناوێ".

لە دوای ئەم داوا و پارانەوەیە، کوردویە سك ئێشە دەگرێت و لە مۆحەرەمی ساڵی ٦٠٦ (ه.ق) وەفات دەکات و لە شوێنی تایبەتی خۆی دەینێژن[٣].

**یارانی کوردویە**

نووسیویانە کەشێخ حەیدەری سۆفی دەستی ئاشتی[٤] دەداتە کوردویە، هەروەها شێخ موەفەقەدین هاونشینی[٥] بووە. جگە لەم دوو عارفە، ئاماژەیان کردووە کە ئەبو سەعیدی ساوەجی لە یارانی گەورەی کوردویە بووە[٦].

**لە گەڵ عارفەکانی ترەوە**

هەروەها لە "السیره الکبری" بەرهەمی عەلامەی قەزوینی هاتووە کە حەفت کەس لە عارفەکان کە یەکێك لە وان کوردویە بوو، لە ڕێگایەك دەرۆیشتن کە چاویان بەمەیتێك دەکەوێ، بەیەکتر دەڵێن کە با هەر یەکێکیان کارێك بۆ ئەم مەیتە بکەین. یەکێك دەڵێ من کفنی دەکەم و کوردویەش دەڵێ: من دەینێژم و..... وەها دەکەن.

ئەو مەیتە، عارف شێخ جەماڵەدینی فەسایی بووە[٧].



**کوردویە و روزبەهانی ببۆقلی**

شێخ ئەبولحەسەن کوردویە باسی "شێخ ئەبو محەمەدی روزبەهانی ببۆقلی دەکات کە روزبەهان بەم جۆرە وەڵامی دەداتەوە:

شێخ ئەبولحەسەن کوردویەی ڕۆژێك لە نێوان خەڵك بە خۆمم گوت کە من لە عیلم و حال لە ئاستێکی بەرزترم لە شێخ، شێخ ئاگای لەم بابەتە بوو و گوتی: ئەبولحەسەن ئەمە لە بیر ببە کەئەمڕۆ هیچ کەسێك ناتوانێ بەرامبەری روزبەهان بوەستێ.....[٨]".

**خانەقا و تەکیە و حەزیرەی کوردویە**

تەکیە و حەزیرەی شێخ ئەبولحەسەنی کوردویە دەکەوێتە نزیکەی گۆڕستانی سەلمی شیراز کە ئەمرۆ بەگۆڕستانی دار السلام و دار السلم بەناوبانگە و لە ئاراستەی باشووری دوو سایتی سیبویەی شیرازە لە لایەکی ترەوە چونکە ئەم گۆڕستانە لە باشووری شاری شیرازی ئەو سەردەمە (سەدەی شەشەمی ه.ق) بووە. دەبێ تەکیەی کوردویە لە باکووری گۆڕستانەکە بووبێ

بابەتێکی تر ئەمەیە کە لە تەکیەی کوردویە، جگە لە خۆی، عارفەکانی تر وەك شێخ ئەبوالقاسم سەرڤستانی (وەفاتی سەدەی هەفتەم[٩])، شێخ محەمەد بن عەبدولعەریزی ئەسکندری (وەفات ٦١٠ ه.ق)[١٠] و شێخ ئیبراهیم بن داود (وەفاتی ربیع الاول ٧١١ ه.ق)[١١] لە شوێنی تایبەت بە شێخ ئەبولحەسەن کوردویە نێژراون. ئەمەش، ئەم ڕاستەیە دەگەیەنێ کەئاستی عیرفانی کوردویە زۆر بەرز بووە.

تەواوی زانیاری ئێمە لە بارەی تەکیەکەی کوردویە تا ساڵی ٧٩١ (ه.ق) لەکتێبی تذکرة هزار مزارەو لەم ڕێکەوتە بەدواوەنە هیچ بەرهەمێکی نووسراو باسی لەم حەزیرەیەی نەکردووە نە لە زەینی خەڵکی شیراز دا شتێك ماوە.

**ب. پورفرەیدون**

**شیعرەکانی پورفەرەیدون لە نوسخەی چاپکراوەکانی شیعری بابا تاهیر**[١٢].

**پێشەکی**

پورفەرەیدون شاعیرێکی خەمناك و عارفێکی تاقانە و مورشد و زانایەکی قسەزان بوو کە هەر گوتەیەکی، نهێنییەکی تێدایە.

لەکۆتایی سەدەی هەفتەم و سەرەتای سەدەی هەشتەم ژیاوە و لەکوردەکانی فارس بووە.

خاڵێکی گرنگ ئەمەیە کە پورەیدون، شاعیرێکی عاف و خواناسە و هەر بەزمانی بابا تاهیرە واتە یەکێك لە زاراوەکانی زمانی پەهلەوی و هەر لە سەرکێشی شیعرەکانی بابا تاهیرەشیری و ئەم لێچوونەش وایکردووە کە شیعری ئەو لە گەڵ بابا تاهیر تیکەڵ بێ و لە هەندێك لە نوسخە شیعریەکانی بابا تاهیر، شیعری پورفەرەیدون لە چاپدراوە.

**یەکەمین کەس کە درکی بەم نهێنییەی کرد**

یەکەمین کەس کە درك بە نهێنی تێکەڵ بوونی شیعرەکانی پورفەرەیدون و بابا تاهیری کرد، دوکتۆر پەرویزی ناتلی خانلەری بوو کە لە لێکۆڵینەوەیەك لە ژێر ناونیشانی:

"دوو بیتی های بابا تاهیر" ﴿چوار خشتەییەکان بابا تاهیر﴾ پەی بەو بابەتە دەبات[١٣]. و لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە گوتارێکدا بڵاوی دەکاتەوە.

دوکتۆر خانلەری سەرەتا شك و گومانی دەخاتە سەر هەندێك لەم دوو بەیتانە و دەڵێ، هەندێکی هی بابا تاهیر نییە[١٤] و ئەم چوار خشتەییەی خوارەوە بەهی پورفەرەیدون دەزانێ.

عزیزا مردی از نامرد نای
فغان و ناله ازبی در درد نای
حقیقت بشنو از پورفریدون
که شعله از تنور سرد نای[١٥]

چوار خشتەیی:

بوره کزدیده جیحونی بسازیم
بوره لیلی و مجنونی بسازیم
فریدون عزیز از دست مو رفت
بوره از نو فریدونی بسازیم

که دەڵێ ڕەنگە لە پورفەرەیدون بێت[١٦].

دووەمین کەس کە باس لە و بابەتە دەکات سەعیدی نەفیسییە کە هەر لە دوای بڵاوبوونی بابەتی دوکتۆر خانلەری، بابەتێکی لە هەمان گۆڤاردا[١٧] دەنووسێ و ئەم بابەتە دەخاتە ڕوو.



**پورفەرەیدون لە تذکرەکان**

**کۆنترین بەرهەم:**

کۆنترین بەرهەم کە باس پورفەرەیدون بکات و ناوی ببات، فەرهەنگی جهانگیری لە نووسینی جمالّ الدین حوسێن ئیبن فەخرەدین حەسەن ئینجوە کە لە ساڵی ١٠٠٥ (ه.ق) نووسراوە.

لەم فەرهەنگەدا لە بەرامبەر وشەی "لو" (Low= شێوێندراوی. لب[١٨]. تاکە بەیتێکی وەك بەڵگە لە پورفەرەیدون هێناوە، بەم شێوەیە:

مخلف خالد ازمو لو شکر کفاخش
حاجت وصف بنده نی هرکه حشن محاحش[١٩]

هەڵبەت شکی تێدا نییە کە ئەم چوار خشتەییە شێوێندراوە و بەشێوەیەك کە ناکرێ ڕاستی بکەینەوە و تەنانەت لە فەرهەنگی جهانگیری چاپکراویش بەشێوەیەك خراپتر ئەم شیعرەبەشێوەیەکی نالرێکتر هاتووە [٢٠] [٢١].

**بەرهەمێکی تر**

لە دوای فەرهەنگی جهانگیری، کورتە باسێك لە بارەی ئەم شاعیرە پەرێشانە لەکتێبی (**نظم گزیده**) بەرهەمی **محەمەد** سادقی نازمی تەبریزی هاتووە.

نازم تەبریزی کە خۆی لە شاعیرە پلە دووەکانە، بەفەرمانی شا عەباس ئەرکی کۆکردنەوەی شیعری شاعیرە ئێرانییەکان دەگرێتە ئەستۆ و لە ساڵی ١٠٣٦ (ه.ق) کتێبەکەی تەواو دەکات.

ئەو دەنووسێ:

"پورفەرەیدون لە ئەکرادی فارسە.شاعیرێکە کە دوور لە شوریدەیی و شەیدایی نەبووە گوتەکانی بۆنی ڕەنجی لێ دێت، ئەم چەند بلێسەیە لە شیعرەکانی ئەوە".

عزیزا مردی از نامرد نای فغان
و ناله ازبی در درد نای
حقیقت بشنو از پورفریدون که شعله
از تنور سرد نای

***********

عزیزا رخنه درسندان کند عشق مرس[٢٢]
در گردن شیران کند عشق
گدا و پادشاه و میر و درویش همه با

خاك ره يكسان كند عشق

* * *

دلا تامن و سرم دارم دم ته
ندارم عالمی جر عالم ته
جهان بشی و دل بشی و جان شی        نشی نشی زدل
شوق غم ته

*****************

ز ديلم گر صبوری کم نبودی        به
چشمم چشمه زمزم نبودی
ندارم غم خوری، کز غم، فگارم        گرم
غم خواره بودی، غم، نبودی

* * *

دلا جز شوق تو بازم نبازم        بجز
تو وا کسی سازم نسازم
توي ناز و نياز هر دو کونم        بجز
وصلت زحق خوازم نخوازم

* * *

درآ ازگرد گردون وارهانم
دمی ازخاك واز خون وارهانم
چه ام پيچيده ای پور فريدون
ازين پور فريدون وارهانم

**نۆسخه خەتیەكی تر**

كۆمەڵێكی خەتی لە نووسەرێك ﴿كاتب﴾ بەناوی مەلا عەبوسەمەدی سارەڤی لە سەدەی یازدەی كۆچی بەجێ ماوە كە لە ١٣ چوار خشتیی شیعرەكانی پور فەرەیدون بەم شێوەیە تۆمار كردووە:

عزيزا مردی از نامرد نايي
فغان و ناله ازبی در درد نايي



حقيقت بشنو از پورفريدون        كه
شعله از تنور سرد نايي

* * *

بوره كز ديده جيحونی بسازيم        بوره
ليلی و مجنونی بسازيم
فريدون عزيز از دست مورفت        بورة از
نو فريدونی بسازيم

* * *

مورا نه فكر سودائي نه سودی        نه
دردل فكر بهبودی نه بودی
نخواهم جوكنار و چشمه ساران        كه هر
چشمم هزاران زنده رودی

* * *

صفا هونم، صفا هونم، چه جائی        كه هر
ياری گرفتم بی وفائی
شوم يكسر برونم تا بشيراز        كه
درهر منزلم صد آشنائی

* * *

اگر چون موم صد صورت پذيرم        به هر
صورت به دل نقش توگيرم
تو تا بخت منی هرگز نخوابم        تو تا
عمر منی هرگز نميرم

* * *

مو از قالوابلی تشويش ديرم        گنه
از برگ و باران بيش ديرم
چو فردا نومه خونون نومه خونن        مو در
كف نومه سردر پيش ديرم

* * *

اگر مستان مستم از ته ایمان و
گربی پا و دستم از ته ایمان
اگر گوریم و ترسا ور مسلمان بهر
ملت که هستیم از ته ایمان

* * *

خوشا آنان که الله یارشان بی بحمد
وقل هو الله کارشان بی
خوشا آنان که دایم در نمازن بهشت
جاودان بازار شون بی

* * *

کشیمان گر بزاری از که ترسی
برونی گر بخواری از که ترسی
به این نیمه دل از کسی مونترسم دو
عالم دل ته داری از که ترسی

* * *

عاشق اون بی که دایم در بلای ایوب
آسا بکرمون مبتلابی
حسن آسا بنوشه کاسه زهر
حسین آسا شهید کربلابی

* * *

باین بی آشنائی بر کیانشم
باین بی خانمانی برکیانشم
ز عشق آن گل رعنا بنالیم
ته از در گر برونی واکیانشم

* * *

بوره سوته دلان تا بناله



بیا پروانه با ما تا بنالیم
ز عشق آن گل رعنا بنالم ز
دست یار بی پروا بنالم

* * *

زخور این چهره ات افروته تربی تیر
عشقت بجانم وته تر بی
مرا اختر بود خال سیاهت
زمو یارا که اختر سوته تر بی (٢٣)

❊ ❊ ❊

**پورفەرەیدون لە ئاتەشکەدەی ئازەر ئاتەشکدە:**

**لوتفعەلی بەیگی ئازەری بیگدلی (وەفاتی ١١٩٥ هـ.ق) لە ئاتەشکدە، اذر دەنووسێ:**

**"پورفەرەیدون لە ویلایەتی فارسە و رەچەلەکی وەك خاکەکەی پاك و گوتەکانی وەك دڵی پڕ ژانە. عارفێکی تێگەیشتووە و موریدێکی قسەزانە، بەڵام قسەکانی پڕە لەراز و هەندێك جار چوار خشتەیی وتووە و چوار خشتەییەکی هێناوە بەم شێوەیە:**

هرآنکو لعل یارش هالو آمه
دمادم بر تنش جان نو آمه
بسر شد ظلمت پورفریدون که در
بالین مهش نیمه شو آمه

❊ ❊ ❊

عزیزا مردی از نامرد نایي
فغان و ناله ازبی در درد نایي
حقیقت بشنو از پورفریدون
که شعله از تنور سرد نایي (٢٤)

**پورفەرەیدون لە تذکرە مرآت الفصاحە**

**شێخ موفید (داوەر) لە ساڵی ١٣١٦ (هـ.ق) لەکتێبەکەی(تذکرە ات الفصاحە) لە بارەی پورفەرەیدون بەم جۆرە دەنووسێ:**

**"پورفەرەیدونی شیرازی- پیاوێکی تاقانە بوو. بەڵام شیعرەکانی بەزمانی راز بووە:**

شێخی موفیدئەم چوار خشتەیەی هێناوە:

**من ابیاته**

هر آنکو لعل یادش هالو آیه
دمادم بر تنش جانی نو آیه
بسر شد ظلمت پورفریدون که در
بالین حورش نیم سوایه[٢٥].

* * *

عزیزا مردی از نامرد نایی
فغان و ناله ازبی در درد نایی
حقیقت بشنو از پورفریدون که
شعله از تنور سرد نایی[٢٦]

**پورفەرەیدون "له تذکرة روز روشن"**

**له" تذکره روز روشن"، محەمەد موزەفەر حەسەنی سەباش بەم جۆرەی نووسیوە:**

**"له شاعیره کۆن وعارن و خواناسەکان بووە، تەنها ئاماژەی بەم چوار خشتەییەی کردووە:**

عزیزا مردی از نامرد نایی
فغان و ناله ازبی در درد نایی
حقیقت بشنو از پورفریدون که
شعله از تنور سرد نایی[٢٧]

**پورفەرەیدون لە شکرستان**

شوعاعی شیرازی، لە تذکره شکرستان، پورفەرەیدون بەشیرازی دادەنێ و دەڵێ کە شیعرەکانی لە سەر شێوازی بابا تاهیرە[٢٨].

شوعاعی شیرازی چوار چوار خشتەیی لە پورفەرەیدون هێناوە کە دوو لە چوار خشتەییەکان لە بەرهەمەکانی پێشتر نییە. بەم شێوەیە:

بگو پورفریدون یارت آمد درخت
سبز گوهر بارت آمد
بده انگشترت را مژده گانی رفیق
غمخور و غمخوارت آمد



*********

برادر، بارفیق بد مکن خو به
حاجت پیش نامردان مکن رو
حیقت گویدی پورفریدون گُل پس
مانده کس را مکن بو

* * *

هر آنکو لعل یادش بالو آمه
دمادم بر تنش جانی نو آیه
بسر ظلمت پورفریدون که در
بالین مهش نیم شوآمه

* * *

عزیزا مردی از نامرد نایی
فغان و ناله ازبی درد نایی
حقیقت بشنو از پورفریدون که
شعله از تنور سرد نایی[٢٩]

**پورفەرەیدون لە (تذکره "سر امران سخن"):**

یەکێك لە تەزکەرە نووسەکان بەناوی حوسێی دانش لەکتێبی ﴿**مرا امدان سخن**﴾ کە بەزمانی تورکییە، بەکورتی باسی لێ کردووە و دوو چوار خشتەیش هێناوە: **هرێ نکو لعل** یارش... و عزیزا مردی..... و بەخەڵکی رێی لە قەلەمی داوە[٣٠].
بولدشۆد

سەعیدی نەفیسی لەکتێبی ﴿**"تاریخ نظم و نثر در زبان فارسی تا پایان قرن دهم هجری"**﴾ دەنووسێ:

"پورفەرەیدون لە شاعیرانی کۆتایی سەدەی هەفتەم و سەرەتایی سەدەی هەشتەمە و لەکوردەکانی پارس بووە و چەندین چوار خشتەیی بەزمانی پەهلەوی لێ بەجێ ماوە[٣١]"

**پورفەرەیدون هاو ئاستی بابا تاهیر**

جەلالی هومایی، پورفەرەیدونی لە ئاستی بابا تاهیر دەزانێ و دەڵێ کە لە شاعیرانەیە کە شیعری پەهلەوی دەڵێ.

ئەو بەم جۆرە باسی لێ دەکات:

"زۆرن لە و شاعیرانەی کە لە دوای ئیسلامدا هندێك جار یان بەزۆری شیعری پەهلەویاتیان گوتوە وەك: بۆنداری رازی، بابا تاهیری هەمەدانی، روزبەهانی شیرازی، پورفەرەیدون، محەمەدی سۆفی مازەندرانی و مەحمودی قاری[32]."

جگە لە بەرهەمەکانی سەرەوە شیعر و ژیاننامەی پورفەرەیدون لە وێنەی خەتی ریاض الحسنە" زنوزی تەبریزی، لەکتێبخانەی نەخجەوانی تەبریز، لە روضەی پێنجەم و بەشی دووەم[33] هاتووە کە بێ بابەتە.

**سەردەمی پورفەرەیدون**

سەعیدی نەفیسی بە بەڵگەهێنانەوە لەو شاعیرانە کە پێشکری "پور" یان هەیە ناوی دوو کەس دێنێ بەناوەکانی پور بەهایی جاس و پور حەسنی ئەسفراییینی کە لە نیوەی دووەمی سەدەی هەفتەمی کۆچیدا دەژیان ئەو دەڵێ کەنازناوی ئەو شاعیرانە کە بەوشەی "پور" دەست پێدەکات، زۆرتر لە سەدەی هەفتەم و ڕەنگە لە سەرەتایی سەدەی هەشتەمدا باو بووەو وای بۆ دەبێ کە "پورفەرەیدون" لەکۆتایی سەدەی هەفتەم و سەرەتایی سەدەی هەشتەم ژیا بێ[34].

**شوێنی ژیان بەسەربردنی پورفەرەیدون**

لە نێوان ئەم بەرهەمانە کە باسمانکرد پورفەرەیدونیان بەخەڵکی شیراز و رازی ﴿خەڵکی ڕێی﴾ زانیوە. بەڵام سەعیدی نەفیسی بەپێی کتێبی "﴿ نظم گزیده﴾" کە پورفەرەیدون بەکوردی فارس دادەنێ، دەڵێت:

"لە بەر ئەوەی کە ئەو لە نەژادی کوردەکان بووە و چونکە کوردەکان لە ڕابردوویی کۆنەوە لە ناوچەکانی فارس وەك ناوچەی ئابادە و ئیزە خواست (لە شاری ئابادە) و بەشێك لە ناوچەی شەبانکارە و بەشێکیش لە نزیکەی کرمان و ناوچەی شاری بابەك دەژیان، بەوردی ناتوانین بڵێین کە پورفەرەیدون خەڵکی کام ناوچەی فارس بووە، بەڵام لە سەدەی هەشتەم زۆربەی کوردەکانی فارس نیشتەجێی باکووری ئەم ناوچەیە، لە نێوان ئابادە و ئیزە خواست بوونە و ڕەنگە پورفەرەیدونیش هەر لەم ناوچەیە ژیابێ.[35]

کە واتە بیرۆکەی سەعید نەفیسی لە بارەی شوێنی پورفەرەیدون راستە. خاڵێکی تر کە شوێنی پورفەرەیدون زۆرتر روون دەکات و دووپاتی ئەم چوار خشتەیە:



صفا هونم، صفا هونم، چه جائی که
هر یاری گرفتم بی وفائی
شوم یکسر بروئم تا بشیراز
که درهر منزلم صد آشنائی

لە بەر ئەوەی کە پورفەرەیدون لە ئەسفەهان هەتا شیراز، لە هەر مەنزل (مەودای مەنزل تا مەنزل ١٨ تا ٢٤ کیلۆمەترە) سەد ناسراوی هەبووە، بەبێ شك شوێنی ژیانی لە نێوان هاو نەژادە کوردەکانی لەم ناوچەیە بووە.

بەو شێوەیە کە لە لاپەڕەکانی پێشتر هاتووە ڕەی جیلویە ﴿ڕەم ڕەمیجان یان ڕەم جیلویەی ئەلمەهرەجان﴾ لە شاری ئەستەخر (٥ر٧ کیلۆمەتری باکووری تەختی جەمشید) تا سەر سنووری ئیزە خواست (لە شاری ئابادە) ژیاون.

بابەتێکی تر کەجەخت لەم بیرۆکەیە دەکات، ئەم چوار خشتەیەی پورفەرەیدونە:

مرا در سرنه سودای نه سودی نه
در دل فکر بهبودی نه بودی
نخواهم زنده رود و باغ کاران که
هر چشمم هزاران زنده رودی

﴿زندە رود﴾ هەمان زایەندەرووده و ﴿باغ کاران﴾، باخێکی شوێنەوارییە لەئەسفەهاندا و بەبێ شك پورفەرەیدون لە گەڵ ناوچەی جوگرافیایی دەوروپشتی خۆی ئاشنا بووە. ڕەنگە پورفەرەیدون هەندێك شیعری تری هەبێ کە باسی ناوچە جوگرافیایەکانی کردبێ، بەڵام ئێمە ئاگادار نین.

**پورفەرەیدون باوکی بابا تاهیر**

بەپێی ئەو شتانەی کەباسمان لێ کردووە و بەپێی ئەم شیعرانەی خوارەوە، هەندێك لە تەزکەرە نووسان پورفەرەیدون بەباوکی بابا تاهیر دادەنێن:

عزیزا مردی از نامرد نایی
فغان و ناله ازبی درد نایی
حقیقت بشنو از پورفریدون
که شعله از تنور سرد نایی

* * *

بـوره کـزدیـده جیحونی بـسازیم
بـوره لـیـلـی و مجـنـونی بـسـازیم
فـریـدون عـزیـز از دست مـو رفـت
بـوره از نـو فـریـدونی بـسـازیم

له و کەسانەی کە پورفەرەیدون بەباوکی بابا تاهیر دەزانن، ئاقا بۆزۆرگی تێهرانی خاوەنی لعذریە کە لە بارەی دیوانی بابا تاهیروا دەنووسێ:

"وهو بابا طاهر الهمدانی ابن فریدون کما یظهر من شعر قال فی (مع ١ ص٣٢٦) انه کان حیاً فی ٤١٠ و فی شاهد صادق انه مات ٤١٠..."(٣٦).

وەرگێڕانی ئەم دەقە:

و ئەو بابا تاهیری هەمەدانی کوڕی فریدونە کە لە شیعرەکانیشی دیارە (چاو بکەن بە ل٣٢٦) ئەو لە ٤١ (هـ.ق) لە ژیاندا بووە و شایەتێکی متمانە پێکراو هەیە کە لە ٤١ (هـ.ق) کۆچی کردووە".

لە دوای ئاقا بۆزۆرگی تێهرانی ، کەسێکی تریش پورفەرەیدون بەباوکی بابا تاهیری زانیوە، ئەویش وەحید دستگردییە کە لە چامەی "ابن سینا"روو لە شاری هەمەدان وا دەڵێت:

ای کـاخ سخـنـوران دانـا
وی عرش کـنـوز علم بـیـچون
ای مـدفـن پـاك ابـن سیـنـا
وی مـسقـط پـور آفـریـدون
مـسعـود و بـدیـع از تـو پـیـدا
عین الـقـضاة در تـو مـدفـون(٣٧)

دوکتۆر جەوادی مەقسود لە پەراوێزی ئەم شیعرە زێدە دەکات کە:

"مەبەست لە پورفەرەیدون، بابا تاهر چونکە وا باوە کە ناوی باوکی بابا، فەرەیدون بووە....(٣٨).

م.ئۆرەنگ بە دوو بەیتی:

عزیـزا مـردی از نـامـرد نـایی
فـغـان و نـالـه ازبی در درد نـایی



حقـیقت بـشنـو از پـورفـریـدون
کـه شعلـه از تـنـور سرد نـایی

و ئەم دوو بەیتەش:

بـوره کـزدیـده جـیحونی بـسـازیم
بـوره لـیـلـی و مجـنـونی بـسـازیم
فـریـدون عـزیـز از دست مـو رفـت
بـوره از نـو فـریـدونی بـسـازیم

فەرەیدون بەباوکی بابا تاهیر دادەنێ و تەنانەت دەڵێ کە چوار خشتەی دووەمی بۆ لە دەستدانی باوکی وتووە(٣٩).

لە گەڵ تەواوی ئەم تەفسیرانە، هەموو ئەم بیرۆکانە ڕەت دەکرێتەوە.

**شی کردنەوەی شیعرەکانی پورفەرەیدون**

بەمەبەستی شیکردنەوەیەکی تەواو لە سەر شیعرەکانی ئەم شاعیرە، پێویستیمان بە دیوانەکەیەتی کەتا ئێستا بەردەستمان نییە. جگە لەم چوار خشتەیانەی کە لە لاپەڕەکانی پێشوو هاتووە زۆر کەمە، شیعرێکی ترمان لێ نەبینیوە. هەروەها ئەم چوار خشتەیانە یەك پارچە نین. لە لایەکی ترەوە ئەم چوار خشتەیانە لە فەزایی شیعری چوار خشتیەکانی بابا تاهیرکونجاوە و زۆرتر لە نوسخە لە چاپ دراوەکانی باباتاهیر دەیانبینین، دەتوانین بەشاعیرێکی نەنامراو و ناوچەییدا دابینین(٤٠).

بەگشتی ٢١ چوار خشتەیی لە پورفەرەیدون لەتەزکەرەکاندا هاتووە کە (عزیزا مردی) حەوت جار و (هرایێنکو لعلش) چوار جار دووبارە کراوە.

**شیعرەکانی پورفەرەیدون**

جگە لەم چەند چوار خشتەییانە کە بە ناوی پورفەرەیدونە و لە نوسخە چاپ کراوەکانی

شیعرەکانی بابا تاهیر نەهاتووە شیکردنەوەی ئەم شیعرانە ئاسانە، ٩ دانە چوار خشتەیی لەگەڵ تاکە بەیتێك لە پورفەرەیدونە.

ئەم چوار خشتەییانە کە تایبەتە بە پورفەرەیدون ئەمانەن:

عزیزا رخنه درسندان کند عشق  مرس در گـردن شیران کند عشق
گدا و پادشاه و میر و درویش  همه با خاك رهـ یکسان کند عشق

* * *

دلا تامن و سرم دارم دم ته  ندارم عالمی جر عالم ته
جهان بشی و دل بشی و جان بشی  نشی نشی زدل شوق غم ته

* * *

ز دیلم گر صبوری کم نبودی  به چشمم چشمه زمزم نبودی
ندارم غم خوری، کز غم فگارم  گرم غم خواره بودی، غم نبودی

* * *

دلا جز شوق تو بازم نبازم  بجز تو وا کسی سازم نسازم
تویی ناز و نیاز هر دو کونم  بجز وصلت زحق خوازم نخوازم

* * *

درا ازگرد گردون وارهانم  دمی ازخاك واز خون وارهانم
چه ام پیچیده ای پور فریدون  ازین پور فریدون وارهانم

* * *

هر آنکو لعل یادش هالو آمه  دمادم بر تنش جانی نو آمه
بسر شو ڨلمت پـورفریدون  کهـ در بالین حورش نیم سوایه آمه
مخلف خالدار مولو شکر و کفاخش  حاجت وصف بنەد نی هر که خش مجاخش

* * *

اگر چون موم صد صورت پزیرم  به هر صورت بەدل نقش توگیرم
تو تا بخت منی هرگز نخوابم  تو تا عمر منی هرگز نمیرم

* * *

بگو پور فریدون یارت آمد  درخت سبز گوهر بارت آمد
بدهـ انگـشترت را مژده گانی  رفیق غمخور و غمخوارت آمد



* * *

برادر، بارفیق بد مکن خو  به حاجت پیش نامردان مکن رو
حقیقت گویدی پورفریدون  گل پس مانده کس را مکن بو

**شیعرەکانی پورفەرەیدون لە نۆسخەکانی بابا تاهیر:**

بۆ دەست نیشان کردنی شاعیری ئەم جۆرە شیعرانە، پێویستە چوار خشتەیەکان جیا لە یەك شی بکەینەوە، بەڵام بەر لە وەی کە باس لەم بابەتە بکەین دەبێ بەر خشتەیەکانی نۆسخەکانی خەتی (مەلا عەبدولسەمەدی سارەڤی) کە بەناو پورفەرەیدون هاتووە، لەبەر شیعری بابا تاهیر داینن[٤١].

بەگشتی ١٦ چوار خشتەیی لە پورفەرەیدون لە شیعرەکانی بابا تاهیر لە چاپ دراوە.

**شی کردنەوەی شیعرەکانی پورفەرەیدون:**

ئێستا چوار خشتەیەکانی شی دەکەینەوە:

**١. چوار خشتەیی:**

**عزیزا مردی از نامرد نایی  فغان و ناله ازبی درد نایی**
**حقیقت بشنو از پورفریدون  که شعله از تنور سرد نایی**

بەپێی لێکۆڵینەوەکانی م. ئورەنگ، ئەم چوار خشتەییە لە ١١ وێنەی بابا تاهیر هاتووە کە یەکەمین وێنەی، وێنەی خەتی ژمارە ٩١٩٢ کتێبخانەی مەجلسی شورای ئیسلامی (ژمارە یەك)ە کە لە ساڵی ١٢٢٤ ه.ق نووسراوە. ئەم چوارخشتەیە لە شەش وێنە نوبخە بەناوی پورفەرەیدون هاتووە و لە چوار نوبخە بەناوی تاهیری قەلە ندەر. بەڵام چونکە لەکتێبی (**نظم گزیده**) بەناوی پورفەرەیدون هاتووە، بە شیعری پورفەرەیدو دادەین [٤٢]. دوکتۆر خانلە ریش بەشیعری پورفەرەیدونی دەزانێ[٤٣].

**٢. چوار خشتەیی**

بوره کزدیده جیحونی بسازیم  بوره لیلی و مجنونی بسازیم
فریدون عزیز از دست مو رفت  بوره از نو فریدونی بسازیم

سەعیدی نەفیسی دەڵێ ڕەنگە نیو دێری چوارەم یان کۆری بێ و لەئاسڵدا وا بووبێ: "بورە پور فریدونی بسازیم" دواتریش دەڵێ کە نۆسخە هەڵگرەکان "پور فریدونی" یان کردوو بێتە "نو فریدونی"[٤٤]."

لە بەر ئەوەی کە لە نۆسخەی مەلا عەبدولسەمەدی سارەڤی بەناوی پورفەرەیدون هاتووە و دوکتۆر خانلەری[٤٥]، سەعیدی نەفیسی و م. ئۆرەنگ ئەم چوار خشتەییانەیان شیعری پورفەرەیدونیان زانیوە، ئیتر باسی لێ ناکەین[٤٦].

**٣. چوار خشتەیی:**

| | |
|---|---|
| **صفا هونم، صفا هونم، چه جائی** | **که هر یاری گرفتم بی وفائی** |
| **شوم یکسر برونم تا بشیراز** | **که درهر منزلم صد اشنائی** |

لە بەر ئەوەی کەتەنها لە دوو نۆسخە لەکۆمەڵە نۆسخەکان[٤٧] ئەم چوار خشتەیانەیان لە شیعرەکانی بابا تاهیر لە قەڵەم داوە، شك ئەم چوار خشتەیە لە شیعرەکانی پورفەرەیدونە[٤٨]. هەروەها سنوری ناوچەی ژیانی پورفەرەیدونمان بەم چوار خشتەیە دیاری کرد ونازانن زانیاریمان لە بارەی ئاشنایی بابا تاهیر شارەزای ئەم چانە بووە یانە[٤٩].

**٤. چوار خشتەیی:**

| | |
|---|---|
| **اگر چون موم صد صورت پزیرم** | **بە هر صورت بە دل نقش توگیرم** |
| **تو تا بخت منی هرگز نخوابم** | **تو تا عمر منی هرگز نمیرم** |

دوکتۆر خانلەری دەڵێ کە ئەم چوار خشتەییە هی بابا تاهیر نییە، بەڵام ناوی شاعیرەکەشی دیار نەکردووە [٥٠].

لە بەر ئەوەی کە لە تەواوی بەرهەمە خەتیەکان و لە چاپ دراوەکان بەناوی بابا تاهیر نەهاتووە، کەواتە ئێمە لە شیعری پورفەرەیدون لە قەڵەمی دەدەین[٥١].

**٥. چوار خشتەیی**

| | |
|---|---|
| **عاشق اون بی که دایم در بلایی** | **ایوب اسا بەکرمون مبتلابی** |
| **حسن آسا بنوشه کاسه زهر** | **حسین آسا شهید کربلابی** |



ئەم چوار خشتەییە لە ١٧ نۆسخە بەناوی بابا تاهیر هاتووە بەڵام لە بەر ئەوەی کە لە نونەی مەلا عەبدولسەمەدی سارڤی بەناوی پورفەرەیدون هاتووە لە شیعرەکانی پورفەرەیدون لە قەڵەمی دەدەین[٥٢].

**٦. چوار خشتەیی**

| | |
|---|---|
| **زخور این چهرەات افروته تربی** | **تیر عشقت بجانم دو ته تر بی** |
| **مرا اختر بود خال سیاهت** | **زمو یارا که اختر سوته تر بی** |

ئەم چوار خشتەییە لە ١٣ نوسخەی جیاوازدا بەناوی بابا تاهیر هاتووە لە بەر ئەوەی کە لە نۆسخەی مەلا عەبدولسەمەدی سارەڤی، بەشیعری پورفەرەیدونی دەزانێ ئێمەش بەشیعری پورفەرەیدون لە قەڵەمی دەدەین[٥٣].

**٧. چوار خشتەیی**

| | |
|---|---|
| **مورانه فکر سودای نه سودی** | **نه دردل فکر بهبودی نه بودی** |
| **نخواهم جوکنار و چشمه ساران** | **که هر چشمم هزاران زنەد رودی** |

لە تەواوی ١٧ نۆسخەکە، ئەم چوار خشتەییە بەناوی بابا تاهیر هاتووە و هیچ ناوێك لە پورفەرەیدون نەهاتووە[٥٤]. هەڵبەت م.ئۆرەنگ ئەسلی ئەم چوار خشتەیەی بەم جۆرە هێناوە:

| | |
|---|---|
| **مرا در سرنه سودایی نه سودی** | **نه در دل فکر بهبودی نه بودی** |
| **نخواهم زنده رود و باغ کاران** | **که هر چشمم هزاران زنده رودی** [٥٥] |

هەروەها ئەم لێکۆڵەرە ئاماژە بەم بابەتە دەکات کە باغ کاران، باخێکی شوێنەواریە لە ئەسفەهاندا کە نوسخە هەڵگرەکان ئاگایان لێ نەبووە و گۆڕیوییانە[٥٦].

دوکتۆر خانلەری شاعیری ئەم شیعرە بەئەسفەهانی دەزانێ[٥٧] بەڵام بەپێ چوار خشتەییەکانی تری بابا تاهیر کە باس لە جۆرە ناونیشان و هیچ شوێنێکی نەکردووە، بەڕای لێکۆڵەری ئەم گوتارە بەپێ ئەم چوار خشتەییە "صفا هونم صفا هونم" دەبێ خاوەنی ئەم چوار خشتەییە، پورفەرەیدون بێت.

بەپێی جیاکردنەوەی شیعرەکانی پورفەرەیدون  چوار خشتەییەکانی تر هی بابا تاهیرە. بەم جۆرە:

**١. چوار خشتەیی**

مو از قالو ابلی تشویش دیرم        گنه از برگ و باران بیش دیرم
چو فردا نومه خونون نومه خونن        مو در کف نومه سردر پیش دیرم

بەپێی ئاوازی ئەم چوار خشتەییە کە لە سەر شێوازی بابا تاهیرە و لە ٣٧ نۆسخەدا بەناوی ئەو تۆمار کراوە و قەدیمە بوونی دێری یەکەم دڵنیامان دەکات کەهی بابا تاهیرە[٥٨]. دوکتۆر خانلەریش دەڵێ کە هی بابا تاهیرە[٥٩] [٦٠].

**٢. چوار خشتەیی**

اگر مستان مستم از ته ایمان        و گر بی پاو دستم از ته ایمان
اگر گوریم و ترسا ور مسلمان        بەهر ملت که هستیم از ته ایمان

ئەم چوار خشتەییە بەناوی بابا تاهیر تۆمار کراوە ولە کۆنترین بەرهەمی کۆمەڵەی خەتی کتێبخانەی مەجلسی شورای ئیسلا (ژمارە یەك) بەژمارە ١٠٩٧ کە لە ساڵی ٩٣٠ ه.ق نووسراوە، بەناوی بابا تاهیر هاتووە[٦١].

**٣. چوار خشتەیی**

خوشا آنان که الله یارشان بی        بحمد وقل هو الله کارشان بی
خوشا آنان که دایم در نمازن        بهشت جاودان بازار شون بی

لە هەمان کتێبی خەتی نووسراوی ساڵی ٩٣٠ ه.ق، بە ژمارەی ١٠٩٧ کتێبخانەی مەجلسی شورای ئیسلامی (ژمارە یەك) ئەم چوار خشتەییەی بە ناوی بابا تاهیر تۆمار کردووە[٦٢].

**٤. چوار خشتەیی**

کُشتمان گر بزاری از که ترسی        برونی گر بخواری از که ترسی
به این نیمه دل از کس مونترسم        دو عالم دل ته داری از که ترسی



ئەم چوار خشتەییە لەکتێبی کۆنی ئەرشادی کەلە ساڵی ١٢٦٠ ه.ق نووسراوە بەناوی بابا تاهیر هاتووە[٦٣].

لەکتێبی **"المعجم فی معاییر آثار العجم"** بەرهەمی شەمسەددین محەمەدی قەیسی رازی لە سەدەی هەفتەمی ه.ق، چەند گۆرانیەکی لە فەهلە ویات هێناوە کە لە سەر زاری خەڵکی هەمەدان وەریگرتووە. هەرچەند ناویکی لە بابا تاهیری هەمەدانی لەهیناوە، بەڵام روون و ئاشکرایە کە لە شیعرەکانی بابا تاهیرە[٦٤]. هەروەها دوکتۆر خانلەریش ئەم چوار خشتەییە بەشیعرەکانی بابا تاهیر دەزانێ[٦٥].

**٥. چوار خشتەیی**

**باین بی آشنائی بر کیانشم        باین بی خانمانی برکیانشم**
**حەکرمو برونن واته ایم        ته از در گر برونی واکیانشم**

ئەم چوار خشتەییە لە ٤٠ نۆسخە لەوانە لە کتێبی خەتی ژمارە ١٠٩٧ی ساڵی ٩٣٠ ه.ق بەناوی بابا تاهیر تۆمار کراوە[٦٦].

**٦. چوار خشتەیی**

بوره سوته دلان تا بنالیم        بیا پروانه با ما تا بنالیم
ز عشق آن گل رعنا بنایم        ز دست یار بی پروا بنالیم

ئەم چوار خشتەییەش لە ٤٠ نۆسخە لەوانە لەکتێبی خەتی ژمارە ١٠٩٧ی کتێبخانەی شورای ئیسلامی (ژمارە یەك) بەناوی بابا تاهیر تۆمار کراوە[١] [٢].

بەبێ شك دەکرێ کە نوسخە خەتیەکی تر لە گۆشەی کتێبخانەکان هەبێ کە ئەم نێهنیانەمان بۆ ئاشکرا بکات.

## پەراوێزەکان

١. بەپێی بۆچوونی هەڵە چنی( تژکره مزار هزار ،هامش ص ١٥٩) مەبەست شێخ عەبدولقادری گەیلانی بووە، کە لەقەبی غوپ، غوپ الله، غوپ اعڤم، غوپ الپقلین و غوپ افاق بووە.

٢.( باغ نو) گەڕەکێکی ئەو سەرەدەمە شیراز بووە.

٣. عیسی بن جنید شیرازی، تذکر هزار هزار، باتصحیح و تحشیه دکتر نورانی ومال، شیراز: کتابخانه احمدی، ١٣٦٤. ل١٩٤.

٤. هەمان سەرچاوە. ل ١٤٦.

٥. هەمان سەرچاوە. ل ١٨٧ .

٦. هەمان سەرچاوە. هامش. ل٢٠٣ .

٧. هەمان سەرچاوە، ل٢٠٢.

٨. هەمان سەرچاوە، لل ٢٩٢- ٢٩١

٩. هەمان سەرچاوە، ل ١٩٦.

١٠. هەمان سەرچاوە، ل ١٩٧.

١١. هەمان سەرچاوە، ل ١٩٩.

١٢. ئەم بەشە تا کۆتایی بەشی هەشتەم، دەقی وتارێکی منە لەکۆنگرەی رێزگرتن لە بابا تاهیری عۆریان لە هەمەدان لە رۆژی ١٦ی کوردی ١٣٧٩.

١٣. پیام نو، سال اول، شماره ٨، ابان: کوژی ١٣٢٤، صص ٣٢- ٢٦.

١٤. هەمان سەرچاوە، ل ٢٧ .

١٥. هەمان سەرچاوە، ل ٢٩.

١٦. هەمان سەرچاوە، ل ٣٠ .

١٧. هەمان سەرچاوە، ١٣٢٤. شماره ١١ (بەنقل از اورنگ. م، سروده های بابا طاهر همدانی، بی جا، بی نا، بی تا، صص ٥١. ٥٠).

١٨. لەم فەرهەنگەدا "فریدون" بەکارهاتووە.

١٩. پیام نو، ١٣٢٤، شماره ١١ (وەرگیراو لە : اورنگ، م، ص ٥٣).

٢٠. چاپ لکنهو، ١٢٩٣، ه.ق. چ ٢. ص ٢٣٣ (بەنقل از: همان، همان ص).

٢١. لە نۆسخەی چاپی فەرهەنگی جەهانگیری بەم جۆرە نووسراوە:



مختلف سال وارمو لو شکر کفاخش　　　　حاجت وصف بنده بی هر که حسن مخاخش

سەعیدی نەفیسی دەڵێ کە لە نۆسخەی خەتی، ئەم شیعرەی بەم شێوەی خوارەوەی بینیوە:

مخلف خال دارمو لو شکر و کفاخش　　　　حاجت وصف بنده نی هر خشن مجاخش

دواتر دەڵێ کە لە نۆسخەی خەتیەکی تر لە عەلی ئەسغەری حیکمەت ئەم شیعرە وا هاتووە:

مخلف خال دارمو لو شکر و کفاخش　　　　حاجت وصف بنده نی هرکه خشن مجاخش

(هەمان سەرچاوە، هەمان ل)

وا دیارە کە ئەم بەتە گومانی تێدا هەیە و ناتوانین بەیتە سەرەکییەکە دەست نیشان بکەین.

٢٢. مرس (مرس، کۆکراوی مرسە) واتا گوریسی ئەستور، ئەوسار.

٢٣. اورنگ. م، صص ٥٧- ٥٥.

٢٤. تهران، امیرکبیر، ص ٢٧ (بەنقل از: شرح احوال و آثار دو بیتی های بابا طاهر عریان . به کوشش دکتر جواد مقصود، تهران، انجمن اثار ملی، ١٣٥٦، ص ١٥).

٢٥. دەبێ وشەکە "شو" بەواتای شەو بێ کە نۆسخە هەڵگر نوقتەی "ش"ی لە بیر کردووە لە (لێکۆڵەری ئەم وتارە).

٢٦. طاووس، محمود (دکتر)، تذکرة مرات الفصاحه. شیراز، نوید. ١٣٧١. ص ٧٢٨.

٢٧. تذکرة روز روشن. ص١٤٠ (به نقل از: تذکرة مرآت الفصاحه ، ص ٧٢٨).

٢٨. شکرستان پارس، نسخه خگی، حرف پ (بەنقل از: اورنگ، م، ص ٥٧).

٢٩. اورنگ، م، ص ٥٨.

٣٠. چاپ ترکیه، ص ٣٤، (پاکژی فارسی: دکتر جواد مقصود صص ١٦- ١٥).

٣١. تهران: فروغی. جلد اول، ١٣٤٤، ص ٢٢٤ (وەرگیراو لە : دکتر جواد مقصود، ص ١٦).

٣٢. تاریخ ادبیات ایران. تبریز، چ ٢. ١٣٤٠، ج ٢. ص ٢٩٦٩. (وەرگیراو لە : دکتر جواد مقصود، ص ١٥).

٣٣. تذکره مرآت الفصاحه ، ص ٧٢٨.

٣٤. پیام نو، ١٣٢٤، شماره ١١ (وەرگیراو لە : اورنگ، م، ص ٥٤).

٣٥. پیام نو، ١٣٢٤، شماره ١١ (وەرگیراو لە : اورنگ، م، صص ٥٥- ٥٤).

٣٦. **الذرمة**، تهران، طهوری، جلد الف، ١٣٩١ ه.ق. ص ١٥٩ (وەرگیراو لە : دکتر جواد مقصود، ص١٥- ١٤).

٣٧. مجله ارمغان، سال نهم، شماره اول. ١٣٠٧ (وەرگیراو لە:دکتر جواد مقصود. ص ٥).

٣٨. هەمان سەرچاوە، هامش هەمان ل.

٣٩. اورنگ، م، ص ٦٢.

٤٠. اورنگ. م، ص ٥٩.

٤١. اورنگ. م، ص ٦١.

٤٢. هەمان سەرچاوە. صص. ٦٣- ٦٢.

٤٣. دو بیتی های بابا طاهر، ص ٢٩.

٤٤. پیام نو، ١٣٢٤. شماره ١١ (وەرگیراو لە : اورنگ، م ، ص ٥٤).

٤٥.پیام نو، شماره ٨(وەرگیراو لە:هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەرە ٦٢)

٤٦. دکتۆر خانلەری دەڵێ: کە ڕەنگە هی پور فرەیدون بێ (دو بیتی های بابا گاهر، ص٣٠).

٤٧. یەکێکی تر کتێبی خەتی ژمارە ٥٥٣٦ کتێبخانەی مەلەك، ڕێکەوتی ١٢٩٧ هـ.ق و دیوانی بابا تاهیر پەیوەستی ساڵی هەفتەمی "گۆڤاری مجله ایفان ئەرمەغا"ن (وەرگیراو لە : اورنگ، م، ص ٦٤).

٤٨. اورنگ،م.ص ٦٤.

٤٩. دکتۆر خانلەری (دوبیتیهای بابا **طاهر**،ص ٣٠) دەڵێ ڕەنگە شاعیری ئەم چوارخشتیانە ئەسفەهانی بێ.

٥٠. دکتر خانلری، همان، ص ٢٧.

٥١.اورنگ،م.ص ٦٤.

٥٢. دکتر خانلری (همان، ص٢٧) ئەم چوار خشتەییە بە هی بابا تاهیر دەزانێ.

٥٣. هەمان سەرچاوە. ل ٦٧.

٥٤. هەمان سەرچاوە.

٥٥. هەمان سەرچاوە.

٥٦. هەمان سەرچاوە.

٥٧. دو بیتی های بابا **طاهر**، ص ٣٠.

٥٨. اورنگ، م، صص ٦٥- ٦٤.

٥٩. دو بیتی های بابا گاهر، ص ٢٨.

٦٠. م. (اورنگ) لە سەر بەرگی کۆمەڵەی خەتی کتێبخانەی مەدرەسەی عالی سپەهسالار بەژمارەی ٢٩١٣ کە لە ساڵی ١١٦١ هـ.ق نووسراوە. بەم شێوەیە ئەم چوار خشتەییە ڕاست دەکاتەوە.

از از قالو بلا اندیش دارم　　　　گنه از ولگ داران بیش دارم

(اورنگ، م. صص ٦٥- ٦٤).

٦١. اورنگ، م، ص ٦٥.



٦٢. هەمان سەرچاوە.

٦٣. هەمان سەرچاوە، ل ٦٥.

٦٤. هەمان سەرچاوە، ل ٦٦ .

٦٥. پیام نو. سال اول، ابان ١٣٢٤، شماره نهم (وەرگیراو لە : اورنگ، م، ص ٦٦).

٦٦. اورنگ. م، ل ص ٦٧.

٦٧. هەمان سەرچاوە،ل ٦٧.

٦٨. م. ئۆرەنگ (هەمان سەرچاوە، ل ٦٧) ڕاستەکەی بەم جۆرەی هێناوە:

بورەای سوتە تا ما بنالیم　　　　ز دست یار بی پروا بنالیم

بشیم با بلبل شیدا بە گلشن　　　　اگر بلبل ننالە ما بنالیم

# بەشی دووەم

## کوردەکانی پارس لە دوای رەومی کوردەکانی پارس

## پاژی نۆیەم

## کوردەکانی پارس لە دوای رمومی کوردەکانی پارس
## (لە سەفەوییە هەتا کۆماری ئیسلامی ئێران)

### سەردەمی سەفەوییە

#### زەنگەنەی کرایلی لە فارسدا

ڕاپۆرتێك لە بارەی بارودۆخی سوپای ئێران لە ساڵی ١١٢٨ ه.ق بەردەستەکە دەڵێ:

"سێ هەزار سەرخێزانیان لە هۆزەکانیان هێناوە کە لە شاخەکانی نزیك بە کەناری فارس نیشتەجێ کراوان کەناوی ئەم هۆزانە (زەنگەنەی کرایلی)، (قەشقەیی[١]) و (مەمسینی[٢])ە. کە لە باسی هۆزەکان تەواوی باسیان لێ دەکەین[٣]".

ئەمڕۆ تیرەیەك بەناوی زەنگەنە لە هۆزی قەشقایی هەیە کە بەزمانی تورکی دەدوێن، بەڵام لە پارێزگای ئێستای بوشێهر و پارێزگای فارس گرووپێکی زەنگەنە هەن کە بەفارسی قسە دەکەن. بەبێ شك گرووپی دووەم لە پاشماوەی کوردەکانن. بەداخەوە ڕاپۆرتی سەرەوە کەئاماژەی کردووە کە دواتر بەتەواوی باس لە هۆزەکانی ناوبراو دەکات، هیچ باسێکیان لێ نەکردووە.

### سەردەمی ئەفشارییە

#### کوردەکانی ئەبی وێرد لە فارسدا

لە نزیکەی ساڵی ١١٥٠ ه.ق لە ئەبی وێردی خۆراساندا کوردەکانی قەراچورلو، باچوانلو، شێخوانلو، گاوشانلو، کیینك لو، کەیوانلو، بادللو، میانلو، پالکانلو و کرگرلو دەژیان.

لە ساڵی ١١٥٠ ه.ق لە سەردەمی نادر شای ئەفشار لە بەنادر، مەسقەت و بەحرەین خەڵك ڕاپەریی بوو کە نادر شا کۆسە ئەحمەد لوی ئەفشار بەفەرماندەیی سوپا ڕادەسپێرێ و تورکمانەکانی تایفەی ئەبولوێردی و کوردەکانی شێخوانلو، کیوانلو و گاوشانلو و.... لە



گەڵیدا بەرەو فارس ڕەوانە دەکات[٤] کۆسە ئەحمەدلوی ئەفشار بە هۆی هاوکاری کردنی شۆڕشگێران بە فەرمانی نادرشا دەکوژرێت [٥] و تا ساڵی ١١٥٧ ه.ق ڕاپەڕینی خەڵك لە فارسدا بەردەوامە. لە ئەنجامدا تورکمانەکان و کوردەکانی ناوبراو کە فەرماندەکەیان بەفەرمانی نادرشا دەکوژرێت و خۆشیان دەستیان لەم ڕاپەرینەدا هەبوو، لە ترسی سزا دران لە شیراز و فارس دەمێننەوە[٦].

شوێنی تایفەی ئەبولوێردی لە تەل شازادە کە ئەمڕۆ بەناوی ئەبی وێرد ناسراوە و لە ناوەندی شیرازە، بەڵام هیچ جۆرە زانیارییەکمان لە بارەی جێگیربوونی کوردەکانی ئەبی وێرد لە شیراز و فارسمان نییە و هەر چەندە کتێبێك لە بارەی تایفەی ئەبولوێردی لە شیراز لە چاپدراوە. بەڵام هیچ باسێکی لەکوردەکانی ئەبی وێردی فارس تێدا نەکردووە.

### سەردەمی زەندییە

#### خێڵی زەند

خێڵی زەند یەکێك بووە لە لقەکانی هۆزە ئێرانی نەژادەکان و بە یەکێك لە زاراوەکانی لوری قسە دەکەن. خێڵی زەند بەشێك بوون لە هۆزی لەك.

لە سەدەی دوازدە دا ڕێژەیان ئەوەندە زۆر نەبووە بۆیە لە لایەن کۆمەڵایەتی و بەتایبەت سیاسییەوە گرنگییەکی ئەوتۆیان نەبووە.

بەپێی زۆربەی ئەو سەرچاوانە کەهەن زەندیان بە لور زانیوە، بەڵام لە (دایرة المعارف اسلام) بەم جۆرە هاتووە:

"زەندییە تایفەیەکی کوردە و لە لایەن گرنگییەوە، لە دوو بووە. ئەوان لە نێوان هەمەدان و مەلایەر و لە ناوچەیەك کەپێشتر (ئیغار)یان پێ دەگوت دەژیان. لە سەردەمی نادرشادا بەرەو خۆراسان کۆچ دران، بەڵام لە دوای مردنی نادرشا دیسان گەڕانەوە بۆ ناوچەی خۆیان[٧]".

### سەردەمی کەریم خانی زەند

خەڵکی شیراز و فارس، کەریم خانی زەند بە لور دادەنێن. لە هەندێك سەرچاوە نووسراوەکانیش بە لوری لەك ناویان لێ هێناوە. یەکێك لە لێکۆڵەرە کوردەکان کەریم خانی

زەندی بەتایفەی کوردی لەك دەزانیٚ[٨] [٩]. کونسول. ئە ئارلۆف دەنووسیٚ: "کەریم خانی زەند، خۆی زەنگەنە بووە[١٠]".

بەهەر حاڵ، کەریم خان، لە ساڵی ١١٦٤ ھ.ق شیراز دەکاتە پایتەختی خۆی و چەند تایفەیەکی کورد لە کوردستان دێنێتە شیراز وەك تایفەی ئەحمەدی وەند و کرونی[١١] [١٢]. کلون عەبدە و خێلی بایروند[١٣]. جگە لەمانە نزیکەی ٩٠ هەزار کەس لە هۆزەکانی بەختیاری، زەنگەنە، وەند و لەیلاوی وەك گرووپی ئەحمەد وەندی و کرونی لە نزیکیەکانی شاری شیراز نیشتەجیٚ دەکات[١٤]، هەڵبەت لە نێو سەرچاوە دەستەیەکەمەکانی زەندییەش دەبینم کە تایفەی مافی [١٥]. تایفەی باجەلان، تایفەی چگنی و ئەوانی تر لە شیراز و فارسدا بوونە[١٦] [١٧] [١٨].

بەبۆچوونی یەکێك لە لێکۆلەرانی ئەم سەردەمە کە دەڵیٚ: کەریم خانی زەند "بەهۆی سیاسی و ئارام ڕاگرتنی هۆزە جیاجیاکان و گەشەپێدان بەشیراز." ئەم تایفانە ناچار دەکات کە لە شیراز نیشتەجیٚ بن[١٩]. بەڵام لە لایەن لۆژیکییەوە ئەم بابەتە دوورە کە کەسێك نزیکەی ٩٠ هەزار کەس و بەزۆری، دوو هەتا سیٚ بەرامبەری ئەم ڕێژەیە لە شار و دەوروپشتی شار نیشتەجیٚ بکات کە بەگشتی تەواویان عەشایر و سەرکەشن و کۆنترۆل کردنیان لە ناو شار و دەوروپشتی شار ئێجگار زەحمەتە. هەڵبەت ڕەنگە لە فارسدا نیشتەجیٚ کراون نەك لە شیراز و چاودێریان کرد بیٚ. بەڵام نەك بەم شێوەیە[٢٠].

ئێستا ئەگەر بیرۆکەی کوردبوونی کەریم خانی قبوول بکەین، بەڕای لێکۆلەری ئەم بەرهەمە،پاساوێکی لۆژیکییە کە کەریم خانی زەند لەکوردەکان بە مەبەستی پشتیوانی لیٚ کردنی بۆ شیراز و دەوروپشتی هێنا بیٚ. بوونی کوردێکی زۆر و ڕۆڵیان لە سەردەمی ئەم پاشایە، لە شیراز و فارس و پاشماوەی کوردەکان لە فارسدا ئەم بابەتە پشت ڕاست دەکاتەوە. ئەمڕۆکە گوندێك بەناوی کرونی لە هەفت کیلۆمەتری باشوری شیراز هەیە هەر چەندە کورد نین بەڵام ناوی تایفەیەکی کورد لە سەر گوندێك لە تەنیشت شیراز هۆکارێکی ڕوون و ئاشکرا لە سەر ئەم بابەتەیە.

بەهەر حاڵ ئێستا ببینین کوردەکان لە سەردەمی کەریم خانی زەند چ ڕۆلێکیان هەبوە.



## دایکی دوو لە ڕۆلەکانی کەریم خانی زەند

دوو لە ڕۆلەکانی کەریم خانی زەند دایکیان کورد بووە و بەبیٚ شك کەریم خان بەژن خواستن لەکوردەکان، جێگای خۆی لە لایەن پشتیوانییەوە پتەوکردووە. ئەم دووانە بریتین لە :

١. یەکەمین و ئازیزترین کوڕی کەریم خانی زەند بەناوی ئەبولفەتح خان، لە دایکێکی کوردی قۆچانی، خوشکی ئیسماعیل سوڵتانی کوردی قۆچانی، لە ساڵی ١١٦٩ ھ.ق لە دایك بووە و لە ساڵی ١٢٠١ ھ.ق کۆچی دوایی دەکات[٢١] [٢٢].

٢. سێیەمین کوڕی کەریم خان بەناوی محەمەد ئیبراهیم خان بووە کەدایکی کچی محەمەد ڕەزا خانی کەڵهور بووەو لە ساڵی ١١٨٢ ھ.ق لە دایك بووە و لە ساڵی ١٢١٦ ھ.ق لە نەهاوەند کۆچی دوایی دەکات[٢٣] [٢٤].

## ڕووداوەکانی سەردەمی کەریم خاند

لە سەردەمی کەریم خان لە پەیوەندی بە کوردەکان کۆمەلە ڕووداوێك هەیە کەلە خوارەوە باسیان لیٚ کراوە:

١. هەواڵ دەگاتە عەلیمەردان خان- یەکێك لە دوو هاوپەیمانەکانی کەریم خانی زەندە بەر لە پاشایەتی کە شا ئیسماعیلی سێیەم لە گەڵ خۆی دەباتە شیراز، کە دزەکان بازرگانەکان تاڵان دەکەن، ئەویش سیخور دەنێرێتە ناو تایفە، لور و تورك و عەرەب و کوردکان تا دزەکان پەیدا بکەن ئەم بابەتە ئاشکرا دەبێت و لە ئەنجام دا فەرمانی کوشتن و تاڵان کردنی بۆ ئەم تایفەیە دەردەچێت[٢٥].

لە سەرچاوە بەردەستەکان، ئاماژە بەناوی ئەم تایفەیە نەکراوە هەروەها باس لە شوێنی نیشتەجیٚ بوونی ئەم تایفەیەش نەکراوە.

٢. بەفەرمانی فەتحعەلی خانی ئەفشار، شاری قومشیٚ (شەهرەزای ئێستا لە باشوری پارێزگای ئەسفەهان) گەمارۆ دەدرێت و دواتر داگیر دەکرێت. سوپاکەی بریتی بوون لە ئەفغانەکان، بەلوچەکان، ئۆزبەکەکان، تورکەکان و کوردەکان. فەتحلی خانی ئەفشار فەرماندەی ئازاد خانی ئەفغان بوو[٢٦].

٣. ئازاد خانی ئەفغان لە گەڵ ئەم سوپایە کە بریتی بوون لە ئەفغان، ئۆزبەك، بەلوچ، ئەفشار، مۆکرانی، لور، عەرەب، کورد، سەنجابی و عێراقی دەچنە ئەسفەهان[٢٧] [٢٨].

٤. خەسرەو خانی ئەردەلانی حاکمی کوردستان ماوەیەکی زۆر لە شیراز بووە[٢٩].

٥. کەریم خان بۆ داگیرکردنی بەسرە و بەغداد ئەڵڵاه قولیخان، نەوەی شێخ عەلیخان لەگەڵ سوپای زەنگەنە و کەلهور بەرەو بەغداد ڕەوانە دەکات[٣٠].

٦. هاوکات لە گەڵ مردنی کەریم خانی زەند لە ساڵی ١١٩٣ ھ.ق دزەکیخان و عەلیمەردان خان لە گەڵ کۆمەڵێك لە سوپای چەکدار دەرۆنە شوێنی پاسەوانەکانی پاشا و گرووپێك لە پیاو ماقوڵانی تایفەی مافییان لە گەڵ خۆیان دەبەن و نەزەر عەلیخان چەند کەسێك ڕادەسپێرێ کە ئەرگی شیراز داگیر بکەن و خۆشی لە گەڵ ئەمیرەکان و گرووپێك لەکورد و لورەکان و هتد بۆ داگیرکردنی ئەرگ بەرێ دەکەون[٣١].

**ڕووداوەکانی سەردەمی جێگیرەکانی کەریم خان**

١. جان عەلی خانی سافی کەبە بوێریدا ناسراو بوو لە گەڵ مافییەکان و زەکیخانی زەند لە ئیزەد خواست لە شاری ئابادە خیوەتی هەڵدەدا[٣٢]. لە شەوی یەکشەممەی ٢٧ی جەمادی الاولی ١١٩٣ ھ.ق بۆ پشتیوانی کردن لە ئەبولفەتح خانی زەند لە گەڵ دوو کەسێکی تر دەڕۆنە ناو خیوەتی زەکیخان و دەیکوژن و ئەبولفتەح خان دەبێتە پاشا[٣٣].

٢. لە ساڵی ١١٩٤ ھ.ق لە سەردەمی سادق خانی زەند، هۆزی کۆهگیلویە هەڵدەستن و چەند کەسێك بۆ سەرکوت کردنیان ڕەوانە دەکەن یەکێك لەوانە، ئاغایەکی ناسراو بەناوی عەلیخان کوڕی حاتەم خانی کوردی قەراچورلو بووە[٣٤].

٣. لە ساڵی ١١٩٥ ھ.ق عەلینەقی خان کوڕی محەمەد سادق خانی زەند بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات چەند سەرکردەیێکی کوردەکان و لورەکانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ[٣٥].

٤. لەم کاتە محەمەد سادق خانی زەند، عەلینقی خان بەسامانێکی زۆز و چەکدارێکی ئێجگار زۆری فارس و گەورەکانی کورد و ئەفشار و هتد بەمەبەستی داگیرکردنی کرمان ڕەوانە دەکات[٣٦].

٥. لە هەمان ساڵدا لە خێوەتگەی پاشایی محەمەد سادق خانی زەند کە لە نزیکییەکانی کازرون بوو، گەورە پیاوانی سوپا لەوێ بوونە بۆ نموونە روکنودەولەی قولیخانی زەنگەنە و مەحمود خانی ئیشیگ ئاقاسی باشی موکری[٣٧].

٦. لە هەمان ساڵدا، محەمەد سادق خانی زەند، لەگەڵ ئاغا محەمەد خانی قاجار لە شەڕێکدا لە دەوروپشتی شیرازدا، روکنودەولەی قولیخانی زەنگەنە لە گەڵ گرووپێك لە سوارچاکەکان بەرەو دەروازەی باخی شار، ڕەوانە دەکەن تا پشتیوانی لە سوپای سوارەی تایفەی ئەردەلانی بەسەرکردایەتی محەمەد رەشید بەگ، وەکیلی ئەردەلان بکەن[٣٨].



٧. لە ساڵی ١١٩٥ ھ.ق لەم ڕووداوانە، لە تەل رەبگی شیراز[٣٩] بەسات خانی مافی[٤٠] و قوربان خانی باجەلان[٤١][٤٢]. خەریکی شەڕکردنن و چگینیەکانیش بەشداردەبن. زۆربەی باجەلانەکان دەکوژرێن[٤٣].

٨. لەم پێکدادانەی دەوروپشتی شیرازدا، روکنودەولەی قولیخانی زەنگەنە لە بەرامبەر تەقی خان ناچار دەبێ بەرەو شاخ بڕوات و محەمەد رەشید بەگ، وەکیلی ئەردەلان لە گەڵ هێزەکەی یارمەتی ئەکبەرخانی داوە[٤٤].

٩. هاوکات لە گەڵ ئەمە، قوربان خانی باجەلان بەهۆی کەمی خۆراك، بڕیار دەدات کە لەو قەڵاتە وازی لێ بێنێت کە بەدەسیەتی، کە عەلینەقی خان ئەم بابەتە بەباوکی خۆی واتە محەمەد سادق خان دەڵێت و لە ئەنجامدا قوربان خان لە دیوەخانی محەمەد سادق خان مان دەگرێ[٤٥].

١٠. لەم شەڕەدا باجەلانەکان و مافییەکانی تر لە یەك جەبهە، قەراگوزلوەکان دەشکێنن[٤٦].

١١. دە کەس لە تایفەی چگینی، مافی و باجەلان منارەیەك داگیر دەکەن و ئاڵا هەڵدەدەن[٤٧].

١٢. گرووپێك لە تایفەی باجەلان و هۆزەکانی تر دەروازەی شیراز لە دەستی پاسەوانەکانی محەمەد سادق خان دەردێنن[٤٨].

١٣. خێلی مافی کە لە ئەسفەهان نیشتەجێ بوونە، بەپێی ئەم نووسراوەی نامی "بەجابن تەماشا ە کە سرزمین اصلی خود دەرۆن، ئاغا محەمەد خانی قاجار بەدوویان دەڕوات بەڵام لە شەڕ لە گەڵ مافییەکان، شکست دەهێنێ و سوپاکەی لە یەك دەترازێ[٤٩][٥٠].

١٤. لە ساڵی ١٢٠٢ ھ.ق تایفەی مافی، باجەلان و چەند تایفەیەکی تر بۆ تۆڵەکردنی ئیستیزهارولدەولە لە شیرازدا هەڵدەستێ[٥١][٥٢].

١٥. لە دوای کوشتن ئیستیزهارولدەولە لە ساڵی ١٢٠٢ ھ.ق خەڵکی شیراز لەکۆڵانەکان سەنگەر دەگرن، هەندێك لەکوردە و لورەکان لە دژی زەند و تایفەی باجەلان و مافی و ئەوانی تر بەمەبەستی تۆڵەکردنی خوێنی ئیستیزهارولدولە هەڵدەستن و چەك هەڵدەگرن و جلی شەڕ لە بەر دەکەن و لە ئەرگ دێنە دەرەوە و هێرش دەکەن.

لە لایەکی ترەوە، سەید مورادخان سەری ئیستیزهارولدەولە دەبڕێ و فڕێی دەداتە نێوان خەڵکەوە کە دەبێتە هۆی زۆرتر ورووژاندنی هەستی کورد و لورەکان، دواتر سەید مورادخان داوا لە سەرکردەکانیان دەکات کە هێوریان بکەنەوە و بەڵێنیان پێ دەدریت وبەدانی پارە و قوماش، هێوریان دەکەن[٥٣].

١٦. له ساڵی ١٢٠٥ ه.ق لوتفعەلی خانی زەند له قومشه (ئێستا له ئەسفهان پێیدەڵێن شهەر رەزا) بووە. له یەکێك له شەوەکان، هەندێك له تایفەی نانکەلی و مافی هێرش دەکەنه سەر سوپای لوتفعەلی خانی زەند و سوپاکەی له یەك دەترازێت و لوتفعەلی خان بەرەو شیراز هەڵدێت[٥٤].

١٧. له دوای ئەمه له ساڵی ١٢٠٦ ه.ق لوتفعەلی خانی زەند بەمەبەستی شەڕکردن له گەڵ قاجارەکان بەرەو ئەسفەهان دەڕوات، لەکاتی شەودا هەندێك له خێزانەکانی لەك و زەندی کەله شاری شیراز بوونه چەك دەکرێن و له شیراز دەردەکرێن[٥٥].

١٨. له هەمان ساڵی ١٢٠٦ ه.ق حاجی ئیبراهیمی کەلانتەر دەروازەی شاری شیراز له ڕووی لوتفعەلی خانی دادەخات. لەم کاتەش له شەڕێکدا لوتف عەلی خان له سەر ئاغا محەمەد خانی قەجار سەردەکەوێ. هۆزەکانی نانکەلی و مافی هاوپەیمانی حاجی ئیبراهیمی کەلانتەر بوونه،بەڵام که تێدەگەن لایەنگیری سیاسەتی قاجارییه و له لایەکی ترەوە به بیستنی سەرکەوتنی لوتفعەلی خان به سەر ئاغا محەمەد خانی قاجار بریار دەدەن ئەم هاوپەیمانیەته هەڵبوەشێنن و بڕیاری کوشتنی حاجی ئیبراهیم دەدەن.

حاجی ئیبراهیم ئاگاداری ئەم بڕیاره دەبێ. له شاری شیراز دەریان دەکات و دەیانێرێته بەیزا. (له شاری سپیدان) ئەوانیش یەکسەر دەڕۆنه لای لوتفعەلی خانی زەند و داوای لێبوردنی لێ دەکەن و له خزمەتی دەبن[٥٦].

١٩. لوتفعەلی خانی زەند له ساڵی ١٢٠٧ ه.ق شارەکانی ئەبەرکو، ئەستەهبان، نەیریز و دارابی داگیر کردووە. محەمەد حوسێن دوداغ له گەڵ محەمەد حوسێن خان برای حاجی ئیبراهیمی کەلانتەر ئەرکی ڕاگرتنی لوتفعەلی خانی زەندیان پێ دەسپێردرێت. ئەم شەڕە له نزیکەی ئەستەهبانه. له دەستپێکی شەڕدا عەبدوڵڵاخان، مامی لوتفعەلی خان له گەڵ ٥٠ کەس له سەربازە فیداکارەکانی دەچنه جەرگەی سوپای محەمەد حوسێن خان و ئەوەندەی نەماوە که سوپاکەی له یەك بترازن که له ناکاودا "هەندێك له سوارچاکەکانی کوردستان کەبەشێك بوون له سوپای محەمەد حوسێن خان. هێرش دەبەنه سەر سوپای زەند و هەندێك دەکوژن و سوپای زەند بەم هێرشه شکست دەهێنێ[٥٧][٥٨].

٢٠. له ساڵی ١٢١٢ ه.ق باجەلانەکان، بۆ گەڕانەوەی حکوومەتی زەندییه بۆ میراتگرەکەی واته محەمەد خانی زەند، یارەمەتی دەدەن[٥٩].



## سەردەمی قاجارییه

نووسیویانه که عەشیرەتی زەند له سەردەمی قاجارییه، پەرتوبڵاو دەبنەوە. هەندێکیان چوونه ناو عەشیرەتی باجەلان له نزیکەی خانەقین و هەندێکیشیان تا ساڵی ١٣٤٧ی هەتاوی له باشووری ڕۆژهەڵاتی کرمانشاه، ناوچەی دور و خەرامان دەژیان[٦٠]. هەروەها دەزانین کەهەندێك له باجەلانەکانی له بروجرد دەژین.

بەڵام خاڵێکی گرنگ کەدەبێ باسی لێ بکرێت ئەمەیه، ئەو کوردانەی له سەردەمی کەریم خانی زەند گواسترانەتەوە بۆ فارس هێشتاش له فارسدا دەژین، بەڵام بەبێ شك ژمارەیەکی زۆر له سەردەمی قاجارییه گەڕاونەتەوە بۆ شوێنی سەرەکی خۆیان.

له سەرچاوە نووسراوییەکانی سەردەمی قاجارییه،باسێك لەبارەی کوردەکان له فارسدا نەکراوە[٦١] تەنها لەکتێبێك هاتووە که له ساڵی ١٢٩٧ ه.ق فەتحولڵا خانی کورد سەرکردەی سوارچاکەکان ئەرکی وەرگرتنی باجی دارایی پێ دەسپێردرێت [٦٢]. دواتر لەم بەرهەمە هاتووە که "فەتحولڵا خان وەریگرت" گەڕاوەتەوە شیراز[٦٣].

### تیرەی بارانی کوردلو

میرزا حەسەن فەسایی که له ساڵەکانی ١٣٠٤- ١٣١١ ه.ق کتێبەکەی دەنووسێ:

ناو له یەکێك له تیرەکانی هۆزی قەشقایی بەناوی بارانی کوردلو دەبات[٦٤]. بەبێ شك ئەم تیرەیە دەبێ بەرەچەڵەك کورد بن، ئەمڕۆ له هۆزی قەشقایی تیرەیەك بەم ناوە نییه.

## سەردەمی پەهلەوی

### سەردەمی رەزاشا

عەشیرەتەکانی کوردی پاشماوەی زەندییه (کوردەکانی غازیوەند، کرونی و...) هێشتاش له فارسدا دەژین و کۆچڕەون و له ساڵەکانی ١٣١٦ تا ١٣٢٠ ناچار بەنیشتەجێ بوون دەبن و له دوای رووخانی رەزاشا دیسان کۆچڕەویی دەکەن، بەڵام له بارەیان له سەردەمی رەزاشا، له بەرهەمە نووسراوەکان- چ کتێب چ ڕۆژنامەکان، هیچ بابەتێك نەهاتووە.

هەڵبەت ئاماژە کردن بەم بابەتە گرنگە کەپاشماوەی کوردەکانی سەردەمی زەندییه له فارسدا، له ڕاپەرینی عەشیرەتەکانی فارس (ساڵەکانی ١٣٠٩- ١٣٠٧ هەتاوی) بەشدار نابن، ڕەنگە ئەم بەشدارنەبوونه و ئەم بێ دەنگییه، بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی که له یەك شوێن نەبوونه و بڵاو بوونه یان بگەڕێتەوە بۆ کەم بوونی ژمارەیان.

خاڵێکی تر، وا وای بۆدەچین کە لە بزوتنەوەی سمکۆ هەندێك لەکوردەکان لەکوردستان بەرەو ناوچەکانی فارس وەك ئابادە، لار، بۆرازجان، بوشێهر دوور خرابنەوە. بەڵام چونکە ئەم بابەتە لە رۆژنامەکان و کتێبەکان ئاماژەی پێ نەکراوە، ناتوانین زانیارییەکی وردی لە سەر بەدەست بێنین.

## سەردەمی محەمەد رەزاشا

### یاخی بوون[٦٥]

پاشماوەی عەشیرەتەکانی سەردەمی زەندییە لە فارسدا، لە سەردەمی محەمەد رەزاشا لە کۆچکردنیان بەردەوامن و بەرووخانی رەزاشا و لە ناوچوونی سیستەمی ناوەندی هێز و دەسەڵات، یاخی بوون لە نێوان ئەوان و هۆزەکانی تری فارسدا ئاسایی دەبێت کە لە لاپەڕەکانی دوایی ناوی یاخی بووە کوردەکان تا ئەو شوێنەی کە ناوەکانیان لە زەینی خەڵکدا ماوە، دەنووسین.

هەڵبەت تەواوی یاخی بووەکانی هۆزەکانی فارس، ئەم کارەیان زۆرتر بە شێوەی تاکە کەسی یان چوار پێنج کەسی دەکرد. تەنها یەك نموونە هەیە کەلە نێوان پاشماوەی کوردەکانی کرمان کە لە فارسدا دەژیان دەبینین کەگرووپێك لە ٨٠ کەس پێکهاتوون، هەروەها سەردەمی یاخی بوونی تەواوی هۆزەکانی فارس، لە ساڵی ١٣٢٠ تا نزیکەی ١٣٣٣ی هەتاوی بووە، لەمەولا بەدەگمەن یاخیگەریەك دەبینین.

هەروەها لەم سەردەمەش کوردەکانی نیشتەجێ فارس لە ڕاپەرینەکانی عەشیرەتەکانی فارس وەك شەڕی سەمیرۆم، بزوتنەوەی باشوور و.... بەشداری ناکەن کەهۆکاری سەرەکی، کۆچکردن و ژمارەی کەمیانە.

### دوورخستنیان

لە دوای ڕاکردنی پیشەوەری لە ئازەربایجان، گرووپێکی زۆر لە ئازەربایجان لە گەڵ خێزانەکانیان لە زستانی هەمان ساڵدا بۆ شاری ئابادە دوورخراونەتەوە[٦٦]. بێشك لە یارەکانی قازی محەمەد (ئەم ئەفسانەی شەرەف و پیاوتی کوردەکان) لەمەهابادیش بۆ شارەکانی فارس، لە هەمان ساڵدا دوورخراونەتەوە، بەڵام هەمیشە لە سەردەمی محەمەد رەزاشادا، ژمارەی دوورخراوەکانی سیاسی و شوێنی دوورخرانیان لە رۆژنامەکان و لەکتێبەکان تۆمارنەدەکرا- کەواتە زانیاریمان لە بارەی ژمارەی خێزان و شوێنی دوورخستنی ئەم کوردانە بۆ فارسمان نییە.



### گرووپی ناوەندی بنەماڵەی زەند

لەمانگی دەی ساڵی ١٣٣١، محەمەد خانی زەند، ناسراو بەئەمیر شەوکەت، لە نەوەکانی لوتفعەلی خانی زەند، لە رۆژنامەی ئێران، کەلە تاران بڵاودەکرایەوە، ئاگادارییەك بڵاودەکاتەوە کە ئەو کەسانەی خاوەن دیکۆمێنتێك یان شەجەرە نامەیەکن کە دەسەلمێنێ لە بنەماڵەی زەندن، بەڵگەکانیان بۆ بنەماڵەی زەند (گرووپی ناوەندی) لە گۆڕەپانی بەهارستان لە تاراندا بنێرن، تا تاوتوێ لە سەر بکرێت.

لە سەرانسەری ئێران، هەندێك کەس بەڵگەکانیان دەنێرن و لە دوای تاوتوێ کردن، هەندێك کەس بۆ وەرگرتنی کارت بۆ تاران داوەت دەکرێن.

تا ئەو شوێنەی کەخەڵك لە بیری ماوە، ئەم کەسانە کارتی بنەماڵە ی زەندییان وەرگرتووە:

١. ئەسەدوڵڵا بوستانی زەند، خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەی ئیجتیماعی میللی، خاوەن موڵك و ئەندامی ئەنجومەنی شاری شیراز.

٢. ناسری کرونی، بازرگانی مافور لە بازاڕی شیرازدا.

٣. ئەمیری کەرانی، بازرگان لە شیراز[٦٧].

٤. نیازمەند، بەرێوەبەری نووسینگەی زەواج لە شیراز.

٥. پور زەند، پارێزەر نیشتەجێی شیراز.

٦. پور زەند، نیشتەجێی شیراز[٦٨].


٧. قاسم خانی نگەهبان لە گوندی کورەیی (چهارراە) ناوەندی ناحیەی هەرچەمانی شارستانی بوات. کەسی حەفتەم (قاسم خانی نگەهبان) کەلانتەری تایفەی چوار رامی (چهار راهی) بووە و تایفەی چهار راهی نزیکەی ٥٠ ساڵە کەبەشێوەیەکی ئاسایی نیشتەجێ بوونە. ئەمانە ناوی تایفەی خۆیان لە سەر گوندی" چهار راە" (کورایی) داناوە کەئێستا شارێکە[٦٩].

گومانمان لە وەدا نییە کە ئەمانە لە پاشماوەی کوردەکانی لەکی سەردەمی زەندین.

### کوردەکانی فارس لە ساڵی ١٣٤٧

فەرماندەی سوپای زەنگەنە لە ساڵی ١٣٤٧ کوردەکانی ئەم سەردەمەی فارسی بەم شێوەیە ناو دەبات.

ئازەرگانی، ئازەربەختی، ئالاك، ئیسحاقی، ئشتێهاری[٧٠]، باكیلی (سالائی)[٧١]، برازدۆختی، بەنداد مهری، بۆلەندە داكی، دودمان[٧٢]، تامادانی (تاماداهەنی)[٧٣]، جەلیلی، چگنی (بریتین لە سێ سەد سەرخێزان لە شاری سەمیرۆم)، جگە لە چگنی ئەوانیتر هەموویان لە هەمەوەندەكانن[٧٤]، هەروەها خەراڤی[٧٥]، رامانی، زایادی (كەبە هەڵە بەزیادی ناسراون)[٧٦] و سەفاری[٧٧].


حسبنا الله و نعم الوكيل
گروه مركزی خاندان زند
دارای شناسنامه شمارهٔ ٥٥٠١
از خاندان زند شناخته شده است.
رئیس گروه مرکزی
تاریخ صدور ١/٣/٢٢
شماره كارت ١٢٠٢


حسبنا الله و نعم الوكيل
گروه مركزی خاندان زند
دارای شناسنامه شمارهٔ
از خاندان زند شناخته شده
رئیس گروه مرکزی
تاریخ صدور ٧/٧/٣٢
شماره كارت ١٢٢٨

**(وێنەی ناسنامەی دوو كەسی فارسی لە گرووپی ناوەندی بنەماڵە ی زەند)**

ئەم لێكۆلەرە، لە بەرهەمەكەی خۆی زێدە دەكات كەعەشایری بازینجان لە دەوروپشتی ئەسفەهان نیشتەجێنە[٧٨].



خاڵێكی گرنگ كەفەرماندەی سوپای زەنگەنە لە بارەی كوردەكانی فارس باسی لێ كردووە، لە هیچ بەرهەمێكی نووسراوی تر نەهاتووە! بەو شێوەیە كەباسی لێ كردووە، ئەمانە لە شاری سەمیرۆمن كە ئەم شارە لە ساڵی ١٣٣٦ لە شاری ئابادە، لە پارێزگای فارس جیا بووتەوە و خراوەتە پاڵ پارێزگای ئەسفەهان.. ئێستا دەبێ تاوتوێ بكرێت كەئایا ئەم تایفانە لە ناوچەی باشووری شاری سەمیرۆم كەدەبێتە سەر سنووری (چماردانك) لە شاری ئەقلیدی فارس ماون یان نا؟[٧٩].

جگە لە ئەم گرووپە، كوردەكانی كرونی لە فارسدا كە كۆچڕەو بوونە، بەرە بەرە لە ڕێگای كۆچ كردنیان لە گوندەكان بەشێوەیەكی ئاسایی لە ساڵی ١٣٤١ هـ. نیشتەجێ بوونە و گوندەكانی قەوام ئابادی چیمەكو و چل چشمەیان بەموڵكی خۆیان داناوە و هەندێكشیان، لە پەنای توركەكانی قەشقایی و فارسەكان لە گوندەكانی خەیرئابادی كرونی، بەهرام ئاباد، وەفادار ئاباد، شێخی، بابا كوهەك و شاری كازرون نیشتەجێ بوون و دەستیان بەژیانی گوندنشینی و شارنشینی كردووە. بەداخەوە لە بەرهەمە نووسراوەكان ئامار و زانیارییەك لە بەردەستدا نییە.

لە هەمان كاتدا كوردەكانی غازیوەند لە گوندی تەلخداش كەنزیكەی شاری شیراز بووە درێژە بەژیانیان دەدا.

جگە لەمانە- گرووپی بنەماڵەی زەند، كە لە پاشماوەكانی زەندن، ژمارەیەكی كەمیان، لەم سەردەمە لە شاری شیراز خەریكی بەژیانی شارنشینی بوون.

### كوردەكانی ئێراق لە فارس

نزیكەی ساڵی ١٣٤٥ هـ. زۆرتر لە ١٠٠ سەرخێزان لەكوردەكانی ئێراق كە لایەنگری ئێران بوون بۆ ئێران دوور دەخرێنەوە. دەیانبەنە شاری كازرون و نزیكەی شەش ساڵ لە ئێران و كازرون دەمێنن و دواتر دەگەڕێنەوە بۆ ئێراق[٨٠].

هاتنەوەیان بۆ كازرون بەبێ گرفت نەبووە، بەتایبەت لەرووی شوێنی ین و جێگایان، چونكە پێویستیان بەنزیكەی ١٠٠ خانوو بووە، كەبەڕێز محەمەد خانی ئەمیر عەزدی، بەڕێوەبەری ئەنجوومەنی شاری كازرون لە و كاتەدا، جێگایان بۆ دابین دەكات.

كوردەكانی عێراقی لەم ماوەیەدا لە دایرەی حكوومیەكان و بازارە دا خەریكی كاركردن دەبن[٨١][٨٢][٨٣].

## سەردەمی کۆماری ئیسلامی ئێران

لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی ئێران، پاشماوەی کوردەکانی سەردەمی زەندییە (کوردەکانی غازیوند- کرونی و...) لە گوند و شارەکانی کازرون و شیراز ژیانیان بەسەر دەبەن.

کوردەکانی غازەیوندیش لە گەڕەکی تەلخداش کەئێستا لە ناوەندی شاری شیرازە، برایانە ژیان دەبەنە سەر و لە پاشماوەی کوردەکانی کرمانیش، ئەوانەی کە لە سەردەمی سەفەوییە بۆ فارس گوازراونەتەوە و من لە ساڵی ١٣٨٠ هـ. درکم بە بوونیان کرد، ئێستا خەریکی ژیان و کارن کەباسیان لێ دەکەین:

### دوورخراوەکانی سنە و سەقز

لە ساڵی **١٣٦٣** نزیکەی ٤٠ کەس لەکوردەکانی شاری سنە و سەقز بۆ شاری جەهرۆم لە پارێزگای فارس دوور دەخرێنەوە، لە گەڕانەوە یان بەجێمانیان تا ئێستا هیچ زانیارییەکم نییە[٨٤].

### رۆژبەیانییەکان لە فارسدا

جەمیلی رۆژبەیانی (روزبەهانی)، مێژوونووسی کورد و وانەبێژی زانکۆی بەغدا دەڵێ کەبنەماڵەی رۆژبەیانی (روزبەهانی) کەبەشێکن لە عەشیرەتی گەورەی زەنگەنە و لە سەرانسەری ئێران بەربڵاون، گرووپێکیان لەفارسدا دەژین[٨٥][٨٦][٨٧][٨٨].



## پەراوێزەکان

١. قەشقایی.

٢. مەمسەنی.

| هر ان زندگانی با خرد کرد | گمان دارم پشیمانی ندارد |
| زمستان می رود اید بهاران | دو روزی هست خرم مگلعزاران |
| دوباره فصل پائیز خزانست | در این رفتار کردان جهانست |
| ولی امروز روز اخرین است | اجل ایستاده اندر کمین است |
| بەزودی می زند با من شبیخونی | نماید جان شیرین سخت بیرون |
| به زودی اورد اندر کمندم | نماید خم قد سرو بلندم |
| به من امروز یا فردا بتازد | ز دفتر نام من را محو سازد |
| بر زیر خاك خواهم خفت تنها | برم در گور با خود ێارزو را |
| دل محزون قلب ناتوان سوخت | به جانم هر کسی اتش بر افروخت |
| کسی قدری ندانست از ترابی | پشیمانی ندارد هم سودی |
| بسی اید بهار و تیر و دی ماه | که خفته باشد اندر خاك تنها |
| دریغا نیستی دیگر ببینی | صفیر بلبل، اواز قمری |

بُدی در خواب غفلت چند روزی     کنون باید بسوزی بسازی
چه اندر تحت تابوتت گذارند     به دورت دوستان شیون نمایند
دو روزی دوستان هستند در غم     دو روزی دشمنان هستند خرم
چند روزی گرچه دلها می زند جوش     به روز پنج می گردد فراموش
بهار اید شود صحرا پر از گل     به ناله می رودرد در باغ بلبل
شود خرم دوباره کوه صحرا     ولی نام نیست از ما
مهرویان خرامان سوی گلشن     ولی نام ونشانی نیست از من
ترابی که گریزان بود از یار     کنون درزیر بار اید بناچار

١٥. تورابی، خوردم، هەمان ڕۆژ.
١٦. حیدری، خدابخش، هەمان ڕۆژ.
١٧. تورابی خوردم، هەمان ڕۆژ.
١٨. یەکەمین سەفەرم بۆ شاری هەرات بۆ گوندی چنارناز کە لە ڕۆژی چوارشەممە ١١ی میهری ١٣٨٠ ڕێك کەوت بەیارمەتی قایمەقامی شاری خاتەم، بەڕێز عەلی ئەفخەمی بوو، بەئۆتۆمبێلی قایمەقامی کە شوفێرەکەی بەڕێز خودابەخشی حەیدەری بوو لە گەڵ قوتابییەکی خۆم بەڕێز عەلی شەریف بەیگی دەرچووی بەشی مێژوو .
١٩. ئەو وشانەی کە لە بەرامبەری هیچ نەنووسراوە، هەر هەمان بە کاردێنن.
٢٠. بە نیونۆك دەڵێن نازە (Naze).
٢١. مەروس = سەگ.
٢٢. بوز (Bowz)= زەنبوری سوور.
٢٣. پس صبو = پس سری (روز بعد از ان: پس پس سری).
٢٤. لە گوندی چنارناز داری تەماتەیان نییە.
٢٥. روشن، ابوالقاسم، ٧٤ ساله ، کشاورز از کار افتاده، بیسواد، تاریخ مصاحبه: ساعت ١٢ روز دوشنبه ٢٣ مهر، ١٣٨٠.



# پاژی شانزەیەم

## تایفەی توتەکی

### تایفەی توتەکی و تیرەکانی:

یەکێکی تر لە لقە پاشماوەکانی کوردەکانی کرمان، تایفەی توتەکییە کە لە گوندی توتەك لە دێهستانی مەرڤوەست لە ناحیەی مەرڤوەستی شاری خاتەم لە پارێزگای یەزد نیشتەجێنە[١]. کۆنترین بەرهەمی نووسراو لە بارەی دزەکانی ئەم تایفەیە لەموحەرەمی ساڵی ١٢٩٠ (هـ.ق)ە کە لە شوێنێکی تر باسی لێ دەکەین، بەڵام بابەتێکی تر لە ساڵی ١٩١٧ز (١٣٣٥هـ.ق- ١٢٩٦هـ) بەردەستە کە خەڵکناسی ئەمریکی هێنری فیلد ژمارەیان بە ١٠٠ سەرخێزان ئاماژە کردووە و دەنووسێ: "نیشتەجێی قنقوری (قنقری) و بەڤانات"ن[٢].

تایفەی توتەکی دابەش دەبنە تیرەکانی (کەریم خانی، محەمەد خانی، سەلیمی، موراد خانی، نور محەمەدی، قەنبەری، دین محەمەدی و ئەولادی محەمەد خان و لەقەبیان، بەزرئەفشان، تەیموری، نور محەمەدی، موراد خانی، پور تەیموری، تەیموریان، توتەکی، نەجەفیانی و ئازەرنووش) ە.

### هاتن بۆ ناوچەی توتەك:

بەپێی باوەڕی ئەم تایفەیە، سێ برا بوونە و هاتوونەتە ئەم ناوچەیە و تایفەکانی توتەکی، مێهنی و قەلتاشیان پێکهێناوە[٣][٤].

دوو کەس لەوانە کەلێدوانم لە گەڵدا کردووە گوتیان کە سێ برا لە بافتی کرمان و شاری کرمان هاتوونەتە ئەم ناوچەیە و یەکێکیان گوتی دەڵێن کە لەکوردستان بۆ ئەم ناوچەیە دوور خراونەتەوە[٥]. کەبابەتی دوورخرابوونیان لەکوردستان بەدووری دەزانم چونکە زمانیان کوردی نییە.

لەمێژووی هاتنی ئەم سێ برایە بۆ ئەم ناوچەیە هیچ زانیارییەکیان نەبوو و لە گۆڕستانی گوندی توتەك، هیچ کێلێك لە تایفەی توتەك نییە، بەڵام بەخۆیان دەڵێن کە بینیویانە کێلەکانیان لە سەر جۆگەی توتەکیان داناوە و بەخۆڵ سەریان داپۆشیوە.

ئێستا سێ کێل لە گۆڕستانی گوندی توتەك بەجێ ماوە کە هی سەردەمی سەفەوییە و کۆنترینیان هی ساڵی ١٠٠٣(هـ.ق)ە. لە سەر دوو لەم کێلە قەبرانە ناوی کۆچکردوو لە تایفەی "سالار تەیموری مێهنی" نووسراوە هیچ وناوێك لە تایفەی توتەکی لە سەر ئەم کێلانە (جگە لە کێلە نوێیەکان) نەنووسراوە.

یەکێك لە توتەکیەکان گوتی کە کێلێك لە تایفەی توتەکی لە گوندی برویەی هەرات هەیە، هەرچەندە مێژوویی بەبیری نایێتەوە، بەڵام وتی نزیکەی ١٥٠ ساڵی لەمەوبەرە.

## بەربڵاوی توتەکیەکانی ئەمڕۆ

بەربڵاوی توتەکیەکان لەم ساڵانەی دواییدا بەم شێوەیە:

| | |
|---|---|
| گوندی توتەك | ١٠٠ سەرخێزان |
| جەرئاباد (رەحمەت ئاباد) لە شاری خاتەم | ٢٠ سەرخێزان |
| مەرڤوەست | ١٠ سەرخێزان |
| شاری هەرات | ٢٥ سەرخێزان |
| مونجی باڵا (لە شاری بەڤانات) | ١٥ سەرخێزان |
| هەرابەرجان (لە شاری خاتەم) | ٢ سەرخێزان |
| شاری یەزد | ٨ سەرخێزان |
| شاری ئەستەهبان (لە پارێزگای فارس) | ٣٠ سەرخێزان |
| تاران | ٥ سەرخێزان |
| مەشهەد | ١٢ سەرخێزان |
| ئەسفەهان | ١ سەرخێزان |
| شیراز | ٢٠ سەرخێزان |
| خورەمی (لە شاری خورەم بید) | ١٠٠ سەرخێزان |
| **کۆی گشتی** | **٣٤٨ سەرخێزان** |



## تایبەتمەندییەکانی ئەخلاقی توتەکیەکان

توتەکیەکان بەگشتی نوکتەباز، سەرپێچیکەر و پشتیوانی مافی خۆیانن، لە ڕووی نەتەوەییەوەیش دەمارگیرن، لە شەڕەکان بەشێوەیەکی سەیر پشتیوانی لە خۆیان دەکەن. لە پەڕەی یەکێك لە تایفەکانیان، هەرچەندە لە شوێنێکی زۆر دوور بێت، بەئەرکی خۆیان دەزانن کەتێدا بەشداری بکەن.

توتەکیەکان لە فڕێدانی بەرد دەستێکی باڵایان هەیە و ئەمەش بووەتە هۆی ئەمە کە لە شەڕەکان، لایەنی بەرامبەر بریندار بێت و ڕا بکات.

## باری ئابووری توتەکیەکان

باری ئابوری توتەکیەکان باشە و لەمێهنییەکانی گوندی چنارناز باشترن. بەگشتی توتەکیەکان جوتیار و ئاژەڵدارن و لەکاتی وشکە ساڵی کە لەوەڕگەکان بەرهەمیان نییە، ڕوو لەکارو کاسبیەکی تر دەکەن، لە نێوان ئەو توتەکیانەی کە بۆ شارەکان کۆچیان کردووە، کارمەندیش هەیە(٦).

## توتەکیەکان لە لایەن ئایینەوە

توتەکیەکان لە لایەن ئایینی و دەمارگیری ئایینی، بەپێچەوانەی مێهنییەکانی گوندی چنارناز(٧).

## توتەکیەکان لە لایەن کۆمەڵایەتییەوە

لە ڕابردوودا توتەکیەکان دز و ڕێگر بوونە و بەخۆیانیش دانی پێ دادەنێن کە لە ڕابردوودا، لە هەندێك لە تاڵانەکان لە گەڵ تایفەی چارراهی بەشداریان کردووە.

لە رۆژنامە و دەقەکان نووسراوەکان باس لە دزەکانی توتەکی کراوە.

لە رۆژنامەی ئێران (ژ ١٥١، سێ شەممە ١٨ی موحەرەمی ١٢٩٠هـ.ق ل١) بەم جۆرە هاتووە:

"ویلایەتەکان: کرمان: خزمەتکارەکانی قەرەجەداغی بۆ پاراستنی ڕێگای شەمس و کرمانشاهان (کرمان) لە گەڵ سەید عەلیخان زابت ئەنار هەوڵێکی زۆریان داوە. دزەکانی سەرچەهابی (سەرچەهانی) و توتەکی لەکۆتایی ذیعقدە (١٢٨٩ه.ق) چەند وشترێکیان بەبێ بار لە ڕێگای شەمس و زەین الدین برد بوو. ئەم خزمەتکارانە بەدوایان دەڕۆن و سۆراخیان دەگرن و وەشترەکانیان دەگەڕێننەوە و دزەکان بۆ ناو چیاکان ڕا دەکەن، وەکیل ولملك (والی کرمان)یش خزمەتکارەکان خەڵات دەکات".

لەکتێبی ئابی (دیکۆمێنتە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا) دوو جار باس لە دزی و ڕێگری توتەکیەکانی کردووە بەم جۆرە:

**١. دۆسیەی ژمارە ٤٧**

"کورتەی ڕووداوەکانی ئێران لە چوار هەفتەی ڕابردوو تا کۆتایی ٢٥ی شوباتی ١٩١٠ (٦ی ئەسفەندی ١٢٨٨" ١٤ی سەفەری ١٣٢٨):

یەزد... هەروەها لە ڕێگاکانی جگە لە ڕێگای کرمان کە لەکۆتایی شوبات چەند دزیەکی تێدا کراوە، ئارام و ئەمن بووە، دزەکانی ئەم ڕێگایە کە پێدەچێ تولەکی (توتەکی) و چارراهی و پاقەلعە و لەشنی بن سەرکردەکەیان فەزلعەلی گەنجعەلییەو. لە نێوان ڕێگای یەزد و ئەنار هاتوچۆ دەکەن. حکوومەت دەڵێ کە هێزی بۆ پاکتاوکردن و بەرقەرار کردنی ئاسایش ناردووە[8]".

**٢. دۆسیەی ژمارە ١٢٨**

"کورتەی ڕووداوەکانی چوار هەفتەی ڕابردوو تا ١٨ی مای ١٩١١ (٢٨ی ئۆردیبە هەشتی ١٢٩٠، ١٩ ج ١، ١٣٢٩).

یەزد... تەواوی ڕێگاکان ئاسایشیان پارێزراوە تەنها ڕاپۆرتێك لە سەر دزیەك لە یازدەی ئاڤریل لە ڕێگاکانی کرمان نزیکەی شەمس کراوە و دزەکان توتاکی (توتەکی) و چارراهی بیست و پێنچ حوشتر و بیست و چوار باریان دزیوە. هەندێك لە پاسەوانەکان بەدوایان ڕۆیشتوونە وتوانیویانە بیست و سێ حوشتر و سێزدە بار بگەڕێننەوە[9]".

لەم سەردەمەش ئەکبەری عەلی بابا، بوربور، محەمەد حوسێن و خانی، یاخییەکانی تایفەی توتەکی بوونە.

ئەم گۆرانییە پێشاندەری کردەوەی زۆرەملی یاخییەکانی توتەکییە:



دل من دختر حور کلی برد
تفنگم را حسین توتکی برد
بگفتم حسینا قیمتش چند
چن و چونی(*) نکرد و زورکی برد

* چن و چونی= پرسیاری نرخ کردن

هەرچەندە لە تایفەی لەکی کورد و بەگشتی لەك لەم ناوچەیە کەسێك نییە، بەڵام بابەتێکی سەرەنج ڕاکێش وجێگای پرسیارە؟

## کەلانتەرانی توتەکییەکان

توتەکیەکان تا ئەوەی کە لە بیریان ماوە ناوی کەلانتەرەکانیان بەم جۆرە دەڵێن:
تەموور کەتەیموری گەورەش پێی دەڵێن. ڕۆستەم و دواییان مەلا ئەسەدڵڵا بووە.

## گوندی توتەك لە بەرهەمە نووسراوەکان

لە لێکۆڵینەوەکانمان، بیرەوەری خەڵك و زانیارییەکانیان و گۆڕستانی گوندی توتەك نەیتوانی ئەلقەی ونبووی کاتی هاتنەوەی خەڵکی توتەك بۆ گوندی توتەك دیاری بکات. ئێستا ببینین لە سەرچاوە نووسراوییەکان چی هاتووە:


لە بارەی تایفەی توتەکی لە فارسنامە باس نەکراوە بەڵام لە کتێبی **آثار جعفری** کە لە ساڵی ١٢٧٦ه.ق لەچاپدراوە و بڵاوکراوەتەوە باسی گوندەکانی بەڤانات و هەراتی کردووە (ل ل١٤٤- ١٤٣) ناوی گوندی توتەکی نەهێناوە. تەنها لە فارسنامە ناصری کە لە نێوان ساڵانی ١٣١١- ١٣٠٤ه.ق نووسراوە بەم جۆرە هاتووە:

"طوطکان: ٨ فەرسەنگ لە نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی سوریان[10][11]".

فەسایی ئەم توتەکیەی ئەمڕۆی بە نیسبەت شاری سوریان، ناوەندی شاری بەڤانات لە پارێزگای فارس لە قەلەم داوە.

لە دوای فارسنامەی ناسری ئیتر بابەتێك نابینین هەتا سەرژمێری ساڵی ١٣١٨ه. کەگوندی توتەك بەشێك لە بەڤانات لە شاری ئابادە بووە و لە نێوان ٤١ گوندی ئەم داستانە ناوی بەشێوەی "طوطك"هاتووە[12].

لە فەرهەنگی جغرافیایی ئێران، بەرگی ٧ لە ساڵی ١٣٣٠ه. بەم جۆرە هاتووە:





"طوطك- گوندێکە لە دێهستانی بەڤانات ناحیەی بەڤانات و سەرچەهانی شاری ئابادە. ٤٨ هەزار گەزی باشووری ڕۆژهەڵاتی سوریان، کوێستانی، ژمارەی دانیشتوان: ١٢٥ کەس، ئاویان لە بیرە. بەروبووم: دانەوێڵە ، تریاك، کار، کشتوکاڵ، ڕێگا: لاوەکی، خاوەن پاسگای واندەرمریشە (پۆلیس)".

لە فەرهەنگی ( ابادیهای ایران)، لەساڵی ١٣٣٩، جگە لە ئاماژەکردن بەدرێژی و پانی جوگرافیایی گوندی توتەك بەم شێوەییە:

| درێژی جوگرافیایی | پانی جوگرافیایی |
|---|---|
| ٥٤ -٠٢ | ٣٠ -١٧ |

بە بەشێك لە شاری ئابادە لە قەلەمی داوە[(١٣)(١٤)].

گوندی توتەك لە ساڵی ١٣٦٧ لە شاری ئابادە لە پارێزگای فارس جیابووە و بوو بە بەشێك لە خاتەم لە پارێزگای یەزد.

## کێڵگەی توتەك باز

لە چوار کیلۆمەتری باشووری گوندی توتەك، کێڵگەی توتەك باز هەیە کەبریتییە لە چەند باخێك و زەوی کشتوکاڵی کە سەکەنی نییە و خاوەن و جوتیارەکان لە گوندی توتەك هەر بەیانییەك دێنە توتەك باز و خەریکی کشتوکاڵ دەبن و دواتر دەگەڕێنەوە. کێڵگەی توتەك باز، قەڵایەك لە سەر تەپۆلکەیەك هەبووە کەوێنەی لەم کتێبە هاتووە و هەر کەسێك بۆ لە ناوچوونی ڕیوایەتێك دەگێڕێ کە بەگشتی هەڵەن. بۆ نموونە مەغۆلەکان وێرانیان کردووە یان پورتەگالییەکان بەتۆپ وێرانیان کردووە. لەکاتی هاتنەوەی توتەکیەکان- ڕەنگە لە سەردەمی سەفەوییە- بۆ ئەم ناوچەیە ژمارەیان زۆر بووە، گوند و کێڵگەی توتەك بازیش لە ژێر دەسەڵاتیان دابووە.

بەم شێوەیە پێشینەی نووسراویی توتەك و توتەك بازیش ناتوانێ یارەمەتیدەری وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بێت.

دیداری تەیموری و کوڕەکەی مەهدی دیدار لە تایفەی توتەکی

(مێژووی وێنەگرتن: رۆژی چوارشەممە ٢٥ی مێهری ١٣٨٠)




رەحەتوڵلای بەزرئەفشان لە تایفەی توتەکی

(مێژووی وێنەگرتن: رۆژی چوارشەممە ٢٥ی مێهری ١٣٨٠)



مەهدی بەزرئەفشان- گەنجێك لە تایفەی توتەکی

(مێژووی وێنەگرتن: رۆژی چوارشەممە ٢٥ی مێهری ١٣٨٠)




روحڵڵای بەزرئەفشان- گەنجێك لە تایفەی توتەك

(مێژووی وێنەگرتن: رۆژی چوارشەممە ٢٥ی مێهری ١٣٨٠)



هاوسەری دیداری تەیموری لە تایفەی توتەکی


(مێژووی وێنەگرتن: رۆژی پێنج شەممە ٢٦ی مێهری ١٣٨٠)






دوو خاتوون لە تایفەی توتەک


(مێژووی وێنەگرتن: رۆژی پێنج شەممە ٢٦ی مێهری ١٣٨٠)



قەڵای توتەک- شوێنی ژیانی تایفەی توتەک


(مێژووی وێنەگرتن: رۆژی چوارشەممە ٢٥ی مێهری ١٣٨٠)






کۆڵانەکانی گوندی توتەك

(مێژووی وێنەگرتن: ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی مێهری ١٣٨٠)







سەرەوە: گوندی توتەك باز

خوارەوە: قەڵای وێرانی توتەك باز

(مێژووی وێنەگرتن: ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی مێهری ١٣٨٠)

## پەراوێزەكان

١. ئێوارەی ڕۆژی ٢٤ی میهری ١٣٨٠ لە خزمەتی بەرێز مەهدی تەیموری، لە تایفەی توتەك، كارمەندی دایرەی ژینگە پارێزی شاری خاتەم، لە شاری هەرات، و لە گەڵ چەند كەسێك لە توتەكیەكان لە كاتژمێر چواری دوای نیوەڕۆ كەوتینە قسە و باس و شەویش لە سەر سفرەی گەرمی بەرێز تەیموری دانیشتین. دوای نیوەڕۆی چوارشەممەی ٢٥ی میهر بە یارمەتی بەرێز تەیموری و ئارمینی تەیموری لە گوندی هەرابەرجان چووینە گوندی توتەك و سەردانی مەزرعەی توتەكمان كرد و شەویش لە نێوان توتەكیەكان، لەماڵی ڕەحمەتڵلا بەزرئەفشان ماینەوە كە جگە لە سوپاس كردنیان هیچی تر ناتوانم بڵێم.

٢. فیلد، هنری، مردم شناسی ایران، ترجمه دكتر عبدالله فریار، تهران: ابن سینا، ١٣٤٣، ص ٢٦٩.

٣. تیموری، دیدار، ٧٥ ساله ، توتكی، از كار افتاده، تاریخ مصاحبه: ساعت ١٨ روز سەشنبه ٢٤ مهر ١٣٨٠ و بذرافشان، رحمت الله، ٥٢ ساله ، كشاورز، عضو شورای اسلامی روستای توتك، تاریخ مصاحبه: ساعت ١٧/٣٠ روز چهارشنبه ٢٥ مهر ١٣٨٠ و بذرافشان، عین الله، ٦٠ ساله ، كشاورز، تاریخ مصاحبه: ساعت ١٩/٣٠ روز چهارشنبه ٢٥ مهر ١٣٨٠ و نور محمدی تقی یٚبادی، نصرت، ٧٠ ساله ، خانەدار، تاریخ مصاحبه: ساعت ٢٠ روز چهارشنبه ٢٥ مهر ١٣٨٠.

٤. یەكێك لە وانەی كەلێدوانم لە گەڵدا كرد گوتی كە سێ برا تایفەكانی توتەكی، مێهنی، چهار راهی و قەلتاشیان پێكهێناوە. هێنانەوەی ناوی چهار راهی و قەلتاشی لە بەر ئەوەیە كە قەلتاشی بەشێكە لە تایفەی چهار راهی.

٥. بەرزئەفشان، ڕەحمەتوڵلاٚ، هەمان ڕۆژ.

٦. دیدار محەمەدی مێژووی چاوپێكەوتن، سەعات ٧ بەیانی چوارشەممە ٢٥ میهری ١٣٨٠ ٢٥ مهر ١٣٨٠.

٧. هەمان ڕۆژ.

٨. بشیری، احمد (ویرستار)، كتاب ابی، تهران، نشر نو، ١٣٦٣، ج ٤، ص ٨٢٣.

٩. هەمان پێشوو، ج ٥، ص ١٠٧٦.

١٠. فسایی، حسن (میرزا)، فارسنامه ناصری، تصحیح دكتر منصوری رستگار فسایی، تهران، امیركبیر ١٣٦٧، ج ٢. ص ١٢٦٧.

١١. لە ڕابردوودا ئەو وشەیە بەشێوەی "طوطكان" و "طوطك" نووسراوە ئەمرۆ بەشێوەی "توتەك" دەنووسرێت.
لە فەرهەنگی دهزا لە بەرامبەر وشەی "طوطك" نووسراوە:
"- طوطی، بیغا، ناوی گشتی طوطیە كە بە عەرەبی( ببغا)ی پێی دەڵێن". (فهرست مخزن الادویه)

"وه له دهشت و بیابانەکانی (هیندوستان) ئاژەڵ گەلێکی جۆراوجۆر وەك فیل و گورگ و تاووس و کەرکوی طوطك و شارەك و ئەمانە هەیە".

(له کتێبی ( حدود العالم ) ساڵی ۳۷۲هـ.ق)

– ناوی ئامێرێکی مۆسیقایە و پێ دەڵێن ئەلغوزە، میر نەجات راست:

ارغنون ونی و قانون برد از دل شك را　　كوك كن توتك و طنبور و دف و تنبك را

بڕوانە:

له وتاری "الات موسیقی ایران قدیم" له گۆڤاری موسیقی، شمارە ٦، سال سوم، ص ٦٧".

هەروەها له فرهەنگی دهزا له بەرامبەری وشەی "توتەك" هاتووە:

– باڵندەیەکی ناسراو بە (طوطکی) یە (فرهنگ جهانگیری، فرهنگ رشیدی، انندراج و ناظم الاطباء).

– جۆرێکە لە نان کە لە قەزوین و ناوچەکانی دەوروبەری بە تایبەت لە ڕاوەند زۆر بەباشی بەرهەمی دێنن.

(برهان قاطع، فرهنگ جهانگیری، فرهنگ رشیدی، ناظم الاطباء و انندراج)

– بەشێکە لە نەی کە شوانەکان دەیژەنن (برهان قاطع، انندراج، ناظم الاطباء)

– بەشێکە لە نەی کە نیشەمش پێ دەڵێن (فرهنگ جهانگیریو فرهنگ رشیدی)

به شوخی گر کند توتك نوازی　　پری را دل کند از شیشه بازی

ز شد توتك او اندك اندك　　خرد قالب تهی سازد چه توتك

(وەرگیراو له : برهان قاطع)

– دۆلاب و کۆگا (برهان قاطع و انندراج)

– کۆگا و گەنجینە و دۆلابی پارە (ناظم الاطباء)

– گەرەکێکە لە شیراز (فرهنگ، رشیدی، انندراج و ناظم الاطباء)

– گوندێکە لە دلکا لە ناحیەی پەژمانی شاری ئێرانشەهر و ١٥٠ کەسی تێدا دەژیت. (فرهنگ جغرافیایی ایران، ج ٨).

له فەرهەنگی دهزا دوو گوند بەناوی توتکابۆن (له ناحیەی ڕووباری شاری رەشت) و توتکەلە (له دەوروپشتی ناحیەی ڕوودسەری شاری لاهیجان) هاتووە.

هەروەها وشەی "توتکی"یش هاتووە کە:له کۆن دا جۆرە پارەیەکی ئاسنی بووە، له فەرهەنگی دێهخودا باس له کەسێك بەناوی (طوطك بلا کراوە: "له سەردەمی سوڵتان ئەلجاتیف له بنەماڵە ی ئەمیر دانشمەند، له بەر ئەوەی ئەلجاتیف ویستی هەرات داگیربکات و ئەمیر دانشمەند بەهادۆری بۆ داگیرکردنی ئەو شارە بۆ هێنانی ئەمیر فەخرەددین دەنێرێ (ئەم طوطك بلا)یە چەندجار لەلایەن گەورەی خۆی ئەمیر دانشمەند بەهادۆر، چووتە لای ئەمیر فەخرەددین و محەمەدی سان. (بڕوانە: جامع التواریخ رشیدی، صص ۲۱، ۲۰، ۲٦، ۲۹- ۲۸، ۳٦- ۳۵).

١٢. اداره کل ثبت احوال، کتاب جغرافیای و اسامی دهات کشور، تهران: اداره کل ثبت احوال، چ ۲، ۱۳۲۹، ج ۲. ص ۲٦۹.



١٣. مفخم پایان، لطف الله (دکتر)، **فرهنگ ابادیهای ایران**، تهران، امیرکبیر، ۱۳۲۹، زیر واژه "طوطك".

١٤. **فرهنگ جغرافیای ابادیهای کشور شاهنشای ایران** (اداره جغرافیای ارتش، ۱۳۸۵، ص ۲۷) ناوی مەزرەعەیەك بە ناوی توتەك دێنێ لە دێهستانی پیشکوه، ناحیەی دەوروپشتی تەفت لە پارێزگای یەزد.

## پاژی هەڤدەیەم

## تایفەی قەلتاشی

### قەلتاشی و چارراهییەکان

لە لاپەڕەکانی پێشوو باسمان لە تایفەی چارراهی کردو و ووتمان کەئەمانە ساڵیانی ساڵە کەبەشێوەیەکی سروشتی نیشتەجێ بوونە و سنووری کوێستان و گەرمیانی پێشتریانیشمان دەستنیشان کرد.

یەکێك لە تایفەی چارراهییەکان، تایفەی قەلتاشییە کە بەپێی بەڵگەکان، وا دیارە کە لە گەڵ مێهنییەکان و توتەکیەکان هاتوونەتە ئەم ناوچەیە و جێگیربوونە. هەرچەندە تا ساڵی ١٢٦٧هـ. ئەم سێ تایفەیە لە ناوچەی فارس بوونە لە دوای گۆڕانکارییە جوگرافیاییەکان مێهنییەکان و توتەکیەکان دەبنە بەشێك لە پارێزگای یەزد و قەلتاشییەکانیش هەر لە سەر پارێزگای فارس دەمێننەوە.

بەڵام لە بارەی ئەوەی کە چۆن قەلتاشییەکان چوونەتە ناو چارراهییەکان هیچ زانیارییەکمان نییە و هیچ کەسیش لەم بارەیە زانیاری نییە.

### زێدی نادیاری قەلتاشییەکان

قەلتاشییەکانیش لە سەر ئەم باوەڕەن کە سێ برا بوونە و هاتوونەتە ئەم ناوچەیە و تایفەی مێهنی، توتەکی و قەلتاشییان دروست کردووە[1][2].

ئەمانە هیچ جۆرە زانیارییەکیان لە بارەی کاتی هاتنیان بۆ ئەم ناوچەیەیان نییە و بەهۆی بەربڵاویی و فراوانی دابەش بوونیان و گۆڕانی شوێنیان، گۆرستانێك نییە کە بەلایەنی کەمەوە مێژینەیان دیاری بکرێت یان ئێستا بەدەست ناکەوێ.

قەلتاشییەکان نزیکەی ٦٠ ساڵ لە مەبەر لە نێوان  گوندی کۆڕەیی ناوەندی ناحیەی سەرچەهان لە شاری بەڤانات و ئابادە تەشەك لە شاری نەیریز و تا شاری داراب، کوێستانە و گەرمیانەیان کردووە و بەرە بەرە لەم ڕێگایە نیشتەجێ بوونە.

لە لایەکی ترەوە، تا ئەو شوێنەی کە لە بیری خەڵك ماوە، قەلتاشییەکان لەکۆڕەیی بوونە کەئەمڕۆ ژمارەیەکی کەمیان لەوێ دەژین.

لە ئیمام زادە ئەبولقاسم، لە  ٢٤ کیلۆمەتری، گوندی کۆڕەیی، تەنها یەك کێلە گۆر هەیە کە بەحورەمەتی ئیمام زادە، تەرمەکەیان بۆ ناشتنی لەکۆڕەیی بۆ ئەم جێیە هێناوە.

لە سەر کێلی ئەم قەبرە مێژوویی **١٢٦٧**ه.ق نووسراوە کەوێنەی گیراوە.

بە پێی قسەی قەلتاشییەکان، کێلەکانیان لە مەزارگەی ئیمام زادە عەلی لە دورەگەی بەختگان (لە ئابادەی تەشەکی شاری نەیریز و ئیمام زادە غوری لە ناحیەی مێشکانی شاری نەیریز) هەیە بەشێوەیەك کە لە ئیمام زادە غوری پێنج کێلە  گۆریان هەیە[٣].

لە گۆڕستانی تازەی کۆڕەیی چەند کێلێکی نوێ هەیە بەڵام لە شوێنی کۆنی ئەم گوندە واتە قەڵای قاسم خان دوو گۆڕستان هەیە کە هیچ کێلێکیان  نییە.

## بەربڵاوی قەلتاشییەکان

بەربڵاوی قەلتاشییەکان بەم شێوەییە:

**شاری فارس:**

**شاری بەڤانات**

**ناحیەی سەرچەهان**

| | |
|---|---|
| شاری کورەیی | ٣٠ خێزان |
| گوندی دەشت رەئیس | ١٠ خێزان |
| گوندی مەحمەد ئاباد | ١٠ خێزان |
| گوندی توجەردی | ٧ خێزان |
| گوندی بەند نو | ١ خێزان |
| گوندی دێ زیارەت | ٤٠ خێزان |





تەنها کێلی بەجێماوە لە ئیمام زادە شازادە ئەبولقاسم
لە  "جوانە مەرگ مەلا رەزا خان و لە خوالێخۆشبوو عەباسی چاررراهی لە تایفەی قەلتاشی... ساڵی ١٢٩٦ ه.ق کە بەگوللە  کوژراوە"
(مێژووی وێنەگرتن: رۆژی پێنج شەممە ٢٦ی مێهری ١٣٨٠)

**شاری داراب:**

| | |
|---|---|
| شاری داراب | ٥٠ سەر خێزان |
| گوندی پاسۆخەن یان رەشید ئاباد[٤] | ١٥ سەر خێزان |
| گوندی کورسیا[٥] | ٢٠ سەر خێزان |

**شاری نەیریز:**

| | |
|---|---|
| شاری نەیریز: | ١٥ سەر  خێزان |
| شاری ئابادەی تەشەك | ٤٠ سەر خێزان |
| شاری تەشت | ٥ سەر خێزان |

گوندی چاه سۆرخ — ٥ سەر خێزان

**شاری شیراز:**

شاری شیراز — ٥ سەر خێزان

**شاری ئەرسەنجان:**

شاری ئەرسەنجان — ١٠ سەر خێزان

دەوروپشتی ئەرسەنجان — ٣٠ سەر خێزان

**شاری مەرڤدەشت:**

شاری مەرڤدەشت — ٧ سەر خێزان

**شاری ئەستەهبان:**

شاری ئەستەهبان — ٥ سەر خێزان

شاری رونیز — ٥ سەر خێزان

**شاری بەڤانات:**

گوندی ریزەکان — ٥ سەر خێزان

**پارێزگای یەزد:**

شاری یەزد — ٣٠ سەر خێزان

**شاری خاتەم:**

شاری هەرات — ١٠ سەر خێزان

گوندی توتەك — ٨ سەر خێزان

**پارێزگای کرمان:**

شاری شەهری بابەك — ١٥ سەر خێزان

خەبەر — ٤٠ سەر خێزان

**شاری جیرۆفت:**

شاری جیرۆفت — ٤٠ سەر خێزان

**پارێزگای ئەسفەهان:**

شاری ئەسفەهان — ٢٠ سەر خێزان

**پارێزگای تاران:**

تاران — ٥ سەر خێزان



**پارێزگای خوراسان:**

مەشهەد — ١٠ سەر خێزان

---

**کۆی گشتی — ٤٩٣ سەر خێزان[٦]**




خاتوو عزەتی سالاری لە تایفەی قەلتاشی




خاتوو روقەییە ئێعتمادی قەلتاشی بەجلی ناوچەکەیان

(مێژووی وێنەگرتن: رۆژی پێنج شەممە ٢٦ی مێهری ١٣٨٠)



مەنوچەهری ئێعتمادی قەلتاشی لە تایفەی قەلتاشی

(مێژووی وێنەگرتن: شەممە ١٥ی دەی ١٣٨٠)




بەبرازی سالاری لە تایفەی قەلتاشی

(مێژووی وێنەگرتن: هەینی ٢٧ی مێهری ١٣٨٠)



بەڕێز مەنوچەهری ئەعتماد قەلتاشی و خوشكەكەی
روقەییەی ئێعتمادی قەلتاشی لە تایفەی قەلتاشی
(مێژووی وێنەگرتن: رۆژی پێنج شەممە ٢٦ی مێهری ١٣٨٠)





دایك و كچێك لە تایفەی قەلتاشی
(دایك بەجلوبەرگی شاری، كچ بەجلوبەرگی ناوچەكەیان و عەشایری فارس)
(مێژووی وێنەگرتن: رۆژی پێنج شەممە ٢٦ی مێهری ١٣٨٠)

**لقەکانی تایفەی قەلتاشی**

گرووپێك بەناوی بەیلێ (Bayle) هەیە کە لە قەلتاشییەکانن کەزانیاریمان لە سەر ژمارەیان نییە، تایفەی قەلتاشی  تەنها دوو بەیلێ بەناوەکانی بەیلێ مورتەزایی و بەیلێ کەریم خانیان بە بیر دێت.

**زۆرترین نازناو**

ئێستا زۆربەی نازناوی قەلتاشییەکان بەم شێوەییە: ئێعتمادی قەلتاشی، قەلتاشی، قەلتاش، میرقولی، سالاری، بەخجەستە، حوسێن زادە، دانشی، کەریمی، چاکری، چاکری زادە، ئەفشار مەنش و سەرچەهانی.

**باری دارایی قەلتاشییەکان**

باری دارایییان باش و لە بارە و زۆربەیان جوتیارن و خاوەن لۆرین.

**تایبەتمەندی ئەخلاقی**

لە لایەن تایبەتمەندی ئەخلاقی نەترس، دلێر، نافەرمان، لایەنگیری مافی خۆیان، دەمارگیری نەتەوەیی کە هەر وەك کوردەکانی قوقەس و کوفەجی کرمانن.

**ڕووداو**

لە ساڵی ١٣٢٥، لە  ١٢ مورداد، ڕووداوێك لە ژیانی قەلتاشییەکان ڕوویدا کەپێویستە لێرە باسی بکەین:

بەپێی عورف و نەریت، لە لایەن قەلتاشییەکانەوە، سەرەتا حاجی عەلی قەلتاشی و دواتریش عەلی کەریم بەیگی سالاری (ناسراو بە عەلی کەریم بەیگ) کەهەردووکیان لە تایفەی قەلتاشی بوونە، کەلانتەریان کردووە، لەکاتێکدا کە کەلانتەری فەرەمی و حکوومی قاسم خانی نگەهبان بووە[٧].

چەند ڕۆژ بەر لە  ١٢ی مورداد، سێ کەس بەناوەکانی میر شکاری، محەمەد جانی و حوسێن خانی نامەیەك بۆ قاسم خانی نگەهبان دەنووسن کە ئێمە تۆمان وەك کەلانتەر قبوولە و قورئانێکیش لە گەڵ نامەکە دەنێرن.

بێشك عەلی کەرەم بەیگ و عەبدوڵڵاخانی سالاری کە یەکێك بەناو کەلانتەر بووە ئەویتریش  ڕابەری گرووپ بووە، ململانێیان لەگەڵ قاسم خانی نگەهبان ئەسبابی کردووە و ئەویش بەپشت بەستن بەدەسەڵاتی شیراز، داوا لە هێزی بەڤانات بەفەرماندەیی مولازمی یەکەم، قەهرەمانی دەکات کە بەهێزەوە بێنە ناوچەی کورەیی و لە گەڵ چەکدارەکانی قاسم




خانی نگەهبان یەکدەگرنەوە و لە جەماڵ ئاباد پێکدادان ڕوو دەدات و لەکاتێکدا کە عەلی کەریم بەیگ و عەبدوڵڵاخانی سالاری سەرۆکی گوندی دەشتی رەئیس بوونە،لەم شەڕە سێ کەس لە قەلتاشییەکان بە ناوی محەمەد حوسێن خانی سالاری، محەمەد عەلی ئێعتمادی و قولی بەکر (خەڵکی خیری ئەستەهبان کەبەشێکە لە قەلتاشییەکان)، دەکوژرێن و لە بەرامبەریش، سێ کەس لە چەکدارەکانی قاسم خانی نگەهبان بەناوەکانی زیادی میر شکاری، غولام حوسێن خانی، عەبدوڵڵای میر شکاری (ناسراو بەعەبدول) دەکوژرێن و لە ئەنجامدا، کۆتایی بەم ڕووداوە دێت. فەرەماندەی هێزەکان ڕاپۆرتێك ئامادە دەکات و دارایی و مەڕوماڵات و ژن و منداڵی قەلتاشیەکان دەداتە قاسم خانی نگەهبان و قاسم خانیش ئەوان بۆ قەڵای خۆی بەناوی قەڵای قاسم خان کە لە ساڵی ١٣١٦ه. دروستی کردووە و تەواوی خەڵکی کورەیی لە وێ جێگیر بوونە، دەگوازرێتەوە. ئەم ڕاپۆرتە لەم کتێبە هاتووە. هەڵبەت لە دوای دوو ساڵ، عەلی خانی حوسێن خانی لە چەکدارەکانی قاسم خانی نگەهبان بە تۆڵە هەمان ڕووداو دەکوژرێت[٨].

**یاخییەکانی قەلتاشی**

لەم سەردەمەدا، تایفەی قەلتاشی یاخییەکی زۆری هەبووە. بێشك لە ڕابردووشدا یاخیی هەبووە کەئێمە زانیاریمان لە سەریان نییە. هەروەها شایانی باسە کەیاخییەکانی تایفەی قەلتاشیان بەناوی چوارراهی ناوزدە کردووە کە بەپێی لێکۆڵینەوە، بەدەرکەوت کە لە ساڵی ١٣١٠ تا ١٣٥٧ه. ٢٣ یاخی ناوداری هەبووە بەناوەکانی:

حوسێن ئەحمەد، مورتەزا، محەمەد عەلی خان، قاسم عەلی، حوسێن خان، سەعدوڵڵا خان، عەبدوڵڵاخان، شا موراد، سەبز عەلی، حاج عەلی، محەمەد بەیگ، پەنجعەلی بەیگ، عەلی کەرەم بەیگ، سەلمان، نۆسرەت، مستەفا ، بەبراز، ئەمروڵڵا، جان بابا، سیا پەنجعەلی، محەمەد حوسێن خان، یەدوڵڵا خان و غولام حوسێن خانی عەلی ئەکبەر[٩].


وزارت جنگ
تیپ مختلط مستقل فارس
تاریخ ... ماه ... ۱۳
ضمیمه
قسمت
شعبه
نمره

حوسێن ئەحمەدی قەلتاشی لە ساڵی ١٣١٢ھ. یاخی دەبێ و گرووپێك پێكدەهێنێت كە لە لایەن كەلانتەری چهارراهی، قاسم خانی نگەهبان سەركوت دەكرێت.

## كۆنووسی رێكەوتی ٢٥/٥/١٣

لەكاتژمێری ١٠ی رۆژی ٢٥/٥/١٣ بەمەبەستی تۆماركردنی كەلوپەل و دارایی قەلتاشییەكان لە دوای رووداوی ٢٥/٥/١٢ كە لە نێوان هێزی بەڤانات بەهاوكاری چەكدارەكانی قاسمی نگەهبان لەگەڵ یاخییەكانی قەلتاشی لە قەڵای دەشت رەئیس روویدا، لێژنەیەك بەسەرۆكایەتی مولازمی یەكەم قاسمی قەهرەمانی ئەفسەری سەربازگەی بەڤانات و بەرێز قاسمی نگەهبان، كەلانتەری چهارراهی، بەرێز قیتاس عەباسی كوێخای حسامی، بەرێز



حوسێن خودارەحم، مەشهەدی سەرداری عەلی، دادالە، باوەرپێكراوانی ناوچەی چهارراهی مەشهەدی شەهباز باوەرپێكراوی ناوچەیی لە قەڵای دەشت رەئیس (شوێنی رووداوەكە) پێكهات و بە چاودێری و ئامادەبوونی خانەوادەی قەلتاشی كەلوپەل و دارایی یاخیەكان كەهەندێكیان كوژراون و هەندێكیشیان دەستگیركراون و ئەوانی تریش هەڵاتوون، هەر هەموویان تۆماركراون و جگە لە شتی پێویست كە دراوەتە خێزانی یاخیەكان، كەرەستەكانی تریش تا فەرەمانی بەرپرسان، دراوەتە قاسمی نگەهبان كە بەم شێوەییە:

ئەلف: ١٥ كەرەستە و دارایی عەلی كەریمی سالاری كە بریتییە لە :

١. دوو مافوری دوو مەتری كرمانی. ٢. دوو مافوری ٣ مەتری توركی. ٣. یەك مافوری دوو مەتری چهارراهی. ٤. شیرەكی دوو دانە. ٥. خۆرەمی دوو دانە. ٦. بەڕ یەك دانە. ٧. خورجین سێ دانە. ٨. كەواڵە دوو دانە. ٩. سینی مسی دوو دانە. ١٠. مەسینە و تەشت یەك دانە. ١١. مەنجەلی مسی بچووك یەك دانە. ١٣. كەواڵە بەگوریسەوە یەك دانە. ١٤. تەلیسك بەگوریسەوە یەك دانە. ١٥. دوو كەسی گاوان.

ب. ١٠ بابەت لە دارایی و كەرەستەكانی ئیسماعیل كوڕی ئەمانوڵڵا قەلتاشی:

١. خورەی پڕ لە ئاردی گەنم سێ دانە. ٢. خورەی مافور یەك دانە. ٣. خورجینی مافور سێ دانە. ٤. خورجینی تورك یەك دانە. ٥. توورەكە سێ دانە. ٦. خرەمی سوور یەك دانە. ٧. مافوری دوو مەتری یەك دانە. ٨. مەنجەلی مسی سێ دانە. ٩. مەنجەڵی گەورە یەك دانە. ١٠. چلوسافی یەك دانە.

ج. ٥ بابەت لە دارایی حوسێن كوڕی ئەمانوڵڵای قەلتاشی بەم شێوەیەیە:

١. خورەی جۆی ترش یەك دانە. ٢. خورجینی مافور یەك دانە. ٣. بوتەرسی ئەسفەهان یەك دانە. ٤. مافوری بچووك یەك دانە. ٥. خورەی گەنم یەك دانە.

د. دوو بابەت لە دارایی منداڵەكانی كازمی قەلتاشی:

١. خورجینی مافوری دوو دانە. ٢. مەنجەتی مسی گەورە یەك دانە.

هـ. ٥ بابەت لە دارایی محەمەد حوسێن كوڕی پەنجعەلی:

١. مافوری یەك مەتر ونیوی یەك دانە. ٢. مافور یەك دانە. ٣. حەرەمی یەك دانە. ٤. خورەی سوور یەك دانە. ٥. خورجینی بچووك یەك دانە.

و. كەرەستەی سولەیمان كوڕی محەمەد:


١. خورەی گەنم یەك دانە.

ز. کەرەستە و دەستکەوت لە جانبایا کوڕی صادقی قەلتاشی:

١. گاوان یەك کەس.

هەروەها خێزانی یاخییەکانی قەلتاشی تا دەرچوونی فەرمانی سەروومان سوپای ٦ لە ژێر چاودێری قاسمی نگەهبان دەبن.

١. مولازمی یەکەم قاسمی قەهرەمانی. ٢. قاسمی نگەهبان کەلانتەری چهارراهی. ٣. قیتاس عەباس کوێخای حسامی. ٤. حوسێنی خودارەحم. ٥. مەشهەدی سەردار، باوەڕپێکراوی ناوچەکە. ٦. مەشهەدی عەلی. باوەڕپێکراوی ناوچەکە. ٧. دادالّە ئەمرولّلا، باوەڕپێکراوی ناوچەکە. ٨. مەشهەدی شەهباز.



کۆنووسی دارایی و کەلوپەلی قەلتاشیەکان لە دوای داگیرکردنی قەلاّی دەشتی ڕەئیس





شا موردای ئێعتمادی قەلتاشی، یەکێك لە یاخیەکانی قەلتاشی، ئامۆزازای عەبدوللاّخان



عەلیخانی ئێعتمادی قەلتاشی، کوڕی شا موراد و زاوای عەبدوللاّخان

کرامەتی دانشیان، ئاهەنگ دانەری "بهاران خجسته باد"، هەڤاڵ هاوسەنگەری خەسرەوی گۆلسرخی کە لە سەردەمی رژێمی شا لە سەیدارە درا، کوڕی کەسێکی قەلتاشی بەناوی پەرویزی دانشیان بووە.

**عەبدوڵلاخان بەناوبانگترین یاخی**

عەبدوڵلاخان لە تایفەی قەلتاشی و نیشتەجێی کورەیی، ناسراو بە عەبدوڵلاخانی چهارراهی بەناوبانگترین یاخی تایفەکان قەلتاشیە، هەرچەندە نزیکەی ٥٠ ساڵە لەمردنی تێدەپەڕێ، بەڵام هێشتا لە دانیشتنەکان باسی کردەوەکانی دەکرێت.

عەبدوڵلاخان بەنازناوی سالاری، بە ژنێکی مام ناوەندی و پێستێکی سەوزە و لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا مردووە.

بەبۆچوونی هەندێك کەس عەبدوڵلاخان، ماوەی چوار ساڵ (و بەبۆچوونی هەندێکیش ٧ تا ١٣ ساڵ) لە بەندیخانەی کرمان بەند دەکرێت- کە لەم بەندیخانەیە، کەسێکی تر بەناوی عەبدوڵلای قەساب بەندکراوە کە کاتی بەربوونەوە عەبدوڵلای قەساب دەگات ، عەبدوڵلاخانی سالاری خۆی لە جیاتی عەبدوڵلا قەساب دادەنێ و لە بەندیخانەی کرمان هەڵدێت و ١٢ کاتژمێر بە بەردەوامی بەپێ نزیکەی ٢٨٠ کیلۆمەتر ڕێگا دەبڕێت و دەڕواتە گوندی غووری (لە حەسەن ئاباد ناحیەی مێشکانی شاری نەیریز- لە ١٦ کیلۆمەتری باکووری حەسەن ئاباد).

لەم کاتە یاخی دەبێت، لەدەسپێکیدا هەفت یان هەشت قەلتاشی لە گەڵیدا بوونە و لەکۆتایی ژیانی، هەندێجار ٨٠ کەسی لە گەڵدا بووە.

خەڵك وادەڵێن کە لە دوای ڕووداوی ١٣٢٥ لە جەماڵ ئاباد، قاسم خانی نگەهبان، بەدوای عەبدوڵلاخان و عەلی کەرەم بەیگ دەکرێت، بەڵام هەردووکیان دەڕۆنە شاری داراب و ئەم بەدواداچوونەوەش کۆتایی پێ دێت.

لە دوای ئەمە عەبدوڵلاخان بەیاخیگەری، زۆرتین ترس بەنیسبەت تەواوی یاخییەکانی قەلتاشی تەنانەت ناوچەکەش واتە جادەکانی فارس، بەندەر عەباس، کرمان، یەزد، نائین و ئەبەر کوه، دروستدەکات و تا مردنی لە ساڵی ١٣٣٣هـ بەگوتەی هەندێك کەس، ١٥١ جەندرەمە و سەرباز و خەڵکی ئاسایی کوشتووە، بەڵام بەپێی بەڵگەکان ژمارەی ڕاستەقینەی کوژراوەکان بەدەستی عەبدوڵلاخان چەندین بەرامبەری ئەم ژمارەییە.



بۆ نموونە یەدوڵلا خان، برای عەبدوڵلاخان کەئەویش یاخی بووە و لە گەڵ یاخییەکی تر بەناوی غولام حوسێنی عەلی ئەکبەر لە گەرەمیانی فارس دەچنە ناو خیوەتێك کەهەر هەموویان چریك بوونە، و چریکەکانیش ئەم دوو کەسە دەکوژن، عەبدوڵلاخان بۆ تۆلە سەندنەوە ١٣ کەس لە هەمان هۆز و تایفەیە دەکوژێت و سەری هەر کەسێکیان لە سەر سینییەك دادەنێت و بۆیان دەنێرێ.

عەبدوڵلاخان هەمیشە خێزانەکەی جگە لە چەند سەفەرێك لە گەڵیدا بووە و هیچ کاتێك نوێژی لە بیر نەچووە. ئەو و یاخیەکانی تری قەلتاشی چەندین ساڵ وەك یاخی لە شاخەکان بوونە، لۆرییەکانیان تاڵان دەکرد و زۆر ڕێزی"سەید"ەکانیان دەگرت و ئەوانیان تاڵان نەدەکرد. عەبدوڵلاخان و تەواوی هاوڕێیان و تەواوی یاخییەکانی ناوچەکە لە بەرامبەر نامووس هەستیار بوونە و ئەگەر ژنێك لە ناو لۆریەك بوایا، بەهیچ شێوەیەك ئاوریان نەدەداوە لەم لایەنە دۆسیەی عەبدوڵلاخان و هاوڕێیەکانی پاك و بێ گەردە.

عەبدوڵلا خان لە نێو خەڵك و جگە لە خزمەکان و خەڵکی ناوچەکە،لە شوێنەکانی تر سیخوری هەبووە کەراپۆرتیان بۆ دەنارد. مەشهەدی عەبدولحەمیدی حەیدەری (لە تایفەی ئاربۆز) لە ناحیەی سەرچەهان و نیشتەجێی گوندی خانسار (لە ناحیەی ناوەندی شاری خاتەم) لەمانگی شەهریوەری ١٣٦٤ دا بۆی باس کردم کە شەوێك، لە بیستەکاندا، عەبدوڵلاخان و هاوڕێیانی بەهۆی کێشەیەك لە نێوان ئەو و کەربەلایی حەسەنی کەرەمی (کوێخای خانسار)، سێ گوندی خانسار، نیستان، و حەسەن ئاباد تاڵان دەکات[١٠]. حەیدەری دەیگێڕایەوە کە لە هەمان شەودا نەخۆش بووم و تام هەبوو عەبدوڵلاخان هاتە خیوەتەکەم و شتێکی لە گوێچکەم گوت و چەند پرسیارێکی کرد و دواتر بارێك شەکری سوور بەفەرەمانی ئەو لە خیوەتەکەی من فڕەدا و ڕۆیشتن[١١][١٢].

تەواوی خزمەکانی عەبدوڵلاخان، دەڵێن، ئەو دەستکەوتانەی کە لە کاروان و لۆرییەکان و شتی تر بەدەس دەهێنا لە نێوان هەژارەکان دابەش دەکرد و لەکاتی مردنیدا، تەنها ٣٠٠ مەڕی (بە بەهای ئەو کاتە سێ هەزار تمەن) هەبووە[١٣].



زەری سالاری هاوسەری عەبدوڵڵاخان و کچی عەلی بەیگی سالاری (کەلانتەر)

سوپا و جەندەرمەی فارس لە ماوەی دە ساڵ یان زۆرتر پێیان نەکرا کە دەستگیری بکەن. هەر جارێك کە چەند کەسێك لە لایەن سوپای فارس لە شیراز بەمەبەستی دەستگیرکردنی عەبدوڵڵاخان ڕەوانەی کورەیی دەکران بەهۆی ئەو کەسانەی لە جەندەرمی توجێردی (ناوەندی ئەو کاتەی دێهستانی سەرچهان هەواڵیان بۆ عەبدوڵڵاخان دەنارد) ، وای دەکرد کەئاگادار بێت و لە ئەنجامدا دەیانکوشت، بەڵام لە ئەنجامدا ئەفسەرێکی جەندەرمە بەناوی ئیمتیازیان کەدواتر بە نەقیبە شەل ناسراو بوو،وەك فەرماندەی جەندەرمەی شاری نەیریز و بەمەبەستی کۆنترۆڵ کردنی نەسوتاندنی خەڵووز دێتە ئەم ناوچەیە هات بوو (لەو سەردەمەدا بەرهەم هێنانی خەڵووز لە دارستانەکانی فارس قەدەغە بووە)[١٤].

ئەو هەوڵدەدات کە برادەرایەتی لە گەڵ عەبدوڵڵاخان دروستبکات و بۆ ماوەی سێ ساڵ دۆستایەتییەکی بەتینی لە گەڵدا هەبووە کە بە گوتەی هەندێك کەس دوو یان سێ جار لە تاڵانی لۆرییەکان[١٥] هاوکاری عەبدوڵڵاخانی کردووە. عەبدوڵڵاخان سالاری پێنج ساڵی دوایی ژیانی ئەمانامە وەردەگرێت و تەنانەت تفەنگێکی حکومیشی پێ دەبەخشن و لە گوندی تەشت لە شاری نەیریز ژیان بەکشتوکاڵی بەسەر دەبات و لە قەڵایەك کەبەخۆی لە و گوندە دروستی کردووە بەناوی قەڵای عەبدوڵڵاخان بەناوبانگە، جێگیر دەبێت.



هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم گوندە ئەمە بووە کە کەسێك بەناوی شا میرزا لە تایفەی لەشنی، یەکێك لە خزمەکانی دوکتۆر ئەفخەمی حکمەت، خاوەنی گوندی تەشت بەناوی سەید مەجاب دەکوژێت و عەبدوڵڵاخانیش، شا میرزا دەکوژێت و بەم هۆیەش، دوکتۆر ئەفخەمی حکمەتیش ئەم گوندەی دەداتە عەبدوڵڵاخان[١٦].


هەر لەو ماوەیەی ئامانامە وەرگرتنەوە، موقەدەم موقەرب، فەرماندەی هێزەکانی جەندەرمەی فارس، بڕیارێك دەداتە دەستی عەبدوڵڵاخان کە لە هەر یەکەیەکی جەندەرمەی تفەنگی دەوێ و بەهەر ژمارەیەك بێ، دەتوانێ وەربگرێت بەمەرجێك کە دوو تفەنگیان بۆ بەجێ بهێڵێت[١٧].

ڕاوێژکاری دوکتۆر حکمەت، کەسێك بەناوی ئاقا عەلی واسل بووە کەدەبوایا بەشی کشتوکاڵی ئەوی لە عەبدوڵڵاخان وەربگرێ و بۆی ڕەوانە بکات، هەرچەندە عەبدوڵڵا خان ئەم بەشەی بۆ خاوەن موڵك دەنارد، بەڵام ئەم ڕاوێژکارە وای پێشاندەدا کەعەبدوڵڵاخان بەشەکەیان بۆ نانێرێ. بەم هۆیەش خاوەنی زەویەکان کە لە جەندەرمەی و لە لای دادنووس سکاڵا لە دژی عەبدوڵڵاخان بەرز دەکات و لەم کاتەش فایلی کوژرانی شا میرزاش ئاشکرا دەبێت و بەشاراوەییەوە فەرمانی دەستگیرکردنی- نەك کوشتنی- دەردەکەن[١٨].

لە لایەکی تریشەوە، لە ماوەی ئەمانی عەبدوڵڵاخانیش، هەندێك کەس هەبوون کە بەناوی ئەو خەریکی تاڵان کردنی کاروانەکان و لۆرییەکان بوون[١٩].

حەسەنی میرقولی، یەکێك لە هاوڕێیەکانی عەبدوڵڵاخان و پاشماوەکانی گرووپەکەی، کە تا دوایین ساتەکانی ژیانی عەبدوڵڵاخان لە گەڵیدا بووە و لەو کاتە تەمەنی ١٤ ساڵان بووە بۆی گێڕامەوە کە نەقیب ئیمتیازیان، برادەری گیانی عەبدوڵڵاخان بووە و هاتوچۆیان هەبووە و تەنانەت دوایین شەوەکانیش هەردووکیان لە یەك ژوور لە سەر یەك مافوور و لە دوو پێخەفی جیا لای یەك نووستوونە و جەندەرمەکان و هاوڕێیەکانی عەبدوڵڵاخان، پێکەوە لەکاتی شەو پاسەوانیان داوە و لەوانە میرقولی. پاسەوانی ئەو شەوانەی خۆی بەبیرە[٢٠].

لە هەمان ساڵدا، لە زستانی ١٣٣٢ یان ١٣٣٣ [٢١]. کەسێك لە ناوچەی ئیج لە شاری ئەستەهبان بەناوی میراز فەرەج، یاخی دەبێ و نەقیب ئیمتیازیان بەبێ فەرماندەی سەرووی خۆی، بەدوای دەچێت و لە پێکدادانی لە نێوانیان عەریفێك لە هێزەکانی ئیمتیازیان دەکوژرێت و لە ئەنجامدا ئیمتیازیان دەرەجەی لێ زەوت دەکرێت[٢٢].



حەسەنی میرقولی لە تەمەنی ٦١ ساڵیدا لە پاشماوەکانی
گرووپی عەبدوڵڵاخانی سالاری
(مێژووی وێنەگرتن: شەممە ١٥ی بەفرانبار ١٣٨٠)

لەم کاتەدا کەسێکی تر بەناوی ئەسغەری قورت[٢٣] لە هەمان ناوچەی ئیج یاخی دەبێ. لە ئەنجامدا عەلی کەرەم بەیگی سالاری نامەیەك بۆ عەبدوڵڵاخان دەنووسێ، داوا دەکات کەئیمتیازیان یارەمەتی بدات تا ئەسغەری قورت دەستگیر بکات. جگە لەمە، موقەدەم موقەرەبیش نامەیەك بەهەمان بابەت بۆ عەبدوڵڵاخان دەنووسێ و داوای لێ دەکات[٢٤][٢٥].



عەبدوڵڵاخان لە گەڵ هاورێیەکانی بەئەسپ و نەقیب ئیمتیازیان لە گەڵ شوفێرێك و جەندەرمێك و دوو کەس لە نەفەرەکانی عەبدوڵڵاخان بەناوەکانی نۆسرەت و مستەفا لە جیپێکدا. پێنج رۆژ لە شاخ و ناوچەی دز و بازرگانەکان لە رۆژهەڵاتی شاری بابەك، هەروەها چشمە ئەنجیر، کور سفید، چاه مەنج و قەرەجێ، گوندی چاهەك لە دوای ئەسغەری قورت دەگەڕێن کەئەنجامی نابێت[٢٦].

لە ئەنجامدا شەو لە باخی شادی (نێوان گوندی خانساری و گوندی چاهەك) لەماڵی خان میرزای خەلەج لە تایفەی قەرایی[٢٧] بەسەردەبەن، بەبێ دەستگیری ئەسغەری قورت.

لە هەمان شەودا، ئیمتیازیان ڕوو لە عەبدوڵڵاخان دەکات و دەڵێ: "ئاغا، ئێستا کە زستانە، سەرەماشە، تۆش کە بە ئۆتۆمبێل لە گەڵماندا نایەی، ئەسغەری قورتمانیش دەستگیر نەکرد، من سبەی دەڕۆم"

کاردانەوەی عەبدوڵڵاخان لە زەینی خۆی بەم جۆرەیە کە ئێستا نابێ دڵی ئیمتیازیان بشکێنم و دەڵێ:

- باشە، بەیانی لە گەڵت دێم.[٢٨]

بەیانیەکەی (ڕەنگە رۆژی ٢٨ی بەهمەنی ساڵی ١٣٣٢ بێ) دەبنە دوو گرووپ: یەکێك حەسەن میرقولی (١٤ ساڵە ) ئەمروڵلە حوسێن زادە (٨٠ ساڵە ) و مستەفا سالاری (٣٠ ساڵە ) هەر هەموویان لە تایفەی قەلتاشی و لە هاورێیەکانی عەبدوڵڵاخان و جەندەرمێك بە ناوی کەدخودایی بەئەسپ. لەکاتژمێر هەشتی بەیانی لە باخی شادی بەرەو چاهەك (لە ١٢ کیلۆمەتری باخی شادی) بەرێ دەکەون. شایانی باسە کەئیمتیازیان بەنهێنی بە کەدخودایی راگەیاند بوو کە ئەگەر عەبدوڵڵاخانم کوشت لە نزیکەی چاهەك، ٥٠٠ مەتر لە جادە دوور دەبم و جیبەکە ڕا دەگرەم.

گرووپی دووەم عەبدوڵڵاخان و هاورێیەکانی واتە نەسرەتی میر شکاری، جان بابا قەلتاشی و بەبرازی سالاری و لە گەڵ شوفێری جیپەکە و عەریفێك بەناوی ئەلوەندی و ئیمتیازیان بەجیپ بەرەو چاهەك بەرێ دەکەون، بەڵام ڕاستەوخۆ بەرەو چاهەك ناڕۆن و رێگای یەزد دەگرنەبەر و دواتر بەرەو چاهەك دەڕۆن.

ئیمتیازیان چوار دانە پرتەقالی هەبووە کە بەسرنج ژەهراوی کردبوو[١]، سەرەتا پرتەقالێك کە ژەهراوی نەبوو دەخوات و دواتر پرتەقالێکی ژەهراوی دەداتە عەبدوڵڵاخان و هاورێیەکانی و هەر چواریان دەست بەجێ دەمرن. لە دوای ئەمە، بەگوللە لێیان دەدات و کەهیچ خوێنیان لێ نایەت.

دواتر مەیتەکانی لە لۆریەکی بەتاڵ کە لە یەزدەوە دەهات دادەنێ و بەرەو چاهەك دەڕۆن، گرووپی ئەسپ سوارەکان نزیکەی ١٠ی بەیانی دەگەنە چاهەك، لەم کاتەدا پاسەوانەکانی جەندەرمەی، ئەمروڵلا و مستەفا بەرەو لۆریەك دەنێرن کەشوفێرەکە بێنن و بەڵێنی لێ وەربگرن کەئیتر خەڵووز لەم ناوچەیە بار نەکات.

لەم کاتەدا، جیپ و لۆرییەکە کە مەیتەکانی تێدایە دەگەنە جێ و جیپ بەئیشارەتی گلۆپەکانی پاسەوانەکان ئاگادار دەکات کە عەبدوڵلاخانیان کوشتووە.


حەسەنی میرقولی لە هەمان کاتدا ویسوویەتی بەرەو ئەمروڵلا و مستەفا بڕوات کەبانگی دەکەن:

وەرە چای بخۆوە!

ئەو دەڕوات کە چای بخواتەوە. کاتێك کەمیرقولی تفەنگەکەی لە پەنای دیوار دادەنێت و پیاڵەی چایەکە بەدەستەوە دەگرێت، یەکسەر جەندەرمێك لە پشتەوە دەستەکانی دەگرێت و کەلەپچەی دەکات.

لەم کاتەدا کاتێك ئیمتیازیان لە پێشەوەی جیپەکە سەرەتا مستەفا دەپێکێ و دەیکوژێ و دواتریش ئەمروڵلا ی ٨٠ ساڵان کەدەبینێ مستەفایان کوشت جیپی ئیمتیازیان دەکاتە ئامانجی خۆی و ئێستا ئیمتیازیان لە دەرەوەی جیپەکە ڕاوەستاوە و تفەنگی بەرەو مستەفا ڕاکێشاوە، ئەمروڵلا بە گوللەی دەپێکێ و ئیمتیازیان دەکەوێتە زەوی، بەڵام تەنها دەستی بریندار دەبێت و هەڵدەستێ بەڵام تفەنگە نوێیەکەی ئەمروڵلا چروك دەکات و هەرچی هەوڵدەدات ئەنجامی نییە، ئەمە دەرفەتێك بووە کە ڕا بکات، بەڵام جەندەرمێك کە میرقولی کەلەپچەدا بوو،ئەمروڵلا دەکوژێت.





مەیتی عەبدوڵلاخان و هاورێیەکانی لە نەیریز

ڕیزی پشتەوە لە لای ڕاستەوە: ١. ئیمتیازیان، ٢ جەندەرم، ٣. مستەفا سالاری، ٤. بەبرازی سالاری، ٥. عەبدوڵلاخانی سالاری، ٦. نەسرەتی میرشکاری، ٧. جەندەرم.
ڕیزی پێشەوە لە لای ڕاستەوە: ١. جەندەرم، ٢. ئەمروڵلا حوسێن زادە، ٣. حەسەن میرقولی، ٤. جان بابا قەلتاش، ٥. جەندەرم.

لەم کاتەدا حەسەنی میرقولی، نەوجەوانی١٤ ساڵە یان بە کەلەپچەوە دێننە ناو گۆڕەپانی سەربازخانەکە، خەڵکی گوندی چاهەك کەگوێیان لە دەنگی گوللە دەبێت بۆ تەماشاکردن دێن. ئیمتیازیان دەیەوێ بەتفەنگ حەسەنی میرقولی بکوژێت کە دوو کەس، یەکێکی چاهەکی بە ناوی سەمیمی و ئەویتریش یەزدی بەناوی کیانی، بەڕێوەبەری قوتابخانەی چاهەك، بەئیمتیازیان دەڵێن کە نابێ نەوجەوانێکی تەمەن ١٤ ساڵان کە دەستگیرکراوە بکوژن لە لایەکی ترەوە، ئیمتیازیان وا بیردەکاتەوە کە ئەم خەڵکە هاتوونە کە حەسەنی میرقولی رزگار بکەن، بۆیە نایکوژێت و فەرمان دەدات خەڵکەکە بڕۆنە ماڵی خۆیان.

مەیتی ئەمروڵلا و مستەفا کە غەلتانی خوێن بوونە، لە سەر چوار مەیتەکەی تر دادەنێن هەتا ئەوانیش خوێنی بن و بڵێن ئەم چوار کەسە بەگوللە کوژراون، نەك بەژەهر.

لە دوای ئەم ڕووداوە، ئیمتیازیان بەجیپەوە کە میرقولیش تێیدا بووە و لۆریەك بەرەو نەیریز دەڕۆن، لە ڕێگادا ئیمتیازیان داوا لە میرقولی دەکات کە لە دادگا بڵێت عەبدوڵڵاخان بە دەمانچەوە ویستویەتی بیکوژێت کە ئیمتیازیان بە ٢٠ گوللە عەبدوڵڵاخانی کوشت بەڵام میرقولی لە دادگادا ڕاستییەکەی دەڵێت.

لە نەیریز، میرقولی بەتفەنگەوە لە سەر مەیتەکان دادەنێن و وێنەی دەگرن کە لە لاپەڕەی پێشوو لە چاپدراوە.

میرقولی ١٠ ڕۆژ لە بەندیخانەی نەیریز بووە و دوو مانگیش لە شاری ئەستەهبان و ١٦ ڕۆژیش لە بەندیخانەی جەهروم بەتاوانی هاوکاری کردن لە گەڵ عەبدوڵڵاخان بەند دەکرێت[٢٩].


لەکۆتاییدا خودی ئیمتیازیان دەڕوات و لە سەر فایلی میرقولی دەنووسێت کەئەو تاوانبار نییە و بەم هۆیەش ئازادی دەکەن[٣٠][٣١][٣٢].

مەیتی عەبدوڵڵاخان و هاوڕێیەکانی لە گۆڕستانی زیروح لە گەڕەکی گیا لە نەیریز لە ناو چاڵێك فرێدەدەن و خۆڵیان بەسەردا دەکەن، لە دوای چوار پێنج ڕۆژێك بەفەرمانی حوجەتولئیسلام فالی،مەیتەکان دەردێنن و کفنیان دەکەن و دەینێژن و دواتریش کەسوکاری عەبدوڵڵاخان بەردێك لە سەری دادەنێن تا ساڵی ١٣٥٧ کەشارەوانی نەیریز ئەم گۆڕستانەی بۆ دروستکردنی باخچە تەخت دەکات، بەڵام لە جیاتی باخچە بینایەی زانکۆی ئازادی ئیسلامی و قوتابخانەی بنت ئەلهدی لەسەر دروست دەکەن. کێلەکانیش لە چاڵێك دادەنێن و خۆڵی بەسەردا دەکەن[٣٣].

لە عەبدوڵڵاخان، کوڕێك بەناوی یەدوڵڵا و سێ کچ بەجێ ماوە کە یەدوڵڵا سالاری لە شاری هەرات خەریکی کشتوکاڵە وئێستا ٤٨ ساڵیەتی (کە بەدڵنیاییەوە دوو تا چوار ساڵ تەمەنی بچووکتر کراوە)[٣٤]. کچەکانیشی لە کورەبی دەژین[٣٥].

ئەو وێنانەی کە لە قەلتاشییەکانم گرتووە و لەم بەشە دانراون، خاتوو عزەتی سالاری، کچی عەبدوڵڵاخان و ئەوانی تریش نەوەکانیەتی[٣٦].





یەدوڵڵا سالاری کوڕی عەبدوڵڵاخان

(مێژووی وێنەگرتن: شەممە ١٥ دەی ١٣٨٠)



مونەچەهری ئێعتمادی قەلتاشی (نەوەی شا موراد و عەبدوڵڵاخان، حەسەنی میرقولی و یەدوڵڵای سالاری)

(مێژووی وێنەگرتن: شەممە ١٥ دەی ١٣٨٠)

## پەراوێزەکان

١. سالاری، عزەت ٣١٢ ساڵە، ئافرەتی ماڵەوە، لە تایفەی قەلتاشی، مێژووی چاوپێکەوتن، سەعات ١٢ ڕۆژی پێنج شەممە ٢١ میهری ١٣٨٠.

٢. لە فارسنامە بە هیچ شێوەیەك باس لە تایفەی قەلتاشی نەکراوە، لە بەرهەمە نووسراوەکانی تریش لەم بارەیە باسێك نەکراوە.

٣. ئیعتمادی قەلتاشی مەنوچهر، ٣٨ ساڵە، وەرزێر، مێژووی چاوپێکەوتن، سەعات ١٠ ڕۆژی پێنج شەممە ٢٦ میهری ١٣٨٠.

٤. ناوی ڕاستەقینەی ئەم گوندەیان بەبیر نایێت.

٥.لە نێوان تورکەکانی فارس و شاری داراب تیرەیەك بە ناوی قەلتاشی هەیە کە پەیوەندیان بە قەلتاشیەکانی لێکۆڵینەوەی ئەم کتێبەیان نییە

٦. ئیعتمادی قەلتاشی، هەمان ڕۆژ و میرقولی، نەسروڵلاّ، ٣٢ ساڵە وەرزێر لە تایفەی قەلتاشی و میرقولی قاسم علی، ٣٥ سالە ، شوفێر لە تایفەی قەلتاشی، مێژووی چاوپێکەوتن سەعات ١٠,٣٠ ڕۆژی پێنج شەممە ٢٦ مهر ١٣٨٠.

٧. قەلتاشیەکان دەڵێن کە کەریم خان تەنها کەلانتەری دوو تایفەی میرزایی و تەلایی بووە و حاجی عەلی قەلتاشی و عەلی کەریم بەیگی سالاریش کەلانتەری شەش تایفەکەی تر بوونە.

٨. میرقولی حەسەن ٦١ سالە وەرزێر، مێژووی چاوپێکەوتن سەعات ١٩ تا ٢٠، هەینی ١٤ دیماهی ١٣٨٠

٩. لە ساڵی ١٣٥٧، ساڵی شۆڕش تا ئێستا ئەم تایفەیە یاخیەکی نەبووە.

١٠. کەربەلایی حەسەنی کەرەمی لە ساڵی ١٣٢٣ لە ڕووداوێك دەکوژرێت، کە واتە دەبێ ئەم هێرشە و داگیر کردنی گوندەکانی سەرەوە بەر لەم ڕێکەوتە بێت.

١١. خوا لە مەشهەدی عەبدولحەمید خۆش بێت کە لە گەورەکانی ئاربۆزەکان بوو کە بەهۆی ٣٦ ساڵ ناسیاریەتیم بن دەرکەوت کە ئەو سیمبولّی شەرەف و مرۆڤایەتی، مێوانداری، میهرەبانییە.

١٢. بەداخەوە ئەو ڕستەیەم کە عەبدوڵلا خان لە گوێی ئەوی وتوو بوو، تۆمارم نەکردووە و لە بیرم چووە.

١٣. لە بارەی باسی ژیانی عەبدوڵلا خان، گۆشەیەکی تاریك لە ڕووی ڕۆژمێری ژیانی هەیە چونکە تەواوی زانیاریەکانمان زارەکییە و بەم هۆیەش چەندین خاڵی نادیارمان هەیە، ئایا لە ڕژێمی پەهلەویی یەکەم (رضا شا) یاخی بووە؟ ئەو کە لە دایك بووی ١٢٩٨ه. بوو ئایا زووتر لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا (واتا ساڵی ١٣١٣ه) دەستی بەیاخیگەری کردووە و یان لە دوای ساڵی ١٣٢٠ واتا لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا؟

١٤. بەلاّم تەواوی پاسەوانەکانی کۆنترۆڵی خەڵووز (لە دایرەی جەندەرمە) بەوەرگرتنی بەرتیل (هەر لۆریەك، ٢٠ ریال) و دەربازکردنی لۆریەکانی خەلوز لە شەودا، تەواوی دارستانەکانی فارسیان سووتاند و تا ساڵی ١٣٤١ لە ناویان برد.



١٥. تا نزیکەی ساڵی ١٣٢٦ کاروانەکان لە ولاغ و حوشتر بارەکانیان لە شارێك بۆ شارێکی تری ئێران دەگواستەوە. هەزاران لۆری ستۆدبەیکەری ئەمریکی- لە دوای شەڕی دووەمی جیهانی- بەهۆی گرانی گواستنەوەیان بۆ ئەمریکا لە ئێران فرۆشران و پەیتا پەیتا سیستەمی کاروان لە فەرهەنگی شارستانیەتی ئێران سڕایەوە. نزیکەی ساڵی ١٣٢٨ه. پاسەکان وەك ت. ث.بۆ گواستنەوەی خەڵك لە نێوان شارەکان باوبوو، بەلاّم هێشتاش لۆریەکان بە بارکردنی کەولوپەل و نەفەر لە سەر بارەکان تا نزیکەی ساڵی ١٣٤٠ درێژەی هەبووە.

١٦. میرقولی حەسەن ٦١٢ وەرزێر، لە تایفەی خەڵتانی ئاخری هاوڕێی عەبدوڵلاّ خانی سالاری، کوردی مێژووی چاوپێکەوتن: سەعات ٢٠ تا ٢٤ ڕۆژی هەینی ١٤ دیماه ١٣٨٠.

١٧. میرقولی حەسەن، هەمان مێژوو.

١٨. هەمان سەرچاوە،هەمان ڕۆژ.

١٩. عەبدوڵلاّ ٤٨٢ سال وەرزێر، لە ناحیەی ئەلتائی و کوڕی عەبدوڵلاّ خانی سالای مێژووی چاوپێکەوتن سەعات ٢ تا ٢٤ ڕۆژی هەینی ١٤ دیماه ١٣٠.

٢٠. هەمان سەرچاوە،هەمان ڕۆژ.

٢١. حەسەنی میرقولی بە وردی ساڵی کوشتنی عەبدۆڵلا خانی بە بیری نایەتەوە، بەلاّم بەپێی شایەتەکان لە ساڵی ١٣٣٢ بووە.

٢٢. میرقولی حەسەن، هەمان مێژوو.

٢٣. یەکێکە لە تایفەکانی ئینانلو لە فارس دا.

٢٤. میرقولی حەسەن، هەمان مێژوو.

٢٥. ئایا ئەم نامانە بە ئەنقەست نەبوون؟ هەرچەندە عەبدوڵلا خان زاوای عەلی کەرەم بەیگی سالاری بووە، بەلاّم وا دیارە کە نائاگایانە ئەم کارەی کردووە.

٢٦. میرقولی حەسەن، هەمان مێژوو.

٢٧. هۆزی قەرایی لقێکن لە هۆزی قەشقایی کە نزیکەی ٢٥٠ ساڵ لەمەوبەر هاتوونەتە فارس و لە ناحیەی سەرچەهان وەك کوێستانە و شاری داراب، گەرمیانە خەریکی کۆچ کردنن و نزیکەی ٥٠ ساڵە کە لە ناحیەی سەرچەهان نیشتەجێ بوونە و گوندەکانی چناروییە، نێڤیە، قاسم ئاباد، سوڵتان ئاباد، قەلاّت و... هەر هەموویان لە هۆزی قەرایین.

٢٨. لەو سالانە سرنجەکان شوشەیی بوونە و ئەم جۆرە ژەهراوی کردنە بەپرتەقال ئەویش لەمانگی بەهمەن و لە ناوچەی سارد، هەندێك جێی گومانی تێدایە، بەلاّم لە بەر ئەوەی کە حەسەنی میرقولی لە هەمان کاتدا لە جەندەرمەکان گوێی لێ بووە،تۆمارم کردووە. ڕەنگە ئەم چیرۆکە دروست کردنی ئۆستورەیەك بێ کە بڵێین عەبدوڵلاخان بەدەست نەدەکەوت، مەگەر بەم شێوەیە.

٢٩. یاسای تاوانکارانی خوارەوەی ١٨ ساڵ، لەو ساڵانە لە ئارادا بووە کە بۆ ناوەندی چاکسازی بیانێرن و رایان بگرن یان بە کەفالەت بەریان بدەن، بەڵام دیار نییە کە بۆ ئەویان بەند کردووە.

٣٠. مورقلی حەسەن ئاخری هاوڕێی عەبدوللا خان مێژووی چاوپێکەتن: سەعات ٢٠ تا ٢٤، رۆژی هەینی ١٤ دیماه ١٣٨٠.

٣١. دەڵێن لە کاتی ئازاد بوونی میرقولی، ئیمتیازیان پلەی بەرز دەبێت و تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت، ڕەنگە ئەم باسە بە هۆی باوەریی ئۆستورەیی سەرچەهانیەکان بێت کە گەیشتە سزای خۆی. والله اعلم!

٣٢. میرقولی، ماوەیەکە کە ماڵی خوای زیارەت کردووە و لە سەر دیانەتی خۆی پا بەندە و واجباتی بەجێ دێنێ.

٣٣. شاهەنگ، محەمەد عەلی، لێکۆلەر، لە بواری نەی ریز چاوپێکەوتن بەتلفون لە سەعات ٨ بەیانی رۆژی پێنج شەممە ٢٠ی ١٣٨٠.

٣٤. لە وکاتەدا سەرچەهان بەشێك بوو لە شاری ئابادە، بەڵام دەرکردنی ناسنامە لە دایرەی باری شارستانی نەی ریز دەکرا چونکە سەرچەهان دوور بووە. ساڵێك جارێك کارمەندێك دەهاتە سەرچەهان و لە ساڵەکانی ٣٠دا، ١٠ تمەنی وەك بەخشش وەردەگرت و ناسنامەیەکی دەردەکرد. زۆربەی خەڵکی سەرچەهان- زەواجیان دەکرد بە بێ ئەوەی لە شوێنێك تۆمار بکرێت. لە دوای ئەوەی کە منداڵەکەیان دەگەیشتە تەمەنی ٥ ساڵیدا تازە زەواجی خۆیان لە هەرات (ئێستا ناوەندی شاری خاتمە لە یەزد) تۆمار دەکرد.

٣٥. سالاری. یەدوللا، هەمان مێژوو.

٣٦. من لە ساڵی ١٣٦٣ لە کتێبی (سەرچهان آبادە، شناخت کلی) لە لل ١٠٣- ١٠٠ بەپێی زانیاری زارەکی پزیشکێکی لاکۆلان باسم لە عەبدوڵڵا خان کردوو، کە لەگەڵ ئەم شتەی کەلێرە باسم کردووە بەتەواوی جیاوازە. واتا ئەو زانیارییە هەڵەیە.

# بەشی چوارەم

# کوردەکانی کرمان

## پاژی هەژدەیەم

## کوردەکانی کرمان

### پێشەکی

بەڕێز دوکتۆر محەمەدی ئیبراهیمی باستانی پاریزی، لە بارەی ژیانی حاکمێکی کورد دەنووسێ:

"لە بارەی تایفەکانی کورد لەمێژووی کرمان هیچ باسێك نەکراوە و ڕەنگە (ئەم کەسە لەکوردەکانی فارس- وەك ڕەم بازنجان و یان لە "کوچ کوردون" نەرەماشیر بن"[١].

لێرە بەپێی دەق و کتێبەکان، باسی ژمارەیەکی زۆر لەکوردەکانی کرمان دەکەین:

### کۆنترین عەشایرەکانی کرمان:

جوگرافیناسەکانی سەدەکانی سێیەم و چوارەمی ه.ق ناوی هۆزەکانی قوفس، بەلوچ، بارز، کوك و ئەخواشیان[٢] لەکرمان هێناوە، ئەمانە نیشتەجێیەکانی کۆنی کرمانن[٣].

لە ڕاستیدا ئەم هۆزانەی سەرەوە، قوفس، بەلوچ و بارز لە شاخەکان و لە درێژەی چیاکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کرمان لە شاخی قوفس کەبریتییە لە حەفت بەندکوە هەروەها لە شاخی بارز دەژیان و لە بەر ئەوەی کە هۆزی بارز لە ناوچەی باشوور و باکووری ڕۆژهەڵات لە تەنیشتی بەلوچستان بوونە، بە هەڵە هۆزی بازریان بە،بەلوچ(یان کوچ) داناوە، بەداخەوە جوگرافیناسەکان هیچ ڕوونکردنەوەیەکی ورد و شەفافیان لە نێوان واتای قوفس و بەلوچ (بارز) نەخستۆتە بەردەست و جارجار ناویان جێ بەجێ کراوە و هەڵەیان لە بەکارهێنانی ناوەکانیان کردووە[٤].

بەم هۆیە، بەڕێز دوکتۆر محەمەد ئیبراهیمی باستانی پاریزی، لە دوای شیکردنەوەی ڕووداوی کاتی ئەنوشیروان کەهۆزی بەلوچ سەرکوت دەکات و فردۆسیش، شوێنی ئەم هۆزە لە شیعرەکانی بەرزکوە نووسیوە، ڕایگەیاندووە کە بەلوچ و کوچ هەمان هۆزی بارزن وەك بەڵگەش ئاماژە بەدەقی عەرەبی تەبەری و نووسینەکانی ئیبن ئەسیر، ئیبن خەلدون، کریستەن



سەن، ئەشتاین و نۆلدکە دەکات، کە هەر هەموویان دەڵێن هۆزی بارز بوونە. دواتریش بارز بەپاریز ناو دەبەن و بەهۆی هەمان هەڵە ناتوانێ باس لە کوردبوونیان بکات و دەنووسێ:

"لە و نزیکییە، شاخی قوفس کەبریتییە لە حەفت کوە بەند کە لەوانە شاخی بارز کە لەوێ ئاسن و زیو بەدەست دەکەوێ و نیشتەجێیەکانی کۆمەڵێك لە عەشایرەکانی بیابان گەردن کە ئەژمار ناکرێن بەهۆی زۆریی و بەهۆی دڕبوونیان کەس ناتوانێ بە سەریان زاڵبێت و لە ناویان ببات[٥]".

دوکتۆر باستان پاریزی لە شوێنێکی تر دەنووسێ:

"بەپێی تەواوی کتێبە مێژووییەکان هۆزەکانی قوفس لە شاخەکانی جیروفت و ڕوود بار نیشتەجێن و دەبێتە جیبالی باررزیەکان[٦]".

وادیارە کە کەسێك نەیتوانیوە بەپێی دەقە جوگرافیا و مێژووییەکان ڕوونکردنەوەیەکی ورد لە بارەی ئەم هۆزانە بخاتە بەردەست[٧].

### عەشیرەتی کوردی قوفس

لە دەقە عەرەبییەکان عەشیرەتی کوردی نیشتەجێی کرمان بە قۆفس و قوفس ناوی هاتووە، تەبەری ئەم وشەیەی بە "قوفس" نووسیوە لەکاتێکدا لە ئەدەبیاتی فارسی، ئەم بەهۆزە کوفەچ و کەفەچ[٨] ناسراون و بەخەڵکەکەی کوفەچیان وتووە.[٩]

وشەی "کوفەچ" لە ئەدەبیاتی فارسەیدا بەواتەی "کوەپیما"(٠ئەو کەسەی بەسەر شاخ سەردەکەوێ) [١٠]یە و وشەی "قوفص" وشەیەکی عەرەبییە کەگۆڕدراوی "کوفەچ"ە کە پیتی "ك" گۆڕاوە بە "ق" و پیتی "چ" کە لە زمانی عەرەبییدا نییە، گۆڕاوە بەپیتی "ص".

ئەمانە لە جیروفت و شاخی قۆفس و شاخەکانی بارز نیشتەجێ بوونە و ڕێگای بازرگانی جیروفت بۆ مینابیان دەخستە مەترسی، لە (براهین العجم) هاتووە کەبنچینەی کوفەچیەکان لە عەرەبەکانە[١١][١٢].

هەروەها لە ئەدەبیاتی فارسی کوچ و بەلوچ نزیك بەیەك هاتووە وەك ئەم ئەدەبیاتە:

هم از پهلوی پارس کوچ و بلوچ ز
گیلان جنگی و دشت سروج

(فردوسی)

هستند اهل فارس هراسان زكار من
زانستان كه اهل كرمان ترسان زدزد كوچ
(قطران)[١٣]

سەرەڕای ئەمە، دەبینین کەدەقە جوگرافیایی و مێژووییەکان، عەشیرەتی قۆفس (کوفەچ یان کوچ) یان بەکورد زانیوە بەڵام لە بارەی هۆزی بارز بە ئەم شێوەیە نییە[١٤].

لێرە باسی پرۆسەی مێژوویی ڕووداوەکانی کوفجان و عەشیرەتەکەی دەکەین:

### شەڕی کوردەکانی قفس لە گەڵ سوپای ئیسلام

لە بارەی ئەم شەڕە، لەمێژووی تەبەری، ساڵی **٢٣**ی هـ.ق، کامیل ئیبن ئەسیر **١٧** یان **٢٢**ی هـ.ق[١٥] و حەبیب ئەلسیر ساڵی **٢٣**ی هـ.ق[١٦] هاتووە، بەڵام لێرە ئاماژە بەکۆنترین بەرهەم لەم بارەیە دەکەین:

لەمێژووی تەبەری لە ژێر ناونیشانی: **"لە بارەی داگیرکردنی کرمان"** لە ساڵی **٢٣**ی هـ.ق دەنووسێ:

"عومرو دەڵێ: سوهەیلی ئیبن عودەی بەنیازی کرمان بوو و عەبدوڵڵا ئیبنی عەبدوڵڵای ئیبن عەتیانیش لە گەڵی کەوت. سوهەیلی ئیبن عودەی بەرەو پێشەوەی شەڕی بە نەسیر ئیبن عومروی عەجەلی سپارد بوو. خەڵکی کرمان لە دژی سوهەیل کۆببوونەوە. لە قەفەس [١٧] داوای یارمەتیان کرد شەڕیان لە سنووری وڵاتەکەیان دەست پێکرد کە خواوەند ئەوانەی پەرت و بڵاو کرد و موسوڵمانەکان ڕێگەیان لێ بەستن و ئەسیر، پاسەوانی سنووری کرمانی کوشت و سوهەیلیش لە ڕێگەیەك کەئێستا ڕێگەی گوندەکانە و عەبدوڵڵا ئیبن عەبدوڵڵا لە ڕێگای بیابانی شەبر، چووە جیروفت و تا توانیویانە حوشتر و مەڕیان گرت و حوشتر و مەڕەکانیان نرخاند و نرخەکەشیان ئەژمار کرد....

حەنبەل ئیبن ئەبی جوریدە کەحاکمی قەهستان بووە، بەپێی ووتەکانی سنوورانی قەهستان دەڵێ: داگیرکردنی کرمان لە ڕۆژگاری خەلافەتی حەزرەتی عومەر بەدەستی عەبدوڵڵا ئیبن بەدیل و ڕەقا خەزاعی بووە."[١٨][١٩]



لەم هەواڵە دا، ژمارەی سوپای ئیسلام، هەروەها ژمارەی سوارچاك و سەربازەکانی سوپای کرمان و کوردەکانی قفص دیار نییە، بەڵام لە وەرگێڕانی مێژووی تەبەری، ئەم بابەتە، بەهۆی ئاماژەکردنی بەناوی فارسی عەشیرەتی کوردی قفص، لە خوارەوە ئاماژەی پێ دەکەین:

"عەبدوڵڵا ئیبن عەبدوڵڵا و سوهەیلی ئیبن عودەی بەسوپایەك هاتبوونە ناو کرمان. لە ساڵی بیست و دووەم و بیست و سێیەم شەڕیان کرد و لەکرمان سوپایەکی گەورەیان پێکهێنا و لە شاخەکانی کرمان خەڵکانێك هەن کەبەفارسی کوفەجیان پێ دەڵێن و بەعەرەبی قوفص دەنووسن، ئەوان لە نزیکەی کرمان شەڕیان کرد و خواوەند سەرکەتنی بە موسوڵمانەکان بەخشی و ژمارەیەکی زۆر لەکافرەکانیان کوشت و گوندی کرمان شارێکە بەناوی جیروفت و... عەبدوڵڵا، سوهەیلی نارده ئەوێ بە ڕێگای ڕاستەوە و خۆیشی بەرەو بیابان چوو و هەر حەیوانێکی لە سەر ڕێگا بینیبا لە حوشتر و مەڕ کەژمارەیان بەس خوا دەیزانی کۆی دەکرد و وەك دەسکەوت دەیبرد."[٢٠][٢١]

### بیروڕای ئیبنی خوردادبە

هەرچەندە ئیبنی خوردادبە لە ساڵی **٢٣٢**هـ.ق لە بارەی شار بەناوی قُفص و بەلوچ کە لە بەشە گەورەکانی کرمان بوونە، ناو دەبات بەڵام لە بارەی قەومی قفص هیچی نەنووسیوە.[٢٢]

### کۆفەجیەکان لە شەڕی بەرامبەر بەیەعقوبی لەیس

لە ساڵی **٢٥٥**ی هـ.ق یەعقوبی لەیس بەمەبەستی داگیرکردنی فارس، لە سیستان بەرێ کەوت، حوسێن بن عەلی بن قورەیش، والی فارس، کەسێك بەناوی توق بن مۆغلیس بۆ حکوومەتی کرمان دەنێرێ.

سەرکردەی تایفەی کوچ (قُفص) واتە ئەحمەدی بن لەیس، کە نوێنەری والی فارسیش بوو، هەندێك لە سوپای یەعقوب سەر دەبڕێ و سەرەکانیان بۆ شیراز، لای والی فارس دەنێرێ.[٢٣]

لە **(وفیات الاعیان)** هاتووە کەئەحمەدی بن لەیسی کوردی سەرکردەی عەشایری فارس لە کرمان بووە و بەڵام هەڵس و کەوتی توندی بووە هۆی ئەوەی کە یەعقوب هێرش بکاتە سەر کرمان، بەڵام دیار نییە کە کام لەم دوو هەواڵە ڕاستە؟[٢٤]

بەهەر حاڵ یەعقوبی لەیس لە نامەیەك بۆ عەلی برای، دەنووسێ کەئەحمەدی بن لەیسی کوردی بەیەکجار سەری **٧٠** کەسی لەکرمان بڕیووە.

٢٠٠ كچی لەماڵی ئاغاكانی كرمان و دوو هەزار ژنی كرمانیش وەك كۆیلە لەگەڵ خۆی بردووە.[٢٥]

بەشێك لە سوپای توق لە "تایفەی بیابانگەرەكانی كوچ" بوونە و نووسیوویانە كەژمارەیان پێنچ هەزار كەس بووە.[٢٦]

یەعقوب دەگاتە كرمان، بۆ ماوەی دوو مانگ لە نزیكەی شاری كرمان دەمێنێتەوە.

لەم ماوەیە هەر كەسێك لە سوپای توق دەهاتە لای یەعقوب، یەعقوبیش تەواوی زانیاری لە بارەیان بەدەستدەهێنا و نەیدەهێشت كەس لە سوپای یەعقوب بچێتە دەرەوە، توقیش لەم ماوەیە خەریكی مەی خواردنەوە بوو.

لە ئەنجامدا یەعقوب وا نیشاندەدات كەرێگەی سیستان دەگرێتە بەر و دەڕوات، توقیش لە ڕۆیشتنەوەی یەعقوب دڵنیا دەبێت. بەڵام یەعقوب بەبڕینی دوو قۆناغ لە یەك ڕۆژدا- خێرا دەگەڕێتەوە كە توق تەپ و تۆزی سوپای یەعقوب دەبینێ، پرسیار دەكات ئەم تەپ و تۆزە هی چییە؟ دەڵێن تەپ و تۆزی ڕەوە مەڕەكانە، لەماوەیەكی كەمدا سوپای توق بەدەستی سوپای یەعقوب گەمارۆ دەدرێن. نووسیوویانە كە لە سوپای توق دوو هەزار كەس دەكوژرێت و هەزار كەسیش بەدیل دەگرن[٢٧].

### كوفەجیەكان لە شەڕی فارس دا

ئەوانەی لە سوپای توق هەڵدێن، بۆ لای والی فارس دەچن و پەیوەندی بەسوپاكەی دەكەن، والی فارسیش چەكداریان دەكات. هەرچەندە ناتوانێ سوپایەكی گەورە پێكبێنێ، بەڵام كەفجیەكان لە گەڵ خۆی كۆك دەكات و لە شیراز دەردەچن و لە پەنای دەریاچەی باسۆفییێ كە لە نێوان ڕەزقان و ڕووباری كۆری شاری ئێستای مەرڤدەشتە جێگیر دەبن و خیوەت هەڵدەدەن، نووسیوویانە كە سوپای والی فارس لە "غولام و خزمەتكار و كوردەكان" سوارە و پیادە نزیكەی ١٥ هەزار پیاوی شەركەری بووە. باسی ئەم شەڕە بە هۆی دووروودرێژیی باسی لێ ناكەین تەنها ئەوەندە نەبێ كە بەهاتنی سوپای یەعقوبی لەیس شەڕ ڕوو دەدات و سوپای فارس شكست دێنێ[٢٨].

### كوژرانی ڕێبەری كوفەجیەكان



ئەفزەلی كرمانی (نزیكەی ٦٠٦- ٥٣٠ه.ق) دەنووسێ كەیەعقوبی لەیسی كاتێك كەدەڕواتە كرمان، خەڵكی جیروفت شۆڕش دەكەن "و گەورەی خەڵكی جیروفت لە ناوچەیەك بوو لە شاخی بارجان[٢٩] كەدەسەڵاتی هەبوو و دز و سەربازی پیادەی زۆری هەبووە."

یەعقوب بەفێڵێك ڕێبەری كوفەجیەكان دەستگیر دەكات و دەیباتە قەڵای بەم و دواتر لە وێ فەرمانی كوشتنی دەردەكات و دەیكوژن "و گەورەی خەڵكی جیروفت شكستی هێنا"[٣٠][٣١]

بەم شێوەیە دەبینین كە جگە لە ناوچوونی بارزەكان بەدەستی یەعقوبی لەیس و عەمرو لەیس، وا دیارە كە بە هۆی سەفارییەكان قفص، و بارزەكان لە شاخەكانی بارز دەركراون[٣٢].

### شەڕی مۆعزۆدۆلە لە گەڵ كوفەجیەكان

لە ساڵی ٣٢٤ی ه.ق ئەبولحەسەن ئەحمەدی بوویە ناسراو بە مۆعزودولە لە دەیلەمان، لە بەر ئەوەی كەبراكەی ئەحمەد هیچ ناوچەیەكی بەدەستەوە نەبوو، بەم هۆیە سوپاكەی بەرەو كرمان دەبات تا بۆ براكەی داگیربیكات. ئەحمەد بەرەو جیروفت كە گوندی كرمان بووە دەبێ كاتێك كە گەیشتنە نزیكەی جیروفت "ڕەسول عەلی بن زەنجی ناسراو بە عەلی كلوییێ[٣٣]" كە سەرۆكی قفص بلوص (بلوچ= بارز)[٣٤] بووە و باپیرانی بۆ ماوەیەكی زۆر لەم ناوچەیە دەسەڵاتیان هەبوو بەرەو پیری هات. ئەوان هەر حاكمێك كەدەهاتە كرمان بێ ئەوەی مل كەچی بن ساڵانە شتێكیان بۆ دەنارد. بۆیە دیاریان بۆ ئەحمەد بن بوویەیان نارد، بەڵام ئەحمەد بن بوویە ئەم دیارییەی سەرۆكی كوفەجیەكانی وەرنەگرت بەڵام دواتر دیاریەكی وەرگرت و وا پێدەچوو كەئاشتیان كردووە.

لەم كاتەدا عەلی كلوییێ خۆی دەگەیێنێتە نزیكەی (٦٠ كیلۆمەتری) ئەحمەد كەرێگایەكی سەختی هەبوو.

لە لایەكی ترەوە ئەحمەد بن بوییێ، شكی لە عەلی كلوییێ هەبوو بۆیە پیلانێكی بۆ گێڕا، عەلی كلویەش چاوەڕێی دەرفەتێك بوو و لە شوێنی تێپەربوونی سوپای مۆعزودولە [٣٥] كەمینی گرتبوو. لەكاتی تێپەربوونی سوپاكەی، زۆربەیان كوشت و "دەستی ڕاستی مۆعزودولە برییندار بوو چەند پەنجەیەكی بڕا " و لە نێوان كوژراوەكان كەوتوو بوو. عەلی كلۆییێ كە لە دوای مۆعزودولە دەگەڕا بینی كەوا دەمرێ، بۆیە هەڵیگرت و لە جیروفت پێشانی پزیشكەكانی دا و لەوێ تیمار كراو چارەسەر كرا.[٣٦][٣٧]

له دوای ئەمە عەلی کلۆیە چەند نامەیەکی بۆ عیمادولدولە (روکنولدولە ) نووسی و تێدا ئاماژەی بەم بابەتە کرد کە سەرەتا "ناکۆکی و فێڵ کردن لەمۆعزودولە " دەستی پێ کردووە، عیمادولدولە ش داوای لێبوردنی عەلی کلویەی قبوولکرد، کەواتە ئاشت بوونەوە و دیلەکان ئازاد کران.

له دوای ماوەیەکی کەمدا ئەحمەدی بن بوویە دیسان بۆ تۆڵە سەندنەوە گەڕاوە و شەڕێك لە نێوان ئەو و عەلی کلۆیە ڕووی دا، عەلی شکستی هێنا و ژمارەیەکی زۆری لێ کوژرا[٣٨][٣٩]. نووسیوویانە کە تەنانەت منداڵی ناو لانکیشیان بەزیندوویی نەهێشتبوو[٤٠].

**ئێستەخری یەکەمین جوگرافیناس**

ئێستەخری، یەکەمین جوگرافیناسە کە لە ساڵەکانی ٣٢١- ٣١٨ه.ق ناوی عەشیرەی کوردی قفصی لەکرمان هێناوە و دەڵێ قەومی قوفەس لە شاخەکانی قوفەسی کرماندا دەژین. تەنها لە قەومی بەلوچ دەترسن[٤١] جگە لە زمانی فارسیش بەزمانێکی تر قسە ناکەن[٤٢].

**بیروڕای مەسعودی**

مەسعودی (٣٤٥ه.ق کۆچی کردووە) دەنووسێ:

"لەکوردەکانی بازنجان و شوهجان و.... کە لە ناوچەی فارس و کرمان و سیستان و خۆراسان و.... هاتوونە."[٤٣]

لە شوێنێکی تر دەنووسێ:

".... ئێمە لەکتێبەکانی پێشووی خۆمان لە بارەی بیابانگەرد و شاخ نشینەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوا و باکوور و باشوور لە عەرەب و کورد و جت و بەلوچ و کوچ واتە خەڵکی قوفەس کە لە ویلایەتی کرمانن و بەربەرەکانی ئەفریقیا... وقەومەکانی تری بیابانگەرد، باسی هەر هەموویانمان کرد."[٤٤][٤٥]

**هەوڵی قوفەسەکان بۆ چەك کردنی ئالی بوویە:**

بەهەرحال لە دوای رووخانی حکوومەتی دەیلەمیەکان، کۆنترۆڵ و گوشار لە سەر هۆزەکانی قوفەس و بەلوچ کەم بوو و هەڵبەت وا وترا و کە ئەم دوو هۆزە لە گەڵ خەڵکی "مانوجان" و لە گەڵ سولەیمان کوڕی محەمەد بن ئەلیاس کە لە لایەن خۆراسانەوە بۆ داگیرکردنی کرمان و چەك کردنی ئالی بوویە بەرەو کرمان هاتوو بوو هاوپەیمان بوون بەڵام لە ساڵی ٣٤٨ه.ق



بەدەستی هێزی دەیلەمیەکان شکستیان هێنا و زۆریان لێ کوژرا، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە دەیلەمیەکان تا کەناری هۆرەمۆز پێش بچن.[٤٦]

هەندێك ڕەوایەتیان کردووە کە قوفسەکان لەم ساڵە دا (٣٤٨ه.ق) لە سوپای عیزدودولە جیا دەبنەوە.[٤٧]

بەهەر شێوەیەك کرمان بەپێی فەرمانی عیزدۆدۆلە و بەدەستی مۆعزودولە و لە ساڵی ٣٥٧ی ه.ق لە ئالی ئەلیاس جیا بووە.[٤٨]

کەواتە ئەگەریەکی زۆر هەیە کە لە ساڵی ٣٤٨ تا ٣٥٧ه.ق کوفیجیەکان لە حکوومەتی کرمان بەشدار بوونە.

**وەسفی جیهانی**

جیهانی لە ساڵی ٣٦٥ه.ق قەومی قوفەسی بە کوفەج ناو دەبات و دەنووسێ کە لە شاخەکانی کوفەج، هەفت شاخی سەرکەش هەیە کە نیعمەتێکی زۆر و مەڕوماڵاتێکی زۆری تێدایە.[٤٩]

ئەو دەنووسێ: خەڵکی کوفەج، دز و ڕێگر بوونە و بە بەردەوامی بەپێ دەڕۆن و ئەسپیان نەبووە. هەروەها دەنووسێ: ئەم خەڵکە لاواز و ڕەنگی پێستیان گەنمی بووە و دەیانووت کە لە نەژادی عەرەبن. ئەوان لە بەلوچەکان دەترسن.[٥٠]

جیهانی لە بارەی زمانی خەڵکی کوفەج دەنووسێ:

"زمانی خەڵکی کرمان فارسیە، جگە لە خەڵکی کوفەجان کەزمانێکی جیاوازیان هەیە."[٥١]

**باسی ئیبنی حوقەل**

ئیبنی حوقەل لە ساڵی ٣٦٧ه.ق باسێکی پوختەتری بە نیسبەت ئەم دوو جوگرافیناسە دەخاتە بەردەست، ئەو دەنووسێ کە لە شاخەکانی قوفەس (کوچ) هەفت تایفە هەیە و هەر تایفەیەك سەرۆکێکی هەیە "و ئەوان لە نەژادی هۆزی کوردەکان لە قەڵەم دەدرێن."[٥٢]

ئیبنی حوقەل لە سەر زاری خەڵکی ئەم تایفەیە دەگێڕێ کە دە هەزار کەسن و هەر هەموویان دلێر و بەهێزن و یەك کەسیش لە لایەن سوڵتانەوە (پاشاوە) فەرمانڕەواییان دەکات.[٥٣]

دواتر دەنووسێ کە، ئەمانە دزن و هۆکاری لە ناوبردنی ئاسایشی ڕێگاکانی کرمان بۆ سیستان و ڕێگاکانی کرمان بۆ فارسن. بۆیە سوڵتان ئەوانی سەرکوت کرد و بەرەو ناوچەکانی

تر دووریان خستەوە لە ئەنجامدا مل کەچی سولْتان بوون و پەنایان سولْتان هێنا و سولْتانیش "ئەمانەی لە ناوچە جیاجیاکانی حکوومەتی خۆی دابەش کرد."[٥٤]

بەپێی کتێبی ئیبنی حوقەل، ئەم هۆزە چوارپێیان نییە و بە پێیان دەڕۆن، لاواز و ڕەنگی پێستیان گەنمییە و خۆیان بەعەرەب دەزانن و لە سەرانسەری "دوورەگەی خۆراسان"، ئەم تایفەگەلەن کەبانگهێشتی خەڵکی ڕۆژئاوا (قەمەتیەکان)[١] قبوول دەکەن و بەپێی ووتەی ئەو کەسانەی زانیاریان هەیە، لە شارەکانیان "دارایییەکی زۆر و بەنرخیان" کۆکردۆتەوە و خۆیان دەڵێن کە ئەم دارایییە بۆ ئیمامی زەمان و خاوەنەکەیان (؟) پاشکۆ کردووە.[٥٥]

ئیبنی حوقەل لە بارەی بەلوچ دەڵێ، لە قەراخی قوفەس (کوچ) دەژین و خەڵکی قوفەس جگە لەمانە، لەکەسێکی تر ناترسن.[٥٦]

ئەو لە بارەی خەڵکی چیاکان کەبەشێکە لە چیاکانی قوفەس، دەڵێ کە تەندروست و ئارامن تا ڕۆژگاری بەنی ئۆمەیە لە سەر مەزهەبی زەردەشتی بوونە و موسڵمانەکان دەسەلاتیان سەردا نەبووە تا ئەو کاتەی کە سەگزی و سەفاریەکان سەرۆکەکانیان دەگرن و سەرکوتیان دەکەن.[٥٧]

ئیبنی حوقەل دەنووسێ:

"زمانی خەڵکی کرمان فارسییە جگە لە قوفەس (کوچ) کە جگە لەمە، زمانێکی تریشیان هەیە."[٥٨]

**ڕونکردنەوەی نووسەرێکی نەناسراو**

نووسەری نەناسراوی (حدود العالم) لە ساڵی **٣٧٢**ھ.ق لە بارەی خەڵکی کوفەج دەنووسێ، ئەمانە لە شاخەکان دەژین و حەفت گرووپن و هەر گرووپێك گەورە و سەرۆکێکی هەیە و بەگشتی دز و شوان و جوتیارن.[٥٩]

ئەم نووسەرە نەناسراوە لە شوێنێکی تر دەڵێ:

"لە ناوچەکانی تری کرمان، شاخ گەلێکی جیا لە یەك هەیە، کەشاخەکانی کرمانی پێدەڵێن. یەکێك لەم شاخانە، شاخی فەجە[٦٠] لە بیاباندا و پانتاییەکی لە دەریا تا نزیکەی جیووتە. حەفت کێوی بە دوای یەکە و هەر کێوێك لەم حەفت کێوە، سەرۆکێکی هەیە کە لە لایەن سولْتانەوە کەسێك ناتوانێ ئەم سنوورە دابەزێنێ، هەر ساڵە باجی هەر کێوێك کۆدەکەنەوە و دەینێرن و ئەم حەفتە، لە یەکتر فەرمان نابەن و خەڵکی ئەم کێوە بەکوفەجیان ناسراون و زمانێکی تایبەتیان هەیە، شوێنێکی پڕ لە نیعەمەتە و سەرکەشە کە بەسوپا و شەڕ ناتوانی لە سەری زاڵ بی."[٦١]



**وەسفی ترسناکی موقەدەسی**

موقەدەسی لە ساڵی **٣٧٥**ھ.ق وەسفێکی ترسناکی عەشایری قوفەس دەکات، بەم شێوەیە کەقوفەسەکان، سەری ئەو کەسانەی کەتووشیان دەبن بە بەرد ورد دەکەن، بەڵام ئاگای لە خۆی نییە کە بەئاسانی لە گەڵیان قسەی کردووە و کەسێکی خوێندەواریان کە گرت بوو، بەرەڵای دەکەن. موقەدەسی جگە لە باسی کوێستانەکانی قوفەس دەڵێ کە بەم خەڵکە کوج دەڵێن و وەك بەلوچەکان دڕن وتەنها لە بەلوچەکان دەترسن.[٦٢]

دواتر دەڵێ کەزۆربەیان لاوازن و پێستیان ڕەشە و تەندروستن و خۆیان بەعەرەب دەزانن.[٦٣] لە شوێنێکی تر دەڵێ: "زمانی قوفەسەکان و بەلوچەکان وەك سندی نامۆیە." [٦٤]

موقەدەسی لە جێگایەکی تر لە بارەی سەحرای ناوەندی ئێران دەنووسێ. شاخەکانی لە سند و سیستانە و بەم هۆیەش چەتەیکی زۆری هەیە و لە سەر خەڵك زاڵن چونکە هەرکات لە شوێنێك دزی دەکەن، هەڵدێن و بەرەو شاخەکان دەڕۆن و پەنا بەشاخەکان دەبەن.[٦٥] تا کاتێك عیزدۆلەی دەیلەمی هێرشیان دەکاتە سەر، بەلوچەکانی لە ناو برد و قوفەسەکانی پەڕتوبڵاو کرد و ٨٠ گەنجی بە بارەمەتە گرت و لە بەندیخانەی شیرازیان دانا و هەر جارێك ٨٠ کەسی لە گەڵیاندا دەگۆڕی.[٦٦]

ئەم جوگرافیناسە دەنووسێ کەرۆژێك لە مەجلیسی ئەبولفەزل ئیبن نەهامە باس لە قوفەسەکان کرا، ئەو ووتی هۆکاری بردنەوەی قوفەسەکان، نەفامی ئەمیری خۆراسانە.[٦٧]

موقەدەسی لە جێگایەکی تر زێدە دەکات کە ئەمانە هەموویان لە قەومێك بەناوی قوفەس دەترسن، قوفەسەکان لەکێوەکانی کرمان لە سنووری جیروفتدا دەژین وەك کوللە دەرژێنە دەشت، ژمارەیان زۆرە و ناشیرین و چالاك و چابووکن و بەزەییان بەکەس نایەت و تەنها بەوەرگرتنی دارایی واز نایەنن، بەڵکو ئەو کەسە کەتووش بووە بە بەرد دەیکوژن بەم شێوەیە کە کەللە سەری لە سەر زەوی دادەنێن و وەك مار،بە بەرد لە سەری دەدەن تا ورد دەبێ و بتەقێ- قوفەسەکان هەر کەسێك بگرن. دەیکوژن و بەدەگمەن کەسێك لە ژێر دەستیان ڕزگاریدەبێ.

موقەدەسی لێیان پرسیار دەکات بۆ خەڵکی بە بەرد دەکوژن ئەوانیش دەڵێن کە نامانەوێ شمشێرەکانمان کۆڵبێ.[٦٨]

قوفه‌سه‌کان به‌ردهاوێژیان هه‌بووه و شمشێریانیش هه‌بووه و باسمانکرد که به به‌رده‌وامی ٨٠ که‌سیان له لای والی فارس بارمه‌ته‌یه. بۆیه هیچ کاتێك کاروانی والی فارسیان تالان نه‌کردووه.

قوفه‌سه‌کان به‌باشی به‌رگه‌ی تینویه‌تی و برسیه‌تییان گرتووه، و خواردنیان شتێك وه‌ك گوێز بووه. به‌پێیان ده‌چوون، که‌ر و ئه‌سپیان به‌کارنه‌ده‌هێنا، به‌ڵام هه‌ندێك جار سواری حوشتر ده‌بوون.

قوفه‌سه‌کان خۆیان به‌ئیسلام ده‌زانی، به‌ڵام گوشارێکی زۆرتریان ده‌خسته سه‌ر خه‌ڵکی رۆم و تورکه‌کان.

به‌گشتی کاتێك که‌سێکیان ده‌گرت، نزیکه‌ی١٢٠ کیلۆمه‌تر ده‌بوایا به برسیه‌تی و تێنویه‌تی ڕای بکردبایه، خۆیانیش سواری حوشتر ده‌بوون و تووشبووه‌کەش به‌ڕاکردن به‌دوایاندا.

موقه‌ده‌سی ده‌نووسێ که‌سێکی خه‌ڵکی قه‌ران ده‌که‌وێته ده‌ستیان و بۆی ده‌گێڕێ که‌هه‌ندێك کتێب که‌وته ده‌ستی قوفه‌سه‌کان. له نێو ئه‌و کاروانانه‌ی که‌تووشیان ده‌بوون، به‌دوای که‌سێکی خوێنده‌وار ده‌گه‌ڕان، ئه‌م که‌سه ده‌ڵێ من خوێنده‌وارم، ده‌یبه‌نه لای سه‌رۆکی قوفه‌سه‌کان، ئه‌م که‌سه کاتێك سه‌یری کتێبه‌کان ده‌کات و ده‌یانخوێنێته‌وه ده‌ڵێ که کتێبه‌کان له چ بوارێکن، سه‌رۆك ئه‌م که‌سه‌ی بۆ لای خۆی بانگ ده‌کات و پرسیارێکی زۆری لێ ده‌کات که: "کاری ئێمه له بواری کوشتن و رێگری چۆن ده‌بینی؟" ئه‌و ده‌ڵێ هه‌ر که‌سێك که ئه‌م کارانه ده‌کات تووشی توڕه‌بوونی خواوه‌ند و ئه‌شکه‌نجه و جه‌هه‌نه‌م ده‌بێ، له دوای ئه‌م قسه‌یه، سه‌رۆکی قوفه‌سه‌کان، هه‌ناسه‌یه‌کی قوول هه‌ڵده‌کێشێ و ڕه‌نگ له روخساری نامێنێ و ئه‌م پیاوه له گه‌ڵ کۆمه‌ڵێك ئازاد ده‌کات.(٦٩)

## هێرشی کوفه‌جیان بۆ سه‌ر به‌یهه‌ق

به پێی کتێبی مێژوویی به‌یهه‌ق، له ساڵی ٤٣٣ه‌.ق کوفه‌جیه‌کان هێرش ده‌که‌نه سه‌ر شاری به‌یهه‌ق (سه‌بزه‌وار).

له‌م کتێبه هاتووه:

"... له‌و رێکه‌وته کوفه‌ج که‌قوفه‌سیان پێ ده‌ڵێن هێرشیان هێنایه سه‌ر ئه‌م ویلایه‌ته، له شه‌ڕی کوفه‌ج، کۆمه‌ڵێك له گوندنشینه‌کان، خاجه ئه‌بولقاسمی ئیبنی ئه‌بی ئه‌لحه‌سه‌نی



ئه‌لبه‌یهه‌قیان کوشت(٧٠) و به‌ده‌رکه‌وت که ئه‌م کوشتنه به‌ئه‌نقه‌ست بووه نه‌ك به‌رێکه‌وت، (یوم الاربعاو التاسع من رمضان سنه اثنین و ثلاثین و اربعمائه).(٧١) و حه‌فتا و پێنج که‌س بۆ تۆڵه سه‌ندنه‌وه کوژران که‌هه‌موویان ده‌ستیان تێدابووه له‌کوشتنی ئه‌و و ئه‌بو مه‌نسوری کوڕی."(٧٢)


## ڕوانگه‌ی ناسر خه‌سره‌و

(ناسر خه‌سره‌وی عه‌له‌وی قوبادیانی) له‌مانگی (ربیع الاول)ی ساڵی ٤٤٤ه‌.ق له شاری نائین بووه. ئه‌و له گه‌شتنامه‌که‌ی خۆی نووسیوه:

"... و له نائین چل و سێ فه‌رسه‌نگ رێگامان بڕی تا گه‌یشتینه گوندی که‌ره‌مێ له ناحیه‌ی بیابان که ئه‌م ناحیه‌یه ده تا دوازده گوندی هه‌یه. که شوهه‌وای گه‌رمه و داری خورمای هه‌یه و ئه‌مه ناحیه‌ی کوفه‌جیه‌کانه، له‌م ڕێکه‌وته که‌ئێمه گه‌یشتین ئه‌میری گیله‌کی، ئه‌م ناوچه‌یه‌ی له ده‌سه‌ڵاتی ئه‌وان ده‌رهێنا بوو و نوێنه‌رێکی له گوندێك که په‌رژینی هه‌بوو و پیاده‌یان پێ ده‌ووت دانا بوو.

کاروباری ئه‌م ویلایه‌ته رێکوپێك کرا بوو و رێگاکان ئاسایشی تێدا به‌رقه‌رار کرا بوو و ئه‌گه‌ر کوفه‌جیه‌کان رێگرییان بکردبایا، هێزی ئه‌میری گیله‌کیان ڕه‌وانه ده‌کرد و ده‌ستگیریان ده‌کردن و شته‌کانیان لێ وه‌رده‌گرتن و ده‌یانکوشتن و له پارێزگاری ئه‌م به‌رێزه، ئه‌م رێگایه ئه‌من بوو و خه‌ڵکیش ئاسووده بوون، خواوه‌ندی گه‌وره ته‌واوی پاشا عادیله‌کان بپارێزێ و یاره‌مه‌تیان بدات و لێیان خۆش بێ."(٧٣)

به‌پێی نووسینی ناسر خه‌سره‌و له "پیاده" و له رێگای سه‌حرای که‌ویر، له دوای شه‌ش فه‌رسه‌نگ (٣٦ کیلۆمه‌تر) ده‌گاته روباتی زوبه‌یده (یان روباتی مه‌رامی) و به‌بڕینی ١٤ فه‌رسه‌نگ (٨٤ کیلۆمه‌تر) ده‌گاته ته‌به‌س(٧٤) که‌واته ده‌بێ نه‌خشه‌ی ئه‌م رێگایه‌ی ناسر خه‌سره‌و به‌م شێوه‌یه بێ:



ناوچەی کەرەمیێ، ناوچەی کوفەجیەکان لە سەدەی
پێنجی ه.ق ۱:۱۰۰۰ /۰۰۰
(شارەکانی خور و ئەنارەك لە و کاتە نەبوونە)

لە لایەکی ترەوە بەپێی ئەم نووسراوە دیارە کە ناوچەی دەسەڵاتی کوفەجیەکان لە ٧٣ فەرسەنگی (٤٣٨ کیلۆمەتری) ئەسفەهان لە کەویر بووە.

بەپێی نووسینەکانی موقەددەسی کە لە لاپەڕەکانی پێشوو هاتووە، کوفەجیەکان لە شاخەکانی کوفەج (قوفەس) لە ناوچەی جیروفت هێرشیان دەکردە. سەر کەویر و بەپێی نووسینەکانی ناسر خەسرەو، لەکۆندا ناوچەی کەرەمیێ لە ژێر دەسەڵاتیان دابووە. وادیارە کە لە سەردەمی دەیلەمییەکان، کوفەجیەکانیان هێناوتە ئەم ناوچەیە بۆیە توانیویانە هێرش بکەنە سەر بەیهەق.

بەهەرحال، ناسر خەسرەو لەکتێبێکی تر دەنووسێ:

"کوفەجەکان باوەڕیان بەکتێب و پێغەمبەرێك نییە و تەنها شەڕئەنگێزی دەزانن."[٧٥]

## سەرکوت کردنی کوفەجیەکان بەدەستی مەلەك قارود

لە ساڵی ٤٤٢ه.ق مەلەك قارود، لە دوای شەڕە فراوانەکانی لەکرمان، گرفتی ڕاگرتنی سوپا گەورەکەی لە لایەن خواردنی هەبووە، بەم شێوەیە کە لەگەڵ سوپاکەی لە ناوچەی کوێستانەی کرمان کە سرووديان پێدەگوت و بریتی بوو لە ناوچەکانی رۆژئاوا و باکووری رۆژئاوای کرمان (واتە سیرجان، بافت، کوهبەنان، چهارگۆنبەد)، لەکاتێکدا خۆراك بە زۆری لە گەرەمیانی کرمان کە جەرۆمیان پێدەووت بوو و بریتیی بوو لە بەم، جیروفت، میناب و شەهداد بە دەست دەکەوت و "گەرەمیانی کرمانیش لە ژێر دەسەڵاتی قەومی کوفەج و گرووپی قوفەس بوو." ئەم قەوم و گرووپە لە سەردەمی دەیلەمییەکان سەریان هەڵدا بوو و سەرپێچیان دەکرد و نەیان دەتوانی سەرکوتیان بکەن.

گەرەمیانی کرمان زۆر فراوان بوو واتە لە جیروفت تا دەریا و لەوێ تا سنووری فارس و تا نزیکەی خۆراسان لە دەستیان دابوو و خەریکی ڕێگری و دزی بوون.



باسمانکرد لە دوای شەڕی مۆعزودولە و ئەحمەد بن دەیلەمی "ئیتر کەسێك لە دەیلەمییەکان لەوانی نەپێچییەوە."

کاتێك بەمەلەك قارودیان ووت کە بەئاسانی ناتوانی قوفەسەکان لە ناوببات، دیارییەکی بۆ سەرۆکی کوفەجیەکان[٧٦] نارد و فەرەمانیدا کە گەرمسیری کرمان بەتۆ دەسپێرم. هۆکارەکەشی ئەمە بوو کە چۆن من تورکم و هەوای گەرەمیانم پێ خۆش نییە، من دەبێ نوێنەرێك بۆ گەرەمیان بنێرەم و کەس لە تۆ باشتر نییە.

لەو سەردەمە گرووپی قوفەس لە شاخی بارجان بوونە کە دەڵێن شاخی بارجان هەمان شاخی بارجی ئەمرۆیە کە لە درێژەی شاخی بارزە.[٧٧] [٧٨]

مەلەك قاروز پیلانێك دادەڕرێژێ و یەکێك لە نزیکەکانی خۆی بانگ دەکات بەنهێنی پیلانەکەی بۆ باس دەکات و دواتر لە نێو هەمووان تۆمەتباری بەهاوکاری لە گەڵ دوژمن دەکات وسزای دەدات، دارایەکەی لێ زەوت دەکات و مووچەی دەبڕێ و دەری دەکات.

ئەم کەسە بەهۆی ناسیاوێکی کۆن لەگەڵ سەرۆکی قوفەسەکان دەڕواتە لای و گرفتەکەی بۆ باس دەکات، لە سەرۆکی قوفەسەکان داوا دەکات کەچۆن قارود تۆی خۆش دەوێ، ناوبژیوانی بکەن تا قارود لێم خۆش بێ. سەرۆکی قوفەس گوتی کەچەند رۆژێك لێرە بە تا مەلەك قارود سارد دەبێتەوە و دەتبەم و داوای لێ دەکەم بتبەخشێ.

سەرۆکی گرووپی قوفەس، مامێکی پیری هەبوو کە (سارد و گەرەمی دنیای چێشتبوو) ئەم مامە لەگەڵ هەندێك لە گەورەکانی قەوم چوونە لای سەرۆکی گرووپی قوفەسەکان، مامەکە پێی وت ئەم پیاوە کە لە نزیکەکانی پاشا بووە، کارامە و زمانبازە، شەش مانگە کەلێرەیە، با بڕوات تا تووش نەبووینە چونکە مانەوەی بێ مەبەست نییە.

سەرۆکی گرووپی قوفەس کە خولیای ئەم کەسە ببوو، بەمامی خۆی و ئەوانی تری وت کە ئەم کەسە هانای بۆ من هێناوە و ئەرکی منە کە پەنای بدەم، دیارە ئێوە ئیرەیی پێ دەبەن و هەر رۆژ بەشتێك تۆمەتباری دەکەن، من کچی خۆمی پێ دەدەم.

مامەکە لە وەڵامدا وتی حاڵی تۆ لە گەڵ ئەم کەسە نزیکەی پاشا وەك وەزیری قەلەڕەشەکان و پاشای شەمشەمە کوێرەکانە کە لە چیرۆکی کەلیلە و دەمنە هاتووە.

سەرۆکی گرووپی قوفەسەکان گوتی کە لە نێوان ئێمە و قارود، شاخی بەرزە مەگەر هەڵۆکان بتوانن داییەزێنن و ئەگەر قارود مەبەستی شەڕکردن لە گەڵ ئێمە بێ، هەمان بەڵایەك کە باپیرمان[٧٩] بەسەر مۆعزۆدولەی دەیلەمی هێنا بەسەر قارودی دێنن.

سەرۆکی گرووپی قوفەسەکان خۆبایی ببوو و گوێی نەدەدا، تا کاتێك کە زەماوەندی یەکێك لە گەورەکانی قوفەس بوو[٨٠] و لە بەر ئەوەی کە خاجەی ناوبراو لە زانستی ئەستێرەناسی شارەزا بوو، داوایان لێکرد کە ڕۆژی خۆشی و زەماوەندی دەست نیشان بکات کە ئەمیش وایکرد.

ئەم خاجەیە، بەردەست و شاگردێکی هەبوو بەناوی عەلیك[٨١]، ئەم شاگردە شارەزایی لە سەر نهێنییەکان و تەواوی کاروباری قوفەسی هەبوو. خاجە بەدرۆ شەڕێکی لە گەڵیا کرد و سەری شکاند، عەلیك تۆڕاو لەکاتی شەودا چووە لای قارود گوتی لە فیلان ڕۆژ زەماوەندە و هەتا سێ ڕۆژی تر گەورەکانی قوفەس و کوفەج لەکەنارەکانی دەریا تا دوورترین ناوچەی مەکران، لە فلانە گوند و فلانە ماڵ کۆدەبنەوە.

کاتێك قارود، ئەم زانیارییەی بەدەست گەیشت، لە گەڵ سوپاکەی بەرێ کەوت بێ ئەوەی هیچ کەسێك ئاگادار بکات کە بۆ کوێ دەڕوات و مەبەستی چییە. لەماوەی دوو ڕۆژ گەیشتە جیروفت.

لە جیروفت سوپایەکی کەم پەیوەندییان بەسوپای قارود کرد[٨٢] و لەماوەی یەك ڕۆژدا گەیشتە کوفەجان و کەهەمان شەوی زەماوەندی بوو، بەربەیان هێرشیان کرد و تەنانەت منداڵێکیشیان بەزیندوویی نەهێشت.[٨٣][٨٤] تەواوی مەڕوماڵات و داراییەکانیان زەوت کرد و لەگەڵ خۆی برد و کاتبەکانی مەلەك قارود "کتب فتوح جبال القفص"یان بەشێوەیەکی جوانیان نووسی.[٨٥]

## موڵکی کوردەکان لەکرماندا

مەلەکشای سەلجوقی کە لە ساڵی ٤٦٥ی ه.ق بوو بە پاشا، لە گەڵ حاکمی شۆڕشگێڕی کرمان بەناوی قاروت، کە مامی بوو، لە نزیکەی هەمەدان و بەیارمەتی کوردەکان، شەڕ دەکات و شکستی دەدات و دەیکوژێت.

زەنگەنە بەسوود وەرگرتن لەکتێبەکانی مەسعودی و ئیبنی خەلکان دەنووسێ کە مەلەکشا، کوردەکانی لە کرمان نیشتەجێ کرد.[٨٦] بەڵام ڕەشیدی یاسەمی دەنووسێ کە مەلەکشا لە کرمان موڵکێکی (زەوی) بەکوردەکانی دەبەخشێ و دواتر دەڵێ:

"ئەم تایفەیە (کوردەکان) بەر لەمە لە کرمان نیشتەجێ بوونە."[٨٧]

بەداخەوە ڕەشیدی یاسەمی ئاماژەی بەو سەرچاوەیە کە ئەم هەواڵەی لێوەرگرتووە نەکردووە.

## موجاهدین محەمەدی کورد، حاکمی کوبەنان



ئەفزەلی کرمانی(نزیکەی ٦١٥- ٥٣٠ه.ق) ناوی کەسێك بەناوی موجاهدینی کوبەنانی دەهێنێ و بە کورتی باسی ژیانی دەکات، بەڵام کتێبێکی تر کە لە نزیکەی ١٠٢٥ه.ق نووسراوە ئەم کەسەی بەناوی موجاهدین محەمەد هێناوە و ڕێزی لە دوور ئەندێشی و دوارۆژ بینی ئەم کوردەی گرتووە.

بەڕێز دوکتۆر محەمەد ئیبراهیمی باستانی پاریزی لە پەراوێزی ئەم کتێبە (ل١٦٤) لە ناساندنی ئەم کەسە نووسیویەتی:

"لە تایفەکانی کورد لەمێژووی کرمان هیچ ناوێك نەهاتووە و ڕەنگە لەکوردەکانی فارس وەك ڕەمی بازنجان و یان لە کوچ کوردەوانی نەرەماشیر بن."

بەپێی دەقە مێژووییەکان، بە بەردەوامی کوردەکان شانازیان بەنازناوی "کورد" وەك پاشگر و پێشگری ناوەکانیان کردووە. کەواتە موجاهەدین محەمەدی کورد دەبێ لەکوردەکانی پارس بوو بێ.

ئێستا ببینین کە ئەم کوڕە کوردە کێ بووە؟

(لە ساڵی ٥٨٢ه.ق)، کوبەنان (کرمان) "هەرچەندە لە ژێر دەسەڵاتی ئەتابەکی یەزد بووە، بەڵام هەمیشە ئەم ناوچەیە والییەکی زانا و عاقل و خواپەرست و خاوەن بڕیاری هەبووە کە لە بنەماڵەی سەرۆك عەشیرە و خێزانە کۆنەکان بووە و ناوی موجاهدین محەمەدی کورد بووە، تا هانی مەلەك دینار، دەوروپشتی ویلایەتەکەی بەباشی و سوپاکەی بەبڕیاری دروست بەرێکوپێکی پاراستبوو هەر ساڵ دیارییەکی باشی بۆ غوز بەمەبەستی بەرتیل دان بەئەمیر سەیفەددینی ئادب ئەرسەلان کە هەموو فەرمانیان لێ دەبرد دەنارد، بۆیە غوز لە کوبەنان تووشی وێرانی نەبوو.

لە بەر ئەوەی خارەزمشا هێرشی هێنایە سەر مولکی دنیا و لە نزیکەی گورگان دەستی بە هێرش کرد، موجاهد (ئەلدین محەمەدی کورد) بە هۆی زیرەکی، ئەنجامی کارەکەی پێشبینی کرد و هەمیشە (دەیوت) کە مەلەك دینار دێتە کرمان. خەڵکەکە دەیانوت: ئەو لە نەیشابوورە[٨٨] وزاوای مەلەك تەغانشایە چۆن بیر لەکرمان دەکاتەوە؟ ووتی: ئەگەر نەمرین، مەلەك دینار لە سەر تەختی دارولملك (کرمان) دەبینین! و خۆی لە ئاستی مەلەك دینار دوو جار نوێنەری خۆی ناردوو بووە گورگان و بەڵێنی خۆی دووپات کرد بووەوە.

کاتێك کە مەلەك دینار گەیشتە کوبەنان، موجاهدین محەمەدی کورد کۆچی دوایی کردبوو، چەند کوڕ و باوکێکی پیری مابوون، مەلەك دینار هاودەردی خۆی لە مردنی موجاهدین پێشاندا و هەمیشە دەیوت کە لە کرمان هیچ کەس وەك ئەو عاقڵ نییە: لەمەودای سێ سەد فەرسەخی (١٨٠٠ کیلۆمەتر) لە گەڵ من بنەمای دۆستایەتی پتەوتر دەکرد، و لە گەورە بەرپرسانی تری

کرمان، من گەیشتوومەتە بەر دەرگای ماڵەکەمان و ئەوان هێشتا شمشێری سەرپێچیان لە سەر شان داناوە و سوپەری نەفامیان بە دەستەوە گرتووە.

باوکی موجاهدین، نەسیرەدینی کوردی، پیرەمێردێکی خۆشەویست و دنیا دیتو بووە. ویلایەتی کوبەنانی بەدەستەوە بوو خزمەتکارێکی نارد و دیاری پێشکەشی مەلەك دیناری کردوو ڕوو بەمەلەك دیناری ئەم بەیتەیان خوێندەوە:

دیریست که ما چشم به ره می داریم
دیدار تو را راه نگه می داریم

مەلەك (دینار) لە ڕاوەر بەرەو جیروفت چوو و کوبەنانی بە جێهێشت.(٨٩)(٩٠)

**بەرفراوان بوونی چالاکییەکانی کوفەجیەکان**

بەم شێوەیە، هەرچەندە دەسەڵاتی قوفەس و بەلوچەکان لە پارێزگای کرمان کە بەسەرکوت کردنی دەیلەمیەکان بەتایبەت عیزۆلدولە دەستی پێکرد، کەم کرا، بەڵام لە سەردەمی سەلجوقییەکان، دیسان کۆنترۆڵی گەرمیانی کرمانیان لە جیروفت تا کەناری دەریای عومانیان بەدەستەوە گرت.(٩١) بەپێی نووسینی ئەفزەلودین لەکتێبی بدایع الزمان و وقایع کرمان، هەرچەندە ژمارەیان کەم ببووەوە بەڵام تا کۆتایی سەدەی شەشەمی ھ.ق جارێکی تر لە ناوچەی گەرمیانی کرمان واتە جیروفت دەستیان بەچالاکی کرد.(٩٢)

بەکورتی دەبێ بڵێین کەچالاکی قوفەس و بەلوچەکان و تالآنەکانیان لە سەردەمی ئومەویی و عەباسییەکان لەکرمان بەرەو سیستان و خۆراسان فراوانتر بوو.(٩٣)

**ڕاپۆرتی محەمەد ئیبن نەجیبی بەکران**

محەمەد ئیبن نەجیبی بەکران لە ساڵی ٦٠٥ھ.ق دەنووسێ:

"چیاکان قۆخەی ئەو شاخانەیە لە سەر سنوەری کرمان کە شاری هۆرەمۆز لە ڕۆژئاوایەتی و مەکران لە ڕۆژهەڵاتی، ئەم شاخانە لەکتێبەکان قوفەس و بەلوس نووسراون و بەپارسی دەبێتە کوچ و بەلوچ، حەفت کێوە و خەڵکی تێدا نیشتەجێیە و ئاوەدانە، و لە نێوان کۆچ و بەلوچەکان هەمیشە شەڕ هەیە. ئەمانە دەڵێن کە لە هۆزە عەرەبەکانن."(٩٤)

**کوشتن و ئاوارە کردنی کوردەکانی کوفەج:**

ئەفزەلی کرمان دەنووسێ:



"... لەمانگی جمادی الاخرة سنه عشر وستمائه (٦١٠ی ھ.ق= ئۆکتۆبەری ١٢١٣ز) بەرامبەری مانگی ئازەری شەش سەد و سێی هەتاوی (= ١٢٦٠ی ز) مەلەك عیمادەدین زەیدان هەزار و پێنج سەد سوارچاك و پیادەی بەرەو فارس نارد بەمەبەستی داگیرکردنی قەڵا، کاتێك کە گەیشتنە هەرات (٩٥) ویستی قەڵای شار داگیر بکات فەوجێك لە غولامەکان لە سوپا خەیانەتیان کرد و بەرەو شیراز ڕایانکرد، بەم هۆیەش بەرەو سیرجان و بافت بەرێ کەوتن و مەلەك عیمادەدین فەرمووی کە بەرەو گرەمیانی جیروفت برۆن و مەلەك لە ڕۆژی یەکەمی شەعبانی هەمان ساڵ لە کوێستانە لە گەڵ ئەوانەی کە لە سوپاکەی مابوون بەرەو جیروفت چوو، چونکە ئەمیر جەلالەددین سالاری بۆلەند- کە لەکێوی بارجان شۆڕشی کردبوو و لە قەڵای "زافت" شوێنی گرتبوو، بۆ گرتنی ئەم قەڵایە بەرێ کەوتن و لە بەردسیرکوتوالان بوون کە تاجەددین ئەبوبەکری خاوەنی دیوان بوو، کاتێك کە گەیشتنە جیروفت ونزیکەی گەرەمیان، لە ڕووباری، خەزق دابەزین و قەڵای زاختیان کە لە دەستی سالار بوو دەرهێنا و سالاری کوشت و شۆڕشەکەیان کۆتایی پێ هات و ئەمیر ئەسەددینی ئیبراهیمی کە والی ریقان بوو دەستگیر و کرد و هەندێك دەڵێن کە کوشتی و لە هەر شوێنێك کەکوردێك بوایا یان دەیانکوشت یان لە گەرمیان دەریان دەکرد."(٩٦)

**وەسفی یاقوتی حەمەوی لە کوردەکانی کرمان**

یاقوتی حەمەوی لە ساڵی ٦٢٣ھ.ق، قۆفەس بەدوو شوێنی زانیوە:

یەکێك گوندێك لە نێوان بەغدا و عەکبەرا و ئەوی تر:

"ناوی تایفەیەکە، کوردەکان لە شاخەکانی نێوان فارس و کرمان ناوچەیەکیان بەم ناوە هەیە.(٩٧) ئەم تایفەیە شەڕ ئەنگێزترین و بێ ئەخلاق ترین و دڕترین مەردومانی جیهانن. عیزدۆدولە کوڕی بویە لە گەڵیان بەشەڕ هات و ئەوەندەی لێیان کوشت کەوای زانی لە ناوچوونە."(٩٨)

یاقوتی حەمەوی لە شوێنێکی تر دەنووسێ:

"قوفەس (ناوی تایبەت)- خەڵکانێکن لەکرمان لە بەر ئەوەی کەکوردەکان کە قوفەس و بەلوسی پێی دەڵێن، زۆرتر بە (ص). رەهنی دەڵێ: قۆفەس شاخێکە لە شاخەکانی کرمان کەدانیشتوەکانی یەمەنین و لە سەر هیچ ئاین و باوەڕێکدا نین، تەنها باوەڕێکی توندیان بە عەلی ئەبی تالب هەیە. ئەمەش لە بەر ئاین نییە، بەڵکو لە بەر تایبەتمەندییەکانی عەلییە کە کورنوشی بۆ دەبەن."(٩٩)

هەروەها لە شوێنێکی تر دەڵێ:

"قوفەس (قۆفس) زەمەی قاف و ساکنی ف و صادی بێ نوقتە، کوێستانێکە لە نێوان کرمان و فارس، شوێنی کوردانە و خەڵکەکەی لە شەڕ ئەنگێزەکانی جیهانن."[١٠٠]

**کوفەجیەکان لەکوێستانەکانی عومان:**

ناسرەددینی مۆنشی کە کتێبەکەی لە نێوان ساڵانی ٧١٥ تا ٧٢٠ی هـ.ق نووسیوە، لە بارەی شەڕی سوپای ئیسلام لەگەڵ غولامەکانی (قۆفس) دەڵێ:

"لەم زەمەنەدا دەچنە شاخەکانی عومان و لەوێ جێگیر دەبن و لەوێ خەریکی شەرئەنگێزیەکانیان دەبن.[١٠١]

ئەم نووسەرە ئاماژە بەهۆکاری کۆچکردنی هەندێك لە هۆزی قۆفص بۆ عومان ناکات.

**دوایین باس لە بارەی کوردەکانی کرمان**

لە دوو توێی دەقی کتێبەکان، دوایین وەسفێك لە بارەی کوردەکانی کرمان واتە قۆفس هی ئەنساری دیمەشقیە کە کتێبەکەی لە ساڵی ٧٢٧ی هـ.ق نووسیوە:

دەنووسێ لە کێوەکانی حەفتەوانەی قۆفس کەیەکێکیان، کێوی بارزە[١٠٢] "تایفەگەلێکی زۆر لەکوردەکان لەوێ نیشتەجێنە." و ئەگەر کەسێك تووشیان بێت بەهۆی دڕییان لێ خۆش نابن.

هەروەها دەڵێ: هەندێك بەلوچ (بلوس) لە و شاخانەدا دەژین "کە لەکوردەکان دڕترن."

ئەنساری دیمەشقی باس لە ناوچەیەك لەکرمان بەناوی ئەخواش دەکات کە عەرەبە خاوەن حوشترەکان لەوێ دەژین. لە دوای ئەم بابەتە دەڵێ: "تەواوی ئەم ناوچەیە، بەهۆی کوردەکانەوە ئاوەدانە."[١٠٣]

**ژیانی دواتری کوفەجیەکان**

ئێمە لە سەرچاوە فارسییەکان، ئیتر ناوێك لەکوفەج و قۆفس نابینین. لە (دایره المعارف اسلام) نووسراوە: لە بارەی ژیانیان لە سەدەکانی ناوەڕاست (١٥٠٠- ٤٩٢ز = ٨٧٨- ١٣٠هـ.ق) هیچ بەڵگەیەك بەدەستەوە نییە.[١٠٤][١٠٥][١٠٦]

**دەشتی و گوندی کوچ**

سێرپرسی سایکس لە ساڵی ١٣١٠ی هـ.ق لە بەرامبەر جیرۆفت، ناوی دەشتی کوچی هێناوە، عەزیزۆڵلا سەفاش لەم بارەیە " وە دوو ساری ناوەندی حکومەتی خەوانینی کێوی بارزی" لە دەشتی کوچ ناو دەبات. دواتر بەم شێوە باس دەکات:



دەشتی کوچ گوندێکە لە قەراخی کێوی بارز کە لە ڕابردوو سەر ڕێگای هاتوچۆدا بووە و بەبێ شك پەیوەندی بەتایفەی کوچ (قفص) هەیە. ڕەنگە شوێنی هەمیشەیی یان کاتی گرووپێك لەم تایفەیە بووبێ، لەماوەی دەسەڵاتیان."[١٠٧]

لەکتێبی (فرهنگ ابادیها و مکانهای مذهبی کشور، اثر، دکتر محمد حسین پاپلی یزدی) ناوی ئەم گوندە نەهاتووە، هەڵبەت لە شاری ئەردستان و بیرجەند گوندی کوچ هەیە کەڕەنگە ئەوانیش پەیوەندییان بەتایفەی کوچ هەبێ، هەروەها وا دیارە کەگوندی دەشتی کوچ لەکرمان ناوی گۆڕا بێ.

**والی کرمان، لەکوردەکان بوو**

گەنجعەلی خان، والی ناسراوی کرمان کە لە ساڵانی ١٠٠٥ تا ١٠٣١ی هـ.ق والی کرمان بوو و بەرهەم گەلێکی بەنرخی بەجێهێشتووە. کورد بووە.[١٠٨]

ئەم والییە لە دوای لابردنی لە والیگەری کرمان، بوو بە والی قەندەهار[١٠٩] و لە ساڵی ١٠٣٣ی هـ.ق، بەهۆی بەربوونەوەی لە سەربان، کۆچی دوایی کرد.[١١٠]

وێنەی ئەم کوردە خزمەتگوزارەی خەڵکی کرمان لە سەر نیگارەکانی چل ستوونی ئەسفەهان نەخش کراوە.[١١١]

وەزیری دەنووسێ: کە گەنجعەلی خان لە هۆزی زیگ لە هۆزە کوردەکانە. هەروەها لەم کتێبە هاتووە کەهۆزی زیگ، یەکێکە لە حەفت بنەماڵەی سەردەمی ئەشکانییەکان و ساسانییەکانە و لەکتێبی (الاسماء یوستی)، ناوی بنەماڵەکانیان هاتووە.[١١٢] بەڵام لەکتێبی (روضه الصفاء) لە بارەی ڕووداوەکانی ١٠٣٥ی هـ.ق گەنجعەلی خانی لە گەورەکانی عەشیرەتی کوردی زەنگەنە دەزانێ.[١١٣]

**گواستنەوەی بارزەکان**

لە (دایره المعارف اسلامی) هاتووە کە:

"وا دیارە لە سەدەی نۆزدەدا هەندێك لە تیرەکانی کێوی بارز بەرەو بەزنجان چوونە."[١١٤]

بەڵام بەبێ هیچ ڕوونکردنەوە و ئاماژەیەك بەسەرچاوەیەکان.

**کوردەکانی ئێستای کرمان**

لیوا زەنگەنە لە بارەی کوردەکانی ڕەوەند لە ساڵی ١٣٤٧ بەم شێوەی نووسیوە:

"لە ویلایەتی کرمانیش عەشایری ڕەوەندی کورد هەیە کە لە بارەیان بەڵگەیەکمان لە دەست نییە."[١١٥]

هەرچەندە ئەم لێکۆڵەرە نەیتوانیوە زانیارییەك بەدەست بێنێ بەڵام ئێستا کوردەکان و پاشماوەکانیان لە پارێزگای کرمان هەن کە لێرە باسیان دەکەین:



## هۆزی مێهنی لە پاشماوەکانی کوفەجیەکان

### ڕوانگەی وەزیری و کەسانی تر

وەزیری لەکتێبەکەی خۆی کە لە نێوان ساڵەکانی **١٢٩١** تا **١٢٩٣**ی ﻫ.ق نووسیویەتی لەگەڵ باسکردنی ڕووداوی مەلەك قارود و گرووپی کوفەجیەکان و قۆفس کە پێشتر باسمانکرد، نووسیویەتی:

"شاراوە نەمێنێ کە کوفەج لەم کاتەدا بەمێهنی ناسراوە، کما مر فی بلوك ساردویە."[١١٦]

هەڵبەت وەزیری بەڵگەیەکی بۆ وتەکانی ناخاتە بەردەست.[١١٧]

بەڵام لە (**دایره المعارف اسلام**) هاتووە کە ڕەوایەتێکی بەناوبانگ هەیە کە تایفەی مێهنی لە سەردەمی سەفەوییە لە خۆراسان بۆ ئەسفەندقێ کۆچ درانە و هەندێك لە هۆزەکانی تریش هاتوونەتە ڕێزیان و ڕابەرایەتیان قبوول کردووە.[١١٨]

هەڵبەت ئەم بیرۆکەی (**دایره المعارف اسلام**)ی ڕەت کردووە و جەخت لە سەر ئەمە دەکات کە:

"ئەم بیرۆکەیە شیاوترە، و هۆکارەکەش ئەمەیە کەهەندێکیان کە ئەمڕۆ مێهنی لە قەلەم دەدرێن لە نەوەکانی ڕاستەوخۆی قوفسەکان بوونە."[١١٩]

ئەم بیرۆکەیە لە لایەن کرمان ناسی ناودار، بەڕێز دوکتۆر محەمەد ئیبراهیمی باستانی پاریزی پشتڕاست کراوە و دەڵێ:

"وەزیری ووتەنی، تایفەی مێهنی لە پاشماوەکانی کوفەچەکانن، بەڕای نووسەر ئەم وتەیە ڕاستە، چونکە بەڕەوایەتی تەواوی کتێبە مێژووییەکان، تایفەکانی قوفس لە شاخەکانی جیروفت و ڕوودبار نیشتەجێ بوونە و دەبێ ئەمە کێوی بارزییەکان بێ و تایفەی مەهنیش لە ئەسفەندقێ و کێوی بارز بن و ئەم هۆکارە کەزۆربەیان نازناوی ئەبو سەعیدیان هەیە، ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیان لە گەڵ مێهنەی خۆراسان و ئەبو سەعیدی ئەبولخەیر، هەرچەندە ڕەچەڵەکی خۆیان ڕەسەنتر لە مەیە."[١٢٠]

بەڕێز عەزیزۆڵڵای سەفا لە بارەی بیرۆکەی وەزیری و دوکتۆر پاشای پاریزی بەم شێوەیە نووسیویەتی:

"تایفەی مێهنی خۆیان لە نەوەکانی ئەبوسەعیدی ئەبولخەیر دەزانن، نزیکەی هەزار ساڵ لەمەوبەر لەمەهنەی خۆراسان بۆ ئەسفەندقیٚ و بەهر ئاسمان کۆچیان کردووە یان بەزۆری کۆچ دراون. هۆکاری هەڵبژاردنی نازناوی ئەبوسەعیدیش ئەم بابەتەیە. مەهنیش پەیوەندی بەناوچەکەیان مەهنەوە هەیە. تایفەی مێهنی لە گەورەترین تایفەکانی پارێزگای کرمان هەژماردەکرێت و شوێنی نیشتەجیٚ بوون و گەرەمیان و کوێستانەیان ئەسفەندەقیٚ، رەمان، بەهری ئاسمان و ساردوئییە تا جیروفتی رۆژئاوا و روودبارە. ئەم بابەتەش کەهەندێك نووسیویانە کەتایفەی مێهنی لە پاشماوەکانی تایفەی گەورەی کوج (قفص)ن، ڕاست نییە و بەگشتی هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە.[١٢١]

### چەند خاڵێك لە بارەی ڕوانگەکانەوە:

١. هیچ کامیان نموونەی بەردەستی لەکوردەکانی کوچ یان قۆفس پێشان نەداوە تەنانەت یەکێکیان بەوشەی "ڕەنگە" دانیشتوانی کیچ و مەکران لە پاشماوەکانی کوچ لە قەلەم دەدات.

٢. دانیشتوانی کیچ و مەکران هەتا ئێستا لە لایەن مرۆڤناسی جەستەییەوە لێکۆڵینەوەیان لە سەر نەکراوە و ئەندامی لەشیان پێوانە نەکراوە تا دیار بکرێت لە چ نەژادێکن.

٣. خەڵکی تایفەی مەهنیش لە لایەن مرۆڤناسی جەستەییەوە لێکۆڵینەوەیان لە سەر نەکراوە. کەواتە ناتوانین بڕیار لە سەر دانیشتوانی کیچ و مەکران و تایفەی مێهنی بدەین" بەڵام لێکۆڵینەوەکانی من لە بارەی مێهنییەکانی فارس ئەمەیە کەجۆری مرۆڤناسی جەستەیی مێهنییەکان لەگەڵ خۆجێیەکانی ناوچەی فارس یەك ناگرێتەوە و لە لایەن تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، مێهنییەکان بەهۆی شەڕ ئەنگێزی و دڕی و دەمارگیرییان لە گەڵ تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کوچەکان یەك دەگرێتەوە. ڕەنگە هەر ئەم بابەتە بووە کە وەزیری بیرۆکەی خۆی دەربڕیوە.

بەهەرحال ڕای دروست و یەك لاکەرەوە بەمرۆڤناس و لێکۆڵەرانی داهاتوو دەسپێرین.

### کۆنترین بەرهەم لە بارەی مێهنییەکان

کۆنترین کتێبێك کە باسی مێهنییەکان بکات، مێژووی عەباسی یان ڕۆژنامەی مەلا جەلالە کەڕووداوێك بەم شێوەیە دەگێڕێتەوە:



لە ساڵی ١٠١٧ی ه.ق لە سەردەمی شا عەباسی مەزن، گەرمیانی کرمان تا بەندەری گودار لە دەسەڵاتی شادا نەبوو، ئەمەش هۆکاری دروستبووی گرفت بۆ حکوومەتی سەفەوییە بوو، لەم کاتە شا عەباس سوپایەك بەفەرەماندەیی شا وێردی سوڵتان مەحمودی پێکهێنا لەم گرووپانەی خوارەوە کە بۆ سەرکوت کردنیان بڕۆن:

| | |
|---|---|
| جەماعەتی مەحمودی | ٥٠٠ کەس |
| میر یەحیا میر یار عەلی جەماڵ بادزی (جبال بارزی) | ٥٠٠ کەس |
| میر حەیدەری مێهنی | ٥٠٠ کەس |
| میر سولە یمانی مێهنی | ٣٠٠ کەس |
| میر عەبدولعەلی کوڕی میر بەهرامی روودباری | ٣٠٠ کەس |
| میر عەلی مەیسەری بەدراکەهتی سلمی | ٢٠٠ کەس |
| میر مورادی عەربا | ٢٠٠ کەس |
| خەلیفە ئیمام قولی سیوەنی | ١٠٠ کەس |
| جەماعەتی سیستانی... و لە جەماعەتی زهی | ٢٠٠٠ کەس |

"کەدەبێتە پێنج هەزار و شەش سەد کەس لە گەڵ جەماعەتی شاهیسون"[١٢٢][١٢٣] لە موحەرەمی ساڵی ١٠١٧ی ه.ق بەرێ کەوتن و ئەنجامەکەی بە ئاشتی کۆتایی پیٚ هات و ساڵی دواتر لە شەوالی ١٠١٨ی ه.ق دیسان بۆ ئەو مەبەستە هێرشیان کرد و سەرکوتیان کردن و گەڕانەوە.

### وەسفی وەزیری لە هۆزی مێهنی

وەزیری لەکتێبێکی تری خۆی لە بارەی بلوکی (ویلایەتی) ساردوئییە لە ساڵەکانی ١٢١٩ تا ١٢٩٣ی ه.ق دەنووسیٚ:

"شاخەکانی ئەم بلوکە: یەکەم بەهر ئاسمان، دووەم رەمان، سێیەم بارچی، چوارەم لوری، پێنجەم سولەیمان، کانی و کشتوکاڵ لەم شاخە فراوانە... ئەم کوێستانە کانییەکی زۆری هەیە و کێوەکانی زۆر کەکشتوکاڵی تێدا دەکریٚ و موڵکی تایفەی مەهنە.

شاراوە نییە کەتایفەی مێهنی لە خێڵە کۆنەکانی کرمانن و لە ڕابردوودا ناویان کوفەج بووە و لەم کوێستانە نیشتەجێ بوونە و لە زستان دەچوونە جیروفت و ئەسفەندەقە و گەرمیانیان دەکرد. ئێستاش هەر بەم شێوەیەیە."[١٢٤][١٢٥]

هەروەها لە شوێنێکی تر دەڵێ زۆربەی زەویی کشتوکاڵییەکانی ئەسفەندقە و جیروفت موڵکی تایفەی مێهنییەکان بووە. [١٢٦]

وەزیری دواتر باسی بابەتی کتێبی (**عقدالعلی**)، لە بارەی مۆعزۆدۆلەی دەیلەمی دەکات و دواتر باسی سەرکوت کردنی قوفسەکان بەدەستی مەلەك قارودی سەلجوقی دەکات و دەڵێ کە پاشا و حاکمەکان ئەوەندە بەردەوام سەرکوتیان کردووە یەکێك لە وانە نادرشای ئەفشار لە ساڵی ١١٥٩ی ه.ق لەکرمان فەرمانی کوشتنی مەلا لولی کەلانتەری مێهنی و بلوکی ساردویەی بەبێ هیچ تاوانێکی دەرکرد و فەرمانەکەشی جێ بەجێ کرا.[١٢٧]

ئەم سەرکوت کردنانە بووە هۆی ئەمە کە لە سەردەمی وەزیری ژمارەی ئەم تایفەیە بگاتە ٧٠٠ سەرخێزان. وەزیری دەنووسێ، ئێستاش گەرمیان و کوێستان دەکەن. گەرەمیانیان لە ساڵەکانی ١٢٩٠ی ه.ق بلوکی جیروفت و ئەسفەندەقە و کوێستانەیان کوێستانی ساردوئییە بووە و راوێژکار و فەرمانبەرێکی دیوانی سەربەخۆیان هەبووە و بە بەشێك لە بلوکی ساردوئییە و جیروفت و ئەسفەندەقە لە قەلەم نادرێن.[١٢٨]

وەزیری دەنووسێ کەهەمیشە راوێژکار و فەرمانبەری دیوانی لە خۆدی تایفەی مێهنی بووە و دوایین سەرکردەی ئەم تایفەیە فەتحعەلی خان کوڕی عەلی محەمەد خانی مێهنی بووە.

فەتحعەلی خان موڵك و داراییەکی زۆری هەبووە جگە لەمەش قەڵایەکی پتەوی هەبووە و بەپشتیوانی شاخەکانیش وایکردبوو کە داگیرنەکرێت، بۆیە گوێی بەفەرمانەکانی حکوومەت نادات و شۆڕش دەکات. لە سەردەمی فەتحعەلی خانی قاجار، والی کرمان، واتە عەباس قولی خانی جوانشیر، کەسێك بەناوی میرزا ئەسەدوڵڵا خانی مستەوفی کوڕی میرزا جەبار ڕادەسپێرێ کەفەتحعەلی خان سەرکوت بکات.

میرزا ئەسەدوڵڵا خان بەژمارەیەکی زۆر لە ئەقتاع و کوشك و سەوغان لە پارێزگای کرمان بەمەبەستی سەرکوت کردنی فەتحعەلی خان بەرێ دەکەوێ. فەتحعەلی خانیش پەنابردن بەشاخەکانی بەهر ئاسامان و رمان یان مانەوە لە قەڵای ئەسفەندەقە بە شەرەم دەزانێ و نزیکەی شەش فەرسەخ دەڕواتە پێشەوە و پێشوازی لە هێزی حکوومەت دەکات، چەند رۆژێك لەگەڵ هێزی حکوومەت شەڕ دەکات. بەڵام بەهۆی ناکۆکی نێوان فەتحعەلی خان و مەلا



محەمەد حەسەن، مەلا ئەبولقاسم، قاسمی شەفیع و زۆهرعەلی لە کەلانتەرەکانی تایفەی مێهنی، فەتحعەلی خان دەستگیر و دەیدەنە بەدەستی هێزی حکومەت و دەیبەنە کرمان و دواتر بەرەو تاران دەیبەن.[١٢٩][١٣٠]

نزیکەی پێنج شەش ساڵێك لە تاران بوو و کچێکی تارانی هێنا کەکورێکیان دەبێ. فەتحعەلی خان لە تاران مرد، ناوی کوڕەکەیان خەنجەرخان بوو.[١٣١]

شێخ یەحیا ئەحمەدی ڕەوایەتێکی تر دەگێڕێ و دەڵێ لە دوای هەڵبژاردنی میرزا ئەسەدوڵڵا خانی مستەوفی بۆ سەرکوت کردنی فەتحعەلی خان، فەتحعەلی خان بەرەو ریگان ڕا دەکات، بەڵام سوپای میرزا ئەسەدوڵڵا بەدوای دەڕوات و دەستگیری دەکەن و سەرەتا بۆ تاران و دواتر بەرەو تەورێز دەیبەن.

لە دوای مردنی فەتحعەلی شا، لە ساڵی ١٢٥١ی ه.ق، فەتحعەلی خان لە تەورێز ڕا دەکات و دەڕواتە کرمان، و سوپایەکی دوو هەزار کەسی پێکدێنێ و لەکوێستانی بەهرئاسمان جێگیر دەبێ.

جارێکی تر میرزا ئەسەدوڵڵا خان لە گەڵ سوپاکەی بەرەو ئەسفەندەقە دەڕوات و فەتحعەلی خان هێرش دەکاتە سەریان، بەڵام شکست دەهێنێ و ڕا دەکات. بەڵام دیسان فەتحعەلی خان سوپایەك پێکدێنێ و لە گەڵیان بە شەڕ دێت و شکست دەهێنێ. دەستگیر دەکرێت، دەیبەنە تاران و لە وێ دەمێنێ تا ساڵی ١٢٥١ی ه.ق کە کۆچی دوایی دەکات.[١٣٢]

وەزیری زێدە دەکات کە لە نزیکەی ساڵی ١٢٦٦ی ه.ق محەمەد ئیبراهیم خان کوڕی ئەسەدوڵڵا خانی قاجاری کرمانی لە پاشماوەکانی زەهیرولدەولەی قاجار کە لە ساڵی ٢١٦ی ه.ق والی کرمان بوو، کچی فەتحعەلی خان دەهێنێ و دەبێتە خاوەنی تەواوی موڵکەکانی جیروفت و ئەسفەندەقەی فەتحعەلی خان و لە لایەن والی کرمان دەبێتە راوێژکار و نوێنەری مێهنی و ئەسفەندەقە، هەروەها لەم ماوەیە خەنجەرخان سێ جار دێتە کرمان و موڵکەکانی بەپارەیەکی کەم بەکرێ دەدات و لە ئەنجامدا بەنرخێکی کەم دەیفرۆشێتە محەمەد ئیبراهیم خان.[١٣٣]

پێشتر ئاماژەمان کرد کە وەزیری ژمارەی تایفەی مێهنی لە ساڵەکانی ١٢٩١- ١٢٩٣ی ه.ق بەنزیکەی ٧٠٠ سەرخێزان لە قەلەم دەدا و لە بابەتێکی بەناوی "ایلات کرمان" بەم شێوەیە ناوی ٢٣ تیرەی ئەم تایفەیە دەنووسێ:

"ئەسفەندەقە و مێهنی، موقبلی، مەجاز، رەزمکالی، ئەمیری، تەدی، بارچی،ئەسفەندەقە،عیزەدینی،خاجە غولام تورکی،نەسیر مەلەك شاهی،دلفاردی، راهی یارجی، سەفی عالی، سولەیمانی، ئاقالەك، سۆرخ بەلوچ، بیابانی، ئوغانی، بەهرئاسمانی، کەهوری، شەهسەواری، ئەسکەندەری، لوهار."[١٣٤][١٣٥][١٣٦]

وەزیری لە شوێنێکی تر دەنووسێ کەگوندەکانی بلوك ساردوئییە، هەرکامیان سەرکردە و گەورەیەکیان هەیە و دیاری دەکات کە لە چ شوێنێك نیشتەجێنە و دواتر دەڵێ کە کوڕی عەبدولعەلیش کوێخای تایفەی مەهنییە.[١٣٧]

## حوسێن خانی مێهنی

سێر پرسی سایکس (Sir Percy Sykes) لە بارەی گەشتەکەی بۆ پارێزگای کرمان لە سەرەتای ساڵی ١٨٩٤ز (١٣٠٠ی هـ.ق) دەنووسێ:

"لە دەشتی کوچ بەرامبەر بەشاری ناوداری جیروفت رۆژێك ماینەوە و لە بەر ئەوەی رووبارەکە ئاوی زۆر بوو نەمانتوانی لێ تێپەرین و لە رووباری شورکە لە ساردو سەرچاوە دەگرێ تێپەرین و لە تەنیشتی هەلیل رود... خێوەتمان هەڵدا، چونکە لافاوەکە خەریك بوو رودەنیشت، بڕیارماندا یەك رۆژ لە دوای بەرێکەوتنی فەرەمانفەرەما ڕابوەستین، فەرەمانیان دابووە حوسێن خانی مێهنی کە مێوانداریمان بکات..."[١٣٨]

بەداخەوە نۆسخەی ئینگلیزییەکی گەشتی سایکس بەردەست نییە تا بزانین چ کەسێك فەرەمانی دابوو کەمێوانداری لە کۆنسوڵی بریتانیا لەکرمان بکرێت. ئەگەریەکی زۆر هەیەکە فەرەمانفەرەما ئەم فەرەمانەی دەرکرد بێ.[١٣٩] زانیارییەکی زۆر لە بارەی حوسێن خانمان نییە، بەڵام وا پێ دەچێ کە کەلانتەریان بووبێ.

سایکس لە شوێنێکی تر باس لە ناحیەی جیروفت لە سەردانەکانی لە ساڵەکانی ١٨٩٤ و ١٩٠٠ز (١٣١٧- ١٣١٧هـ.ق) دەکات و دەنووسێ:

" یەکێك لەتایفە گرنگەکانی نیشتەجێی ئەم ناوچەیە هۆزی مێهنییە کە لە چەند جێیەك لە لاپەڕەکانی پێشوو ئاماژەم پێ کردووە."[١٤٠]

هەڵبەت لە بەشەکانی پێشوو، سایکس تەنها باسی سەرچاوە کۆنەکان لەکوفەج و قۆفسی کردووە و باسی مێهنییەکانی نەکردووە، وا دیارە کەسایکس مێهنییەکانی بەکوفەجیەکان لە قەڵەم داوە.



## تاڵان کردنی مێهنییەکان

لە ڕاپۆرتی کۆنسوڵگەری برتانیا لە ئێران کەمانگانە بۆ وزارەتی دەرەوەی بریتانیا دەنێردرا باس لە ڕووداوی تاڵانی مێهنییەکان کراوە. بەپێی ئەم بەڵگەیە لە پەیوەستی ژمارە ١٥٩، کورتەی ڕاپۆرتی مانگانەی ئێران لە چوار حەفتە لە ١١ی ئاگۆستی ١٩١٠ (٥ی شەعبانی ١٣٢٨ی هـ.ق- ١٩ی موردادی ١٢٨٩) لە ژێر ناونیشانی "کرمان" بەم شێوەیە هاتووە:

"هەروەها ڕاپۆرتێك هاتووە کە گەندەل خان لە گەڵ ١٠٠ کەس، ئەسفەندەقە و مێهینان تاڵان کردووە."[١٤١]

## ناوچەی جوگرافیایی مێهنی

مەسعودی کەیهان لە ساڵی ١٣١١هـ. لە دابەشکردنی پارێزگای کرمان، دابەشی دەکات سەر ٩ بەش، بەشێك لە ژێر ناونیشانی: "جیبال بارز و ساردوئییە و ئەسفەندەقە و مێهنی"و بەم شێوەیە باس دەکات:

"مێهنی لە باکوورەوە دەگاتە ساردوئییە و لە باشوورەوە دەگاتە ئەسفەندەقە و لە رۆژئاواوە دەگاتە رابەر و ئەقتاع و لە رۆژهەڵاتیش دەگاتە دلفارد، زەوییەکانیان لە لقەکانی هەلیل رود و کانییەکان ئاودێری دەکرێن، بەروبوومیان دانەوێلە و برنج و هەرزن و پاقلەمەنی و تەنباکو و ترياك و بەروبوومی ئاژەڵییەکی زۆریان هەیە. بلوکی گرنگیان هەلی رود و بەهرە هەمان و دلفارد و کێوی رەمانە."[١٤٢]

هیچ باسێکی لە مێهنییەکای نەکردووە. ئەم دابەشکردنە سیاسیە لە هیچ کام لەکتێبەکانی تر نەهاتووە، بەڵام باش دەزانین کە ئەم دابەشکردنە لە لایەن کەیهان نەبووە و لە دابەشکردنی وڵاتدا بووە، کەواتە ناوی ناوچەکە لە تایفەی مێینیەوەی وەرگیراوە.[١٤٣]

## مێهنییەکان لە ساڵی ١٣٤٢ هەتاوی

کۆمیسیۆنی نەتەوەیی یونسکۆ لە ئێرلەندا لە ساڵی ١٣٤٢دا بەبڵاوکردنەوەی کتێبێك لە بارەی ئێران، باسی هۆز و عەشایری ئێرانی کردووە. لەم کتێبەدا لە بارەی ناوچەی ڕوودباری کرمان ناوی دوو گرووپی مێهنی بە ٦٥٠ سەرخێزان و ئەوی تر ٨٠٠ سەرخێزان دێنێ کە کوێستانیان ڕوودبار و جیروفتە و گەرمیانیان لە ئەسفەندەقە بووە، لەم کتێبە هاتووە کەمەڕوماڵاتیان زۆرە و پیشەی دەستیان مافوورە و لە سەر مەزهەبی شیعەن، دواتر دەڵێ

کەژمارەیەك لەم تایفەیە بەشێوەی سروشتی نیشتەجێ بوونە و ئەوانی تریش ڕەوەندن و لەکاتی کۆچکردن بەکشتوکاڵ و حوشتروانی و ئاژەڵداری بژێوی ژیانیان دەردێنن.[١٤٤]

## مێهنییەکان لە ساڵی ١٣٤٨ هەتاوی

لە (دایره المعارف اسلام)ی هاتووە کەتایفەی مێهنی لە ساڵی ١٣٤٨ی هەتاویدا دابەش دەبووە سەر ١١ تیرەی خوارەوە:

سولەیمانی، لوری[١٤٥] بەهرئاسمانی، مێرکی، موقبلی[١٤٦]، سالار بەرخوی[١٤٧]، راهی، بارچی، ئەسکەندەری، کەهوری، پوشت کوهی[١٤٨]، موزەفەری.[١٤٩][١٥٠]

## مێهنییەکان لە ساڵانی ١٣٥٢ و ١٣٥٣

ژمارەی مێهنییەکان لە ساڵی ١٣٥٢، ٧٠٠ سەرخێزان [١٥١] لە ساڵی ١٣٥٣ نزیکەی ٦٥٠سەرخێزان[١٥٢] بووە.

لەم ساڵانە تایفەکانی هۆزی مێهنی بەم شێوەیە بووە: جەلالی، کامرانی، ئەحمەدی، بەرخوری، مارزی، دلفاری، بەهرئاسمانی و لوری، هەروەها تیرە سەربەخۆکانی هۆزی مێهنی بەم شێوەیە بووە: قاسمی، سولتانی، جەلالی، شەفیعی، تورکستان، عابدین، کەریمی، سەمەندەری و کەماڵی.[١٥٣]

هەروەك دیارە لە تایفەکانی ئەم عەشیرەیە بە نیسبەت سەرچاوەکانی پێشوو،ناوێکی نوێ دەبینرێ و تیرە جیاجیاکانی بۆ یەکەم جار لە کتێبێك دەخرێتە ڕوو.

## مێهنییەکان لە ساڵی ١٣٧٣

عەزیزوڵڵای سەفا، لە ساڵی ١٣٧٣ لە بارەی جیروفت کتێبێکی نووسیوە و لە بابەتێك بە ناوی (هۆزەکانی ناوداری جیروفت)دەنووسێ: "لە ساردوئییە، گرنگترین و ناودارترین هۆز، مێهنییە کە دابەش دەبێتە سەر تیرەکانی: مێهنی، سولەیمانی، بەهرئاسمانی، مەجاز، دلفاردی، لوری، عەلی دادی، کۆچۆمی، بەرخوری، سالاری و هتد.. زۆربەی گەرمیانیان روودبار و دەوروپشتی کەهنوجە."[١٥٤][١٥٥]



## قەومەکانی مێهنی لەفارسدا

لە بەشی پانزەهەمی ئەم کتێبەدا باسی مێهنییەکانی فارسمان کرد و نازانین کە چ پەیوەندییەکیان لە نێوان هەیە، ئایا مێهنییەکانی فارس لە بنچینەدا لەکرمانەوە هاتوون؟ زانیارییەکی دروستمان نییە.

## گەورەکانی تایفەی مێهنی

بەگشتی گەورە و سەرکردەکانی تایفەی مێهنی جگە لە سەرۆکایەتی و بەڕێوەبردنی هۆز و کاروباری سیاسی، سەرۆکایەتی ئایینیشیان بە دەستەوە بووە و جێگەی ڕێز و سەرنجی تایفەکەیان بوونە.[١٥٦]

لە نێوان گەورەکانی تایفەی مێهنی، دەبێ ناوی ئەمیر حەیدەر بێنین کە لە مەشایخی تەسەوف و سەرپەرشتی تایفەی مێهنی بوو. بینیمان کە لە ساڵی ١٠١٧ی ه.ق لە شەڕدا سەرپەرشتی ٥٠٠ کەسی کردووە.

مەزارگای ئەم شێخە بەناوی گورخانە لە گوندی دەوڵەت ئابادی ئەسفەندەقەیە کە بینایەکی پتەوە.[١٥٧][١٥٨]

محەمەد باقرخانی ئەبوسەعیدیش، یەکێك بووە لە ناودارەکانی تایفەی مێهنی کە لە ساڵەکانی (١٣٣٠)ی هەتاوی کۆچی دوایی کردووە. ئەو ئەدیب و شاعیر و عارف بووە و شیعرێکی زۆری هەیە، بەرهەمێکی نووسراویی لێ بەجێ نەماوە، بەڵام بەشێوەیەکی پەرتوبڵاو و لە زەینی خەڵکدا شیعرەکانی بەجێماوە، ئەم چوار خشتەییە لە ئەوە:

لب است این یا شکر یا شهد ناب است
عرق بر روت یا گل بر گلاب است
بُود و سمه بر ابروهای دلبند
و یا قوس و قزح بر آفتاب است[١٥٩]

## هۆزی کۆچۆمی

وەزیری لە ساڵەکانی ١٢٩١ تا ١٢٩٣ی ه.ق لە بارەی بلوکی ساردوئییە دەنووسێ:

"لە هۆزەکانی ئەم بلوکە، هۆزی کۆچۆمییە کەهەندێك لە ڕەشماڵ و هەندێکیش لە گوندەکان دەژین."[١٦٠]

کرمان ناسی ئەم سەردەمە، بەڕێز دوکتۆر باستانی پاریزی لەم بارەیەوە دەڵێ:

"هۆزی کۆچۆمی وا پێ دەچێ لە پاشماوەکانی کەفج و قۆفس بن و ڕەنگە بریتی بێ کەفچ و می (کە لە مان و مێهنی و مانەوە هاتووە)."(١٦١)

عەزیزوڵڵا، سەفا لە گەڵ ڕەتکردنەوەی ئەم ڕایە دەنووسێ:

"هەندێك نووسیویانە کە کۆچۆمییەکانی نیشتەجێی ساردوئیە. تیرەیەك لەکوفەچیەکانن. بەڕای من کە زۆربەی ناوچەی جیروفت و روودبارەم بینیوە و لە گەڵ خەڵکەکەی ئاشناترم زۆر دوورە، چونکە لە لایەن زمان و نەژاد و فەرهەنگەوە هیچ پەیوەندییەك لە نێوان دانیشتوانی- بەشاکرد و رەمشك و رووبار و باشووری رۆژهەڵاتی جیبالی بارز کە لە پاشماوەکانی قوفس و بەلوچن"(١٦٢) لە گەڵ کۆچۆمییەکانی ساروئییە نییە. کۆچۆمییەکان ڕەنگی پێستیان سپی و سوورە و خەڵکانێکی بەڕواڵەت ساکارن (لە فەرهەنگی خەڵکی جیروفت کۆچۆمی بازی بەرامبەر بەفێڵ کردنە.) لەکاتێکدا تایفەکانی قوفس و بەلوچ و پاشماوەکانیان ڕەنگی پێستیان گەنمییە(١٦٣) و لە شەڕکردن و نەترسەیدا بەناوبانگ بوونە. لاوازی جەستە و گەنمی بوونی تایفەکانی قۆفس، بەگشتی لە زۆربەی بابەتە نووسراوەکانی هاتووە و ئاماژەی پێ کراوە.(١٦٤)

### تایفەی کورد

سێر پرسی سایکس لە ساڵی ١٨٩٤ز (١٣١٠هـ.ق) لە بارەی هۆزەکانی ناوچەی ساردوی کرمان دەنووسێ: ژمارەیان ٤٠٦ سەرخێزانە و سەرۆکیان میرزا موورادخانە.

لە درێژەی باسی هۆزەکان، ناوی تایفەی کورد دێنێ کە ٢٠ سەرخێزان بوونە.(١٦٥)

هێنری فیلدیش لە کتێبەکەی خۆی ئاماژە بەژمارەیەك خێزانی کورد لە سەردویەی کرمان دەکات کە ٢٠ سەرخێزان بوونە.(١٦٦)

### لەکەکانی کرمان

ئاشکرایە کە لەکەکان کوردن. جیمز موریە (James Morier) گەشتیاری ئینگلیزی لە ساڵی ١٨١٠ز (١٢٢٤هـ.ق) دەنووسێ کە لەکەکان لە سەرانسەری ئێران بەربڵاون. دەنووسێ کە لەکەکان هۆزێکی گەورە بوونە و دابەش بوونە سەر تایفە و تیرەگەلێکی جیاواز و لە نەژادی ئێرانین.(١٦٧)



### وەزیری و لەکەکان

بەڵام لە بارەی پارێزگای کرمان، کۆنترین بەرهەمێك کەباسی لەکەکانی کرمان دەکات جوگرافیای کرمانە کە لە نێوان ساڵانی ١٢٩١ تا ١٢٩٣ی هـ.ق نووسراوە.

وەزیری لەم کتێبەدا دەنووسێ کە تایفەی لەك زۆرتر لە ١٥٠ ساڵە کە لە جەرونی فارس واتە بەندەر عەباس بەرەو کرمان هاتوونە. بەپێی ئەم گوتەیە تایفەی لەك بەر لە ساڵی ١٠٥٠هـ.ق لە فارس بەرەو کرمان چوونە. هەروەها دەنووسێ سەرۆکەکانی تایفەی لەك لە شار خانوویان هەیە و ئەوانی تر کۆچەرن و لە بلوکی ئیقتاعی کرمانن.(١٦٨)

هەروەها دەنووسێ کە باپیرە گەورەی سەرۆکەکانی تایفەی لەك، باقر بەیگی لەك بووە کە لە سەردەمی دەسەڵاتی سەید ئەولحەسەن لە کرمان بووەتە سەرۆك پاسەوانەکان.(١٦٩) باقر بەیگی لەك چەند کوڕی هەبوو کە گەورەترینیان ناوی محەمەد ڕەزاخان بووە. محەمەد ڕەزاخان لەکرمان بەناوبانگ بووە و خاوەنی چوار کوڕ بەناوەکانی حەسەن خان، محەمەدخان، حوسێن خان و محەمەد باقرخان بووە. لە نێوانیان حوسێن خان و محەمەد باقرخان لە ساڵی ١٢٤٤هـ.ق، بەفەرەمانی والی کرمان، شوجاعولسەلتەنە، کوێر دەکرێن.(١٧٠)(١٧١)

وەزیری دەنووسێ ناوچەی بەزنجان کەشاخاوییە و چەند کێڵگەیەتی لە سەحرایەکی تەسك بەناوی نەمزاد هەیە مولکی لەکەکانە.(١٧٢)

دواتر ئەم تیرانە بەتایفەی لەك لە قەڵەم دەدات: دەرەموریدی، گۆدالی، ئەلیاس، میرزایی، خاجە، زروسی، شەهسەواری، تێهرانی، دەرویشی، غەزاقی و خدر.(١٧٣)

ئەمانە لە ئەقتاع و ئەرزویە، کوێستان و گەرمیانیان کردووە.(١٧٤)

وەزیری بەباشی باسی تایفەی لەك دەکات و دەڵێ بەپێچەوانەی زۆربەی تایفە کۆچەرەکان، لەکەکانی کرمان بەهیچ شێوەیەك ڕێگری و دزیان نەکردووە.(١٧٥)(١٧٦)

### لەکەکان لە ساڵی ١٢٧٩ هەتاوی:

لە دوای وەزیری، سێر پرسی سایکس لە ئاڤریلی ١٩٠٠ز (زیی حەجە و موحەرەمی ١٣١٨هـ.ق= فەروەردین و ئوردیبەهشتی ١٢٧٩هـ.) لە جیروفت بەرەو گیسکان دەڕوات.

دەنووسێ گیسکان شوێنی کوێستان و گەرمیانی ئەم هۆزیە و هەتا گەیشتنی بۆ گیسکان تەنها چەند سەرخێزان هاتوونەتە ناوچەکە و ئەوانی تر لە ڕێگانە.

**ناوی تیرەکانی هۆزی لەك بەم شێوەیە دەنووسێ**

دەرێ موریدی، گوالی، ئێلیاسی، میرزایی، یارغایی، خاجەدایی، زەردۆشتی، شاهسەوار، تێهرانی، دەرویشی، نەمزادی، سوهرابی، خدرو، زەرابی، جارچی و گۆداری.[١٧٧]

**لەکەکان لە ساڵی ١٣١١ هەتاوی**

ئیحتسابیان لە ساڵی ١٣١١ هەتاوی ئاماژە بەژمارەی ٦٠٠ سەرخێزانی کۆچەری لەك لە ناوچەی کوێستان و ٧٠٠ سەرخێزان لە ئیقتاع، دەکات.[١٧٨]

**هۆزی لەك لە ساڵی ١٣٢٣ هەتاوی**

لە جوگرافیای سەربازی کرمان کە لە ساڵی ١٣٢٣ بڵاوکراوە لە بارەی هۆزەکانی کرمان ئاماژەی بەهۆزی لەك کردووە و هاتووە کەکوێستانەیان لە گوندی گیسکانی ناحیەی بافتی کرمان بووە و گەرمیانیان لە ناوچەی ئەزروئییە بووە.

هەروەها پیشەیان ئاژەڵداری و کشتوکاڵە بووە و لە باوی بەرهەم هێنانی خەڵوز واهاتوو کە زۆربەی خەڵوزی کرمان لە لایەن لەکەکان بەرهەم هاتووە، دەنووسێ ژمارەیان ٥٠ سەرخێزانە و وزمانیان فارسی و مەزهەبیان شیعەیە و هەروەها دەنووسێ سەرپەرشتی لەکەکان شوکروڵڵا و حەمەدوڵڵایە.[١٧٩]

**لەکەکان لە ساڵی ١٣٤٢ هەتاوی**

لەکتێبی (ایرانشهر) کە لە ساڵی ١٣٤٢ بڵاوبووتەوە ژمارەی لەکەکان ٢٠٠ سەرخێزان نووسراوە و ئاماژە بەم بابەتە دەکات کەهەندێکیان بەشێوەیەکی ئاسایی نیشتەجێ بوونە و پیشەیان ئاژەڵداری، حوشترداری، کشتوکاڵ و بەرهەمی دەستکردیان چنینی مافورە و مەڕوماڵاتێکی باشیان هەبووە و کوێستانیان بەزنجان و گەرمیانیان دەولەت ئابادی سیرجان بووە.[١٨٠][١٨١]

**تایفەکانی لەك لە ساڵی ١٣٦١**

لەکتێبی (**مجموعه** اطلاعات و **امار ایلات** و طوایف **عشایری ایران**) کە لە ساڵی ١٣٦١ لە لایەن ڕێکخراوی کاروباری عەشایر بڵاوبووتەوە بەم شێوەیە باسی تایفەکانی هۆزی لەك دەکات:

لەك، سەرگۆداری، کوچەك خانی، مێهنی، سوڵتان شێخ و عەرەب سەلنار.[١٨٢]



شایانی باسە یەکێك لە تایفەکانی سەرەوە مەهنییە و بەبێشك لەبەر ئەوەی کەهەموویان کوردن، تێکەڵ بوونی تایفەکان ئاساییە.

## پەراوێزەکان

١. محمد بن ابراهیم، **سلجوقیان و غز در کرمان**، بەکوشش دکتر محمد ابراهیم باستانی پاریزی، تهران: طهوری، ١٣٤٣، ص ١٦٤.

٢.ناوەندیان لە ناوچەی خاش بووە و ناوی خۆیان لە سەر خاش داناوە یان لێیان وەرگرتووە.

٣. دائره المعارف اسلام (وەرگێراو: خیراندیش، اسدالله (دکتر) **با من به کرمان بیائید**، تهران: وحیدنیا، ١٣٦٨، ص ١١١).

٤. لەکاتی نووسینی ئەم وتارە، بەهۆی ئەم تێکەڵ بوونەوەیە تووشی گرفت بووم تا کاتێك کە تێگەیشتم بەڕێز دکتۆر محەمەد ئیبراهیمی باستانی پارزی (**هفت واد**، تهران،انجمن آثار ملی، ١٣٥٥، ص ٣٦٩)یش ئەم بابەتەی زانیووە و لە (**دایره المعارف اسلامی**)یش (وەرگێراو لە : خیراندیش، ص١١٣) باس لەم بەهەڵەدا چوونەوە کراوە.

٥. شیخ یحیی احمدی، **فرماندهان کرمان**، تصحیح دکتر محمد ابراهیم باستانی پاریزی، تهران: دانش، ١٣٥٤، ص ٨٦.

٦. باستانی پاریزی، **هفت واد**، ص ٣٧٧.

٧. دەزانین کە شەبانکارەکانی فارس هێرشیان کردووتە سەر کرمان و هەروەها حکومەتیان کردووە، لە بەر ئەوەی ئەم گروپە کوردەمان لەم وتارە جیا کردۆتەوە، ئیتر باسی ناکەین.

٨. محمد بن ابراهیم، هامش ص ٥.

٩. مینورسکی، و.، **تعلیقات بر حدود العالم الی مشرق الی مغرب**، ترجمه میر حسین شاه، به کوشش دکتر مریم امیر احمدی و دکتر غلامرضا و درهرام، تهران" دانشگه الزهرا (س)، ١٣٧٢، ص ١٣١.

١٠. هەمان سەرچاوە، پەراوێزی ل ١٦٨.

١١. محمد بن ابراهیم، هامش ص ٥.

١٢. ڕەنگە هەمان بابەتی نەژادی ئێرانی و عەرەبەکان بێ کە لە سەدەی سێیەم و چوارەمی ه.ق نووسەرە عەرەبەکان لە یەك ریشەیان زانیوە چونکە تەواوی جوگرافیناسەکان لە سەر ئەم بابەتە کۆك بوونە کەزمانیان عەرەبی نەبووە.

١٣. هەمان سەرچاوە.

١٤. لێرە وشەکانی "قفص"، کوفەچ، کوفەچان، کوچ، بەلوچ، بەپێی فەرهەنگەکان شیبیان دەکەینەوە:



**ئەلف: قفص:**

"خەڵکانێکی دز لە نزیکەی کرمان." (لە:اقرب الموارد)

- "قفص، قفص، قۆفچ، قەبج، هۆزگەلێکی بیابانگەردی نزیکەی کرمان و مەکرانن کە بە دز و ڕێگر بەناوبانگ بوونە." (لە نووسینەکانی دهزا)
- شاخێکە لە نزیکی کرمان.(منهی الارب)
- "قۆفص: ئەوانەی لە ژێر خیوەت دەژین و خانوویان نییە (فیوج). لەکرمان بە لولی ناویان دەبەن و لە بەلوچستان بەلوری، لە فارس کاولی (کابولی) و غوربەتی لە ئازەربایجان قەرەچی، لە خۆراسان قرشمال (ئەوەی کە ئەژمار نەکرێ).

لە لای عەرەبەکان (جات و زوط)ە. دەڵێن کە وەلید خەلیفەی ئۆمەوی ئەوانی لە دۆڵی سند بەرەو **دیجلە** هێناوە، لە لای ئەوروپاییەکان gypsie کە هەمان قۆفسی مێژوونووسەکانی عەرەبە. لە شاهنامە بەهرامی گور، لولیەکانی لە هیند بەرەو ئێران هێنا. (یاسمی، **تاریخ کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی**، ص١٣٤).

خوالێخۆشبوو ڕەشیدی یاسەمی بەهەڵە دا چووە:

(١). خوالێخۆشبوو دهزا ئەم بابەتەی گێراوە و لە خوارەوەی نووسیوە:

"قفص و قفص تەعریب کراوی کوفەچ= کوفەج و کەفەج لە بنچینەدا پەیوەندی بەکاولی و کولی نییە".

(٢). کۆلیەکان و غوربەتیەکان (پێخوازەکان) لە نەژادی هیندین و قفصەکان کوردن. لە کتێبێکم کە لە ساڵی ١٣٨٠ نووسینەکەی تەواو بووە بەناوی (**کولیان ایران با تاکید بر استانهای فارس، یزد و کرمان**)، جگە لە لێکۆڵینەوەی پەرتوکخانەیی، بۆ یەکەمین جار بە لێکۆڵینەوەی مەیدانی زانیاریەکی نایابم لەم کتێبەدا خستوتە بەردەست کە لە ١٠٧ ناوێك کە بەکۆلیەکان (قەرەچەکان) دەوترێت. هیچ کاتێك خەڵکی ئێران وشەی قۆفس و هاو واتاکانی بۆ قەرەچەکان بەکاریان نەهێناوە. (مەداقەت کیش)

ب. کوفەج:

"- کوفەج (ف یان ف) (ناو) ناوی کەسانێکە کە لە شاخەکانی کرمان نیشتەجێنە و تەعریب کراوەکەی دەبێتە قۆفص". (برهان قاطع).

"- کوفەج- ناوی کەسانێکە کە لە شاخەکانی کرمان نیشتەجێنە و قفص تەعریب کراوەکەیتی. لە فەرهەنگەکە هاتووە کە قفص شاخێکە لەکرمان و گوندێکە لە بەغدا." (انندراج)

"- کوفەج لە فارسیدا بەواتای شاخەوان دێت. کوف لە پەهلەوی شاخە. ئەگەریەکی زۆر هەیە کە کوفەج لە بنچینەدا بەراهویی بوو بن." (لغتنامه دهخدا).

پ. کوفەچ:

"- کوفەچ (ناو ): ناوی شاخێکە لە کرمان کە هۆزی کوفەج لە وێ نیشتەجێنە." (حدود العالم)

"- کوفچ، قَقس، قَفص، کوچ و کوچ و بلوچ." (یادداشتەکانی خوالێخۆشبوو دهخدا در لغتنامە).

ت. کەفەچ:

"- کەفەچ، قفص (تەعریب کراوەکەی)." (حاشیە بر برهان قاطع، تصحیح دکتر محمد معین)

ج. کوفجان:

"- کوفجان: کەسانێك کە لە شاخی کرمانن کە بەعەرەبی قفصی پێی دەڵێن." (فرهنگ رشیدی)

"- کوفجان (ناو)- بە واتای کوفەجیش هاتووە کە کۆمەڵە کەسێکن لە شاخەکانی کرمان." (برهان قاطع و انندراج)

"- کوفجان (ناو)- ڕاستیەکەی ئەمەیە کە کوفجان بەواتای کۆچ و کوفەج و قەفەص. واتا شاخنشینەکانی کرمان، لە بارەی واتای وشەکانی قفص و قفص نووسرا بوو کە بە فەتحەی یەکەم و دووەم بەواتای قەفەسی باڵندەکانە...." (حاشیە برهان قاطع، تصحیح دکتر محمد معین)

چ. کەفجیان:

"- کوفجیان (ناو): ئەوانەی کە لە شاخەکانی کرمان نیشتەجێنە، کوفەج، کوفەجان خەڵکی ئەو شاخە ٠شاخی کوفەج)، کوفەجیانیان پێ دەوترێت." (حدود العالم)

ح. کوفەچان:

"کوفەچان (ناو)- خەڵکی کوچ." (لغتنامە دهخدا)

خ. کوچ:

"- کوچ ٠ناو- وەرگیراو لە تورکی و مەغولی): کۆچ، مردن." (فرهنگ فارسی- دکتر معین)

د. کوچ:

"کوچ: ئەوانەی کەهۆزێکی بیابانگەردن و لە تەنیشتی هۆزی بەلوچ و کوچە بەلوچ (تەعریب کراوەکەی، قوفس و بەلوص)ە کە بەگشتی لە گەڵ یەکتر دێت." (لغتنامەی دهخدا)

- "کوچ (ناوی): ناوی تایفەیەکی بیابانگەردە." (برهان قاطع)

- "کوچ: بەهۆی هاوشێوەیە لە گەڵ دزی و رێگری تایفەی کوچ." (حاشیە برهان قاطع، تصحیح دکتر معین)

- "کوچ: تایفەیەکی دز و رێگر و خوێن رێژدن کە کوچ و بلوچیان پێ دەگوترێت و ئەم تایفەیە لە نزیکەی کرمان و بەم نەرماشیر و سیستان هەتا ویلایەتی سند نیشتەجێنە." (انندراج)



- "کوچ: دزی کوچ، دزێك کە لە تایفەی کوچ (قفص) بێ." (فرهنگ فارسی)

- "کوچ: دز و ڕێگرِ." (فرهنگ فارس)

ذ. بەلوچ:

- "بەلوچ: تایفەیەکن وەك کوردەکان و خاوەن ناوچەیەکی فراوانن لە نێوان فارس و کرمان لە سەقج جیبال قوفس (کوچ) کە بەهێزن و ژمارەشیان زۆرە و قەومی قفص (کوچ) کەتایفەیەکی ترن بەتەواوی هێزیان لە کەسێك ناترسن جگە لە بەلوچەکان نەبێ و بەلوچەکانیش خاوەن نیعمەتێکی زۆرن و خیوەتەکانیان پارێزراوە و خەڵکیش لە ئاسیاش دانە، چونکە بەلوچەکان رێگەگرِی ناکەن، خەڵکی ناکوژن و بەپێچەوانەی قفص." (معجم البلدان)

- "بەلوچ (ناو) هۆزێکی بیابانگەردن و کەم عەقڵ و نەترس." (برهان قاطع)

- "بەلوچ- تایفەیەکن لە نێوان کرمان و سیستان، بەویلایەتەکەیان بەلوچستان دەوترێت و لە مەلك کەج و مەکران و مەگەس و قەلات و پامپور و کەناری دەریای سند نیشتەجێنە و رێگرن." (انندراج)

- "بەلوچ- یۆنانیەکان بەهۆی ڕەش پێستی، ئەم خەڵکەیان بەحەبەشی ماسی خۆر ناو ناوە." (یاداشتێك بەخەتی خوالێخۆشبوو دێهخودا لە فرهنگی دهزدا)

- "بەلوص- تەعریب کراوی بەلوچ." (لغتنامە دهخدا)

- وا پێدەچێ کە بەلوچەکان هاوکات لە گەڵ هێرشی سەلجوقیەکان بۆ کرمان و لە کرمان بەرەو ناوچەی مەکران هاتوونە." (لغتنامە دهخدا)

" بەلوچەکان: لە دوای شەڕی مەسعودی غەزنەوی لە گەڵ بەلوچەکان لە نزیکەی خەبیس و شکستیان، لە دوای ماوەیەکی کورت کۆچ کردنیان بەرەو مەکران دەستی پێ کردووە." (دائره المعارف فارسی)

١٥. کامل، ج ٢، ص ٢٧٣ (وەرگیراو لە : وزیری کرمانی، احمد علی خان، **تاریخ کرمان (سالاریە)**، بە کوشش دکتر محمد ابراهیم باستانی پاریزی، تهران: ابن سینا، چ ٢، ١٣٥٢، ص ٢١٨)

١٦. حبیب السیر، ج ١، ص ٤٨٨ (وەرگیراو لە : وزیری، ص ٢١٨)

١٧. بەرێز دکتۆر باستایی پاریزی (وزیری، ص٢٢٨) ئەو وشەیەی لە دەقی عەرەبی تەبەری "القفص"ی نووسیوە.

١٨. طبری، محمد جریر، **تاریخ طبری**، ترجمە ابوالقاسم پاینده، تهران: اساطیر، چ ٢، ١٣٦٢، ج ٥، ص٢٠١٤.

١٩. بەپێی ئەم گوتەیەی تەبەری، مێژووی داگیرکردنی کرمان لە ساڵی ٢٣ی ه.ق دەگۆردرێت چونکە عومەر لە ساڵی ٢٠ی ه.ق دەکوژرێت.

٢٠. بلعمی، **تاریخ بلعمی**، ص٣٥٣ (وەرگیراو لە : وزیری، ص٢١٨).

٢١. ئەم بابەتە لە ( سمط العلی صص ١٤- ١٣)ش ئاماژەی پێ کراوە.

٢٢. ابن خردادبه، ص ٣٨.

٢٣. **جوامع الحكايات**، عكسی، ص ١٢٩ (وەرگیراو لە:زرین كوب، صص ٥٢٧- ٥٢٦)

٢٤. لە ساڵی ٢٥٧ه.ق دیسان ئەحمەدی بن لەیسێكی تر كە لە كوردەكانی پارسە لە گەڵ محەمەد واسل لە دژی یەعقوب یەك دەگرنەوە.

٢٥. **وفيات الاعيان**، ج ٥، ص ٤٥١ (وەرگیراو لە:دكتر محمد ابراهیم باستانی پاریزی، **وادی هفت واد**، تهران: انجمن آثار ملی، ١٣٥٥، ج ١، ص ٢٨٩.

٢٦. هەمان سەرچاوە.

٢٧. صداقت كیش، جمشید، **صفاريان در فارس**، عصر، سال ششم، شماره ١٦٣١، چهار شنبه هفتم آذر ١٣٨٠، ص١٠.

٢٨. هەمان سەرچاوە.

٢٩. بەپێی بیروڕای دكتۆر باستانی پاریزی ئەمە شاخه بارزه.

٣٠. افضل كرمانی، **عقدالعلی**، تصحیح علی محمد عامری، ١٣١١، ص٦٥ (وەرگیراو لە باستانی پاریزی، **وادی هفت واد**، ص٣٨١).

٣١. بەڕێز دكتۆر باستانی پاریزی (هەمان سەرچاوە، هەمان ل) دەنووسێ: ئەفزەلی كرمانی بەپێی(**مسالك جيهانی**) ئەم بابەتەی نووسیوە بەڵام بەپێی لێكۆڵینەوەكانی من لەكتێبی جیهانی (**اشكال العالم**) ئەم بابەتە نەهاتووە.

٣٢. دایرە المعارف اسلام (وەرگیراو لە : خیراندیش، ص١١٥).

٣٣. كلو بەواتای ئاغا و هەروەها كوێخایە. (یاداشتهای قزوینی، ج ٦، ص٢٤٤)، كەلاتەر.

٣٤. لە (**عقدالعلی**) (وەرگیراو لە : وزیری، ص٢٥٧) هۆزی كوفەج هاتووە.

٣٥. لە (**عقدالعلی**) (وەرگیراو لە: وزیری، ص٢٥٧) ئەم شوێنەی لە ڕێگەی شاخاویی دەرفارد لە شوێنی ساردوویی ئاماژەی پێ كراوە.

٣٦. ابن اثیر، عزالدین، كامل، ج ٨، ص١١٣ (وەرگیراو لە:وزیری، صص ٢٥٩- ٢٥٨).

٣٧. وەزیری (ل ٢٥٧) بە ئاماژە كردن بەم هەواڵەی **عقدالعلی** كە دەڵێ: "دەستێكی مۆعزولدوڵە یان بڕی" ئەم هەواڵەی رەت دەكاتەوە و دەنووسێ: مۆعزولدوڵە بەدوو دەست چەندین ساڵ ئەمیرو ئومەرای بەغدا بووە.

بەڕێز دكتۆر باستانی پاریزی لە كتێبی وەزیری (هامشی ل٢٥٩) بابەتێك بۆ پشتڕاست كردنەوەی ئەم هەواڵە دەنووسێ كە:

حەمدوڵلای مستەوفی ئاماژەی بەمەی كردووە كە: "دەستی چەپیان لە شەڕدا بڕیووە." (**تاريخ گزيده**، ص ٤١٨)



جگە لەمە ئیبنی ئەسیر و ئیبنی خەلكان ئەم بابەتەیان دووپات كردەوە و دەڵێن كە مۆعزۆدۆلەیان بەدەست براوەی دەویست: **لانەكان** مقطوع الید الیسری و بعض اصابع الیمنی، هۆكارەكەش دەنووسێ: "لە دوای ئەوەی كەچووە كرمان لە گەڵ تایفەیەكی كورد (مەبەست كەفچەكانە) بەشەڕهات و لەم شەڕەدا دەستی چەپیان بڕی و هەندێك لە پەنچەی دەستی ڕاستیشی بڕا." (بەرگی ١، ل ٥٩)

ئیبنی خەلدونیش ئەم هەواله ی پشتڕاست كردەوە. ( بەرگی ٢)

٣٨. ابن اثیر، عزالدین، كامل، ج ٨، ص١١٣ (وەرگیراو لە : وزیری، صص٢٥٩- ٢٥٨).

٣٩. ئەم بابەتە بەشێوەیەكی كورت لە كتێبەكانی(**دودمان بويه**) (بهمنیار، ص٤٢، وەرگیراو لە : وزیری، هامش ص٢٥٧) و (**تاريخ كرمان**) بەرهەمی: محمد متدین (همت) كرمان، فروشگاه، همت، چ٤، ١٣٦٤، ص٢٥٥ هاتووە.

٤٠. وزیری، ص ١٩.

٤١. اصطخری، صص١٦٥- ١٦٤.

٤٢. هەمان سەرچاوە- ل١٦٧.

٤٣. ابوالحسن علی بن حسین مسعودی، **التنبيه و الاشراف**، ترجمه ابوالقاسم پاینده، تهران: انتشارات علمی و فرهنگی، چ٢، ١٣٦٥، ص٨٤.

٤٤. هەمان سەرچاوە. ل ٨٥.

٤٥. لەكتێبی (**با من به كرمان بيائيد**)(ل ١١١) كەڕەنگە لە (**دايره المعارف اسلام**) وەرگیرا بێ، بەم شێوەیە هاتووە:

"مەسعودی ئاماژەی بە كوردەكان وەك دانیشتوانی كرمانی كردووە كەڕەنگە مەبەستی- نەك كوردەكانی ڕاستەقینە بەڵكو خەڵكی ژێر خێوەتی كرمان بوو بێ."

ئەم نووسینە دەقاودەق چەمكی كوردی بەواتای شوان دەگەینێ كە نادروستە.

٤٦. دایرە المعارف اسلامی (وەرگیراو لە : خیراندیش، ص١١٣).

٤٧. هەمان سەرچاوە. .

٤٨. لغتنامه دهخدا، زیر واژه "ال الیاس" (وەرگیراو لە : وزیری، هامش، ص٢٥٧).

٤٩. بابەتی حەفت بەند كوه و حەفت گروپی هۆزی قوفەس لە هەندێك لە كتێبەكان لە گەڵ یەك تێكەڵ بووە. لە سەرچاوەكان زۆرتر هەفت بەند كوه هاتووە تا حەفت گروپی هۆزی قوفەس.

٥٠. جیهانی، ص١٣٠.

٥١. هەمان سەرچاوە، ل ١٣١.

٥٢. ابن حوقل، ص ٧٥.

٥٣. هەمان سەرچاوە، هەمان ل.

٥٤. هەمان سەرچاوە، هەمان ل.

٥٥. هەمان سەرچاوە، هەمان ل.

٥٦. هەمان سەرچاوە، هەمان ل.

٥٧.هەمان سەرچاوە،ل ٧٨.

٥٨. هەمان سەرچاوە،ل ٧٨.

٥٩. حدود العالم، ص ١٢٧.

٦٠. بەپێی واتای کوفەج،کە بە واتای شاخەوانە، دیارە کە کوفەجیەکان ناوی خۆیان لە سەر ئەم کێوە داناوە.

٦١. مینورسکی، **تعلیقات** بر...، ص١٣١.

٦٢. مقدسی، ج ٢، ص ٦٩٤.

٦٣. هەمان سەرچاوە، هەمان ل.

٦٤. هەمان سەرچاوە، ل ٦٩٥.

٦٥. هەمان سەرچاوە، ل ٧١٧.

٦٦. هەمان سەرچاوە، هەمان ل.

٦٧. هەمان سەرچاوە، هەمان ل.

٦٨. ئەو ڕووداوە کە عەلی کلویە دوژمنی خۆی واتا مۆعزۆدۆلە کە لە گۆڕەپانی شەڕدا لە خۆچوو بوو و بریندار ببوو، مەودای ٦٠ کیلۆمەتر دەبڕێ و لە جیروفت دەیباتە لای پزیشك، موبالەغەیە.

٦٩. مقدسی، ج ٢، صص٧٢٠- ٧١٨.

٧٠. ئەم کەسە لە خزمەکانی نووسەری کتێبی مێژووی بەیهەقە.

٧١. لە فەرهەنگی (دێهخۆدا) ئەم ڕووداوە لە ڕەمەزانی **٣٨٤**هـ.ق هاتووە کە هەڵەیە.

٧٢. ابوالحسن علی بن زید بیهقی، **تاریخ بیهق**، تصحیح احمد بهمنیار، تهران: فروغی، بی تا، ص ١٠٨.

٧٣. ناصر خسرو علوی قبادیانی، **سفرنامە**، تهران: کتابفروشی محمودی، بی تا، ص ١٣٩.

٧٤. ناسر خەسرەو ئەم مەودایانەی نووسیووە:

ئەسفەهان تا نائین ٣٠ فەرسەخی

نائین تا کەرمە ٤٣ فەرسەخی



کەرمە تا بیابان (کویر) ؟

لە بیابان تا روباتی زوبەیدە ٦ فەرسەخی

لە روباتی زوبیدە تا تەبەس ١٤ فەرسەخی

دواتر دەنووسی لە ئەسفەهان تا تەبەس ١١٠ فەرسەخی ، کەواتا دیار نییە کە ١٦ فەرسەخیادەکە هی کام ناوچەیە.

٧٥. ناصر خسرو علوی قبادیانی، **وجە دین** (وەرگیراو لە:تاریخ سیستان، هامش ص ١١٤).

٧٦. لە سەرچاوەکان ئاماژە بە ناوی سەرۆکەکەی نەکراوە.

٧٧.محمد ابراهیم،سلجوقیان و غز در کرمان،تصحیح دکتر محمد ابراهیم باستانی پاریزی،تهران:طهوری،١٣٤٣،هامش ص ٦.

٧٨.وەزیری(ل ٢٧٣) ئاماژە بەم هەواڵە دەکات و دەنووسێ:کوێستانەی هۆزی قوفەس لە شاخەکان،بلوك سارد و دارستانەکان و گەرمیانیان لە جیرۆفت بووە.

٧٩. باپیری عەلی کوڕی زەنگی ناسراو بەعەلی کلویە بووە.

٨٠. وەزیری (ل ١٧٣) دەنووسی زەماوەندی کوڕی سەرۆکی هۆزی کوفەج بووە.

٨١. بچووك کراوەیە واتا عەلی بچکۆلە.

٨٢. وەزیری (ل٢٥٧) ژمارەی سوپای قارودی سێ هەزار سوارچاك نووسیووە کە لە گەواشیر هاتوونە.

٨٣. وەزیری (هەمان سەرچاوە، هەمان ل) دەنووسێ هەزار کەس لە پیاوانی کوفەج دەکوژن.

٨٤. لە (**تاریخ گزیدە**، ص٤٠٠، وەرگیراو لە : وەزیری، هامش ص٢٧٣) هاتووە کە: "تەنانەت بەزەیان بە منداڵی ناو لانکیش نەهات."، واتا هەر هەموویانیان کوشت.

٨٥. محمد ابراهیم، صص ٨- ٦.

٨٦. زنگنە، ص ١٠٥.

٨٧. یاسمی، صص ١٩٤- ١٩٣.

٨٨. وا پێ دەچێ کە: مەلەك دینار، لە ساڵی ٥٧٧ی ه.ق نەیشابووری داگیر کردووە.

٨٩. محمد ابراهیم، **سلجوقیان و غز در کرمان**، بە کوشش باستانی پاریزی، تهران: طهوری، ١٣٤٣ صص١٦٦-١٦٤.

٩٠. ئەم بابەتە لەکتێبی **عقدالعلی** (ل١٩) هاتووە و دیارە کە هاتنی مەلەك دینار بۆ کرمان لە سەر داوای ژمارەیەك لە خەڵکی کرمان بووە لەم کتێبە هاتووە:

" له سالّی ٥٨١، پیاوانی خۆر گەیشتنه کرمان و دەسەلاّتیان گرتەدەست.. شای جیهان موجاهددینی کوبونانی که له هەموو خەلّکی کرمان ژیرتر بوو، پێشتر به چاوی تەگبیر زانیبووی کێ دەتوانێ دەسەلاّتی کرمان بگرێته دەست.ز بەحوکمی زیرەکی خۆی سێ جار پەیکی بۆ سنوورەکانی کرمان رەوانەکرد.. له رەمەزانی ٥٨١ هەواڵ گەیشته کوبەنان که مەنسور عیمادەدین (سەلەکی دیناری غۆز) بەرەو کرمان بەڕێوەیه.. ئەمیر موجاهددین (**محەمەدی** کورد) پێش ٦ ساڵ ئەم رۆژەی پێشبینی کردبوو.

٩١. **دایره المعارف اسلام** (وەرگیراو له : خیراندیش، ص١١٤)

٩٢. **محمد** بن ابراهیم، ص١٨٢.

٩٣. **دایره المعارف فارسی**، زیر واژه "بلوچها".

٩٤. **جهان نامه**، به کوشش دکتر **محمد**امین ریاحی، تهران، ابن سینا، ١٣٤٢، ص٥٨.

٩٥.ناوەندی شاری خاتەم له پارێزگای یەزد.

٩٦. **المضاف الی بدایع الازمان**، تصحیح عباس اقبال، ١٣٣١، ص٤٩ (وەرگیراو لە:باستانی پاریزی، **وادی هفت واد**، ص٣٨٢).

٩٧. لەکتێبی (**جغرافیای تاریخی سر زمینهای خلافت شرقی**، دانیشتووانی ئەم شاخەی به ناوی بەلوص تەعریب کراوی بەلوچ هێناوە و مەبەستی بەلوچستانی ئێستایه (له وەرگێری کتێبی یاقوت)

٩٨. یاقوت حموی، **مشترك**، ص١٥١.

٩٩. **معجم البلدان** (وەرگیراو لە:لغتنامه دهخدا، زیر واژه "قفص")

١٠٠.**المشترك** (وەرگیراو له: صفا، عزیزالله ، **تاریخ جیرفت وکهنوج**،کرمان:مرکز کرمان شناسی،١٣٧٣،ص ٥٤)

١٠١.ناصرالدین منشی کرمانی،سمط العلی،صص ١٤-١٣(وەرگیراو لە:وزیری، ص ٢١٩)

١٠٢. ئیبنی خەلدون (٨٠٨- ٧٣٢ه.ق) لەم سەدەیەدا له بارەی شاخەکانی ئێران دەنووسێ:

"وه شاخەکانی تری قۆفص له بەشی باشوری رۆژئاوا بەشی هەفتەم هەلّکەوتووه له لایەن نزیکیەوه له باشور و باکورەوه کرمان و مەکران هەلّکەوتووه.

(عبدالرحمن بن خلدون، **مقدمه ابن خلدون**، **محمد** پروین گنابادی، تهران، بنگاه ترجمه و نشر کتاب، چ ٤، ١٣٥٩، ص١١٦).

کەواته تا سەدەی هەشتەم دا، ئەم شاخانه هەر بەم ناوانه بووه.

١٠٣. انصاری دمشقی، ص ٣٠٠.

١٠٤. وەرگیراو لە:خیراندیش، ص ١١٦.



١٠٥. لەکتێبی خەیرئەندیش (ل ١١٣) نووسراوە: "له لاپەڕەی ٩ تا ١٨ی کتێبەکەی بەشێك بۆ قۆفسەکان له مێژووی ئێرانی تەرخان کردووه" بەلاّم دیار نییه که باسی کێ دەکات و ئاماژەی بەسەرچاوەکەی نەکردووه.

١٠٦. صفا، عزیزالله، له **تاریخ جیروفت و کهنوج**، (کرمان: مرکز کرمان شناسی، ١٣٧٣، ص٣٣) دەنووسێ:

"له بارەی تایفەی کوچ (قفص) بەداخەوه لەمێژوودا تەنها ناوێك ماوه، ڕەنگه هەندێکیان له دانیشتووانی کیج و مەکران بن."

١٠٧. صفا، ص ١١٩.

١٠٨. وزیری، ص ٤٨١.

١٠٩. هەمان سەرچاوه، ل٤٩٠.

١١٠. هەمان سەرچاوه، ل٤٩١.

١١١. یاسمی، ص ٢٠٨.

١١٢. وزیری، ص ٧٠٤.

١١٣. هەمان سەرچاوه، ل٤٩١.

١١٤. وەرگیراو لە:خیراندیش، ص ١١٥.

١١٥. زنگنه، ص ٢١٧.

١١٦. وزیری، ص ٢٧٣.

١١٧. بەپێی وتەکانی بەرێز دکتۆر باستانی پاریزی (هەمان سەرچاوه، پەراوێزی ل ٢٧٣) نابێ نووسراوەکەی وەزیری به بێ بەلّگه بێ و جێی تێ ڕامانه.

١١٨. له (**دایره المعارف اسلام**) (وەرگیراو لە:خیراندیش، ص١١٥) لەم بەرهەمەدا "هۆزی میهنی هاتووه نەك "مێهنی" لەکاتێکدا له تەواوی سەرچاوەکان "مێهنی" هاتووه.

١١٩. خیراندیش، ص ١١٥.

١٢٠. شێخ یحیی احمدی، **فرماندهان کرمان**، تصحیح دکتر **محمد** ابراهیم باستانی پاریزی، تهران: دانش، ١٣٥٤، ص ٨٦.

١٢١. صفا، عزیزالله، **تاریخ جیروفت و کهنوج**، کرمان، مرکز کرمان شناسی، ١٣٧٣، ص ١٣١.

١٢٢. کۆی ژمارەکان دەبێته ٤٦٠٠ کەس له کاتێك دا که نووسراوه ٥٦٠٠ کەس، جگه له شاهسەوەنەکان ئەوانی تر له تایفه و گروپەکانی کرمانین.

١٢٣. منجم، جلال (ملا)، **تاريخ عباسى يا روزنامه ملاجلال**، به كوشش سيف الله وحيد نيا، تهران: وحيد، ١٣٦٦، صص ٣٧٢ - ٣٧١.

١٢٤. وزيرى كرمانى، احمد على خان، **جغرافياى كرمان**، به كوشش دكتر محمد ابراهيم باستانى پاريزى، تهران: ابن سينا، چ ٢، ١٣٥٣، ص ٥٦.

١٢٥. كتێبى جوگرافياى كرمان له شيرازدا نەبوو، بەلاّم بەيارمەتى كچەكەم شەرمينەى مەداقەت كيش، قوتابى دوا ساڵى ئەندازيارى ئەلەكترۆنيك لەكرمان، لە زانكۆى كرمان لە پاييزى ١٣٨٠ بەئەمانەت وەرگيراو سوودم لىٚ وەرگرت.

١٢٦. وزيرى كرمانى، **جغرافياى كرمان**، صص ١١٧و ١٢١، بەرهەمى ئەم زەوييانە زۆرتر گەنم، جۆ، برنج، ماش، كونجى و لۆكە بووە.

١٢٧. وزيرى كرمانى، **تاريخ كرمان**، ص ٥١٢.

١٢٨. وزيرى كرمانى، **جغرافياى كرمان**، صص ١١٤- ١١٣.

١٢٩. هەمان سەرچاوە، لل ١٢٢- ١٢١.

١٣٠. وەزيرى كرمانى، لە شوێنێكى تر (هەمان سەرچاوە، ل ١١٤) هۆكارى ناكۆكى و هەروەها گرتنى فەتحەلى خانى، مەلا محەمەد حەسەن ناوێك لەو تايفەيە دەنووسىٚ.

١٣١. هەمان سەرچاوە، ل ١٢٢.

١٣٢. شێخ يحيى احمدى، ص ٨٦ و هامش ص ٨٦.

١٣٣. وزيرى كرمانى، **جغرافياى كرمان**، صص ١٢٢- ١٢١ و ص ٥٦.

١٣٤. هەمان سەرچاوە، ل ١٩٩.

١٣٥. لە (**دايره المعارف اسلام**) وەرگيراو (لە: خەيرئەنديش، ل ١١٥) هاتووە كە وەزيرى ئاماژەى بە ناوى ٢٢ تايفە (نەك تيرە)ى كردووە.

١٣٦. وشەى "**لەك**" لە تيرەى ئاقالەك بەتەواوى دەيسەلمێنىٚ كە كوردن.

١٣٧. وزيرى كرمانى، **جغرافياى كرمان**، صص ١١٥- ١١٤.

١٣٨. سايكس، پرسى (ژنرال سر)، **سفرنامه ژنرال سرپرسى سايكس يا ده هزار ميل در ايران**، تهران: لوحه، ١٣٦٣، ص ١٧٥.

١٣٩. نزيكەى ٢٥ ساڵ لەمەوبەر كە دەقى گەشتى سايكس لە گەڵ وەرگێراوەى بەراوردم دەكرد. بۆم دەركەوت كە وەرگێر، ورگێرانێكى ئازادى كردووە.



١٤٠. هەمان سەرچاوە، ل ٣٠١.

١٤١. بشيرى، احمد (ويراستار)، **كتاب ابى**، تهران: نشرنو، ١٣٦٣، ج ٤، ص ٩١٢.

١٤٢. كيهان، مسعود، **جغرافياى مفصل ايران**، تهران: ابن سينا، ١٣٠٠، ج ٢، ص ٢٥٢.

١٤٣. لە كتێبى جوگرافياى ئێران (احتسابيان، سلطان احمد خان، تهران: انتشارات مدرسه نظام، چ ٢، ١٣١١، ص٢٧٩) تايفەكانى نيشتەجێى روودبار و جيروفت بە ٨ هەزار سەرخێزان نووسيوە و بەلاّم ناوى تايفەى مێهنى تێدا نييە، لە جوگرافياى سەربازى كرمان (رزم اراو، سرلشكر على، تهران: ارتش، ١٣٢٣، ص ١٥٠) باسى هۆزى لورى ئەسفەندەقە دەكات و ديسان لەم كتێبەش ناوێك لە تايفەى مێهنى نەهاتووە.. لەم كتێبەدا هۆزەكانى ساروئييەى بە ٦٠٠ سەرخێزانى لە قەلەم داوە (ل ١٥١).

١٤٤. **ايرانشهر**، تهران: كميسيون ملى يونسكو در ايران، ١٣٤٢، ج ١، صص ١٦١- ١٦٠.

١٤٥. ئەم ناوە لە كتێبى وەزيرى ئاماژەى پىٚ نەكراوە.

١٤٦. وەك ژمارەى پێشوو.

١٤٧. وەك ژمارەى پێشوو.

١٤٨. وەك ژمارەى پێشوو.

١٤٩. وەك ژمارەى پێشوو.

١٥٠. **دائره المعارف اسلام** (وەرگيراو لە:خيرانديش، ص ١١٥)

١٥١. **جغرافياى كرمان**، ص١١٤ (وەرگيراو لە:افشار سيستانى، ايرج، **مقدمەاى بر ايلها،چادرنشينان و طوايف عشايرى ايران**، تهران: مؤلف، ١٣٦٦، ج ٢، صص ٤١٦- ٧١٥)

١٥٢. **مقدمەاى بر جغرافياى انسانى**، ص ٣٧ (وەرگيراو لە:افشار سيستانى، ج ٢، صص٧١٦- ٧١٥)

١٥٣. **مجموعه اطلاعات و امار ايلات و طوايف عشايرى ايران**، تهران: سازمان امور عشاير، ١٣٦١، ص ١٠٧ (وەرگيراو لە:ايرج افشار سيستانى، ج ٢، ص ٧١٦)

١٥٤. صفا، عزيزالله، **تاريخ جيروفت و كهنوج**، كرمان، مركز كرمان شناسى، ١٣٧٣، ص ١٨.

١٥٥. وشەى "هتد" لەم دەقەدا گرفتى ئێمە لە بارەى لێكۆڵينەوەى بەراوردكارى لە سەر ئەم هۆزە چارەسەر ناكات.

١٥٦. صفا، ص ١٣١.

١٥٧. هەمان سەرچاوە، ل ١٣٢.

١٥٨. سەفا (ل ١٣٢) دەنووسىٚ: بينايەى گورخانە (نزيكەى ٥٠٠ ساڵ مێژينەى هەيە." ئەم رستەيە لە گەڵ مێژووى ١٠١٧ى هـ.ق كە مير حەيدەر لە شەڕدا بەشدارى كردووە،يەك ناگرێتەوە.

١٥٩. هەمان سەرچاوە، ل ١٣٢.

١٦٠. وزیری کرمانی، احمد علی خان، **جغرافیای کرمان**، ص ١١٢.

١٦١. هەمان، بەشی حواشی و تعلیقات، ص ٢٢٧.

١٦٢. ئەم نووسەرە لە بیری چووە کە لە شوێنێکی تر (ل٣٣) لە بارەی تایفەی کوچ یان قوفس نووسیویەتی: "ڕەنگە هەندێك لەوانە دانیشتوانی گیچ و مەکران بن." لێرە نووسیویەتی: "پاشماوەکانیان ڕەنگی پێستیان گەنمیە و...."

١٦٣. وەك ژمارەی پێشوو.

١٦٤. صفا، عزیزالله، ص ٨٥.

١٦٥. سایکس، پرسی (ژنرال سر)، **سفرنامه ژنرال سرپرسی سایکس یا ده هزار میل در ایران**،تهران:لوحه، ١٣٦٣، ص ٢٤٥.

١٦٦. فیلد، هنری، **مردم شناسی ایران**، ترجمه دکتر عبدالله فریار، تهران: ابن سینا، ١٣٤٣، ص ٢٨٠.

١٦٧. موریه،جیمز(وەرگیراو لە:فیلد، هنری، **مردم شناسی ایران**، ترجمه دکتر فریار، تهران: ابن سینا، ١٣٤٣، ص ٢٠٩.

١٦٨. وزیری، **جغرافیای کرمان**، ص٧٢.

١٦٩. مەبەست سید ئەبولحەسەن خانی مەحەلاتیە (وەفاتی ١٢٠٦ه.ق)

١٧٠. هەمان سەرچاوە، هەمان ل.

١٧١. وەزیری لە بارەی ئەم بنەماڵەیە دەنووسێ: ئێستا (١١٩٢ هەتا ١١٩٣ه.ق) پەشێواون و بارودۆخیان خراپە. هەروەها ناوی هەشت کەس لە ناودارەکانیان دەنووسێ (هەمان سەرچاوە، هەمان ل)

١٧٢. هەمان سەرچاوە، ل ١٣٩.

١٧٣. هەمان سەرچاوە، ل ٢٠٠.

١٧٤. هەمان سەرچاوە، ل ١٣٩.

١٧٥. هەمان سەرچاوە، ل ١٤٤.

١٧٦. لەکرمان پەندێك هەیە:

با سه کس مکن اشنایی          لك و لوطی و عطاء الهی

(لە گەڵ سێ کەس برادەر مەبە، لەك و لوتی و عەتولئلاهی).

(لە هەندێك شوێن لە جیاتی (لوطی) وشەی لولی بەکارهاتووە کە ڕاستترە).



بەپێی دوورەپەرێزی لەکەکان لە دزی و ڕێگری ئەم پەندە بەدوور دەزانم بەڵام وادیارە کە یەکێك لە واتاکانی وشەی لەك رەزیل بێ ،لێرەش بەم واتایە هاتووە.

١٧٧. سایکس، **سفرنامه ژنرال سرپرسی سایکس یا ده هزار میل در ایران**، ص ٤٢٣.

١٧٨. **جغرافیای ایران**، ایران، تهران، مدرسه نظم، چ ٢، ١٣١١، ص ٢٧٩.

١٧٩. رزم اراو، علی (سرلشکر)، **جغرافیای نظامی کرمان**، تهران: ارتش، ١٣٢٣، ص ١٤٩.

١٨٠. کمیسیون ملی یونسکو در ایران، **ایرانشهر**، تهران، کمیسیون ملی یونسکو در ایران، ١٣٤٢، ج ١، ص ١٥٨.

١٨١. لەکتێبی ئیرەجی ئەفشاری سیستانی (**مقدمەای بر شناخت ایل ها، چادرنشینان و طوایف عشایری ایران**، تهران: مؤلف، ١٣٦٦، ج ٢، ص ٧١١- ٧١٠) ئاماری خوارەوەی نووسیوە کە من لە هەندێك لە سەرچاوەکان ئەم ژمارانەم نەبینیوە: ساڵی ١٢٥٢ه. ١٦٠٠٠ سەرخێزان، ١٢٨١ه. ١٠٠٠ سەرخێزان و ساڵی ١٣١٧ه. نزیکەی ١٠٠٠ سەرخێزان.

١٨٢. **مجموعه اطلاعات و امار ایلات و طوایف عشایری ایران**، تهران: سازمان امور عشایر، ١٣٦١ (وەرگیراو لە : افشار سیستانی، ایراج، **مقدمەای**، ص ٧١١)

# بەشی پێنجەم

## گوند و شارەکان بەناوی کوردەکانی پارس و کرمان

# پاژی نۆزدەیەم

## ئەو گوند و شارانەی کە بەناوی کوردانی پارسەوەیە

### پێشەکی:

لە بەشی یەکەمدا بەلێنم دابوو کە ئەو گوند و شار ناوچانەی کە ناوی کوردیان هەیە لە ویلایەتی فارسدا هەبووە و لە ناوچوونە یان ون بوونە و لە بیرکراون، ناویان بێنم کە لەم بەشە بەشێوەی پێرست بیان هێنم.

### گۆڕانی ناوە جوگرافیاییەکان:

بەر لە هەر شتێك باشترە بلێم کەناوی جوگرافیایی لە درێژەی زەمەندا بەدوو شێوە گۆڕانی بەسەردا دێت:

١. بەپێی شێوەزار و دەنگەوە: لە دوو تۆی دەقەکان، وشەکانی تەنگ کورم، کام فەیروز، سومارەم، سێمیرۆم کەئەمرۆ بەشێوەی تەنگ کەرەم، کام فیروز، سیمیرۆم دەگوترێت، وشەی (سومارەم) (گۆڕدراوی) هەمان وشەی (سیمیرۆمە).

٢. بەپێی پیتەکان: وەکو کوبۆنجان (گوندێك لە ناحیەی سەرڤستان) کەئەمرۆ کوهەنجانی پێ دەلێن. گیژ بەقیرو گۆڕاوە و بەقەد ئەبزەر بە ئەفزەر و نموونەی تری وەك ئەمانە.

جار وایە کەپێکهاتەی خالی یەك و دوو بەشێوەیەکە کە ریشەی بنچینەی لە زماننناسی فۆلکلۆر شتێکە و لە زماننناسی زانستی شتێکی ترە. خەلك و دوو لە نووسەرەکانی ئەم شارە کە لە بارەی شاری ئێستەهبان کتێبیان نووسیوە، بۆچوونیان لە بارەی وشەی ئێستەهبان ئەمەیە کە سێتە واتە ناوك و ترێ و لە بەر ئەوەی کە ئێستەهبان باخی میوەی زۆر بووە، ئەم ناوەیان "سێتە" لە سەر شاری خۆیان داناوە، کەدواتر دەگۆڕدرێت بەئێستەهبان و ئەستەهبانات. باشە، یەکێك نییە لەم خەلکە بپرسێ کە بۆ دەبێ ناوی (ناوك) لە سەر شارەکەیان دابنێن؟ بۆ گولستان و باخستانیان دانەناوە؟ بۆ ناوی یەکێك لەو میوە جوانانەیان دانەناوە؟ یەکێك لە زماننناسەکان و مامۆستایانی زانکۆی تاران لە شیکردنەوەی وشەی

ئێستەهباندا دەڵێ کەبنچینەی لە  وشەی "سپە" بەواتەی سوپایە و ئێستەهبان بەواتەی شوێنی سوپایە. ئەم جارە واتاکە تەواو لە گەڵ هەڵکەوتەی ئێستەهبان یەك دەگرێتەوە و چونکە مەودای نێوان ئێستەهبان هەتا شاری نەیریز ٤٥ کیلۆمەترە و شاخاوییە ٧٢ لۆفەو پێچی تێدایە و لەمبەری ڕۆژهەلاتیشەوە شارێکی تر هەیە بەناوی فەسا کەگەیشتن بەم دوو شارە لە سەردەمی کۆندا زەحمەت بووە کەواتە سەرەتا دەبوایا سەربازخانەیەك دابمەزرێنن کەدەبێتە شوێنی سوپا و دواتر دەبێتە شارێك.

### چۆنیەتی ناولێنانی ناوی جوگرافیایی:

بەگشتی ناولێنانی گوندەکان و شارەکان لە درێژەی مێژوودا بەم شێوەیەدا بووە:

١. ناوی دامەزرێنەری وەك: حوسێن ئاباد، عەلی ئاباد.

٢. بەپێی هەڵکەوتەی سروشتی ناوچەکە: شاری دەماوەند لە سەر شاخی دەماوەند، شاری بەهمەن لە شاری ئابادە، بەپێی شاخی بەهمەنوك، گوندی بەندئەمیر لە شاری مەرڤدەشت بەپێی بەنداو و پردی بەندئەمیر.

٣. ڕووداوە مێژووییەکانی کە لەو ناوچەیە ڕوویداوە وەك گوندی گاڤ کەشك لە شاری کازرون.

٤. هۆزەکان و تایفەکانی ناو هۆز و تایفەی خۆیان لە سەر ناوچەکە دادەنێن، وەك: گوندەکانی ئێستای گەلێزەن، ئیسلاملو لە فارس کەنزیکەی ١٠٠ گوند لە فارس بەم شێوەیە ناویان لێ نراوە. کوردەکانی پارس کاریگەییەکی وەهایان هەبووە.

٥. لەم سەردەمەدا ناولێنانی حکوومی وەك شارۆچکەی وەلفەجر و هتد.[1]

### سەرچاوە جوگرافیاییەکانی فارس ناسی:

دەبێ ئاماژە بەخاڵێکی تریش بکەین: لە جوگرافیای مێژوویی فارس و شیرازدا ئەم کتێبانە هەیە:

| | |
|---|---|
| فارسنامه ابن بلخی | ساڵی نووسین ٥٠٠- ٥١٠هـ.ق |
| شیرازنامه | ٧٥٠هـ.ق |
| ریاض الفردوس | ١٠٨٢هـ.ق |
| آثار جعفری | ١٢٧٦هـ.ق |
| فارسنامه ناصری | ١٣٠٤- ١٣١١هـ.ق |
| آثار عجم | ١٣١٠هـ.ق |
| جغرافیای نظامی فارس | ١٣٢٤هـ. |
| جغرافیای ایران- ارتش | ١٣٣٠هـ. |

هەر وەك دیارە ماوەی نێوان نووسینی ئەم کتێبانە زۆرە ئەمەش دەبێتە هۆی گرفت لە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاریدا.

### گرفتی نووسرەکان و نوسخە نووسەکان:

خاڵێکی تر، بابەتی نووسەرەکان و نوسخە نووسەکانە کە لە نووسینە کۆنەکاندا نەیانتوانیوە وشەیەك بخوێننەوە و تەنها نەخشیان کردووە.

گوندێك لە فارس هەیە بەناوی کێلێستان (کلستان)، تەواوی نووسەرەکان و نوسخە نووسەکان نووسیویانە گوڵستان(گلستان).

کە واتە لەو ناوچە جوگرافیاییانەی کە لێرە باسیان لێ دەکەین ئەم گرفتە هەیە.

### ناوی کوردەکان لە هەموو شوێنێك

خاڵی سێیەم، ئەو کوردانەی- جگە لە فارس- لە هەر شوێنێکدا بن، ناوی خۆیان لە سەر ناوچە جوگرافیاییەکان داناوە وەك:

– موقەدەسی لە ساڵی ٣٧٥هـ.ق لە باسی = (بنجکث)، ناوچەی جوگرافیایی (کُردکث)ی دووجار هێناوە.[2]

هەرچەندە بەرهەمی موقەدەسی کۆنترین بەرهەم نییە، بەڵام وادیارە کەکۆنترین وشە لەم بارەیەوە، چونکە ریشەی وشەی "کث" لەم پێکهاتەیە، لە پەهلەویدا "کثه (kasa)"یە کە بەواتەی چاڵی ئاو و کانییە. لە فارسی ئەمڕۆدا لە فارس ناوچەی جوگرافیاییەکان (خانه کت) و (کت نو) لەم جۆرەیە.

ئەنساری دیمەشقی لە ساڵی ٧٢٧ هـ.ق ئاماژە بەناوچەیەك بەناوی (دژاکراد) دەکات لەمەملەکەتی چوارەمی، حەمات لە نێوان شامل و کەناری دەریادا.[3] سەیر ئەوەیە کە ئەم دوو وشەیە فارسین و لە ناوچەی عەرەبەکان بەکارهاتووە.

## پێرستی ناو جوگرافیاییەکانی ئێران کە بەوشەی کورد رزێنراوەتەوە

لێرە سنووری جوگرافیایی ئەم جۆرە ناوە جوگرایاییانە، کە بە شێوەیەك پەیوەندیان بەوشەی..کرد"ەوە هەیە و بەم وشەیە رازانراون، لە پانتایی ئێران لەکتێبی دوکتۆر موفەخەمی پایان کە لە ساڵی ١٣٣٩ بڵاوبووتەوە و کتێبی دوکتۆر محەمەد حوسێن پاپلی یەزدی کە لە ساڵی ١٣٦٧ بڵاوبووتەوە، ناوی ١٦١ گوند و کێڵگەم دەرهێناوە هەتا لێکۆڵەرانی کورد بتوانن لە بارەی ئەم ناوچە جوگرافیاییە لە دوو تۆیی دەقە مێژووی، جوگرافیای و گەشتنامەکان و هتد لێکۆڵینەوەیەکی زۆرتر بکەن و کاملتری بکەن.[٤] ئەم پێرستە لە دەرەوەی پانتایی لێکۆڵینەوەی ئێمەوەیی واتە فارس، کرمان و ئەسفەهانە.

اکرد (لە شاری ساری)، استخر اباد (طبس)، اشترکرد (اهواز)، امیر اباد کرد (همدان)، اوچ تپە کرد (مراغە)، ایستگاه کردان (کرج)، بارانی کرد (دوو گوند لە: نقدە)، باقر اباد کرد (قزوین)، برد کرد (پیرانشهر)، بنەکرد (اهواز)، بوربور کرد (بجنورد)، بند کردگم (بیرجند)[٥]، حاجی کرد (مراغە)، حاجی اباد کردها (مراغە)، حسین اباد کردها (دوو گوند لە:اسفراین و دماوند)، حسین کرد (گنبد کاووس)، خلج کرد (ماکو)، دالنجان کردیە (قوچان)، دشمن کرد (بروجرد)، دشمن کردە (دوو گوند لە:لاهیجان)، دەکرد (بروجرد)، زاویە کرد (هروئاباد)، شهر ئاباد کرد (بجنورد)، طرفی کرد (بجنورد)، عباس اباد کردە (ساوە)، قزلجە کرد کند (مراغە)، قزل داغ کرد (ماکو)، قلعە کرد (تهران)، قوچ کندی کرد (ماکو)، کرد اباد (١٤ گوند لە: همدان، ئامل، تبریز، تفت، تفرش، شاهرود، قائم شهر، فومن، فومن[٦]، فردوس، گرگان، طبس ، اراك، کرج)، مزرعە کرد اباد (دوو کێڵگە لە: سبزوار و کاشان)، مزرعە کرد اباد بالا (محلات)، مزرعە کرد پائین (محلات)، کرد اسیاب (قائم شهر)، کرد ئافاق (اهر)، کرد امیر (دوو گوند لە: تهران و کرج)، مزرعە کرد امیر (گلپایگان)، کردان (٤ گوند لە:تبریز، تهران، کرج و هشتپر)، کردان دە (قزوین)، کرد بازان دات (تنکابن)، کردبلاغ (همدان)، کرد جین (قزوین)، کرد خرد (ملایر)[٧]، کرد فرد بالا (ساوە)[٨]، کرد خرد پائین (ساوە)، کرد فل (٦ گوند لە :رشت، ساری، ساری، قائم شهر، تنکابن و نوشهر)، کردر (دماوند)، کرد رجب (زنجان)، کرد رق (زنجان)، کردرە (ابهر)، کرد راز (٢ گوند لە:تهران و کرج)، کرد سراکوە بالا (لنگرود)، کرد سفید (الیگودرز)، کردشت (اهر)، کرد قشلاق (٢ گوند لە اردبیل و زنجان)، کردك (ساوە)، کرد کانلو (قوچان)، کردکتی (ئامل)، کرد کلا (٢ گوند لە:بابل و قائم شهر)،



کرد کند (سقز)، کرد کندی (١٣ گوند لە: اهر، تبریز، زنجان، ماکو، ماکو، مغان، میاندواب، میاندوئاب، هشترود، اردبیل، اردبیل، مراغە، مراغە)،کرد کوهستان(مهاباد)،کرد کوی(گرگان)،کرد گوابر لقان (اهر)،کرد لو(٢ گوند لە: خدابندە و اردبیل، کرد محلە (١٠ گوند لە :بابل، ساری، فومن، فومن، فومن، فومن، نوشهر، نوشهر، تنکابن، رشت) کرد ملکی لوشان (رودبار)، کرد میر (ساری)، مزرعە کردنان (دامغان)، کرد بنرد (تهران)، کردنئین (پیرانشهر)، کردوان (٣ گوند لە: سلماس، گەرمسار، دماوند) کردوند (اسلام اباد)، کردەبن (پیرانشهر)، کردە دە (اردبیل)، کردە سرا (استارا)، کرد بان (باخرز)، کردیان (٢ گوند لە: مشهد و تهران)، کردیجان (تفرش و قم)، کردیچال (نوشهر)، کردی خیل (ئامل)، کردی کلا (٢ گوند لە:بابل و نوشهر)، کردین (تنکابن)، محمود اباد (دماوند)، مزرعە اکراد (اهر) و ینگجە کرد (مرند)[٩].

ئێستا با بگەڕێینەوە سەر باسی کوردەکانی پارس، بەبێ شك ناوی خۆیان لە سەر زۆربەی ناوچە جوگرافیاییەکانی فارس، کرمان و ئەسفەهان داناوە کەهەندێکیان ماون و هەندێکیشیان لە ناوچوونە، لە خوارەوە باس لەم ناوچە جوگرافیاییانە دەکەین:

### ١- پارێزگای فارس

### الف– شاری شیراز

#### گوندی کورد خون

محەمەد جەعفەری خۆ مۆجی لە ساڵی ١٢٧٦ھ.ق ئاماژەی بە گوندی کوردخون لە دەوروپشتی شیراز کردووە.[١٠]

لە دوای خۆمۆجی هیچ سەرچاوەیەك باسی ئەم گوندەیان نەکردووە و ئەمرۆ ئەم گوندە لە دەوروپشتی شیراز و لە ناو شاری شیرازدا نییە. بەڵام دەبێ ئاماژە بەم بابەتە بکەین کە وشەی "خوان" یان "خان" لە ناوە جوگرافیاییەکان، لە بەر ئەوەی وشەیەکی پەهلەوییە بەواتەی کانییە وەك خان زێینان کە گوندێکە لە فارسدا.[١١] هەروەها وشەی "خوان" لە ناوی خوانسار.

لە پارێزگای فارسدا، ئەو وشەیە بەشێوەی "فون" بەکاردێت. وەك کوردفون کەبەواتەی کانی کورد.

**گوندی دێ کورد (ده کرد)**

لەکتێبی جوگرافیا و ناوی گوندەکانی وڵات کە لە ساڵی ١٣٢٢هـ. نووسراوە ناوی گوندێك بەناوی دێ کورد لە دەوروپشتی شیراز واتە قەرەداغ هاتووە.(١٢) کەئێستا ئەم گوندە نەماوە.

**گوندی کورد شول**

دوکتۆر موفەخەمی پایان ئاماژە بەدرێژیی و پانی جوگرافیایی گوندی کوردشولی کردووە کە لە هیچ بەرهەمێکی نووسراو ئاماژەی پێ نەکراوە.(١٣) لە شاری شیرازی ئەمڕۆ هیچ گوندێك بەم ناوەمان نییە. ڕەنگە گوندی کورد شولی سەعادەت شەهر لە ڕووی دابەشبوونی جوگرافیایی کەپاشتر گوڕاوە لە قەلەم دابێ.

بێشك ناولێنانی ئەم گوندە لە ژێر کاریگەری هۆزی کورد شولە .

**گوندی ئەکراد**

هەروەها دوکتۆر موفەخەمی پایان ئاماژەی بەدرێژی و پانی جوگرافیایی گوندێکی لە شیراز کردووە(١٤) کەئێستا ئەم گوندە نەماوە.

**شاری کەردی فەناخەسرەو**

عەزددۆلەی دەیلەمی لە تەنیشتی شیراز، شارێکی بۆ سوپاکەی لە ساڵی ٣٦٣هـ.ق دامەزران(١٥) کەناوی پێش دەسەڵات بە دەستگرتنی کە بە ناوی فەناخەسرەو بوو لە سەر داناوە.

لە هەندێك لە دەقە وەرگێڕاوەکان لە زمانی عەرەبی، ناوی ئەم شارەیان بەکەرد فەناخسرەو و هەندێکیش بە فەناخەسرەو نووسیوە، ناوی ڕەسەنی فەناخەسرەو گرد یان گردی فەناخەسرەو کە بەواتەی شاری فەناخەسرەو و لە بەر ئەوەی لە زمانی عەرەبی پیتی "گ" نییە بەپیتی "ك" نووسراوە.

لەکتێبی وەرگێڕدراوی ﴿**آثار البلاد و اخبار العباد**﴾ی قەزوینی کورد فەناخەسرەو نووسراوە کە یان هەڵەی وەرگێڕە یان نووسەر و نوسخە هەڵگرەکان لەم وەرگێڕانە هاتووە:

"کورد فەناخەسرەو: شارێکە کە عەزددۆلە لە نزیکەی شیراز دایمەزراندووە. ڕووبارێکی بۆ ڕاکێشاوە، پارەیەکی زۆری لێ سەرف کردووە و لە نزیکیدا باخێکی دروستکردووە کە ڕووبەرەکەی یەك فەرسەخە، لە دوای ڕاکێشانی کەرتێك لە ڕووبار بۆ ئەم شارە کە لە بیست و دووەمی ڕەبیعولئەوەلی ساڵی سێ سەد و پەنجا و چوار بوو..."(١٦)(١٧)



هەرچەندە ئیبن ئەسیر لە (کامل)دا، ئالی بوویەی دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕەچەڵەکی بەهرامی گور پاشای ساسانی(١٨) کە لە ڕاستی لە نەژادی کوردەکانی پارسە، بەڵام هیچ کاتێك ئالی بوویە شانازیان بەنەژادی ساسانی خۆیان نەکردووە و ئەم بابەتە لە هیچ شوێنێك باسی لێ نەکراوە و ناوی عەزددۆلە ش لە گەڵ وشەی "کورد" نەهاتووە.(١٩)

**ب– شاری ئابادە**

ئەمڕۆ شاری ئابادە گەیشتوتە بچووکترین قەبارەی خۆی، لە سەردەمی کوردەکانی پارسدا ئەم شارە بریتی بوو لە سەمیرۆم، ئەقلید، بەڤانات، خۆرەم بیر، مەرڤدەشت و بەشی ئەبەر کوە، کەواتە قەڵەمڕەویی دووەمی ڕەم شەهریار و جیلویە و کوێستانەی ڕەم کاریانیش بووە. لە سەرەوە باسمان لە ناوی ئەو شارانەی کرد کە بەناوی کوردەوە بوون و لە خوارەوەش باسی چەند گوندێك دەکەین:

**گوندی موبارەکە**

لە شاری ئابادە گوندێك بەناوی موبارەکە هەیە کە درێژی و پانی جوگرافیایی تۆمار کراوە(٢٠) بێ شك ناوی ئەم گوندە لە تایفەی موبارەکە وەرگیراوە و کە لە تایفەکانی پارس بوونە.(٢١)

**گوندەکانی کەرجار و کەرکولان**

ئیبنی خوردادبە لە ساڵی ٣٣٢هـ.ق لە بارەی ڕێگای ئەبەرکوە (ل ٣٩) دەنووسێ:

"لە ئەستەخر هەتا بەرد ٣ فەرسەنگ، لە بەرد هەتا مەنزل کەبیری ئاوێکی هەیە ٩ فەرسەنگ، لەمەنزل هەتا جێ ٥ فەرسەنگ، لە جێ هەتا کەرجار ٤ فەرسەنگ، لەکەرجار هەتا کەرکولان ٥ فەرسەنگ، لەکەرکولان هەتا هەندسك ٧ فەرسەنگ...".

ئایا کەرجار و کەرکولان لە دڵی ڕەمەکانی باکووری فارس گۆڕدراوی کوردجار و کورد کولان نییە؟

**پ– شاری ئەقلید**

**دۆز کورد**

دۆز کورد کە ئەسڵەکەی دژە کوردە و ئەمڕۆ شارێکە لە بەشی سەرحەدی چوار بەشە لە شاری ئەقلید. ناویی لە ساڵی ١٣١٧هـ. لە جوگرافیایی سەربازی فارس وەك گوندێك لە (سەرحەدی شەش ناحیە لە شاری ئابادە ئاماژەی پێ کراوە).(٢٢)(٢٣)

**روباری دۆز کورد**

میرزا حەسەنی فەسایی لە ساڵەکانی ١٣١١- ١٣٠٤ھ.ق ئاماژەی بە ناوی ئەم روبارە کردووە.[٢٤]

ئەمڕۆکەش ئەم روبارە هەر بەم ناوەیە کە لە کانی شەهیدان و سەرحەدی چوار بەشە لە شاری ئەقلید سەرچاوەی گرتووە و لە دوای تێپەڕبوون بەناو زەوییەکانی دۆز کورد، لە تەنگ بوراق (نێوان دۆز کورد و کامفیروز) لە گەڵ روبارەکانی ئوجان و خەسرەو شیرین یەکدەگرێتەوە و دەگاتە روباری کامفیروز.

**گوندی دێ کورد**

بەپێی کتێبی (**جغرافیا و اسامی دهات کشور**) کە لە ساڵی ١٣٢٢ بڵاوبوکوتەوە، لە بەشی سەرحەدی چوار بەشەی شاری ئەقلید، گوندێك بەناوی دێ کورد لە بەشی عەلی ئاباد هەیە[٢٥] کەئەمڕۆ هیچ ئاسەوارێکی لێ نەماوە.

**گوندی کورد شول**

خۆمۆجی لە ساڵی ١٢٧٦ھ.ق ئاماژەی بەناوی گوندی کورد لە سەرحەدی چوار بەشە[٢٦]کردووە و فەساییش لە ساڵەکانی ١٣١١- ١٣٠٤ھ.ق ئاماژەی پێی دەکات.

فەسایی دەنووسێ گوندێکە لەمەودای چوار فەرسەنگ و نیوی (٢٧ کیلۆمەتری) رۆژهەلاّتی ئاسپاس.[٢٧] لە (**جغرافیای نظامی فارس**) لە ساڵی ١٣١٧ھ.[٢٨] و لەکتێبی (جغرافیا و اسامی دهات کشور) لە ساڵی ١٣٢٢ھ. ئاماژە بەناویی گوندی کورد شول کراوە.[٢٩]

ئەمڕۆ ئەم گوندە نەماوە، بەڵام گوندێك بەناوی (چشمەی رەعنا کورد شول) لەم ناوچەیە هەیە و بەدڵنیاییەوە دەبێ کاریگەری ناولێنانی هۆزی کورد شول بێ.

**کوروان یان کوردەکان**

هەندێك لە سەرچاوەکان، سەرچاوەی روباری کوریان بەکلار نووسیوە، بەڵام ئێستەخری دەنووسێ:

"بەڵام روباری کور لە کوروانەوە دێتە دەرەوەی لە حەدی ئۆرد کە دەیگەێتەوە بۆ کوردان لە درزی شاخی بوانەوە دێتە دەرەوە."[٣٠]



دەزانین کەکۆنترین ناوی روباری کور، (ئۆرۆس)ە کە بەپێی نووسینی مێژوونووسە رۆمییەکان و ئەوانی تر ناوی کوروشی مەزنە و وشەی "کر" (کور)یش کورتکراوەی "کوروش"ە، کەواتە، نابێ ئەم وشەیە کوروان بێ چونکە کوروان بەواتەی شوێنی کوروشە کەئەمەش لەگەڵ ڕاستیدا ناگونجێ، بەڵام دەتوانین وا مەزەندە بکەین کە وشەی کوردەکان بووبێ و نووسەرەکان نوسخە هەڵگرەکان بەهەڵە کوروانیان تۆمار کردبێ، چونکە سەرچاوەی روباری کور لە ناوجەرگەی ناوچەی رەمی جیلویە بووە.

**گوند، شارەدێ و شاری کورد (کرد):**

ئیبنی خوردادبە لە ساڵی ١٣٢ھ.ق باس لە گوندێك لە نێوان رێگای فارس واتە رێگای شیراز بەرەو ئەسفەهان دەکات:

"لە فارس هەتا کام فیروز ٥ فەرسەنگ، لەکام فیروز هەتا کووەرد ٥ فەرسەنگ، لە کووەرد هەتا تەجاب ٤ فەرسەنگ، لە تەجاب هەتا سۆمارەم (سەمیرۆم) ٥ فەرسەنگ..."[٣١]

ئێستەخری لە ساڵەکانی ٣١٨- ٣٢١ھ.ق باس لە شارێك لە ناوچەی کوێستانەی فارس (باکووری فارس) بەناوی کورد دەکات کەهەمان (کورد)ە:

"و کامفیروز و کورد و کەلار و سوق"[٣٢]

بێگومان کە نوسخە هەڵگری ئیبنی خوردادبە بەهەڵە تۆماری کردووە. ئەگینا گۆڕانی شێوە زار و چەمکی بەم شێوەیە نییە.

ئێستەخری لە شوێنێکی تر بەم شێوەیە دەنووسێ:

"و کورد و کەلار و سەرڤستان[٣٣]... و لە بارەی هەموو ئەو شوێنانەی کە باسمانکرد هیچ منبەرێك نییە.."[٣٤]

تایبەتمەندی بوونی منبەر واتە نوێژکردنی رۆژی هەینی لەمزگەوتی گەورەی شار و خوێندنەوەی خوتبە (گوتار) لە لایەن دابەش بوونی ئەو سەردەمە، شار لە قەلەم دەدرا، کەواتە کورد شار نەبووە. بەهەمان شێوە کە لە سەرەوە بینیمان، خۆی کورد بە بەشێك لە شارە کوێستانەکانی فارس لە قەلەم دەدات کەواتە دەبێ کورد هەڵکەوتەیەك لە نێوان گوند و هەبووبێ، واتە شارەدێ.

جیهانی لە ساڵی ٣٦٥ھ.ق دەنووسێ:

"وە کورد بە گەورەیی بەیزایەو نزیك ئەستەخرە[٣٥] و زۆر ئاوەدانە، زۆربەی نیعمەتەکانی شیراز لە وێ بەرهەم دێ"[٣٦]

ئیبنی حوقەل لە ساڵی ٣٦٧هـ.ق بەم شێوەیە دەنووسێ:

"مائین، ئەبرەج، کامفیروز، کورد[٣٧] و خەلار..."[٣٨] "و کورد کە منبەری هەیە..."[٣٩]

دواتر لە نەخشەکەیدا ناوی ئەم شارەی بەم شێوەیە هێناوە:

"سەرەمەق، ئەبەرقویە، کورد، ئەرجمان."[٤٠]

ئیبنی حوقەل لە شوێنێکی تر دەنووسێ:

"کورد شارێکە پڕ دار و درەخت و ئاو،لە ئەبەرقویە گەورەتر و نیعمەتێکی زۆرتری هەیە و بیناکانی لە قوڕ و کۆشکی زۆری هەیە."[٤١]

"کورد کوێستانەیە"[٤٢] "... کام فیروز (کامفیروز)، کورد، کەللار..."[٤٣]

دواتر بەرێنووسێکی تر دەڵێ:

"شیراز، بەیزا، فەسا...، جەمکان، کورد، بەجە..."[٤٤]

موقەدەسی چەند جارێکی تر ناوی ئەم شارەی بەرێنووسی "کەورد" هێناوە و جارێك کەورد بە بەشێك لە شیراز دادەنێ[٤٥] و جارێکی تر ئەم شارە بەم شێوەیە وەسف کردووە:

"کورد[٤٦]: کوێستانییە و ئاوەدانە و ناوەندی گوێز و میوەیە، ئاو خواردنەوەیان لە روبارە."[٤٧]

موقەدەسی یەکەمین کەسە کەهەڵکەوتەی وردی جوگرافیایی ئەم شارەی لە یەکێ چەند رێگەکەی شیراز بەرەو ئەسفەهان دەستنیشان دەکات:

"لە سەمیرۆم بگرە هەتا جەعفەرئاباد یەك قۆناغ[٤٨]، دواتر هەتا زاب یەك قۆناغ، دواتر هەتا کورد و کەللار یەك قۆناغ.."[٤٩]

بەم وەسفە دیارە کەئەم شارە لە ناحیەی سنووری چواردانگە لە شاری ئەقلید هەڵکەوتووە، شوێنێك کەکوردەکانی رەم جیلویە (رەمیجان= مهرجان) نیشتەجێ بوونە.

ئیبنی بەلخی لە ٥٠٠ هەتا ٥١٠هـ.ق دەنووسێ:

"کورد و کەلار، کورد شاروچکەیەکە و کەلاریش گوندێکی گەورەیە و وەك ناحیەیەکە بەروبوومی باشە و هەوایەکی کوێستانەی هەیە و ئاوێکی زۆری هەیە و سەرچاوەی روباری کۆڕ لەوێیە و ئاوەدانە."[٥٠]

ئیبنی بەلخی لە بارەی یەکێك لە و رێگایانەی شیراز بەرەو سەمیرۆم بەم شێوەیە نووسیویەتی:



"رێگای سەمیرۆم، لە شیراز هەتا سەمیرۆم چل و پێنج فەرسەنگە، قۆناغی یەکەم لە شیراز هەتا جویم پێنج فەرسەنگ، قۆناغی دووەم بەیزا سێ فەرسەنگ، قۆناغی سێیەم، طور چوار فەرسەنگ، قۆناغی چوارەم تیرەمایجان کامفیروز پێنج فەرسەنگ، قۆناغی پێنجەم جەرەمەق چوار فەرسەنگ، قۆناغی شەشەم کورد چوار فەرسەنگ، قۆناغی هەفتەم کەللار پێنج فەرسەنگ، قۆناغی هەشتەم دیەی تەرسان هەفت فەرسەنگ، قۆناغی نۆیەم سەمیرۆم هەشت فەرسەنگ."[٥١]

مستەوفی لە ساڵی ٧٤٠هـ.ق بەم شێوەیە دەنووسێ:

"کورد و کەللار، کورد شارۆچکەیەکە..."[٥٢]

بەم شێوەیە دیاردەبێ کەگرنگیەکی کەمتری هەبووە.

ئەمەش دووایین بەرهەمی نووسراوە لە بارەی ئەم شارەوە، بێ شك بەجێهێشتنی ناوچەکە لە لایەن کوردانی رەمی جیلویەوە، ئەم شارە لە ناوچوون[٥٣][٥٤]

**ت– شاری جەهرۆم**

**شاری کوردیان**

لە دووتوێی دەقەکان ناوی ئەم شارە بە کوردیان و کوردبان هاتووە کەڕاستەکەی کوردیانە.

لە خوارەوە باسی ئەم دەقانە دەکەین:

ئێستەخری لە ساڵەکانی ٣٢١- ٣١٨هـ.ق دەنووسێ:

"و لەکوردەبان (منبەر) هەیە و جەهرۆم و..."[٥٥]

جیهانی لە ساڵی ٣٦٥هـ.ق، جگە لە هەژمارکردنی شارەکانی دارابگرد و فەسا دەنووسێ:

"ئەلمص، طـەبستان ، کوردمان..."[٥٦]

بێ شك ئەمە هەمان کوردیانە کە نوسخە هەڵگرەکان لە کاتی تۆمارکردن هەڵەیان کردووە.

ئیبنی حوقەل لە ساڵی ٣٦٧هـ.ق لە نەخشەی خۆی ناوی ئەم شارانەی هێناوە:

"کوردبان، خار، جەرەمەق، جەم."[٥٧]

دواتر شاربوونی بەم شێوەیە دەستنیشان دەکات:

"ئەوی تر، کوردبان کە منبەری هەیە و جەهرۆم کە گوندێکە."[٥٨]

نووسەری نەناسراوی (حدود العالم) کە لە ساڵی **٣٧٢**ھ.ق کتێبەکەی بەزمانی فارسی نووسیوە دەنووسێ:

"خەی یر و کوردیانە دوو شارۆچکەی ئاوەدانن و کشتوکاڵی و بەروبومیان زۆرە..."[٥٩]

موقەددەسی لە ساڵی **٣٧٥**ھ.ق دەنووسێ:

"دارابجرد، طـەبستان[٦٠]، کوردبان، کۆرم، یەزدخاستی[٦١]، هەیە[٦٢]"

موقەددەسی جارێکی تر ئەم بابەتەی بەم شێوەیە دووبارە دەکاتەوە:

"لە شارەکانی دارابگرد، طـەبستان، کوردیان، کۆرم... زومی شەهریار..."[٦٣]

شاری کوردیان بەشێك بوو لە کورەی دارابگرد (کورە یەکێکە لە پێنج ناوچەی گەورەی فارس) و بەم هۆیەش لە سەرەوە ئاماژە کراوە کە لە شارەکانی دارابگردە.

شاری کوردیان ئەمرۆ نەماوە[٦٤]، بەڵام ناوەکەی لە سەر ناوچەی کوردیان، لە هەمان سنووری جوگرافیاییدا لە شاری جەهرۆم بەجێ ماوە و ناوەندەکەی ناوی قوتب ئابادە.

**گوندی مەھ کورد:**

میرزا حەسەنی فەسایی لە ساڵەکانی ١٣٠٤- ١٣١١ھ.ق دەنووسێ:

"مەھ کورد فەرسەنگێك لە ناوەند و باکوور و ڕۆژهەڵاتی جەهرۆم دوورە."[٦٥]

دواتر لەکتێبی (**جغرافیا واسامی دهات کشور**) کە لە ساڵی **١٣٢٢** لە چاپ دراوە، ئاماژە بە ناوی گوندی مەھ کورد لە دەوروپشتی جەهرۆم، کراوە [٦٦]، لە سەرژمێری **١٣٥٥** بە بەشێك لەکوردیان لە ناحیەی دەوروپشتی جەهرۆم هاتووە.[٦٧] ئەمرۆ بەشێکە لە میاندێ لە ناحیەی شیبکوهی شاری فەسا.[٦٨]

ناوی کوردیان و مەھ کورد یادگارێکە لە ڕەمی کاریان (ڕەم ئەردەشیر= ڕەم حەسەن بن زەید).

**ث- شاری داراب:**

**شاری زوم مەهدی و شارۆچکەی ڕەم:**

ئێستەخری لە ساڵەکانی **٣١٨- ٣٢٢**ھ.ق لە بارەی ڕێگای شیراز بەرەو گەرمیانی کرمان دەنووسێ:



"... لە سەنان[٦٩] هەتا شاری دارابجرد[٧٠] یەك فەرسەنگ و لە وێ هەتا شاری زەم مەهدی پێنج فەرسەنگ و لە زەم (مەهدی) هەتا شاری ڕەستاقول ڕەستاق پێنج فەرسەنگ..."[٧١]

ئێستەخری لە شوێنێکی تر لە ژێر ناونیشانی:(**یادکردن اب و هوا و خاصیت فارس**)" دەنووسێ:

"تەواویی خانووەکانی زەوی فارس لە سەر یەك هێڵی ڕاستە جگە لە ئەرجان هەتا نوبنجان[٧٢] تا خرە[٧٣] کە لە سەر سنووری سەیف تێپەڕ دەبێ هەتا کارزین[٧٤] و دەگاتە زموم[٧٥] و دارابجرد هەتا فەرەج[٧٦] و تارۆم..."[٧٧]

ئیبن حوقەلیش لە ساڵی **٣٦٧**ھ.ق شاری زوم مەهدی بەمەودای پێنج فەرسەنگ و هەر لە هەمان شوێنندا ئاماژەی پێ دەکات، بەڵام لە نەخشەدا دەنووسێ: "الزم"[٧٨].

نووسەری نەناسراوی "**حدود العالم**" کە لە ساڵی **٣٧٢**ھ.ق بەفارسی نووسراوە، دەنووسێ:


"ڕەم، گوندی ڕەستام[٧٩] فەرەج، تارۆم شارۆچکەگەلێکن لە نێوان دارابگرد و سنووری کرمان، شوێنگەلێکی کشتوکاڵیێ پڕ لە پیت و فەڕن."[٨٠]

موقەددەسی لە ساڵی **٣٧٥**ھ.ق ناوی ئەم گوندەی نەهێناوە، بەڵام ناوی گوندی جەرەم وای هێناوە[٨١] ئەگەر پیتی "ج" لە سەرەتای لابدەین، کەڕەنگە هەڵەی نوسخە هەڵگرەکانی بوبێ، دەبێتە وشەی "ڕەم".

ئیبنی بەلخی لە ساڵەکانی ٥٠٠ هەتا ٥١٠ھ.ق ناوی ئەم شارەی نەهێناوە، بەڵام لە کتێبی (**جغرافیا و اسامی دهات**)لە ساڵی ١٣٢٢ھ. هاتووە کەگوندێك بەناوی ڕەم لە قەریە ئەلخەیری[٨٢] شاری داراب هەیە[٨٣].

گوندی ڕەم لە نێوان دێ خێری خوارو و دێ خێری سەرودایە و لە ڕۆژهەڵاتی گوندی دێ خێری خوارەوە و لە ١٥ کیلۆمەتری هەڵکەوتووە و چونکە دێ خێری خوارەوە هەتا شاری داراب، ئەمرۆ ١١ کیلۆمەترە. گوندی ڕەم لەّ شاری داراب **٢٦** کیلۆمەتر دوورە کە لەگەڵ پێنج فەرسەنگی ئێستەخری و ئیبنی حوقەل یەك دەگرێتەوە. ئەمرۆ ئەم دوو گوندەی دێ خێر، شاری جەنەت شەهریان پێکهێناوە.

لە گوندی ڕەمی ئەم سەردەمە، ئەمیر ئاغای خان بەهارلو، قەڵایەك دروست دەکات کە بەناوی قەڵای ڕەم ناوبانگ پەیدا دەکا و ئێستا وێران کراوە و بیری ئاوی گوندی ڕەمیش دەگەیشتە دێ خێری خوارەوو و ئاوەکەشی بەناوی ئاویی ڕەم بووە.[٨٤]




**ئەندازە**

**نەخشەکێش: جەمشیدی سەداقەت کیش**

بەو شێوەیە کەپێشتر باسی لێ کرا، رەمی کاریان ﴿رەمی ئەردەشێر یان رەمی حەسەن بن زەید﴾ لەم ناوچەیە دەژیان، کەواتە یەکێك لە بەرهەمهێنەرترین دەشتەکانی کورەی دارابگرد و تەنانەت فارسیش، هەر ئەم دەشتەی جەنەت شەهرە هەرچەندە ئەمساڵ ئاوی کانییەکانی شاری دارابگرد وشك بوونە، چی ڕێژەی ئاوەکانی جەنەت شەهر کەم نەبۆتەوە، کەواتە رەمی کاریان دەشتێکی بەرهەمهێنەری بەدەستەوە بووە.

بەڵام لە بارەی ناوی "مەهدی" ڕەنگە لە سەدەکانی دواتر ناوی یەکێك لە سەرکردەکانی رەمی کاریان مەهدی بوو بێ و بەم ناوە ناسراو دەبێ.

خاڵێکی تر ئەمەیە لە دەقی ئێستەخری وشەی "رەموم" واتە کۆکراوەی وشەی "رەم"ی بەکارهێناوە. لەکاتێکدا تەنها یەك رەم لە کوردەکان لەم کورەیە هەبووە.

**کۆربگرد یان کوردگرد**

ئیبنی حوقەل لە ساڵی **٣٦٧**ه.ق بەم شێوەیە دەنووسێ:

"ناوچەکانی دارابگرد، ئاباده[٨٥] و کۆربجرد و ئەقلیم کە ناسراون بە کۆرم."[٨٦]

ئەسلی وشەی "کۆربجرد" دەبێ کوردجرد و کوردگرد واتە شاری کورد بوو بێ. ئەمڕۆ ئەم ناوچە جوگرافیاییە نەماوە.



**رەمی شەهریار:**

ئێستەخری لە بارەی ناوچەکانی دارابگردەوە دەنووسێ:

بە"و رەمی شەهریار و شارەکەی دەڵێن رەم."[٨٧]

ئیبنی حوقەل دەنووسێ:

"ئەویتر ماشکانات کەمنبەری هەیە و ئەویتر زۆم کەگوندەکەی زۆمی شەهریارە."[٨٨]

لە هەردوو دەستنیشانکردنە جوگرافییەکەدا، رەمی شەهریار لە دوایی فرەگ، رەستاق و طارۆم نووسراوە و شوێنی جوگرافیایی دیار نییە. لە لایەکی ترەوە ئیبنی حوقەل ئاماژە بە مێشکانات دەکات کە لە ناوچەی باکووری شاری نەیریز و ٩٠ کیلۆمەتریەکەی ئەمڕۆ شارێکە بەناوی مێشکان کەخەڵك پێی دەڵێن مشکون، کەواتە، سنووریی جوگرافیاییەکەی دەستنیشان ناکات. سێیەمین رەمی شەهریار (یان رەمی بازنجان) بەو شێوەیە کە دەزانین لە ویلایەتی ئەسفەهان بوو و چونکە ئێستەخری وشەی رەمومی بەکارهێناوە. دیارە کەزۆرتر لە یەك رەم لەم ناوچەیە هەبووە.

**گوندی ئێرەم:**

محەمەد جەعفەری خۆمۆجی لە ساڵی **١٢٧٦**ه.ق ناویی گوندێك بەناوی ئێرەم لە ناوچەی داراب دەهێنێ[٨٩] و لەکتێبی **(جغرافیا و اسامی دهات کشور)**، بڵاوکراوەی ساڵی **١٣٢٢**ه. قەڵای ئێرەم لە قریە الخیر[٩٠][٩١] هاتووە هەرچەندە **"ئێرەم"** ناوێکی جوانە کەپێشاندەری جوان ویستی ئێرانییەکان لە هەڵبژاردنی ناویی جوگرافیاییە بەڵام بێ شك هەمان رەمە چونکە ئەم قەڵایە و گوندە ئێستا بوونی نییە.[٩٢]

**دارابگرد یان داراب کورد:**

بەم دواییە لە گوتارێك هاتووە:

"ئەبولفەدای ئەیوبی کە لە بنەماڵەی کوردنەژادی سەلاحەددینی ئەیوبی ناوداره لە (تقویم البلدان) لە بارەی فارس دەنووسێ: دارابجرد بەواتەی داراب کوردە"[٩٣]

سەرەتا بابزانین لەم کتێبەدا چی نووسراوە:

ئەبولفەدا لە لاپەڕەکانی **٣٦٨** و **٣٧٧** وشەی دارابجردی بۆ ئەم شارەی بەکارهێناوە و لە لاپەڕە **٣٧٩** دەنووسێ:

"ئیبنی حوقەل دەڵێ: دارابجرد بەواتەی داراب کوردە."[٩٤]

لێرە چەند خاڵێك دێتە ئاراوە:

١. لێکۆڵینەوەم لە دەقی ئیبنی حوقەل کە ئەبولفەدا وەریگرتووە کرد و لە لاپەڕەکانی ٣٣، ٣٤، ٣٧ (دووجار)، ٤٧، ٤٨، ٥١، ٥٤، ٥٥، ٥٦، ٦٦ (دووجار)، ٦٧ (دووجار)، ٦٩، وشەی دارابجردی ئیبنی حوقەلی بەکارهێناوە و لە لاپەڕەی ٥٣ وشەی دارابگردی کە ئەگەرێکی زۆر هەیە وەرگێڕی کتێبی ئیبنی حوقەل خۆی، ئەم وشەیەی لە جیاتی "دارابجرد" بەکارهێنا بێ.

لە دەقی ئیبنی حوقەل تەنها ڕستەیەك کە تا ڕادەیەك لەگەڵ دەقی ئەبولفەدا یەکدەگرنەوە، لاپەڕەی ٤٧ە کە دەڵێ:

"ئەویتر شاری دارابجردە بەدەستی دارا بن دارا دروستکراوە ، دارابجرد بەواتەی دروستکراو بەدەستی دارایە."

کەواتە دەبینین بەتەواوی لەگەڵ نووسینەکەی ئەبولفەدا یەك ناگرێتەوە و لە تەوایی ئەو لاپەڕانە کە باسمانکرد، هیچ ڕستەیەك وەك ڕستەی ئەبولفەدای تێدا نییە.

وەرگێڕی کتێبی ئیبنی حوقەل لە لاپەڕەی ٢٧٣ی هەمان کتێبدا لە ژێر ناونیشانی (حواشی و تعلیقات فصل چهارم، فارس) دەنووسێ:

"دارابجرد- لە نوسخە ڕەسەنەکەی لە سەر "بجرد" "بُکرد" نووسراوە، بەشی "کرد: یان "گرد" بەواتەی شارە وەك سیاوەش گرد و واتەی کار و دروست کردنە کەئیبنی حوقەل ئاماژەی پێ کردووە."

کەواتە دیارە کە "دارابکرد" واتە کارو دروست کراویی دارا.

٢. وا مەزەندە دەکەین کەئیبنی حوقەل ئەم ڕستەیەی نووسی بێ، چونکە دەقی ئیبنی حوقەل عەرەبییە هەروەها دەقی ئەبولفەداش، بەنەبوونی پیتی "گ" لە زمانی عەرەبی و لەم دوو دەقەدا دەبێ "گ"یان نووسیبایە و دەبووە "دارابکرد" یان "دارابجرد".

٣. تەوایی دەقەکانی بەر لە ئیسلام و لە دوایی ئیسلامدا، هەموویان دوو وشەی "دارابگرد" و تەعریب کراوەکەی "دارابجرد"یان بەکارهێناوە.

٤. وشەی "کەرت"یش لە پەهلەویی بەواتەی دروست کراوە، بووە و شارە. کەسێکی غەیری زماناس ڕایەکی هەیە کەبنچینەی وشەی "دارابگرد" وشەی "دارابکرت" بوو.[٩٥] ئەگەر ئەم ڕایە لەگەڵ ئەو هەموو دەقە، زماناناسەکان پەسەندی بکەن، گۆڕانی "کەرت" بۆ "کەرد" لە شێوەزاردا زۆرە.

لە سەر ئەم بنەمایانە وشەی دروست کراوەی بەرێز شەریفی لە ئەبولفەدا ڕەت دەکرێتەوە.



**شاری سپیدان**

**گوندی موبارەکە**

هەرچەندە شاری سپیدان بەشێك لە قەڵەمرەویی کوردەکان بووە، بەڵام ناوچە جوگرافیایی بەناویی کوردەکانی، کەمترە و تەنها ناویی گوندی موبارەکە لەم شارە، کەوا مەزەندە دەکرێت کە لە تایفەی موبارەکەیە وەرگێراو بێ[٩٦].

**ج- شاری لار**

لە بەر ئەوەی لارستان لە سنوری زەمەنی لێکۆڵینەوەکەمان، ناوچەی ڕەمی کاریان بووە. دەڕوانینە ئەو گوندانەی کەوشەی "کورد"یان لە گەڵە :

**گوندی تاج کورد**

خۆمۆجی لە ساڵی ١٢٧٦ه.ق باس لە گوندی تاج کورد لە لارستان دەکات[٩٧][٩٨]. کە لە هیچ سەرچاوەیەکی تر باسی لێ نەکراوە و ئەمڕۆش لە شاری لار گوندێك بەم ناوە نییە.

**گوندی کوردەکان**

خۆمۆجی باس لە گوندێك بەناوی کوردەکان لە لارستان دەکات[٩٩]. کە لە هیچ بەرهەمێکی نووسراویی تر ئاماژەی پێ نەکراوە و ئەمڕۆ، گوندێك بەم ناوە لە لارستان نییە.

**گوندی کوردشیر**

لە (**فهرست اسامی جغرافیای نقاط فارس**) کە لە ساڵی ١٣٥١ بڵاوکراوەتەوە[١٠٠] و لە سەرژمێری ساڵی ١٣٥٥ ناویی گوندی کوردشیر لە سەحرای باخی شاری لار ئاماژەیی پێ کراوە[١٠١]. لە سەرچاوەکانی تر، ناویی ئەم گوندە نەهاتووە و ئەمڕۆ گوندێك بەم ناوە نییە.

**گوندی ڕەمی جان**

لە (**فهرست الفبایی اسامی جغرافیای استانی فارس**) کە لە ساڵی ١٣٥١ بڵاوبووتەوە، ئاماژە بەناویی گوندی ڕەمی جان لە دەرز و سایبان ناحیەی دەوروپشتی لار دەکات[١٠٢]. لە سەرژمێری ساڵی ١٣٥٥ دا ناوی هاتووە[١٠٣]. ئەمڕۆ گوندێك بەم ناوە لە ناوچەی لار نەماوە[١٠٤]. بێ شك ئەم ناوانە پاشماوەی کوردەکانی ڕەمی کاریانەن هەڵبەت ڕەمیجان ناویی ڕەمی جیلویەش بووە.

**ح– شاری فیروز ئاباد**

هەر وەك دەزانین شاری فیروزئاباد شوێنی کوردەکانی ڕەمی لوالجان بووە لایەنی کەم کوردەکان لە سەر ئەم ناوچە جوگرافیانە کاریگەرییان هەبووە.

**قەڵای ڕەم زوان**

حەمدوڵڵای مستەوفی لە ساڵی ٧٤٠ه.ق باس لە قەڵایەك لە نزیکەی (٢٤کیلۆمەتری)شاری فیروز ئاباد دەکات:

"قەڵای دەم زوان لە سنووری "غەتدیجان" شوێنێکی پتەوە و هەوایەکی گەرمی هەیە و ئاویی لە بیرەکان دابین دەکرێ[١٠٥]".

ئەم وشەیە لە وێنە جیاجیاکانی کتێبی مستەوفی: دەم زوان، ڕەم ڕوان، دەم وران، و دەهروان تۆمار کراوە[١٠٦]. بەڕای من وشەی ڕەم زوان لە هەموویی ڕاسترە، هۆکارەکەشی کاریگەری کوردەکانی ڕەم لوالجانە و "زوان"یش وا بەرچاو دێت کەوشەیەکی کوردی بێ، ئەمڕۆکە ئەم قەڵایە نەماوە.

**خ– شاری قیرو کارزین**

**گوندی کوردل**

میرزا حەسەنی فەسایی لە ساڵەکانی ١٣١١- ١٣٠٤ه.ق دەنووسێ:

"کوردل ئەفرەز...."[١٠٧]. کوردل: چوار فەرسەنگ لە نێوان ڕۆژئاوا و باشوور نیم دێیە لە بلوکی ئەفزەرە. [١٠٨].

ئەفزەر (Afzar) بەشێکە لە شاری قیروکارزین. هەروەها وا بەرچاودێت کەڕاستەکەی "کوردیەل" بێ کەواتە گوندی کوردل و کوردیەل یەکێکە.

**گوندی کوردیەل**

لە **(جغرافیای نظامی فارس)** لە ساڵی **١٣١٧**ه. ناوی گوندی کوردەل لە بەشی ئەفزە هاتووە[١٠٩]. ئەم بابەتەش لەکتێبی **(جغرافیا و اسامی دهات کشور)** لە ساڵی **١٣٢٢** دووبارەکراوەتەوە[١١٠]. دوکتۆر موفەخەمی پایان درێژیی و پانی جوگرافیایی لە ساڵی **١٣٣٩** تۆمارکردووە[١١١] و لە **(فهرست الفبایی اسامی جغرافیایی فارس)** لە ساڵی **١٣٥١**[١١٢] هەروەها لە سەرژمێری ساڵی **١٣٥٥**یش ئاماژەی پێ کراوە[١١٣]. دوکتۆر پاپلی یەزدیش لە



ساڵی **١٣٦٧** درێژیی و پانی جوگرافیایی تۆمار کردووە. ئەمڕۆ ئەم گوندە بەشێکە لە ناحیەی ئەفزەر لە شاری قیروکارزین.

**گوندی کوردشول**

خۆمۆجی لە ساڵی **١٢٧٦**ه.ق ئاماژەی بەناوی گوندی کوردشول لە قیروکارزین (ئەمڕۆ شاری قیروکارزین) دەکات[١١٤]. لە ساڵی **١٣٢٢**ه. لە کتێبی **(جغرافیا و اسامی دهات کشور)** یش هاتووە[١١٥]. دوکتۆر موفەخەمی پایان لە ساڵی **١٣٣٩** درێژیی و پانی جوگرافیایەکەی تۆمارکردووە[١١٦] و لە ساڵی **١٣٥١** لە کتێبی **(فهرست الفبایی اسامی جغرافیایی فارس)** [١١٧] و لە ساڵی **١٣٥٥** لە سەرژمێری ئەو ساڵەدا ئاماژەیی پێکراوە [١١٨]. دوکتۆر پاپلی یەزدی لە ساڵی **١٣٦٧** درێژیی و پانی جوگرافیایی تۆمار کردووە[١١٩].

**گوندی کورد شێخ**

لە ساڵی **١٣٢٢**ه. لەکتێبی **(جغرافیا و اسامی دهات کشور)** [١٢٠]، هەروەها لە **(فهرست الفبایی اسامی جغرافیایی فارس)** لە ساڵی **١٣٥١**[١٢١] ئاماژەی پێکراوە و دوکتۆر موفەخەمی پایان لە ساڵی **١٣٣٩** درێژیی و پانی جوگرافیایی تۆمار کردووە[١٢٢] و لە سەرژمێری **١٣٥٥** ئەم گوندە بەشێك بووە لە قیروکارزین[١٢٣] و دوکتۆر پاپلی یەزدی لە ساڵی **١٣٦٧** درێژیی و پانی جوگرافیاییەکی نووسیوە[١٢٤]. ئەمرۆ بەشێکە لە ناحیەی فەتح ئاباد لە شاری قیروکارزین[١٢٥].

**د– شاری کارزون**

**شارەکانی ئەکراد و زوم**

جیهانی لە ساڵی **٣٦٧**ه.ق لە باسی کورەی شاپور، هاوکات لە گەڵ وەسفی شەهری کورد لە باکووری فارس، دەنووسێ:

"کورد، لە بوزۆرگی بەیزا نزیکەی ئەستەخرە و زۆر ئاوەدانە، زۆربەی نیعمەتەکانی شیراز لە وێ بەرهەم دێت. و گەورەترین شارە لە ناحیەی کازرون و جەرە(١٢٦)."

بێشك شارێکی کوردەکان لەکورەی شاپور، بەناویی ئەکراد بووە کە وەرگێڕ بەهەڵە وەری گێڕاوە.

موقەدەسی لە ساڵی **٣٧٥**ه.ق باس لە دوو شار لەکورەی شیراز دەکات:

"شارەکان بریتین لە: دریز، کازرون، خورە، نۆبەندگان، کاریان، کەندەران، تەوەز، زەم، ئەکراد، گونبەد و خشت [١٢٧]."

لە شوێنێکی تر لە بارەی شارەکانی شاپور دەنووسێ:

"کازرون، خورە، نۆبەندەگان، کاریان، کۆندەران، تەوەز، ئەکراد، گونبەد، خشت...[١٢٨]."

لە شوێنێکی تریش دەنووسێ:

"زەم کوردەکان: گوند و روبارێکی لە نێو شاخەکان هەیە کەباخ و دارە خورماکانی تێر ئاو دەکات و ئاوەدانە[١٢٩]."

وا دیارە کەزەم و ئەکراد هەمان زەمی کوردەکانە و یەك شارن و هەر وەك پێشتر باسی لێ کرا زەمی دیوان (یان زەم حوسێن بن سالح) لەکورەی شاپور بووە و کاریگەری کوردەکانی پارس لە سەر ناونیشانی ئەم دوو شارە هەبوو کەئێستا نەماون.

**شەهری کور یان شەهری کورد**

ئێستەخری لە ساڵەکانی ٣٢١- ٣١٨ھ.ق دەنووسێ:

"ناوچەی شارەکان سابور[١٣٠]... و کور و پەهلو...[١٣١]."

لە نوسخەیەکی تری کتێبی ئێستەخری، ئەم وشەیەی بەشێوەی "وکر" نووسیوە. ڕەنگە "کرد" بوو بێ.

**کەرگان**

قدامە بن جەعفەر لە دوای ساڵەکانی ٣١٦ھ.ق لە بارەی ڕێگای نۆبەندگان بەرەو شیراز (ل٢٨) دەنووسێ:

"لە نۆبەندگان هەتا کەرگان پێنج فەرسەنگ، لەکەرگان هەتا خرارە پێنج فەرسەنگ."

لە بەر ئەوەی کە ئەم ناوچەیە، شوێنی کوردەکانی پارس لە رەمی دیوان بووە. ئەو ئەگەرییە هەیە کە لە ئەسڵدا وشەکە "کوردگان" بووە کە گۆڕاوە[١٣٢].



**ژ– شاری مەمەسەنی**

**ئەشکەفت رومە**

لە (**فهرست الفبايى اسامى جغرافيايى فارس**) بڵاوکراوەی ساڵی ١٣٥١ھ. لە دێهستانی جاویدی شاری مەمەسەنی، ناوی گوندێك بەناوی ئەشکەفت رومە ئاماژەی پێکراوە کە ڕەنگە پەیوەندی بەرەمی دیوانی هەبووبێ، چونکە شاری مەمەسەنی لەکورەی شاپور بووە[١٣٣].

ئەمڕۆ ئەم گوندە بەشێکە لەدێهستانی جوزار لە ناحیەی ناوەندی شاری مەمەسەنی[١٣٤].

**گوندی مورد کورد**

هەروەها لەم پێرستە لە ساڵی ١٣٥١ ئاماژە بەگوندی مورد کورد لە دێهستانی ماهور لە ناحیەی ماهور میلاتی شاری مەمسەنی، دەکات[١٣٥] کەئەمڕۆکەش لە رووی دابەش بوونی جوگرافیایی هەر بەهەمان شێوە ماوەتەوە[١٣٦].

**گوندی ئەندەر کورد**

لە سەرژمێری ساڵی ١٣٥٥ ناوی گوندی ئەندەر کورد بە بەشێك لە دێهستانی رۆستەم لە شاری مەمسەنی ئاماژەی پێ کراوە[١٣٧]، بەڵام لە نووسراوەکانی تر ئاماژەی پێ نەکراوە. کەواتە بوونی نییە.

**گوندی کەل کورد**

لە سەرژمێری ساڵی ١٣٥٥، ئاماژە بەگوندی کەل کورد لە دێهستانی روستەم لە شاری مەمسەنی کراوە کە لە هیچ سەرچاوەیەکی تر ئاماژەی پێ نەکراوە[١٣٨] ئەمڕۆ، ئەم گوندە نەماوە.

گوندەکانی مور کورد، ئەندەر کورد و کەل کوردیش دەبێ پاشماوەی کوردەکانی زەمی دیوان بووبن.

**ر– شاری مەرڤدەشت**

**گوندی کوردان**

میرزا حەسەنی فەسایی لە ساڵەکانی ١٣١١- ١٣٠٤ھ.ق لە بارەی بلوکی مائین کەئەمڕۆ بەشێکە لە شاری مەرڤدەشت، دەنووسێ:

(کوردان زۆرتر لە نیو فەرسەنگ لە نێوان باشوور و رۆژئاوای مائینن [١٣٩].

لەم گوندە لە هیچ سەرچاوەیەکی تر ئاماژەی پێ نەکراوە و ئەمڕۆ گوندێك بەم ناوە لە شاری مەرڤدەشت نییە[١٤٠].

**گوندی ئەکراد**

لە کتێبی (**جغرافیا و اسامی دهات کشور**) بڵاوکراوەی ساڵی **١٣٢٢**هـ. ئاماژە بەگوندێك بەناوی ئەکراد لە دێهستانی کوربالی شاری مەرڤدەشت دەکات[١] کەئەمڕۆ ئەم گوندە بەشێکە لە دێهستانی بەند ئەمیر لە ناحیەی رزقانی شاری شیراز[١٤١].

ئەگەری ئەوەی هەیە کە ئەم گوندەی ئەکراد هەمان ئەو گوندە بێ کە لە ژێر ناونیشانی ئەکراد لە بەشی شیراز باسمان لێ کردووە و دوکتۆر موفەخەمی پایان، درێژیی و پانی جوگرافیایی تۆمارکردووە.

**گوندی دۆزد کوردەك**

لەکتێبی (**جغرافیا و اسامی دهات کشور**) لە ساڵی **١٣٢٢**، ئاماژە بەگوندی دۆزد کوردەك لە دێهستانی کامفیروزی شاری مەرڤدەشت دەکات[١٤٢]. و لە (**فهرست الفبایی اسامی جغرافیایی فارس**) ناوەکەی بەدۆزد کوردەك[١٤٣] و لە پێرستی ئەلف و بێی رێکخراویی بەرنامە و بودجەی فارسیش بەهەمان شێوە، هەبوونی ئەوی لە ئێستاو پشتڕاست کردۆتەوە[١٤٤].

بنچینەی ئەم وشەیە دژکورد یان دژکوردە و خەڵك وا دەزانن دۆزدە (دُزد) کە لە سەر زاری خەڵکی فارس "دۆز" دەگوترێت.

**گوندی کورد شول**

